**ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد کوردۆ)دا**

نامەیەکە
پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان لە زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (ماستەر) لە ئەدەبی کوردیدا.


لەلایەن
ئەمیر تەها ئەحمەد
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، ساڵی (٢٠٠٧) لە زانکۆی سلێمانی.


بەسەرپەرشتی
د. مەریوان حسێن فەرحان

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ی زاینی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ی کوردی

## بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (**ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد کوردۆ)دا**) هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە بە ئەنجام گەیەنراوە، جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاو نەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگەیەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

**واژو:**

**ناوی خوێندکار: ئەمیر تەها ئەحمەد**

**بەروار:   /   /٢٠٢٢**

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (**ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد کوردۆ)دا**)، کە لەلایەن (ئەمیر تەها ئەحمەد)ـەوە پێشکەشکراوە. لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پێداچونەوەی بۆ کراوە و پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی: پ.ی.د. سامان عیزەدین سەعدون

بەروار: / /٢٠٢٢

## پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم ماستەرنامەیە بەسەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نوسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی............................ و پشتگیری دەکەم. کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێ کردن بکرێت.

واژو:
ناو : د. مەریوان حسێن فەرحان
بەروار: / /٢٠٢٢

**پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ**

واژو:
ناو : د. ئاسۆ عومەر مستەفا
سەرۆکی بەشی کوردی
بەروار: / /٢٠٢٢

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (ئەمیر تەها ئەحمەد)مان بە ناونیشانی **(ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد کوردۆ)دا)** خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکار گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی ئەدەبدا پێبدرێت.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. عەدنان عەبدولڕەحمان تەها
ئەندام
بەروار: / /

واژوو:
ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا
ئەندام
بەروار: / /

واژوو:
ناو: د. مەریوان حسێن فەرحان
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار: / /

واژوو:
ناو: پ.د. ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحمود
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / /

لەلایەن کۆلێژی پەروەردە و زمان_ زانکۆی چەرموو پەسەند کرا.

د. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی

ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و زمان_ زانکۆی چەرموو _ چەمچەماڵ

بەروار: / /٢٠٢٢

## پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە:**

- ❖ ڕوحی پاک و بێگەردی دایک و باوکی خۆشەویستم، کە هەمیشە دوو گەنجینەی پڕ لە سۆز و میهرەبانی بوون بۆم.
- ❖ هاوڕێ و هاودەمی ژین و دونیام هاوسەری ئازیزم.
- ❖ ترۆپکەی دڵم "هاودیان"
- ❖ بیلبیلەی چاوەکانم "هێلین"

## سوپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

- ❖ خوای گەورە و میهرەبان، کە لە سایەی فەزڵی پیرۆزییەکانیدا بەم ئامانجەم گەیشتم.
- ❖ بەڕێز دکتۆر مەریوان حسێن، کە بە گیانێکی برایانەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتەئەستۆ.
- ❖ بەڕێزان دکتۆر ئاسۆ عومەر سەرۆک بەشی کوردی زانکۆی چەرموو، مامۆستا سەروەر سەعدوڵڵا بڕیاردەری بەشی کوردی زانکۆی چەرموو، کە بە پێدانی سەرچاوە و زانیارییە بەسوودەکانیان هاوکارییان کردم.
- ❖ کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی چەرموو.
- ❖ کارمەندانی کتێبخانەی گشتی چەمچەماڵ.
- ❖ هاوسەری ئازیزم، کە لە سەرجەم هەنگاوەکانی ماوەی خوێندنمدا هاوکار و پشتیوانم بووە.

# پوخته

## ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد کوردۆ)دا

ئیستاتیکا یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بنیادنانی دەقی ئەدەبی بە گشتی و دەقی شیعریی بە تایبەتی، بە جۆرێک کە دەقی شیعریی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئامانجی پێشکەشکردنی جوانی و گەیاندنی چێژ و خۆشییە، بە خوێنەر و پەیام وەرگرانی، بۆیە ئیستاتیکا وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی و بنەمایەکی گرنگی گەیاندنی چێژ، هەر لە زووەوە نووسەر و شاعیرانی کلاسیک و پێشتریش لە بنیادنانی دەقەکانیاندا پەنایان بۆ بردووە، بە مەبەستی گەیاندنی ئامانج و داخوازییەکانیان بە کەسی بەرانبەر (خوێنەر)، بە شێوەیەکی جوان و چێژبەخش.

زمانی شیعر زمانێکی سەربەستە و خۆی بە کۆت و بەندەکانی زمانی ئاسایی نابەستێتەوە و بایەخدان بە زمانی شیعر و جیاکردنەوەی لە زمانی ئاسایی خەڵک و دیاریکردنی سروشت و خاسیەتەکانی ئەو زمانە، هەر لە زۆر زووەوە لەلایەن فەیلەسوفان و لێکۆڵەرانەوە باسی لێوەکراوە و لێیکۆڵراوەتەوە. زمانی شیعریی زمانی ویژدان و هەست و سۆزە و لایەنی خودیی مرۆڤ تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، کە زمانێکی ئەندێشەیی و خوازەییە لە سەرووی زمانی ئاساییەوە، ئەگەرچی زۆربەی ئەو وشە و زاراوانەی کە شاعیر بەکاریان دەهێنێت، واژە و زاراوەی ئاسایین و شاعیر بەشێوەیەکی ورد و سەرنجڕاکێش و ئاماژەدار واتا بە بەری وشەکاندا دەکات، لەم سۆنگەیەوە توێژینەوەکەمان بە ناونیشانی (ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی"محەمەد کوردۆ"دا) کارکردنە لەسەر ئەو بنەما و ڕەهەندە جوانانەی کە خەسڵەتی زمان و تەکنیکی بەکارهێنانی زمانی داڕشتنی دەقە شیعرییەکانی کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەری)ی(محەمەد کوردۆ)ی شاعیری پێهۆنراوەتەوە و مەبەستە سەرەکییەکەشمان خستنەڕووی لایەنی بەرجەستەکردنی جوانیی و چێژی ئەدەبییە لە پەیامنێرەکەوە کە شاعیرە، بۆ پەیامەرگرانی کە خوێنەری دەقە شیعرییەکانییەتی.

وشە کلیلیەکان: محەمەد کوردۆ، بۆنی بەختەوەری، ئیستاتیکا، ئیستاتیکای زمانی شیعری، لادان، ڕەمز.

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | i |
| بەڵێننامە | ii |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | iii |
| پشتگیریی سەرپەرشتیار | iv |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | v |
| پێشکەشە | vi |
| سوپاس و پێزانین | vii |
| پوختە | viii |
| پێڕست | ix_xv |
| **پێشەکی** | **١_٣** |
| **بەشی یەکەم** | **٤** |
| **بەشی یەکەم پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو** | **٤** |
| **١_١ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠_١٩٧٠)** | **٥** |
| **١_١_١بەشی یەکەم: چەمکی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای دەقی شیعریی:** | **٥** |
| **١_١_٢ بەشی دووەم : بنیادی مۆسیقا و زمانی شیعریی ماوەی نێوان (١٩٥٠-١٩٧٠) و لادان لە پێوەرەکانی زمانی ئاسایی:** | **٧** |
| **١_١_٣ بەشی سییەم: وێنەی شیعریی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا لە دەقی شیعریی کوردیدا** | **٨** |
| **١_٢ بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخساڵح و گۆران** | **٩** |
| **١_٢_١ بەشی یەکەمی توێژینەوەکە** | **٩** |
| **١_٢_٢ لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا** | **١٠** |
| **١_٢_٣ لە بەشی سێیەمدا** | **١٠** |
| **١_٢_٤ کۆتایی** | **١١** |

١_٣ هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد.................................. ١٢

١_٣_١  بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی تیۆری.......................................................... ١٢

١_٣_٢ بەشی دووەم : جۆرەکانی لادان ........................................................... ١٣

١_٣_٣ بەشی سێیەم: شیکردنەوەی کەرەستەکان............................................. ١٤

١_٤  لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت دا...................................................... ١٦

١_٤_١ بەشی یەکەم : دەروازەیەک بۆ لادان.................................................... ١٧

١_٤_٢ بەشی دووەم : لادانی پێکهاتەیی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ..................... ١٧

١_٤_٣ بەشی سێیەم : لادانی جێگۆڕکێ و دەلالی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا ......... ١٨

١_٤_٤ کـۆتــایی......................................................................................... ١٨

١_٥ ئیستاتیکای لادانی زمانی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا. ١٩

١_٥_١ تەوەری یەکەم : (ئیستاتیکای لادانی شیعریی)............................................ ١٩

١_٥_٢ تەوەری دووەم : (ئیستاتیکای ناونیشان) ................................................... ١٩

١_٥_٣ تەوەری سێیەم : (ئیستاتیکای لادانی زمانی).............................................. ٢٠

١_٥_٤ کۆتایی ........................................................................................... ٢١

١_٦ زمانی شیعریی لە نێوان ئەزموونی شاعیروئیستاتیکای دەقدا (نالی وەکو نموونە)...... ٢١

١_٦_١ لە بەشی یەکەمی........................................................................... ٢٢

١_٦_٢ لە بەشی دووەمی ........................................................................... ٢٢

١_٦_٣ کـۆتایی............................................................................................ ٢٣

١_٧ ئیستاتیکای زمان لە کۆشیعری (نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە)............................. ٢١

١_٧_١ تەوەری یەکەم : (پەیوەندی نێوان زمان و شیعر) ........................................ ٢١

١_٧_٢ تەوەری دووەم : (تایبەتمەندیەکانی زمانی شیعریی)..................................... ٢٢

١_٧_٣ تەوەری سێیەم : (ئیستاتیکای دەقی شیعری لای جەمال غەمبار)........................ ٢٥

١_٧_٤ کۆتایی ........................................................................................... ٢٥.

بەشی دووەم.................................................................................................. ٢٧

بنەمای تیۆری .............................................................................................. ٢٧

٢. چەمک و زاراوەی ئیستاتیکا............................................................................. ٢٨

٢_١ زاراوەی ئیستاتیکا: ...................................................................................... ٢٨

٢_٢ مێژووی ئیستاتیکا:........................................................................................ ٢٩

٢_٣ ئیستاتیکا و چەمکی جوانی:............................................................................ ٣٣

٢_٤ ئیستاتیکا وەک بنەمایەکی زانستی و فەلسەی جوانی: .............................................. ٣٣

٢_٤_١ ئیستاتیکا وەک چەمکێکی ڕەخنەی ئەدەبی:.............................................................. ٣٥

٢_٥ تەوەری دووەم: ئیستاتیکای سەردەمە جیاوازەکان.................................................... ٣٥

٢_٥_١ ئیستاتیکای سەردەمی یۆنانییەکان:....................................................................... ٣٥

٢_٥_٢ ئیستاتیکای سەردەمی ڕۆمانییەکان: ...................................................................... ٣٧

٢_٥_٣ ئیستاتیکای سەردەمی چینییە کۆنەکان:................................................................... ٣٨

٢_٦ تەوەری سێیەم: ئیستاتیکا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.................................................... ٣٩

٢_٦_١ ئایدیای ئیستاتیکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە دوو قۆناغدا تێپەڕی ئەوانیش بریتین لە: ................................................................................................................ ٣٩

٢_٦_٢ ئیستاتیکای سەردەمی ڕێنیسانس:......................................................................... ٤٠

٢_٧ ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبیەکان: ............................................................................ ٤٢

٢_٧_١ ئیستاتیکای ڕێبازی کلاسیزم: .............................................................................. ٤٢

٢_٧_٢ ئیستاتیکای ڕۆمانسیزم:...................................................................................... ٤٣

٢_٧_٣ ئیستاتیکای پەرناسیزم (هونەر بۆ هونەر)................................................................. ٤٤

٢_٧_٤ ئیستاتیکای سیمبولیزم: ...................................................................................... ٤٤

٢_٧_٥ ئیستاتیکا لە ئەدەبی عەرەبیی ئیسلامیدا: ................................................................. ٤٥

٢_٧_٦ ئیستاتیکا لە ئەدەبی کوردیدا: .............................................................................. ٤٧

٢_٨ تەوەری چوارەم: چەمکی زمانی شیعریی لە سەردەمە جیاوازەکان:............................ ٥٦

٢_٨_١ زمانی شیعر لای یۆنان: ........................................................................ ٥٦

٢_٨_٢ زمانی شیعر لای ڕۆمانەکان: .................................................................. ٥٧

٢_٨_٣ زمانی شیعر لای شاعیر و ڕەخنەگرانی عەرەب:............................................. ٥٨

٢_٨_٤ زمانی شیعریی سەردەمی ڕێنیسانس: ...................................................... ٥٩

٢_٩ زمانی شیعریی لە سەدەی بیستەمدا: .......................................................... ٦٠

٢_٩_١ زمانی شیعریی لای (دادایی و سوریالیزمەکان):............................................. ٦٠

٢_١٠ چەمکی زمانی شیـعریی لە ڕەخنەی ئەدەبـی کوردیدا: ...................................... ٦١

٢_١٠_١ زمانی شیعریی و گرنگی سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا :................................ ٦١

٢_١٠_٢ زمانی شیعریی و گرنگی لە دەقی ئەدەبی کوردیدا:............................................ ٦٢

٢_١٠_٣ زمانی شیعریی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم: ....................................... ٦٤

٢_١١تەوەری پێنجەم: ڕەهەندی زمانی لە بنیادنانی دەقی شیعریدا.................................. ٦٥

٢_١١_١ ئەرکی زمان لە بنیادنانی دەقی شیعریدا: ..................................................... ٦٨

٢_١١_٢ پێشینەی ڕەهەندی زمان لە بونیادی شیعردا: ................................................ ٧١

٢_١١_٣ گرنگی زمانی شیعریی لە چنینی دەقدا:......................................................... ٧٢

٢_١٢ تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر:................................................................. ٧٣

بەشی سێیەم شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن ............................................................ ٧٧

٣_ ڕەهەندەکانی جوانیی لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆ...................................... ٧٨

٣_١ تەوەری یەکەم: تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی لە دەقەکانی (محەمەد کوردۆدا):... ٧٨

٣_١_١ توانست و چالاکی زمانی لە دەقدا:............................................................... ٨١

٣_١_٢ چالاکــی:............................................................................................ ٨٢

٣_١_٣ چڕکـردنەوەی زمــان : ........................................................................... ٨٣

٣_١_٤ لادانـی زمانــی:................................................................................... ٨٥

٣_١_٥  لادان له ئاستی وشەسازیدا: ........................................................ ٨٦

٣_١_٦  لادانـی ڕێـزمـانـی: ................................................................. ٨٩

٣_١_٧ پێشخستنی وشه و زاراوه: ............................................................ ٩٠

٣_١_٨ لادانی واتایی: ........................................................................ ٩٢

٣_١_٩ بەرجەستەکردن: ئەمجۆره لادانه پێکدێت لەمانەی خوارەوە: ........................ ٩٣

٣_١_١٠ به ئەبستراکتکردن: ................................................................. ٩٥

٣_١_١١  دژیەکی ئەرێ: ....................................................................... ٩٦

٣_١_١٢ کرتـاندن (قرتـاندن): .............................................................. ٩٦

٣_١_١٢_١ لابردنـی بکـەر(کرتاندنی بکەر): ................................................ ٩٧

٣_١_١٢_٢ لابردنـی کـار(کرتاندنی کـردار): ............................................... ٩٧

٣_١_١٢_٣ لابردنی فۆنیمی (کرتاندنی فۆنیمی): ........................................... ٩٨

٣_١_١٢_٤ کرتاندنی دەنگ لەسەرەتای وشەکان  : ......................................... ٩٩

٣_١_١٢_٥ کرتاندنی دەنگ له ناوەڕاستی وشەکان : ......................................... ٩٩

٣_١_١٢_٦ کرتاندنی دەنگ له کۆتایی وشەکان: ............................................. ٩٩

٣_١_١٣ یاریکردن به دەنگەکان  (پاش و پێشـخستنی دەنگەکان): ......................... ١٠٠

٣_١_١٤ دووبارەکردنەوە: ..................................................................... ١٠١

٣_١_١٤_١ دووبارەکردنەوەی وشه: ............................................................ ١٠١

٣_١_١٤_٢ دووبارەکردنەوەی ڕسته و فرێز: ................................................... ١٠٥

٣_١_١٥ پاش و پێشخستنی وشەکان (جێگۆڕکێی وشەکان): ................................ ١٠٦

٣_١_١٦ شیعریی سەربەست (شیعری ئازاد): ................................................. ١٠٧

٣_٢ تەوەری دووەم: ئیستاتیکای مۆسیقای شیعر له دەقه شیعریەکانی محەمەد کوردۆ: ١٠٨

٣_٢_١ مۆسیقای دەرەوە: ..................................................................... ١٠٩

٣_٢_٢ مۆسیقای ناوەوەی شیعر: ............................................................. ١١٢

٣_٣ تەوەری سێیەم: ئیستاتیکای زمان لە شیعرییەتکردنی وێنە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆ........................................................................................................................ ١١٣
٣_٣_١ چەمک و زاراوەی وێنەی شیعریی:................................................... ١١٣
٣_٣_٢ سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی لای شاعیران:........................................ ١١٤
٣_٣_٣ وێنەی شیعریی و ئیستاتیکای وێنە لای محەمەد کوردۆی شاعیر:.................. ١١٥
٣_٣_٤ شێوازەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعریی لای کوردۆ:................................. ١١٥
٣_٣_٤_١ لێکچواندن و ئیستاتیکای وێنەی شیعریی لای کوردۆ: ............................ ١١٦
٣_٣_٤_٢ خواستن و ئیستاتیکای وێنەی شیعریی:............................................ ١١٧
٣_٣_٤_٣ درکـە و ئیستاتیکای وێنەی شیعریی:............................................. ١١٩
٣_٣_٥ بە شیعرییەتکردنی وێنەکان لە چوارچێوەی ئیستاتیکای زمانیدا........................ ١٢١
٣_٣_٥_١ ئیستاتیکای وێنەی شیعریی لە ڕووی پێکهاتنەوە:................................. ١٢١
٣_٣_٥_٢ ئیستاتیکای وێنە شیعرییەکانی کوردۆ لە باری چەسپاوی و جوڵاویدا: ........... ١٢٢
٣_٣_٥_٣ ئیستاتیکای وێنە جیاوازەکانی (زەینی و هەستی) لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا:.......................................................................................... ١٢٤
٣_٣_٥_٤ ئیستاتیکای هەست و وێنە شیعرییەکانی کوردۆی شاعیر بۆ هەستەکان:......... ١٢٥
٣_٤ تەوەری چوارەم: ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا: ........................................................................................................................ ١٢٨
٣_٤_١ هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لە لایەن شاعیرانەوە:.................................. ١٢٩
٣_٤_١_١ ڕەمز و تەمومژ:.................................................................... ١٢٩
٣_٤_١_٢ ڕەمز و خوازە:...................................................................... ١٣٠
٣_٤_١_٣ ڕەمز و خواستن: .................................................................... ١٣٠
٣_٤_١_٤ ڕەمز و لێکچواندن:................................................................. ١٣١
٣_٤_٢ ئیستاتیکای ڕەمز لە بنیاتنانی وێنەی شیعریی لای کوردۆی شاعیر:.................. ١٣٢

٣_٤_٢_١وێنەی شیعریی:............................................................................................١٣٢
٣_٤_٢_١_١ئیستاتیکای ڕەمزی ئەفسانەیی:..............................................................١٣٣
٣_٤_٢_١_٢ ئیستاتیکای ڕەمزی کەلەپووری:.............................................................١٣٥
٣_٤_٢_١_٣ ئیستاتیکای ڕەمزی مێژوویی: ............................................................١٣٦
٣_٤_٢_١_٤ ئیستاتیکای ڕەمزی ئاینی: .................................................................١٣٧
٣_٤_٢_١_٥ ئیستاتیکای ڕەمزی گشتی: ..................................................................١٣٩
٣_٤_٢_١_٦ ئیستاتیکای ڕەمزی جیهانی: ................................................................١٤٠
٣_٤_٢_١_٧ ئیستاتیکای ڕەمزی کەسی (خودی):........................................................١٤٠
٣_٤_٢_١_٨ ئیستاتیکای ڕەنگ و وێنە ڕەنگییەکان:...................................................١٤٢
٣_٥ تەوەری پێنجەم: ئیستاتیکای زمان لە بنیادنانی وێنەی ئەفسانەیی لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا.....................................................................................................................١٤٣
٣_٥_١ چەمک و زاراوەی ئەفسانە:......................................................................................١٤٣
٣_٥_١_١ ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا: ......................................................................١٤٤
٣_٥_١_٢ ئەفسانە و ئیستاتیکای ئەفسانە لە شیعرەکانی محەمەد کوردۆدا: ....................١٤٥
ئەنجـــام..........................................................................................................................١٤٩
لیستی سەرچاوەکان...........................................................................................................١٥١

## پێشەکی

تویژینەوەکەمان بە ناونیشانی(ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی "محەمەد کوردۆ"دا) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی خەسڵەت، ڕەهەند و بنەماکانی جوانی و چێژی شیعریی لە دەقی شیعری بەگشتی و لە دەقە شیعرییەکانی کوردۆدا بەتایبەتی، بە جۆرێک کە ئەم خەسڵەتی جوانیی و بەهای ئیستاتیکایە خزمەتێکی زۆری دەقی شیعریی دەکات، کە ڕازاندنەوە و هەستی چێژبەخشین و سەرنجی خوێنەر و گوێگر ئاوێزانی خۆی دەکات، چونکە سەرەکیترین ڕەگەز و گرنگترین بنەمایە لە بنیاتنانی دەقی شیعرییدا و ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنی شاعیر و خوێنەرە لەناو بازنەی ئیستاتیکا و جوانیدا.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

**(ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانی (محەمەد کوردۆ)دا)** ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە، کە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستییانە، بنەما و خەسڵەت و ڕەهەندەکانی جوانیی و چێژی شیعریی لە دەقەکانی (کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەریی) کوردۆی شاعیر بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەروەها ئاماژە بە زۆرێک لەو چێژە ئیستاتیکی و بنەما جوانانەی کوردۆی شاعیر لە دەقەکانیدا ڕەنگی پێداونەتەوە بکات.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکە، بۆ کەمی توێژینەوەی زانستی و ڕۆنەچوونی توێژەران دەربارەی خەسڵەتەکانی ئیستاتیکای زمانی شیعریی لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخ و کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەریی) کوردۆی شاعیردا دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەک کە تا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەم بوارەدا دەربارەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر ئەنجام نەدراوە، تەنها توێژینەوەیەکی ئەکادیمی نەبێت، کە لەلایەن بەڕێز (دکتۆر ئاسۆ عومەر) بە ناونیشانی ئیستاتیکای لادانی زمانی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆ، هیچ توێژینەوەیەکی دیکەی زانستی لە بواری تێز و نامەدا لەم بارەیەوە نەهاتوونەتە ئەنجامدان، هەروەها گرنگی و بایەخی بابەتەکە لە بنیاتنانی بەیتەکانی دەقی شیعریی بەگشتی و شیعرەکانی شاعیر بەتایبەتی، هۆکاری سەرەکی ئامانجەکەمانە، چونکە ئەزموونی قووڵی جوانیی لە پشت شیعرەکانی شاعیرەوەن و بوونەتە ڕەنگڕێژی دەقە شیعرییەکانی و سەرنج ڕاکێشانمان بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەمان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە میتۆدی (پەسنی شیکاری) و داتا کتێبخانەییەکانی ئەم بوارە، توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەقە شیعرییەکان کردووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجمان پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئەو بنەما هونەرییانە ئاشکرا بکەین کە ڕۆڵی شیعرییەتیان لە شیعرەکانی شاعیردا بینیوە و بگەین بەو ڕاستییە زانستییەی کە تا چەند لە ڕووی هونەرییەوە لایەنی ئیستاتیکای زمانی لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا ڕۆڵی پێدانی شیعرییەتی هەبووە و خستنەڕووی جۆرەکانی لادانی زمانی لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر و ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکانی دەق لە ڕێگەی زمانی شیعریی و بەرجەستەکردنی ئەو جوانییانەی کە خوێنەری ئاسایی پەی پێیان نەبردووە. لە کۆتاییشدا خستنەڕووی پەیوەندییە هاوبەشەکانی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقەکان و دۆزینەوەی کۆدە زمانییەکان، کە پاڵنەری سەرەکین بۆ بەخشینی ئیستاتیکای شیعریی لە کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەریی)دا.

**سنووری توێژینەوە:**

سنوری توێژینەوەکەمان کارکردنە لە نێو دەقە شیعرییەکانی کۆبەرهەمی شیعریی (بۆنی بەختەوەریی)دا، کە سەرجەمی بەرهەمە شیعرییەکانی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٨٦_٢٠١٠)ی شاعیری تیادا کۆکراوەتەوە و ساڵی (٢٠١٠) لەلایەن بەڕیوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی_ چاپخانەی ئاوێنەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

ئایا کوردۆی شاعیر توانیوییەتی بە شێوەیەکی هونەری ئیستاتیکای زمانیی شیعریی لە دەقەکانیدا بەرجەستە بکات؟ ئەگەر بەرجەستەی کردووە، تا چەند ڕەهەندی ئیستاتیکی بە دەقە شیعرییەکانی بەخشیوە؟ لە ناوەڕۆکی نامەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دەدەینەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە نەبوونی سەرچاوەی زیاتر بە زمانی دایک سەبارەت بە ئیستاتیکای زمان و کارنەکردن لەسەر دەق و بەرهەمەکانی (محەمەد کوردۆ)ی شاعیر، سەرەکیترین گرفتەکانی پێش ئەم توێژینەوەیەمان بوو.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

سەرچاوەیەکی بەسوود دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە کار لەسەر ئیستاتیکا و ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی و دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆ دەکەن، سەرەڕای ئەمانەش ئاشکراکردنی دیوە شاراوە و مەدلولەکانمان لە دەقە شیعرییەکانی بۆنی بەختەوەریدا خستووەتەڕوو.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە، بە شێوەیەک کە:

لە **بەشی یەکەمی** توێژینەوەکەدا هەڵسەنگاندنمان بۆ چەند توێژینەوەیەک کردووە کە تایبەتن بە ئیستاتیکا و دەقە شیعرییەکانی شاعیرەوە، پاش پێداچوونەوە و پوختەکردنی ئەو توێژینەوانە بۆچوونی خۆمان دەربارەی هەریەکە لەو توێژینەوانە خستووەتەڕوو.

لە **بەشی دووەمدا** کە بنەمای تیۆری باسەکەمانە تیشکمان خستووەتە سەر ئیستاتیکا و قۆناغەکانی گەشەکردنی لە سەردەمەجیاوازەکاندا و بەسەر پێنج تەوەردا دابەشمانکردوون:

لە تەوەری یەکەمدا لە ڕووی تیۆرییەوە زاراوە و چەمکی ئیستاتیکامان پیشانداوە و تیشکمان خستووەتەسەر چەمکە فەلسەفی و ئەدەبییەکانی ئیستاتیکا بەپێی قۆناغەکانیان.

لە تەوەری دووەمدا ئیستاتیکامان لەلای پێشینە کۆنەکان وەرگرتووە، بە هێنانەوەی بەڵگەی زانستییەوە لە بوارەکەدا.

لە تەوەری سێیەمدا ئیستاتیکای سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانس و ڕێبازە ئەدەبییەکانمان وەرگرتووە.

لە تەوەری چوارەمدا گرنگی زمانی شیعریی لە دەقدا بە پێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی نەتەوە جیاوازەکان خستوەتەڕوو.

لە تەوەری پێنجەمدا ڕەهەندی زمانیمان لە بنیادنانی دەقی شیعریی و تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریمان خستوەتەڕوو.

لە **بەشی سێیەمدا** کە بەشی پراکتیکی کارەکەمانە و ناونیشانی باسەکەمانە، ئیستاتیکای زمانی شیعریی لە بنیادنانی دەقەشیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا ، کە خۆی لە پێنج تەوەردا دەبینێتەوە: (تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی دەقەکانی کوردۆ، ئیستاتیکای مۆسیقای شیعریی لە دەقەکانی کوردۆ، ئیستاتیکای زمان لە شیعرییەتکردنی وێنە شیعرییەکان، ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکانی دەقەکانی کوردۆ و ئیستاتیکای زمان لە بنیادنانی وێنەی ئەفسانەیی دەقە شیعرییەکانی کوردۆ) خستووەتەڕوو.

# بەشی یەکەم

## پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو

## بەشی یەکەم
## پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو

**١_١ ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠_١٩٧٠)** ناونیشانی کتێبێکە، لەلایەن (جەبار ئەحمەد حسێن)ەوە نووسراوە، کتێبەکە  لە بنەڕەتدا توێژینەوەی نامەی ماستەرە، دەربارەی ڕەگەزە ئیستاتیکیەکانی دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراقی قۆناغی(١٩٥٠_١٩٧٠)، توێژەر لەناو ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەدا ڕەگەزی زمانیی وەکو بنەمایەکی گرنگ و پڕبەهای ئیستاتیکی شیعریی کوردی قۆناغەکە وەرگرتووە، ئەم کتێبە لە ساڵی (٢٠٠٨) لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە چاپکراوە.

ئەم کتێبە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە، ئەوانیش ( چەمکی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای دەقی شیعریی و میتۆدەکانی هەڵسەنگاندنی دەق و بەها ئیستاتیکیەکانی دەق لەوماوەیەدا)، لە کۆتایشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕوو.

نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا، لێکۆڵینەوەی لەو بنەما و ڕەگەزە گرنگانە کردووە، کە پارسەنگی هەڵسەنگاندنی دەقی شیعریی بوونە و بەرپەرچی ئەومیتۆدانەی داوەتەوە، کە ڕەگەزی گشتگیریان لە دەرەوەی دەق کردووەتە سەرچاوەی پێوەری جوانییەکانی دەقێکی شیعریی، دەستنیشانکردنی ماوەی نێوان(١٩٥٠-١٩٧٠) وەکو نووسەر ئاماژەیپێداوە بۆ ڕوداوە ڕامیاری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە دەگەڕێنێتەوە، بەمەبەستی دیاریکرنی سنوری لێکۆڵینەوەکە. کاروانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لەساڵی(١٨٩٨)ەوە، تاوەکو بەهاری (١٩٩١) بە چەند قۆناغێک لێیکولڕاوەتەوە، بەجۆرێک بایەخنەدانی توێژەران بەم قۆناغە وایکردووە، کە نووسەر توێژینەوەکەی بۆ ئەم قۆناغە شیعرییە تەرخان بکات.

### ١_١_١ بەشی یەکەم: چەمکی ئیستاتیکا و ئیستاتیکای دەقی شیعریی:

توێژەر باسی چەمکی جوانی وەکو دیاردەیەک لە سروشت و هونەردا دەکاتە جێگای سەرنجی بیرمەند و فەیلەسوفە کۆنەکان، بەتایبەت لە سەردەمی گریکی کۆندا و گفتوگۆی (هیبیاسی گەورە)ی ئەفلاتوون بە کۆنترین کار لە بواری ئیستاتیکا لە قەڵەم دەدات کە مابێتەوە، بەو شێوەیەی کە (هیبیاس) هەوڵی شکستخواردوو دەدات، تاوەکو پێناسەیەکی ڕازیکەر بۆ جوانی پێشکەش بە (سوقرات) بکات، بەڵام بەڕای توێژەر چەمکی ئیستاتیکا زۆر لەم کارەی ئەفلاتوون فراوانترە، نووسەر ئەم کارە بە سەرەتایترین هەوڵ لەم بوارەدا دادەنێت، دوابەدوای ئەمەش توێژەر بە دوای کۆنترین سەرچاوە دەگەڕێت، کە ئیستاتیکای وەکو زاراوەیەکی فەرهەنگی بەکارهێنابێت، لە میانەی گەڕانیدا توێژەر دەگاتە ئەوەی کە

زاراوەی ئیستاتیکا بۆ یەکەمجار لەلایەن (ئەلیکسەندەر بۆمگارتن)ەوە، بەناوی (زانستی هەستی) یان (هەستناسی) کە بە لاتینی نووسراوە، کتێبەکەش باسێکە بە ناوی (ڕەخنەی چێژ). بە پێی فەلسەفەی (بۆمگارتن) هێزی زانین بۆ دوو بەش دابەش دەبێت ئەوانیش: (هێزی باڵای ئەقڵ: کە جەخت لەسەر لۆژێک دەکات و هێزی نزمی هەست: کە جەخت لەسەر ئیستاتیکا دەکات)، بەشێوەیەک کە مرۆڤ بە لۆژیک دەگاتە هەق و ڕاستی و بە ئیستاتیکا مرۆڤ دەگاتە هونەر. ئەم پۆلینکردنەی بۆمگارتن وایکردووە، کە ئیستاتیکا لە فەلسەفە جیابێتەوە و زاراوەکەش وایلێبێت کە پەیوەندی لەگەڵ ڕەخنەی جوانی یاخود تیۆری چێژ دروستبکات.

نووسەر لە توێژینەوەکەیدا کە دێتە سەر باسی سەردەمی دوای بۆمگارتن، باسی سەدەی نۆزدە و سەردەمی دوای ڕۆشنگەریی دەکات، کە لە ئینگلتەرا و فەرەنسا و ئەڵمانیا، لە لایەن لێکۆڵەرانی وەک (دیدرۆ و کانت و هیگڵ و شۆپنهاوەر)، چەمکی ئیستاتیکا وەک چەمکێکی فەلسەفی دەرکەوت، کە بەمەش بەتەواوەتی لە چەمکی سایکۆلۆژیا دوورکەوتەوە. هەر لە ڕووە مێژووییەکەوە توێژەر باسی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دەکات، کە چۆن توێژەرە ئیستاتیکییەکان لە هەوڵی ئەوە بوون، کەوا بنەماکانی شێوازە باوەکانی ئەوروپا لە هونەرەکەیاندا جێگیربکەن، کە لە هونەری کلاسیکی گریکەوە دەستپێدەکات، تا دەگات بە ڕۆمان و دواتر بۆ سەردەمی ڕێنسانس، ڕۆژئاواییەکان خۆیان بە پێشەنگ دادەنا لە بواری هونەر و زانست و فەلسەفەدا، بۆیە جەختیان لە کاریگەری ئەدەبیاتەکەیان لەسەر ئەدەبیاتی جیهان دەکردەوە و باوەڕیان وابوو، کە هەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندیانەش دەبنە پێوەری هەڵسەنگاندنی بنەمای هونەرییان، بەمەش ئیستاتیکا بوو بە هەوڵێکی تیۆری بۆ پراکتیزەکردنی داهێنانی هونەری و ئەدەبی و پیشاندانی بەهاکانی جوانی ئەو بەرهەمە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، چونکە هەر کۆمەڵگەیەک چێژی هونەری و بەهای ئیستاتیکی تایبەت بە خۆی هەیە.

بەڕای توێژەر دیارترین ئەوگرفتانەی کە ئیستاتیکا گرنگیان پێدەدات بریتین لە: پەیوەندی ڕوخسار و ناوەڕۆک لەگەڵ یەکتریدا و پەیوەندییان بە سروشتەوە و بنەمای خەسڵەتی جوانی و مەزنی و کاریگەریان لەسەر یەکتری و پەیوەستییان بە کارە هونەریەکانەوە و پەیوەندی هونەر بە جیهانی ویژدان (شعور) و ڕۆڵی ڕوخسار لە پرۆسەی داهێناندا و پەیوەندی هونەرمەند بە کۆمەڵگایەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتری.

توێژەر لە توێژینەوەکەدا جیاوازی نێوان ئیستاتیکا و هونەر دەخاتەڕوو بە جۆرێک کە : ئیستاتیکا ڕێبازێکی فەلسەفیە، بەڵام هونەر ئەزمونێکی تاکە کەسییە و دوو جۆر جوانیش دەخاتەڕوو، ئەوانیش (جوانی سروشتی) و (جوانی هونەری)یە، لە دوای ئەم پۆلێنکردنە نووسەر دێتەسەر باسی چەمکی جوانی لای چینییە کۆنەکان و گریکەکان و ڕۆمانەکان و

پاشان چەمکی جوانی لە سەردەمی ڕینسانس و دواتر سەردەمی ڕۆشنگەریی قوتابخانەکانی (فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی) و چەمکی جوانی لە ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانسیزم و پەڕناسیزم. توێژەر دوای هەموو ئەمانە دێتە سەر باسی ئەو میتۆدانەی کە لایەنە ئیستاتیکییەکانی دەق دیاریدەکەن، ئەوانیش میتۆدەکانی (شێوازگەری و بونیادگەری و هەڵوەشانەوەگەرایی) و پاشان بونیادە سەرەکیەکانی دەقی شیعریی وەردەگرێت و بنەما ئیستاتیکییەکانی تێیدا دەخاتەڕوو.

**١_١_٢ بەشی دووەم : بنیادی مۆسیقا و زمانی شیعریی ماوەی نێوان (١٩٥٠_١٩٧٠) و لادان لە پێوەرەکانی زمانی ئاسایی:** لەم بەشەدا توێژەر باسی لە کێشەکانی عەرووز و خۆماڵی و تێکەڵکردنی کێشی خۆماڵی و عەرووز و باسکردن لە بنیاتی مۆسیقای دەرەوەی شیعر کردووە، پاشان لە ڕووی سەرواوە بنەمایەکی تری مۆسیقای شیعر لەو ماوەیەدا خراوەتە ڕوو، کە لە (٥٥) دیوانە شیعری ئەو ماوە شیعرییەدا ئەنجامدراوە. لە نموونەی لادانی فۆنیمیدا لە مۆسیقای ناوەوەدا سوود لەم شیعرەی گۆران وەرگیراوە، کە دەڵێت:

**چاو وەکو گـوڵ مـەستی ڕەنگ بوو**

**زمـــان بەسـتەی خـەستی دەنگ بوو** (گۆران، ١٣٩٩: ٢٨٤)

لەم دێرە شیعرەدا جیاوازی فۆنیمی لە نێوان دەنگی (م)ی مەستی و (خ)ی خەستی، دەنگی (ڕ)ی ڕەنگی و (د)ی دەنگی خراوەتەڕوو.

نووسەر لە بەشێکی تری توێژینەوەکەیدا دێتە سەر باسی زمانی شیعریی ساڵانی پەنجا و شەستەکان و تیایدا شێوازی زمانی ئاسایی ڕۆژانە و زمانی ئەدەبی دەخاتەڕوو، بەلای نووسەرەوە ئەو لادانانەی کە لە شیعری پەنجا و شەستەکاندا کراون لادانی شیعرین، کە بەزاندنی بنەماکانی زمانە. (دیلان)ی شاعیر بەم چەشنە لادانە (نێرگس) دەدوێنێت و دەڵێت:

**تۆ پرسیارت لە بای وەشتە**

**کاتێ گۆپکە**

**لێوی گرژی ئەبزوێنێ** (دیلان، ١٩٦٩: ١٠١)

(دیلان)ی شاعیر (نێرگس) دەدوێنێت و (نێرگس)یش (بای وەشت) دەدوێنێت.

دواتر توێژەر دێتە سەر لادان لە ئاستی واتایی و ڕۆناندا و باسکردن لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی ساڵانی پەنجا و شەستەکان، بە بەراورد لەگەڵ شیعری قۆناغی کلاسیک خراونەتەڕوو، چ لە ڕووی بەکارهێنانی کەرەستە زمانیەکانەوە، یاخود لە ڕووی لادانە شیعرییەکانەوە، بەشێوەیەکی گشتی بەرەو شیعریەت هەنگاونراوە، بەشێوەیەک باس لە زمانی شیعریی ئەم قۆناغە کراوە، کە هێندە ساکاربووە، لەگەڵ زمانی ئاسایدا جیا نەکراوەتەوە.

## ١_١_٣ بەشی سێیەم: وێنەی شیعریی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا لە دەقی شیعری کوردیدا

توێژەر باسی لە سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی کوردی کردووە، کە بە سەرچاوەی خودی دەسپێدەکات، پاشان سەرچاوەی دیکە دێتە ئاراوە، لەناو سەرچاوە بابەتیەکانیشدا سەرچاوەی نەتەوەیی و ئەدەبی پێشینان بە نموونە وەردەگرێت، دواتر سەرچاوەی ئەدەبی هاوچەرخ دێتە بوارەکەوە و لەم بارەیەوە شیعریی (ئافرەت وجوانی)و(ڕەوتێکی جوان)ی مامۆستا گۆران بە دوو وێنەی جوانی خاڵی وەرچەرخانی شیعری کوردی قۆناغەکە دادەنرێت. پاشان توێژەر جۆرەکانی وێنەی شیعری بەپێی پێکهاتنیان دەخاتەڕوو، کە لە وێنەی تاک و کۆ و گشتیدا خۆیان دەبیننەوە، لە باسێکی ئەم بوارەدا ڕوانینێکی ئیستاتیکی گۆرانی شاعیر بۆ ئافرەت دەخرێتەڕوو، بەوەی کە گۆران هەمیشە بە دوای جوانی ڕاستەقینەدا گەڕاوە، بەڵام هەوڵەکەی وەک هەمیشە بێ ئاکام بووە، لە گەشتێکیدا کە دەڵێت:

**بۆی نەشکانوم تونیەتی و ئارەزووی دڵ**

**هــەر گــەڕاوە مــەلـــی برســـــیم چـــلاوچـــڵ** (گۆران، ١٣٩٩: ٢٧)

لێرەدا بڕوای وایە، کە بەلای گۆرانی شاعیرەوە جوانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەردوو ڕووی (هەستی و هۆشی) تێکەڵی یەکتری بکرێت. توێژەر لە کۆتاییدا جۆرەکانی وێنەی شیعری بەپێی وێنەی جوڵاو و نەجوڵاو بەپێی پێنج هەستەکەی مرۆڤ دابەشیکردووە.

لە کۆتاییدا وەکو توێژەرێک پاش کورتکردنەوە و پوختەکردنی کتێبی (ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠_١٩٧٠))، سەرنجەکانی خۆمان لەم توێژینەوەیەدا دەخەینەڕوو:

١. ئیستاتیکا لەگەڵ گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی زماندا دەرکەوتووە و بەرەو پێشەوە چووە، پاشان لەگەڵ ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی شاکارە ئەدەبی و هونەریەکاندا، ئەمیش هەلی بۆ ڕەخساوە، تاوەکو وەک زانستێکی فەلسەفی هەنگاوی بەرەو پێش بنێت.

٢. ئیستاتیکا وەکو چەمکێکی جوانیی بناغە داڕێژەری بەها جوان و پڕماناکانی هۆنینەوەی شیعرە، لە شیعری کوردیی ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا و کاریگەری لەسەر شیعری کوردیی دوای ئەم قۆناغە بەجێهێشتووە.

٣. جوانی کارە هونەرییەکان لە جوانی سروشتەوە سەرچاوەدەگرێت، بەچەشنێک دەتوانین بڵێین جوانی سروشت سەرچاوەی هەڵهاتنی جوانی کارە هونەریەکانە، هەروەها زۆربەی بیرمەندان لەو باوەڕەدان کە بۆ دەرخستنی خەسڵەتەکانی جوانی لە کارە هونەریەکاندا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ جوانی سروشت، کە سەرچاوەی هەموو جوانییەکانە لە جیهانی مرۆڤایەتیدا.

٤. سەرچاوەی هاتنە ئارای چەمکی جوانی لە ئەدەبی کوردیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەمکی جوانییەی کە لە ڕێبازی کلاسیکدا سەریهەڵداوە و لە سەدەی حەڤدەیەمدا بناغەکەی چەسپاوە، ئەم بناغەیەش سوودی لە ئەدەبیاتی پاش سەردەمی ڕێنیسانس و شۆرشی فەرەنسی بینیوە، کە بوونەتە بناغەی سەرجەم بنەما هونەرییەکانی ئەوروپا و دواتریش ئەدەبی کوردی لە ڕێگەی ئەدەبی تورکییەوە، ئاشنایەتی بەم شێوازە تازەیە پەیدا کردووە و لە ناو ئەدەبی نوێی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە .

٥. شاعیرانی ماوەی نێوان(١٩٥٠_١٩٧٠) توانیویانە لە ڕێگەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی و بە سوود بینین لە ئەزموونی نوێگەری پێشینەکانی وەکو (شێخ نوری و گۆران و پیرەمێرد) و چەندین شاعیری دیکەی وەکو حاجی قادری کۆیی و چەند شاعیرێکی دیکەش، لە ڕێگەی ئەزموونی شیعری خۆیانەوە، پەرە بە بەهای باڵای جوانی لە زمان و دەربڕینی وشە شیعریەکانیان بدەن و لە ئاستێکی فەلسەفی جوان و پڕ ئیستاتیکای زمانیدا دەقەکانیان پێ هۆنیوەتەوە، نموونەی ئەم قۆناغەش لە شیعرەکانی گۆرانەوە دەستپێدەکات، دواتر لای شێرکۆ و لەتیف هەڵمەت و لە شیعری چەندین شاعیریدیکەدا بەرجەستەکراون.

**١_٢ بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران**

ناونیشانی کتێبێکە، کە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکی نامەی ماستەرە و لە ساڵی(٢٠٠٧) لەلایەن توێژەر (ئاسۆ عومەر مستەفا)وە پێشکەشی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، توێژینەوەکە دەربارەی بەها ئیستاتیکییەکانی هەرسێ شاعیری ناوبراوە، کە وەکو بنەمایەکی گرنگی شیعریی بایەخیان پێداوە و شیعرەکانیان پێ ڕازاندووەتەوە، ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای موکریانییەوە لە ساڵی (٢٠٠٩) چاپکراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و سێ بەش (بەهای ئیستاتیکا و ڕەهەندی جوانی و مێژووەکەی، مێژوویی زمانی شیعر و زمانی شیعریی هەرسێ شاعیر و بەهای مۆسیقای شیعری شاعیران، چەمکی وێنەی شیعری لای هەرسێ شاعیر) پێکهاتووە و لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو.

**١_٢_١ بەشی یەکەمی توێژینەوەکە** تەرخانکراوە بۆ بابەتەکانی بەهای ئیستاتیکا و گەشەسەندنی مێژووی ئیستاتیکا، توێژەر لەم بەشەدا چەمکی بەهای لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە خستووەتەڕوو، پاشان بەهای ئیستاتیکی لەناو کێڵگە پۆلێنکراوەکەی (سپراگەر) کە بۆ بەهای کردووە جیاکردووەتەوە، کە بەلای توێژەرەوە گرنگترین بەها ئیستاتیکیەکانی شیعر بریتین لە بەهاکانی (زمانی شیعریی، مۆسیقای شیعریی، وێنەی شیعریی، ڕەمز ، ئەفسانە)، دواتر بەشێوەیەکی ورد باس لە مێژووی دەرکەوتنی ئیستاتیکا دەکات و ئیستاتیکا بە لێکۆڵینەوەی جوانیی دادەنێت و لەم بارەیەوە چەمکی جوانی دەخاتەڕوو، جا ئەو جوانییە (سروشتی و هونەری)ین، بەلای توێژەرەوە جوانی سروشتی

سەرچاوەی جوانی هونەرییە. لە تەوەری دووەمی بەشەکەدا باسی گەشەی مێژووی ئیستاتیکا لای (یۆنان و ڕۆمان) و گەورە فەیلەسوفەکان و پاشان لای ڕێبازە ئەدەبیەکان و قوتابخانە ڕۆشنگەریەکانی (ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی) دەخاتەڕوو، دواتر لای مارکسیزم و پاشان لای ڕێبازە ئەدەبیەکان و بۆچوونە جیاوازەکانی وەک (حەدەسی و بونگەرایی) دەخاتەڕوو، کە بەلای حەدەسیەوە ڕای گەورە فەیلەسوف (هێنری برگسۆن)ی فەڕەنسی وەردەگرێت، کە بەپێی بۆچوونەکەی هیچ شتێ بۆ بوونی خۆی زیادناکات، بەڵام دەشێت بۆی دەربکەوێت، کاتێک بیری ئادەمیزاد لە دەست بەسەراگرتنی ئەو بوونەدا ئەو جوانیەی بەدی بهێنێت.

**١_٢_٢ لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا** کە دەربارەی زمانی شیعر و مۆسیقای شیعرە، توێژەر لەم بەشەدا (زمانی شیعر) بە سەرەکیترین بنەمای بنیادنانی دەقی شیعری دادەنێت، قۆناغی لاساییکردنەوەی زمانی شیعریی شاعیرانی کلاسیکی دەکاتە بنەمایەکی سەرەکی شیعری هەرسێ شاعیر و دواتر قۆناغی کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی تورکی دەخاتەڕوو، پاشان دێتە سەر بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی لای هەرسێ شاعیر و نموونەی شیعریان دەخاتەڕوو، توێژەر کە دێتە سەرباسی (مۆسیقای شیعر)، مۆسیقا بە یەکێک لە پێکهاتە ئیستاتیکیە پڕبایەخەکانی بنەڕەتی شیعریی لەقەڵەم دەدات و بڕوای وایە کە هەرسێ شاعیر گرنگییەکی زۆریان بەم بنەمایە داوە و هەوڵیان داوە لەم ڕێگەیەوە ئاوازێکی جوان و ڕازاوە بە شیعرەکانیان ببەخشن، کە لەڕووی مۆسیقای دەرەوەی شیعر (کێش و سەروا)وە، بە پەیڕەوکردنی کێشی (عەرووز و سیلابی خۆماڵی و تێکەڵکردنی عەرووز و خۆماڵی)و سەروای (یەکگرتوو، جووت سەروا، موستەزاد، پێنجی و شەشی)یان لە شیعرەکانیان پەیڕەوکردووە. لە ئاوازی ناوەوەی شیعردا بەلای توێژەرەوە، هەرسێ شاعیر لەڕێگای (ئاوازی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندن پاش و پێشخستنی وشە و بەکارهێنانی ئامرازە زمانیەکان)، ئاوازی ناوەوەی شیعرەکانیان پێ بەرجەستەکردووە و گەیشتونەتە ئاستی داهێنانی شیعریی. بەمەش هەرسێ شاعیر لەڕووی ئاوازی ناوەوە و مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەدا مۆسیقایەکی گشتی ڕازاوەیان بنیادناوە.

**١_٢_٣ لە بەشی سێیەمدا** کە تەرخانکراوە بۆ باسکردنی (وێنەی شیعریی و ڕەمز و ئەفسانە)، توێژەر لەم بەشەدا بە باسکردن لە زاراوەی وێنە دەچێتە ناو باسی بەشەکەوە و دواتر پێناسەی وێنەی شیعریی و سەرچاوەی وێنەی شیعریی لای هەرسێ شاعیرەکە دەخاتەڕوو، دواتر شێوازەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعریی لەڕووی ڕەوانبێژی لای هەرسێ شاعیر و جۆرەکانی وێنەی شیعریی لەڕووی پێکهاتنەوە بە هێنانەوەی نموونەی شیعری دەخاتەڕوو ، بۆ نموونە لە وێنەی شیعریی چەسپاودا، کە وێنەکە لە بارێکی چەسپاودایە و یەک دیمەن پیشان دەدات، نموونەیەکی شیعری دەهێنێتەوە، کە (پیرەمێرد) دەڵێت :

**که ئاو داری لەسەر گرتووە ئەی زانی چی تیایە**

**لەلای نەنگە کە پەروەردەی نقوم کا گەورەیی وایە** (پیرەمێرد،١٩٩٠: ١٨٥)

پیرەمێردی شاعیر لەم دێڕەشیعرەی سەرەوەدا وێنەیەکی دیمەنی چەسپاوی سروشت باس دەکات، کە وێنەی دارێکە بەسەر ئاوەوە و نقوم نابێت، لە ناوەڕۆکەکەیشیدا شاعیر بیرێکی فەلسەفی وردی تیادا بەکارهێناوە.

توێژەر کە دێتە سەر باسکردن لە وێنەی جوڵاو، نموونەی دێڕە شیعرێکی (گۆران) دەهێنێتەوە، کە لە شیعری (جوانی بێ ناو)دا دەڵێت:

**کانییەکی ڕوونی بەرتریفەی مانگە شەو**

**لەبنیا بلـــەرزێ مـرواری زیـخ و چـەو** (گۆران، ١٣٩٩: ٣٩)

توێژەر لە تەوەرێکی دیکەی ئەم بەشەدا دێتە سەر باسی (ڕەمز) و هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لای شاعیران دەخاتەڕوو، کە یەکێک لە هۆکارەکانی بۆ مەبەستی ئیستاتیکایە و بەخشینی بەهایەکی بەرز و هونەرییە بە بەرهەمی شاعیرەکە. دواتر دێتە سەر جۆرە بەکارهاتووەکانی ڕەمز لەوانەش ( ڕەمز و ئیشارەت، ڕەمز و تەمومژ و ڕەمز و خوازە، ڕەمز و لێکچواندن، ڕەمز و خواستن) و پاشان دێتە سەر جۆرەبەکارهاتووەکانی ڕەمز لای هەرسێ شاعیرەکە و پۆلێنی دەکات بۆ ڕەمزەکانی (کەسی و گشتی و ئاینی و کەلەپووری و مێژوویی)، بۆ هەر ڕەمزێکی بەکارهاتووش نموونەیەکی شیعری لای سێ شاعیرەکە دەخاتەڕوو.

لە دوایین تەوەری بەشەکەدا توێژەر باسی (ئەفسانە) دەکات، کە یەکێکە لە بەها ئیستاتیکیە گرنگەکانی شیعری نوێ و بنەماکەشی بۆ یۆنان دەگەڕێنێتەوە، چوار جۆری ئەفسانە دیاریدەکات، ئەوانیش (ئەفسانەی نەریت و بۆنە ئاینییەکان، ئەفسانەی گەردونی، ئەفسانەی هێمایی، ئەفسانەی قارەمانی خواوەند)، بەلای توێژەرەوە ئەفسانەی ئەدەبی کوردی سودی لە ئەفسانە جیهانیەکان بینیوە، لە کۆتایشدا توێژەر ئەفسانە بەکارهاتووەکان لای هەرسێ شاعیر دەخاتەڕوو.

**١ـ٢ـ٤ کۆتایی** لە کۆتاییدا، وەک توێژەرێک پاش پوختەکردنی کتێبی **(بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران)** سەرنجمان سەبارەت بەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

١. توێژەر لە باسی گۆراندا جگە لە باسی کاریگەربوونی بە ئەدەبی تورکی، باسی لە کاریگەری ئەدەبی ئینگلیزی و فارسی نەکردووە لە سەر گۆران، بە تایبەتی کاریگەری (وردس ورس)ی ئینگلیزی و (نیما یوشیج)ی فارسی.

٢. ئەو گۆڕانکارییانەی هەرسێ شاعیر لە شیعری نوێی کوردیدا هێنایانە ئاراوە، بەرهەمە نوێخوازیەکەی لەژێر کاریگەری ڕەوتی ئیستاتیکای زماندابووە، بەسوودبینین لەم بەها

گرنگەی زمان، توانراوە بنەمای شیعری کوردی لە ڕووی دارِشتنی زمانییەوە سەرلەنوێ شیعری پێی بهۆنرێتەوە .

٣. لەژێر کاریگەری ئاواز و مۆسیقای شیعری بێگانەدا بەتایبەت (شیعری تورکی) توانراوە ئاواز و دەربرِینی مۆسیقی بۆ شیعری کوردی بگەڕێنرێتەوە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی سیلابی کە کێشێکی ڕەسەنی کوردییە و لەگەڵ ئاوازەکەیدا جوانتر و باشتر دەگونجێت، ڕازاوەیی بە شیعرە کوردییەکان دەبەخشێت و ئیستاتیکای شیعرەکانی پێ فەراهەم دەبێت.

٤. بەهای ئیستاتیکی لەشیعری کوردیدا بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆڕانگاریانەی کە بەسەر فۆڕم و تەکنیکی شیعری ئەوروپیدا هات، دواتر لەژێر کاریگەری شیعری تورکییەوە، سەربوردەی ئەو گۆڕانکارییانە لە ئەدەبی کوردی و شیعری نوێی کوردیدا هاتە ئاراوە و بزافی پێشکەوتنخوازی کوردی سوودی لەو ڕەوتە نوێیەی شیعری تورکی وەرگرت و بناغەی شیعری سەردەمەکەیان پێ بنیادنا.

**١_٣ هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد** ناونیشانی کتێبێکە، کە لە بنەڕەتدا توێژینەوەی نامەیەکی ماستەرە و (لێکۆڵینەوەیەکی زمانی)یە، لەلایەن توێژەر (دلێر سادق کانەبی)یەوە نووسراوە، توێژینەوەکە دەربارەی هەندێ لادانی زمانییە لای هەرسێ شاعیر (فەرهاد پیرباڵ و ئەنوەر مەسیفی و نەوزاد ڕەفعەت)، ئەم کتێبە لەلایەن (دەزگای موکریانی)یەوە لە ساڵی (٢٠٠٩) چاپکراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و سێ بەش (هەندێ لادانی تیۆری، جۆرەکانی لادان، شیکردنەوەی کەرەسەکان) پێکهاتووە و لە کۆتایشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە خراوەتەڕوو. توێژەر لەپێشەکی کتێبەکەیدا باسی لەوە کردووە، کە هەوڵدەدات لە ڕووی لادانەکانی (واتایی و لێکسیکی و نوسینی و شێوازی و زاری )، ئەم سێ شاعیرە لە شیعرەکانیان بکۆڵێتەوە، هەروەها هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو بایەخی لادانەی کە لە لایەن هەرسێ شاعیرەوە پەیڕەوکراوە بۆ مەبەستی داهێنانی دەقی شیعریی، توێژەر پشتی بە توێژینەوەکەی (لیچ)ی زمانەوان بەستووە، کە لە ساڵی (١٩٦٩) دەربارەی چەمکی لادان خستویەتییە ڕوو.

**١_٣_١ بەشی یەکەم: هەندێ لایەنی تیۆری:** توێژەر لەم بەشەدا باسی لە پەیوەندی زمان وەک زانستێ بە زانستەکانی ترەوە دەکات، لەڕێی توێژینەوە زمانییەکانی (ژان پیتار و جین ئیچسۆن)ەوە، پەیوەندی زمانی بەلایەنی (دەروونی و کۆمەڵایەتی و لۆژیک)ەوە خستووەتەڕوو. لە بەشێکی دیکەدا نووسەر باس لە ئەرکەکانی زمان دەکات و دەیبەستێت بە تیۆرەکانی (مارتنی) و (بۆلەر) و (هالیدی)، کە هەریەکەیان سێ جۆر ئەرکی جیاواز بۆ زمان

دەخەنەڕوو، بەڵام (یاکۆبسن) بەشێوەیەکی جیاوازتر لەڕوانگەی توێژەرەوە باسی لێوەکراوە، بەوەی کە شەش ئەرکی زمان دیاریدەکات، ئەوانیش ئەرکەکانی (وەسفی، هەڵسەنگاندن، عاتفی، فەرماندان، کردەیی، هونەرکاری)، دواتر (یاکۆبسن) کە دێتە سەر ئەرکی( ئەدەبی زمان) وەکو ئەرکێکی بنەڕەتی باسی دەکات. دواجار توێژەر کە دێتە سەر باسکردنی جۆرەکانی زمانی ئەدەبی کوردی دەیکاتە سێ جۆر، ئەوانیش (شیعر و هەڵبەست و پەخشان)، کە هەر یەکەیان بەجیا باسیان لێوە دەکات.

**١_٣_٢ بەشی دووەم : جۆرەکانی لادان:** توێژەر لە سەرەتای ئەم بەشەدا لادان بەوە دەناسێنێت کە: لادان جۆرێکە لە جۆرەکانی زەقکردنەوە، (یۆهانس ویلم) مێژووەکەی بۆ قوتابخانەی (پراگ) و فۆرمالیستە ڕووسەکان دەگێڕێتەوە. بەشێوازی تیۆری نووسەر جۆرە جیاوازەکانی لادان دەخاتەڕوو، لەوانەیش وەکو لادانی (لێکسیکی و واتایی و دەنگی) و لادانی ڕێزمانی (ڕستەسازی و وشەسازی) و لادانی کاتی (کاتی لێکسیکی و کاتی ڕستەسازی) و لادانی (شێوازی و زاری و نووسینی) لە دواجاریشدا لادانی ناوەکی، پاشان ڕاستەوخۆ دێتە سەر لادانی لێکسیکی و بە لادان لە ڕێساکانی پێکهاتنی وشەی زمانی خودکاری دادەنێت، هەروەها بە لادان لە پێوەرەکانی یاسا لێکسیکییەکان دیاریدەکات، دواتر لادانی واتایش پۆلێن دەکات بۆ (بەرجەستە و ئەبستراکت)، پاشان لادانی بەرجەستە پۆلێندەکات بۆ (بەزیندووکردن و بەتەنکردن و بەرووەک و گیانەوەر و ئاژەڵ و بەمرۆڤکردن). هەروەها بەلای نووسەرەوە دوو جۆر لادانی کاتی هەن، کە ئەوانیش (کاتی لێکسیکی و کاتی ڕستەسازی)یە، لە لادانی کاتی لێکسیکی سوود لە وشە کۆنەکان وەردەگیرێت، لە (لادانی کاتی ڕستەسازی)یدا شاعیر پەنا بۆ شوێن گۆڕینی ڕستەکان دەبات، بە لای توێژەرەوە لە لادانی شێوازیدا لە زمانی نووسینەوە هەنگاو بۆ ئاوازی ئاخاوتن دەنرێت. لە لادانی شێوازیشدا پشت بە بۆچوونی زانا (لیچ) دەبەستێت، کە بڕوای وایە شاعیر لە هەندێ شوێندا پێکهاتەیەکی زمانی دێنێتە ناو شیعرەوە، کە لە زمانی خۆکاردا نین. لە لادانی نووسینیشدا شاعیر لە نووسینی باوی زمانی سەردەم لادەدات و بەمەش واتایەکی تر دەخاتە سەر واتای دەقەکەی. بەلای نووسەرەوە دواین لادان لەم بەشەدا (لادانی ناوەکی)یە و کاتێک ڕوودەدات، کە شاعیر ئەو لۆژیکەی بەسەر بەرهەمەکانیدا زاڵن لایبدات، بە دیوێکی تر بانگەشەی کەرەستەیەک بکات و دواتر لێی پەشیمان بێتەوە.

**١_٣_٣ بەشی سێیەم: شیکردنەوەی کەرەستەکان:** نووسەر لەم بەشەدا دێتە سەر لادانەکان لای هەرسێ شاعیر (فەرهاد پیربال و ئەنوەر مەسیفی و نەوزاد رەفعەت)، بە لادانی واتایی دەستپێدەکات لای فەرهاد پیربال، جۆرەکانی ئەم لادانەش وەکو:

بەمرۆڤکردن : کە شاعیر سروشت بە مرۆڤ دەچوێنێت، وەک پیربال دەڵێت:

**ژێر درەختێکی بچکۆلانەی قژ خەنەیی بوو جێ ژووانێ** (پیربال، ٢٠٠٥: ١٢)

لە لادانی بە ئەبستراکتکردن: مرۆڤ بەشتی بێ گیان دەچوێنرێت، وەک پیربال دەڵێت:

**تۆ وەک مۆسیقایت، وەک خەون، وەک درەخت** (پیربال، ٢٠٠٥: ١٠)

لە لادانی بە ڕەوانکردندا: شاعیر دوو دیاردەی سروشتی بە یەکتر دەچوێنێت، وێنەیەکی ڕەوانی لێدروست دەکات، کە دەڵێت:

**پاپۆڕە درێژە باخچەییەکان کە بەژێرماندا تێدەپەڕین**

**وەک تاڤگەی ئەستێرەیین** (پیربال، ٢٠٠٥: ٣٢)

**بەئاژەڵکردن:** لێرەدا سیفات و ئەندامەکانی ئاژەڵ دەبەخشرێن بە شتانێک کە کەرەستەی نابەرجەستەن، واتە مەعنەوی (ئەبستراکت)ن، وەکو دەڵێت:

**لەژێر سێبەری سەر براوی درەختێکدا** (پیربال، ٢٠٠٥: ٣٣)

لادانی پارادۆکس: ئەوەیە دوو وشەی واتا دژ بەیەک بهێنرێتە ناو دێڕە شیعرەکەوە، وەک پیربال دەڵێت:

**ئێمە بەختەوەرین، ئازیزەکەم**

**ئێمە بەدبەختین، ئازیزەکـەم** (پیربال، ٢٠٠٥: ٣٦)

بەڕووەککردن : کەرەستە سروشتییەکان بە ڕووەک دەکرێن، وەک دەڵێت:

**بۆنەکان هەڵوەرین، سەوزایی گرد و تەپۆلکەکان لە ناوچاومان کاڵ بوونەوە** (پیربال، ٢٠٠٥: ٣٢)

لادانی لێکسیکی لێکدراو: شاعیر لە یاسای مۆرفۆلۆژی لادەدات، کە دەڵێت:

**لە ئێوارەیەکی ماندووی شەختەگرتووی ساڵدا، شکام** (پیربال، ٢٠٠٥: ١٦)

شاعیر بەپێی یاسای مۆرفۆلۆژی (ناو+ئاوەڵناوی کراو)، بە لادانی لە یاسای سنورداریێتی وشەی (شەختەگرتوو)ی دروستکردووە.

لادانیی نووسینی: کە لادانە لە نووسینی باوی سەردەمەکە، وەک شاعیر دەڵێت:

**"یەک**

**هەڵ**

**وە**

**ری**

**ن"** (پیربال، ٢٠٠٥: ١٧)

چۆنیەتی دانانی پیتەکان، وەک چۆنیەتی هەڵوەرینی گەڵای ڕووەکەکان پیشاندراوە، کە ئەمەش لادانی نووسینەکی دروستکردووە.
لای مەسیفی نموونەی لادانەکانی بەم دێڕانەی خوارەوە هێناوەتەوە:
لادانی واتایی:

١. بەمرۆڤکردن: **شەو بۆی ناکرێ**
**مارەیی خۆی** (مەسیفی، ٢٠٠٥: ٢٥)
**لە قوڵایی من هەڵێنجێ** (مەسیفی، ٢٠٠٥: ٢٦)

٢. بەئەبستراکتکردن: **تۆ نساری من بەفرتم**
**تۆ دیوانی من شیعرتم** (مەسیفی، ٢٠٠٥: ٢٣)

٣. بەئاژەڵکردن: **دڵی لێ دەبێتە چۆلەکە**
**دەبـێتە مـــاسی** (مەسیفی، ٢٠٠٥: ٣٢)

٤. پارادۆکس: **جاران چاوت بۆ من دوو پەنگری گەش بوون**
**شـەو کرێوان پـەنجـەی خۆتـم پێ دەنـاساند** (مەسیفی، ٢٠٠٥: ٤٥)

٥. بەڕووەککردن: **بارێ گەڵای مێژووم پێیە** (مەسیفی، ٢٠٠٥: ٢١)

لادانەکان لای نەوزاد ڕەفعەت، بەم جۆرەیە:
لادانی واتایی، بەم شێوەیە بەکارهێناوە :

١. بەمرۆڤکردن : **تێگەیشتم چیا قسەیەکی پێیە** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ٩٧)

٢. بەتەنکردن : **ئاسمانێکی فراوانتر**
**بکەنە دەوار و کەپر** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ٩٧)

٣. بەئەبستراکتـکردن: **تەمەنی گەنجیت دادەڕژا**

٤. بەڕەوانکـردن: **لافاوی سوری ڕق و تورەییم** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ١٣٣)

٥. بەئاژەڵکردن: **بۆخۆم کۆتر ئاسا تێیدا هەڵبکورێم** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ١٠٣)

٦. پارادۆکس: **بەهەمان بزەی خەماوی جارانە**
**دەمگوت ئەمشەو بەفر گەرمە** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ٩٧)

٧. بەڕووەکـکردن: **هەموو ڕووح سەرلەنوێ دەپشکوێت** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ١٣٨)

٨. لادانی لێکسیکی دووجۆرە، ئەوانیش:
ا. دارێژراو: **چاوی ئەبڵەقی تۆ شین و ڕەشێنەی سپی هەڵگەڕاو** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ٩٥)
ب. لێکدراو: **شەکرە کۆتری نامەبەر** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ٩٦)

٩ .لادانی نووسینی: **خەوم ز..... ڕ........ ا.........وە**
**خە.....و.....م......... ز.....ڕ........ا........** (ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ١٣٥)

لە کۆتاییدا وەکو توێژەرێک پاش کورتکردنەوە و پوختەکردنی کتێبی **"هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد"**، سەرنجمان سەبارەت بەم توێژینەوە دەخەینەڕوو:

١. دەبوو توێژەر هەر لە سەرەتای ناونیشانی توێژینەوەکەیدا ناوی هەرسێ شاعیرە نوێخوازەکەی بهێنایە، نەوەک هێشتنەوەی ناوهێنانیان بۆ بەشی سێیەمی باسەکەی.

٢. دەبوو توێژەر بەشی پراکتیکییەکەی باشتر و بەهێزتر پەیوەست بکردایە بە لایەنی تیۆری باسەکەیەوە، لە کاری توێژینەوەکەیدا.

٣. نەدەبوو توێژەر لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەیدا کە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەیەتی بەجیا باسی لە لادانی هەرسێ شاعیر بکردایە، بەڵکو پراکتیزەکردنی لادانەکانی بۆ هەر بەشێک بەسەر سێ شیعری یەک لە دوای یەکی هەرسێ شاعیر پراکتیزە بکردایە، کە بەمەش توێژینەوەکەی جوانتر و بە پێزتر دەبوو.

٤. وێنە هێڵکاریەکانی نووسەر لە میانەی خستنەڕوویی شیکاری باسکردن لە بابەتەکانی کارێکی زانستییانەیە، بەڵام شیکردنەوەی بابەتەکانی ناو هێڵکاریەکە، بە شێوەیەکی زۆر سادە خراونەتەڕوو .

٥. دەبوو نووسەر بەشی سێیەمی توێژینەوەکەی ناوبنایە، بە بەشی پراکتیزەکردنی لادانە زمانییەکانی شاعیرانی نوێخواز، نەوەک ناونانی بە بەشی (شیکردنەوەی کەرەستەکان).

٦. تەرخانکردنی دوو پەڕەی پێشەوەی کتێبەکە بۆ پێڕستی وێنە و هێڵکاریەکان، هاوکاریەکی باشی خوێنەر دەکات، تا بەشێوەیەکی زانستییانە ڕێژەی لادانە زمانیەکان لای هەرسێ شاعیر بزانرێت.

٧. بەکارهێنانی ڕێبازی (شیکاری ڕووپێوی) بەشێوەی شیکاری چەندێتی، کە بەشێوەیەکی زانسییانە ڕێژەی سەدی لادانەکانی لای هەرسێ شاعیر خستووەتەڕوو کارێکی زانستی و پڕبایەخە.

**١_٤ (لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت)دا**، ناونیشانی کتێبێکە، لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکی نامەی ماستەرە، لەلایەن (ناز ئەحمەد سەعیدە)ەوە نووسراوە، کە ئەم توێژینەوەیە دەربارەی لادانە لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، کتێبەکە لە ساڵی (٢٠١٣) لەلایەن چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیریی سلێمانییەوە چاپکراوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و سێ بەش (دەروازەیەک بۆ لادان ، لادانی پێکهاتەیی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت، لادانی جێگۆڕکێ و دەلالی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت) پێکهاتووە، لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕوو.

توێژەر لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا ئاماژە بە خستنەڕووی ڕەگەز و جۆرەکانی لادان و شیکردنەوەیان و پێڕەوکردنی لادانەکان لای (لەتیف هەڵمەت) دەخاتەڕوو. ڕێبازی (وەسفی شیکاری) لە توێژینەوەکە پەیڕەوکراوە.

**١_٤_١ بەشی یەکەم : دەروازەیەک بۆ لادان:** لەم بەشەدا توێژەر (چەمک و زاراوەی لادان لەشیعردا) دەخاتەڕوو، کە بەلایەوە لادان دیاردەیەکی سەرەکی زمانی شیعرە و هیچ شیعرێک نییە کە لادانی تیادا نەبێت، هەروەها توێژەر باوەڕی وایە کە زۆربەی نووسەران و لێکۆڵەران بەپێی زمان و سەردەمە جیاوازەکان باسیان لە لادان کردووە، کە لە ئەرستۆوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە فۆرمالیستە ڕووسەکان و شێوازگەرەکان و ڕەخنەگرە نوێخوازەکان و بونیادگەران، پۆلێنکردنەکەیشی بە نووسەرانی ڕۆژئاوا دەستپێدەکات و لە سەردەمی (ئەرستۆ)وە، تا دێتە سەرباسی زمان لای (ڤالێری) گەورە شاعیری فەڕەنسی، کە (جان کۆهین) لە کتێبی بونیادەزمانیەکەیدا وەک بەڵگە ناویدەهێنێت، دواتر دێتە سەرباسکردنی لە لای فۆرمالیستە ڕووسەکان، بەتایبەتی (یاکۆبسن) وەک بەڵگە وەردەگرێت، پاشان بۆچوونەکانی (دی سۆسێر)ی زمانەوانی سویسری دەخاتەڕوو، دواتر بۆچوونی نووسەرانی عەرەب وەردەگرێ، لەو نووسەرانەی عەرەبیش وەک (أبو نواس و أبو تمام) بە بەڵگە دەهێنێتەوە، پاشان دێتە لای نووسەرانی کورد، بۆچوونەکانی (محەمەد مەعروف فەتاح)ی زمانەوان لەم بارەوە بە بەڵگە دەهێنێتەوە، لە دواتریشدا دێتە سەر لادانەکان لای شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک (نالی و حاجی و مەحوی)، کە بەلایەوە زۆرترین لادانیان لە ڕێسا زمانییەکان ئەنجامداوە، تەنانەت دەڵێت (حاجی قادر) لادانی فکری و کۆمەڵایەتی ئەنجامداوە. دواتر دێتە سەر لادان لای گۆرانی شاعیر و پاشان بەراوردی لادانی یاخیبوون لەنێوان (حاجی قادر) و (لەتیف هەڵمەت)دا دەکات، دواتریش پێوەرەکانی لادان بەپێی بۆچوونە جیاوازەکان وەردەگرێت، کە بە لای توێژەرەوە بریتین لە (زمانی زانستی پەخشان، گوتاری ئاسایی، چێژ، سەرژمێری خوێنەر، زەمینە، پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی و بەکارهێنانی باو). دواتر بەشێوەیەکی گشتی چەمکی لادان دەکاتە چوارجۆرەوە (لادانی ڕەگەزی لە پێکهێنەرەکانی دەق، لادانی دەق لە لۆژێک ، لادانی دەق لە مەبەستی قسەکەر، لادانی دەق لە کۆدە زمانییە باوەکان).

**١_٤_٢ بەشی دووەم : لادانی پێکهاتەیی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت:** توێژەر لە سەرەتای ئەم بەشەدا بە لادانی مۆسیقای دەرەوە (کێش و سەروا) دەستپێدەکات، دواتر بەرەو ڕێتمی ناوەوە (سەروای ناوەوە و دووبارەکردنەوە و قرتاندنی فۆنێمی و یاریکردن بە دەنگەکان) دەچێتە ناوقوڵی باسەکەوە، بۆ هەر ڕەگەزێکی لادانەکانیش نموونەیەکی شیعریی وەک بەڵگە دەهێنێتەوە، دواتر دەچێتەسەر (پەخشانە شیعر) لای لەتیف هەڵمەت و وەکو جۆرێکی دیکەی لادانەکان ئاماژەی پێدەدات، دواتر دێتەسەر لادانی وشەسازی و ئەو لادانانەی کە شاعیر لەم بوارەدا ئەنجامیداوە، بەلای توێژەرەوە ئەمانەن (تێکدانی پێکهاتنی باو و بەربڵاو، کۆنگەرایی) کە بۆ هەردوو جۆرەکەش بەڵگەی شیعریی دەهێنێتەوە، پاشان دێتە سەر باسی (لادان لە

ئاستی ڕستەسازی)دا و بڕوای وایە کە شاعیر لەم ئاستەدا لادانانەکانی(قرتاندن، پاش و پێشخستنی کەرەستە ڕێزمانیەکان)ی ئەنجامداوە، بۆ هەموو ئەمانەش بەڵگەی شیعریی دەهێنێتەوە، لە دوا تەوەری بەشەکەدا دێتە سەر باسکردنی لادانی واتایی کە بەلای توێژەرەوە (شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانە و پەیوەندی بە گۆڕینی مەبەست و واتا و تێگەیشتنەوە هەیە).

**١_٤_٣ بەشی سێیەم : لادانی جێگۆڕکێ و دەلالی لە شیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا:** توێژەر لەم بەشەدا دێتە سەر باسی لادان لای شاعیر لە ئاستی( واتاسازی ) و ( لادانی جێگۆڕکێ)، کە لە بواری هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا لادانەکانی (لێکچواندن و خواستن و دژیەک) وەردەگرێت، نموونەی شیعریی لەم بوارەدا دەخاتەڕوو، پاشان دێتە سەر (لادانی دەلالی _ ڕەمزی)و ڕەمزەکانی خودی و کەلەپووری وەک دوو جۆری گرنگی لادان لەم تەوەرەدا دەخاتەڕوو، بەشێوەیەک کە لە لادانی ڕەمزی کەلەپووریدا توێژەر بڕوای وایە، کە شاعیر (لەتیف هەڵمەت) شاعیری گەورە (حاجی قادر) بە ڕەمزی کەلەپووری کۆیە دادەنێت، هەروەها (خانی لەپ زێڕین) بە ڕەمزی شۆڕشگێڕی دادەنێت، کە ئەمانە نموونەی ڕەمزی کەلەپووری و نەتەوەییە لای شاعیر.

**١_٤_٤ کـۆتـایی**، وەکو توێژەرێک پاش کورتکردنەوە و پوختەکردنی کتێبی"لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەت"دا سەرنجمان لە بارەی ئەم کتێبەوە دەخەینەڕوو:

١. لادان وەکو بنەمایەکی گرنگی داهێنانی شیعر، لە کات و سەردەمە جیاوازەکاندا، پێوەرێکی گرنگی بنیادنانی شیعر بووە، بەو پێیەی کە لە سەردەمی کلاسیک و پێشتریش ئەم بنەمایە پەیڕەوکراوە، هەروەک چۆن لە شیعری شاعیرەکانی سەردەمی پێش کلاسیک و دوای ئەم سەردەمە و تەنانەت هەتا ئێستایش جێی بایەخە و گرنگی خۆی هەیە لە شیعردا.

٢. شاعیر بۆ مەبەستی داهێنانی بەرهەمی نوێ، لادان لە شیعرەکانیدا ئەنجام دەدات، یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی بایەخدانە بە بنەمای ئیستاتیکی وەک بناغەیەکی گرنگی شیعری چێژبەخش.

٣. لادانی (فیکری و پێکهاتەیی) لە دیارترین لادانەکانن، لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا ڕەنگیان داوەتەوە.

٤. شاعیر بە مەبەست ئەم چەشنە لادانانە ئەنجام دەدات، بۆ مەبەستی بەخشینی چێژی ئیستاتیکی و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بەلای شیعرەکانیدا، بۆ ئەوەی بەهایەکی زیندووی

سەردەمانە بە شیعرەکانی ببەخشێت و لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی ژیاندا بەردەوامی بە زیندوویەتی شیعرەکانی بدات.

**١_٥ ئیستاتیکای لادانی زمانی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا**

ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، دەربارەی لادانی زمانییە لە یەکێک لە بەرهەمە شیعرییەکانی"محەمەد کوردۆ"دا و توێژینەوەکە لەلایەن "ئاسۆ عومەر مستەفا"وە ئەنجامدراوە و لە ژمارە٨ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین لە (٢٠٢١/٣/١)دا بڵاوکراوەتەوە .

توێژینەوەکە لە پێشەکی و تەوەرەکانی (ئیستاتیکای لادانی شیعریی، ئیستاتیکای ناونیشان، ئیستاتیکای لادانی زمانی) پێکدێت و لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک خراوەتەڕوو.

توێژەر لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا هەوڵدەدات، ئەو جوانی و ئیستاتیکایە ئاشکرا بکات، کە لەم کۆمەڵە شیعرەدا هەیە و بووەتە دەستپێک بۆ کارکردن لە گۆشەنیگای ئیستاتیکای زمانی شیعریی"محەمەد کوردۆ" ئەویش بە لادان لە کۆد و بنەمای یاسا چەسپاوەکانی زمان. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی (وەسفی شیکاری) ئەنجام دراوە.

**١_٥_١ تەوەری یەکەم : (ئیستاتیکای لادانی شیعریی):** لەم بەشەدا توێژەر باوەڕی وایە شیعر لادانە لە زمانی ئاسایی، هەروەها شاعیر دەبێت جیهانبینییەکی فراوانی هەبێت و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە ژیان بڕوانێ و گوزارشتی لێبکات. دوای ئەم باسانە توێژەر دەچێتە سەر باسکردن لە دەقی نەمر و زیندوو، کە بەلایەوە دەبێت دەقەکە لە ئیستاتیکا و جوانیدا لە لوتکەدا بێت، پاشان دێتە سەر لادان وەک بنەمایەکی دەوڵەمەندی داهێنەرانەی زمانی شیعریی باسیدەکات و بەلای توێژەرەوە زمان دەبێت پڕبێت لە لادان و هونەرکاری و جیاوازبێت لە زمانی ئاسایی سەردەمەکە، هەروەها زمان لە شیعری نوێدا دەبێت (لادانی ئاخاوتن بێت لە شێوازی باو، ڕووداوێکی زمانی بێت لە پێکهێنانی شێوازی داڕشتنی ئەدەبیدا).

**١_٥_٢ تەوەری دووەم : (ئیستاتیکای ناونیشان):** توێژەر لەم بەشەدا ناونیشان بە کلیلی چوونە ناو دەق و کردنەوەی دەرگای دەقی لە قەڵەمدەدات، بەلای توێژەرەوە دەبێت شاعیر بەوریایی و بەئاگاییەوە ناونیشانی دەقە شیعریەکەی هەڵبژێرێت، چونکە ئەم وریایی و هونەری و بەئاگاییە وا لە شاعیر دەکات، کە زۆرجار شاعیر ناونیشانی دەقێکی شیعری بکات بە ناونیشانی دیوانە شیعریەکەی، هەروەها توێژەر باوەڕی وایە کە (محەمەد کوردۆ)ی شاعیر، هەمان مامەڵەی ئەو ئیستاتیکا و جوانیەی کە پێویستن بۆ ناونیشانی شیعر، فەراهەمی کردووە و لە زۆربەی ناونیشانە شیعریەکانی شاعیردا بەرجەستەکراون، نموونەی ئەو ناونیشانانەش وەکو (بۆنی بەختەوەری، ژنێکی باڵدار، ژنێک لە ڕووناکی، لە چاوەڕوانی

هەڵوەریندا)و زۆری دیکەیش، کە ئەم ناونیشانانە لە ڕوانگەی توێژەرەوە لە ڕێگەی لادانەوە جوانی و واتای قوڵیان تێدا بەرجەستەکراوە، نموونە لەم بوارەدا دەهێنێتەوە لە بەرهەمی (ژنێک لە ڕووناکی) کە بە لای توێژەرەوە تایبەتمەندی ڕووناکی بەخشینی هەیە، کە مرۆڤ ئەم تایبەتمەندییەی نییە، بۆیە بە ڕای توێژەر ئەم ناونیشانانە، ئاوازێکی خۆش و چێژێکی تایبەت بە خوێنەر دەبەخشێت.

**١_٥_٣ تەوەری سێیەم : (ئیستاتیکای لادانی زمانی):** توێژەر لەم بەشەدا لادانی زمانی بە لادان لە یاسا و ڕێساکانی زمانی ئاسایی دادەنێت، کە بەلای توێژەرەوە ڕەگەزێکی گرنگی داهێنان و جوانکارییە لە دەقی شیعردا، کە بنەمایەکی زمانی لادانی زمانی بریتییە لە لادانی وشەسازیی لای شاعیر و وشەی (دڵنشین) بە نموونە دەهێنێتەوە، هەروەها لادانێکی دیکەی شاعیرەکە لە شیعری (دار)دا دەخاتەڕوو ، کە ئەویش بەکارهێنانی وشەی (چاو دەدەم)ە لە بری وشەی(سەیر دەکەم) کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت. لادانێکی تری ئەم بەشە بەلای توێژەرەوە (لادانی پاش و پێشخستن)ە، کە هونەرێکی نوێی ئیستاتیکای شیعرییە و شاعیر پێرەویکردووە، توێژەر ئەم لادانە وەک گرنگترین دیاردەی لادان لە پێکهاتەی زمانی دادەنێت.

به ڕای توێژەر شاعیری نوێخواز، هەمیشە گرنگی بە پێش و پاشخستنی وشە ڕێزمانییەکان دەدات، چونکە ئامانجی ئەوەیە کە باڵادەستی خۆی بەسەر زماندا بسەلمێنێت، نموونەی ئەم جۆرە پاش و پێشخستنە، ئەم دێڕە شیعرە دەهێنێتەوە، کە شاعیر دەڵێت:

**لەم ئێوارە دڵنشینەدا**

**کە سروشت، دەڵـــێی** (کوردۆ، ٢٠٠٨: ٢٩)

بەلای توێژەرەوە دەبوو شاعیر نووسیبایە (سروشت لەم ئێوارە دڵنشینەدا)، کە ئەمەش بە ئەنقست پاش و پێشخستنە و لە دیارترین بنەماکانی لادانە لە پێکهاتەی زماندا.

دواتر توێژەر دێتە سەر لادانی (کرتاندن) و بە یەکێک لە لادانە زمانییە کاریگەرییەکانی دادەنێت، ئەوانیش لابردنی کەرەستەکانی (بکەر و کار و بەرکار) دەگرێتەوە، کە بڕوای وایە شاعیر بەم کرتاندنی کەرەستە ڕێزمانییانە توانیویەتی بەهایەکی جوانی ئیستاتیکا لە لادانی زمانی (کرتاندنی کەرەستەی ڕێزمانی) لە پێکهاتنی ڕستەدا بنیادبنێت .

دواتر دێتە سەر ئیستاتیکای (دووبارەکردنەوە)، وەکو تەکنیکی نوێی ئیستاتیکی لە زماندا باسی دەکات و دووبارەکردنەوەش (لادانێکی دەنگی و هونەری و مۆسیقی) لە ئاستی ستوونی و ئاسۆیدا دەبێت، لە بچووکترین پێکهاتەی دەق کە دەنگە دەستپێدەکات. زۆرجاریش شاعیر بەمەبەست ئەم دووبارەکردنەوەیە ئەنجامدەدات، کە مەبەستێتی خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بەو شتە بخاتەڕوو، ئەمەش زیاتر بنەمای ئیستاتیکی و جوانی لە شیعرەکەیدا بەرجەستەدەکات.

**١_٥_٤ کۆتایی،** وەکو توێژەرێک پاش پوختکردن و کورتکردنەوەی توێژینەوەی ئەکادیمی **"ئیستاتیکای لادانی زمانی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا"،** سەرنجی خۆمان لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو:

١. ئیستاتیکا بەزۆری لە هێنانی وشەی نوێ بۆ ناو فەرهەنگی زمان دروستدەبێت، شاعیری بەتواناییش لە ڕێی شارەزایی لە زمانی میللەتەکەیدا، فەرهەنگی زمانی میللەتەکەی دەوڵەمەند دەکات، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی وشەی نوێ و ناوازەوە، کە خوێنەر پێشتر گوێ بیستی ئەو وشەو زاراوە نوێیە نەبووبێت، بۆ ئەوەی شایەنی تێڕامان و چێژ بەخشین بێت بە خوێنەر.

٢. لادان یەکێکە لە بنەما گرنگ و پڕبایەخەکانی پێکهاتنی ئیستاتیکا لە دەقی شیعریدا، چونکە شاعیری بەهرەمەند دەتوانێت بۆ پێکهێنانی زمانی تایبەت بەخۆی، ئەم کاری لادانە بە شێوازێکی سەرکەوتوو و لێهاتوو ئەنجام بدات.

٣. بەپێی توێژینەوەکە شاعیری ناوبراو توانییەتی بەهۆی کارامەیی خۆیەوە، تەکنیکی لادان لە پێکهاتنی ئیستاتیکای دەقە شیعرییەکانیدا پەیڕەوبکات و چێژ بە خوێنەرانی بەرهەمەکانی ببەخشێت.

٤ .شاعیری سەرکەوتوو ئەو شاعیرەیە، کە بتوانێت بەهۆی شارەزابوون و ئاگاداربوون لە فەرهەنگ و کەلتوری نەتەوەکەی، وشە کۆنە باوەکانی سەردەمی پێشووی نەتەوەکەی بە ئاوازێکی نوێ و سەردەمییانە دابڕێژێتەوە و شتێکی جوان و چێژبەخش و ئاوازدەر بە خوێنەر ببەخشێت، کە پێشتر بەو شێوە پڕ بەهای ئیستاتیکا و چێژ بەخشییە لە بەرهەمی شاعیراندا نەی بیستبێت.

٥ .ئیستاتیکای زمانی شیعریی کۆدی زمان دەشکێنێت و کاری جوان و چێژبەخش بە پێکهاتەی دەقی شیعری دەبەخشێت، هونەری جوانی ئیستاتیکی لێ بەرهەم دەهێنێت، کە لەڕێی لادانی زمانەوە و بەبێ ئەوەی واتای پێکهاتنی ڕستەکان تێک بچێت، بەڵکو بەهێزتر و کاریگەرتری دەکات.

**١_٦ زمانی شیعریی لە نێوان ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا (نالی وەکو نموونە)**

ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە دەربارەی زمانی شیعر، ئەم توێژینەوەیە لەلایەن هەردوو توێژەر (ئازاد عبدوالواحد کریم و مهدی فاتح عمر)ەوە ئەنجامدراوە، کە لە ژمارە(٤٢)ی گۆڤاری زانکۆی سلێمانی لە ڕێکەوتی(٢٠٠٨/٩/٢٤)دا بڵاوکراوەتەوە. توێژینەوەکە لە پێشەکییەک و دوو بەش (ئەرکی زمان لە پێکهاتەی دەقی شیعریدا ، زمان و ئەزموونی شیعری نالی) پێکهاتووە و لە کۆتایشدا ئەنجامی توێژینەوەکە بەچەند دێڕێک خراوەتەڕوو. لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی (شیکاری وەسفی) پەیڕەوکراوە.

**١_٦_١ له بەشی یەکەمی** توێژینەوەکەدا کە دەربارەی (ئەرکی زمانە لە پێکهاتەی دەقی شیعریدا)، لەم بەشەدا توێژەران زمانیان بە بەشێکی سەرەکی پێکهاتە و ناوەڕۆکی شیعر داناوە، کە بڕوایان وایە زمان ڕوویەکی تایبەت وەردەگرێت و ئەرکی شاعیریش لەم بوارەدا بەرزکردنەوەی زمانە و گۆڕینیەتی بۆ دەنگی تایبەتی خۆی، بڕوایان وایە کە زمانی شیعریی لەگەڵ ڕەگەزەکانی (ئاواز، وێنە ، بابەت)دا سیمایەکی تایبەتی بە دەق دەبەخشن و شیعر پێکدەهێنن. دواتر دێنە سەرباسی بنیادی شیعریی بۆ هەردوو شێوەی (دەنگی و سیمانتیکی) دابەشی دەکەن. پاشان دێنە سەر باسی ئەرکەکانی زمانی شیعر لە ڕووی جیاوازی لەگەڵ (زمانی پەخشان، بەهای دەنگ و وشەکان، بابەتی شیعرەکە، فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعر)، توێژەران لەم بەشەدا ئەوە دەخەنەڕوو، کە زمانی شیعریی شیعرییەت بەرجەستەدەکات، کە بەپێی چەند تەکنیکێکی زمانییە و شاعیر لە دەقەکەیدا دەیگرێتەبەر.

**١_٦_٢ لەبەشی دووەمی** توێژینەوەکەدا کە دەربارەی (زمان و ئەزموونی شیعری نالی)یە، توێژەران لەم بەشەدا باس لەو ڕووداوانە دەکەن، کە کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ژیانی شاعیر هەیە و دەبنە ئەزمونێکی شیعریی بۆ ژیانی شاعیرەکە. هەروەها باوەڕیان وایە کە (کات و شوێن و سەردەم) کاریگەریان لەسەر ئەزموون و زمانی شیعریی شاعیرەکە هەیە. دواتر دێنە سەر باسی شیعری کلاسیکی کوردی و تایبەتمەندی شیعری کوردی ئەم قۆناغە بۆ (ئەزموون و مەبەستەکانی کۆمەڵی کوردەواری، هۆکارە ڕامیاریەکانی سەردەمەکە) دەگەڕێننەوە. پاشان دێنە سەر شیعری سەردەمی میرنشینی بابان و نالی بە ڕابەری زمانی شیعری سەردەمەکەی وەردەگرن، بڕوایان وایە کە نالی بەهۆی وەرگرتنی وشەی کوردی لە دیالێکتەکانی ترەوە، فەرهەنگی زمانی شیعری کوردی قۆناغەکەی دەوڵەمەندکردووە، شاعیرانی دواتریش پەیڕەوی ئەم شێوازەی نالییان کردووە .

دواتر دێنە سەر شیعر نووسین لای نالی و زمانیان بە ناسنامەی نەتەوەیی لای نالی لە قەڵەمداوە، بەڵگەشیان ئەم شیعرەیە کە دەڵێت:

**کەس بە ئەڵفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە**

**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا** (نالی، ١٣٦٤: ١٠٦)

پاشان توێژەران دێنە سەر ئەزموونی نالی و بڕوایان وایە کە ئەو قۆناغ و گۆڕانکارییانەی شاعیر پێیدا تێپەڕیوە، کاریگەرییان لەسەر ئەزموونی شاعیر و دەوڵەمەندکردنی زمانی شیعریی شاعیردا هەبووە، چونکە بڕوایان وایە کە شیعر لە ئەزموونی تاکە کەسی شاعیرەوە بەرجەستەدەبێت. هەروەها بڕوایان وایە، کە نالی ئەزموونە شیعریەکەی لە شکاندنی زماندا بووە و چێژە شیعریەکەشی بۆ بەناویەکداچوونی زمان و وێنەو دەربڕینەکانی دەگەڕێتەوە، کە نالی لەلایەک زمانێکی نزیک لە فەرهەنگی

خەڵکی بەکارهێناوە، لەلایەکی تریش شیعریەتێکی زمانی و وێنەیی بە شیعرەکانی بەخشیوە، بەڵگەشیان ئەم دێرەیە کە نالی دەڵێت:

**بەرگی دنیا هێندە کورت و کۆنەوو بازاڕییە**

**چونکە ناگاتە گونی دێوانەکەی، لێی عارییە** (نالی، ١٣٦٤: ٥٧٨)

توێژەران بڕوایان وایە، کە دەربڕینی ئیستاتیکای زمان زۆر بەڕوونی لەم دێڕە شیعرەی نالیدا دەردەکەوێت. دواتر دێنە سەر باسی بنەما شیعرییەکانی نالی و بنەماکانی (ئاینی، دەروونی) دیاریدەکەن، هەروەها دەڵێن لەم بنەمای ئاینیەدا نالی زیاتر مەبەستە ئاکارییەکانی بەرجەستە کردووە، بەڵام بنەمای دەروونی دەگێڕنەوە بۆ دۆخی دەروونی شاعیر و گەیاندنی مەبەستەکانی لە چەمکی جوانی و خۆشەویستی و (ئەڤینی بۆ حەبیبە) بە هەڵوێستی تایبەتی شاعیر کە زۆر پەیوەستە بە لایەنی دەربڕینی هەستی تایبەتی خۆی و بەشێوازێکی ئیستاتیکیانە هەستەکانی دادەڕێژێتەوە، کە زۆرێک لە دەربڕینی هەستە ئەڤینیەکانی بە بنەمایەکی بەرزی ئیستاتیکی داڕشتووە، کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی وشەی پڕ بەهای ئیستاتیکی هەبووە. لە دواباسی بەشەکەدا توێژەران دێنە سەرباسی نالی شاعیر و پەیوەندی بە لایەنی (کۆمەڵایەتی و دەروونی) نالییەوە و بڕوایان وایە کە زمانی شیعری کلاسیکی سنورداربووە و ئەو مەبەستەی کە شاعیر دەبوو بیگەیەنێت کایەیەکی دیاریکراوی هەبووە، لە کۆتایشدا ئەزموونی زمانی شیعریی نالی لە داهێنانی دەقی شیعریدا بە هەردوو بواری (ئاینی و دەروونی)یەوە دەبەستنەوە و لایەنە دەرونییەکەشی بۆ خەسڵەتەکانی (زاتی) وەک ئەڤینی حەبیبە و (گشتی) وەک لایەنە کۆمەڵایەتییە دەرونییەکەی شاعیر دەگێڕنەوە.

**١_٦_٣ کۆتایی**، پاش پوختەکردن و پێداچوونەوی توێژینەوەی ئەکادیمی **"زمانی شیعری لەنێوان ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا نالی وەکو نموونە"** سەرنجی خۆمان لە بارەی توێژینەوەکەوە بە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو:

١. زمان پێکهێنەری سەرەکی شیعرە، ئەمەش وادەکات کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا گرنگی بە زمان و ئەرکەکانی بدرێت لە پێکهێنانی دەقی شیعریدا .

٢. زمانی شیعریی لەلای نالی گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەبووە، بەو پێیەی کە شیعری کلاسیکی پێڕەوێکی تایبەت و لاسایکردنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی بووە، بۆیە دەبێت بایەخ بەم لایەنە بدرێت وەک بنەمایەکی گرنگی بنیادی زمانی شیعریی.

٣. نالی ڕابەری شیعری کلاسیکی کوردییە، لە ڕووی زمانی شیعریی و بەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژیەکاندا دەستێکی باڵای هەبووە، چونکە لە ڕووی بەرجەستەکردنی ئەزموون و بابەتە شیعرییەکانییەوە، بەشی ڕابەری بۆ نالی لە بوارەکەیدا تەرخان دەکات.

٤. نالی له دابەشکردنی زماندا، دەربارەی وێنەی شیعریی دیاریکردن و جێگۆڕکێکردن بە کەرەستە زمانییەکاندا، بالادەستی خۆی بەجێهێناوە.

**١_٧ ئیستاتیکای زمان لە کۆشیعری (نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە)**، ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە، کە باس لە پەیوەندی نێوان (زمان و شیعر) دەکات لە نێو دەقە شیعریەکانی جەمال غەمباردا، کە توێژینەوەکە لەلایەن (ئاوات خورشید محەمەد)ەوە نووسراوە، لە ژمارە(٢٧٠)ی گۆڤاری ڕامان لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/١)دا بڵاوکراوەتەوە.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ تەوەر(پەیوەندی نێوان زمان و شیعر، زمانی شیعریی و تایبەتمەندیەکانی، ئیستاتیکای دەقی شیعریی لای جەمال غەمبار)پێکهاتووە و لە کۆتایشدا دەرەنجامی توێژینەوەکە بەچەند خاڵێک خراوەتەڕوو.

**١_٧_١ تەوەری یەکەم : (پەیوەندی نێوان زمان و شیعر):** لەم بەشەدا توێژەر زمانی شیعر بە ڕەگەزێکی سەرەکی شیعریی لەقەڵەم دەدات، بەوەی کە زمان لە شیعردا ڕۆڵێکی دوانەیی دەگێڕێت، کە جگە لە شێوازە زمانییەکەی، ئاوازیش بە شیعر دەبەخشێت، کە بەلای توێژەرەوە زمانی شیعری زمانی ئیستاتیکا و هەڵچوونە و هێزێکی کاریگەر دەخولقێنێت، بۆ بونیادنانی پردی نێوان شاعیر و خوێنەر. هەروەها بە ڕای توێژەر شاعیر دەتوانێت لە ڕێگای زمانی شیعرەوە خەیاڵ و مێشکی خوێنەر بەگەڕبخات و گیرۆدەی گەڕانی بکات بەدوای نهێنییەکاندا. دواتر دێتە سەر باسکردن لە پەیوەندییەکی دیکەی زمان بە شیعرەوە، کە ئەویش چڕکردنەوەی زمانە، بەلای توێژەرەوە زمان تا چڕبێت، بەهای دەقی ئەدەبی زیاتر دەبێت، لەم بارەیەوە وتەیەکی مەولانا بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: ((دەبێت دەریایەک لە گۆزەیەکدا جێبکەیتەوە))(سدیق، ٢٠١٧: ٨٦).

**١_٧_٢ تەوەری دووەم : (تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی):** لەم بەشەدا توێژەر بڕوای وایە کە زمانی شیعر هەمان ئەو تایبەتمەندییانە پەیڕەودەکات، کە خودی زمان پەیڕەوی دەکات، ئەوانیش دەستوور و یاسا زمانییەکانن، لە هەمان کاتدا توێژەر باوەری وایە کە زمان هی هەموو خەڵکە، بەڵام زمانی ئەدەبی تایبەتە بە کۆمەڵێک خەڵک کە بەو زمانە دەدوێن و پەیامەکانیان دەگەیەنن، بەو پێیەی کە ئەو زاراوانەی شاعیر لە دەقێکی ئەدەبیدا بەکاریان دەهێنێت هەمان واتا نابەخشن، کە لە زمانی ئاساییدا هەن. دواتر دێتە سەر باسی تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی و (لادانی زمانی)، وەک سەرەکیترین تایبەتمەندی لە دەقی شیعریی دادەنێت، پشتڕاستی ئەم تایبەتمەندییە بە بۆچوونەکەی (جان کۆهین) دێنێتەوە، کە باوەڕی وایە ((هیچ شیعرێک نییە، لە لادان خاڵی بێت))(کۆهین، ٢٠٠٨: ٢٦٨)، دواتر دێتە سەر ناساندنی لادان کە بە لادان لە یاساکانی زمانی خودکاری دادەنێت. پاشان جۆرەکانی لادان بۆ دوو جۆر دیاریدەکات، کە ئەوانیش (لادانی واتایی، لادانی ڕێزمانی)یە،

لادانی واتایی له تەوەری سێیەمدا ڕووندەکاتەوە، له لادانی ڕێزمانیدا لادانی (ڕستەسازی و واتاسازی) وەردەگرێت، بۆ هەر جۆرێکیش نموونەی شیعری دەهێنێتەوە.

**١_٧_٣ تەوەری سێیەم : (ئیستاتیکای دەقی شیعری لای جەمال غەمبار)**: لەم بەشەدا توێژەر باس له ئیستاتیکای دەقی شیعری دەکات، بەوەی که هەموو ئەو جوانییانه دەگرێتەوە، که له دەقی شیعریدان و دەقەکه دەرازێننەوە و دەبنه هۆی ڕاکێشانی هەست و سۆزی خوێنەر، که بەلای توێژەرەوە سەرەکیترین بنەمایه که ئیستاتیکای تێدا دەردەکەوێت، به ڕای توێژەر گرنگترین بنەما که ئیستاتیکایان تیادا دەردەکەوێت (مۆسیقا و کێش و سەروا ،..... هتد)یە، که توێژەر به مۆسیقای شیعریی دەستپێدەکات، به ڕای توێژەر، یەکێک له جیاکەرەوەکانی زمانی شیعریی له زمانی ئاسایی مۆسیقای شیعرەکەیە، مۆسیقای شیعریش دەکاته دوو جۆر (مۆسیقای درەوە، مۆسیقای ناوەوە)، له مۆسیقای دەرەوە (کێش و سەروا) وەک دوو بنەمای مۆسیقی گرنگی شیعریی له قەڵەم دەدات، به لای توێژەر شاعیرەکه دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، که کێش کۆڵەکەی مۆسیقای شیعرە، سەروایش کۆمەڵەدەنگێکه له کۆتایی وشه سەروادارەکاندا دووبارە دەبنەوە، دوا بەدوای ئەمانه توێژەر دێته سەر باسی لادان و (لادانی واتایی) به یەکەم جۆری لادان لای (جەمال غەمبار)ی شاعیری دادەنێت، لەم بارەیەوە بەڵگەی شیعریی دەخاتەڕوو، پاشان دێته سەرباسی جۆرەکانی لادان و لادانی واتایی دەکاته دوو جۆر (بەرجەستەکردن و به ئەبستراکتکردن)، که (جەمال غەمبار) له ڕێگەی چواندنی دیاردە سروشتیەکان به (مرۆڤ و ڕووەک و زیندەوەر و تەنه سروشتیەکان و ڕوونکردن)ەوە لادانی بەرجەستەکردن بنیاد دەنێت، که له ڕێگەیەوە شاعیر چەندین وێنەی ئیستاتیکی جوان فەراهەم دەکات، دواتر توێژەر دێته سەر باسی لادانی به ئەبستراکتکردن، که تێیدا شاعیر دیاردە سروشتییەکان به هەستەکان دەچوێنێت، وەک چواندنی مرۆڤ به مۆسیقا و ئاواز و گۆرانی. له دوا باسیدا توێژەر دێته سەر باسی (لادانی ڕێزمانی) و دوو جۆر لادان دەردەخات، ئەوانیش لادانی (ڕستەسازی و وشەسازی)، شاعیر لەڕێی گۆڕینی شوێنی داڕشتنی کەرەسته ڕێزمانییەکانی ناو ڕسته و دێڕەکانەوە ئەم لادانه بەها ئیستاتیکییە بنیاد دەنێت و له ڕێی گۆڕانکاری له مۆرفیمەکانی زمان (لادانی وشەسازی) بنیاد دەنێت، بەم لادانانەش جوانی و ئیستاتیکا فەراهەم دێنێت.

**١_٧_٤ کۆتایی**، وەکو توێژەرێک پاش پوختەکردنی توێژینەوەی ئەکادیمی"ئیستاتیکای زمان له کۆشیعری (نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە)" تێڕوانیی خۆمان دەربارەی ئەم توێژینەوەیه دەخەینەڕوو:

١. لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەبینرێت که شارەزایی شاعیری ناوبراو وایکردووە، بتوانێت زۆر لێهاتووانه فەرهەنگی زمانه شیعرییەکەی دەوڵەمەندبکات.

٢. ئەو زمانە شیعرییەی کە لەلایەن شاعیرەوە بەکارهاتووە، زمانێکی کوردی پەتی سادە و ساکارە و لە ئاستێکی دەوڵەمەند و پڕ لە بەهای ئیستاتیکیدایە.

٣. بەپێی ئەم توێژینەوەیە شاعیر وایکردووە ، زۆر بەلێهاتویی و کارامەییەوە، بتوانێت وشە شیعرییەکانی هەڵبژێرێت و لە ڕێگای لادانەکانەوە مامەڵەی دروست لە پێکهاتنی ئیستاتیکای پڕ بەها لە شیعرەکانیدا فەراهەم بکات.

٤. توانا و دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زمانی میللەتیدا وایکردووە، کە زۆر بەباشی یاری بە وشە ڕێزمانیەکان بکات، بێئەوەی پێکهاتەی ڕستەیی دەقە شیعرییەکان، واتاکانیان لەدەستبدەن.

# بەشی دووەم

# بنەمـای تیـۆری

## بەشی دووەم

## بنەمـای تیـۆری

### ٢. چەمک و زاراوەی ئیستاتیکا

#### ٢_١ زاراوەی ئیستاتیکا:

ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفییەو ((لە بنەڕەتدا لە وشەی(Aistheticos) ی گریکییەوە هاتووە. واتە (زانین بە هۆی هەستەوە) یان (ناسینی هەستپێکراو) پاشان بە زانینێکی (أدراک)، کە بەتایبەتی بە هەستی جوانی دەوترا، وەک لە سروشت و نموونەی هونەریدا دەیبینین.))(العقاد،١٩٤١، ١٩)، زۆربەی فەیلەسوف و بیرمەندەکان دەربارەی بنەچەی واتا زانستییەکەی بڕوایان وایە، کە((واتای زانینی هەستی یاخود زانین بەهۆی هەستەوە" پەسەنددەکەن.))(مستەفا،٢٠١٩ : ٢١).

سەرچاوە مێژووییەکان بۆ باسکردن لە یەکەم سەرهەڵدان و بەکارهێنانی وشەی ((ئیستاتیکا وەکو زاراوەیەک، دەیگەڕێننەوە بۆ زانای بەناوبانگی ئەڵمانی "ئەلیکسەندەر بۆمگارتن ١٧١٤_١٧٦٢".))(ئەسوەد، ٢٠١١: ١٨٨)، ئەم بیرمەندە داهێنانەکەی بەشێوەیەک بوو، کە ((یەکەم کەسە لەنێوان زانستی جوانی و زانستە مرۆڤایەتییەکانی دیکەدا، زاراوەی ئیستاتیک (Aesthetique)ی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە، وەکو بابەتێکی گرنگی نێوزانستە فەلسەفییەکان دەستنیشانیکردووە، هەروەها بەلایەوە ئیستاتیکا لقێکی تایبەتی دیراسەکردن و لێکۆڵینەوەی هەست و سۆزە))(الصراف،٢٠٠٦: ١٠)، بەدرێژایی مێژوو جگە لە زاراوەی ئیستاتیکا چەند زاراوەیەکی تر بەکارهاتووە، وەک زاراوەکانی ((تیۆری هونەرەکان، تیۆری ئەدەبە جوانەکان، هونەرە جوانەکان، کالیستکا(زانستی جوانی.))(مستەفا،٢٠١٩: ٢١)، ئەم زاراوانە جەخت لەسەر جوانی یان هەستی جوانی، یاخود چێژی جوانی دەکەنەوە و بە بنەمای کاری سەرەکی ئیستاتیکی دادەنێن.

ئیستاتیکا وەکو زانستێک ((بە لقێکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ناودەبرێت، هەندێک جاریش بە دەریای جوانی هونەر دادەنرێت.))(حمەساڵح، ٢٠١٣: ٧)، لە زمانە جیاوازە جیهانیەکاندا چەند زاراوەیەکی تایبەت بەم چەمکە دانراوە، لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی(Aesthetic) ی بۆ بەکاردێت(ناوخۆش، ٢٠١٠: ٧٩)، لە زمانی عەرەبی (علم الجمال، الجماليە، فلسفة الجمال، جماليات، الأحساس الجمال)ی بۆ بەکاردێت(ئەحمەد، ٢٠٠٣: ٦٧)، لە زمانی فارسیدا (زیبائی- ظرافت)ی پێدەوتریت(اقدم، ١٣٥٨: ٤١)، لە زمانی کوردیدا (ئیستاتیکا، ئیستیتیک، جوانیناسی، جوانی)پێدەوترێت (مستەفا،٢٠١٩: ٢١).

## ٢_٢ مێژووی ئیستاتیکا:

ئیستاتیکا مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠)ساڵ پێش زایین و بۆ یەکەمجار لای یۆنانییەکان سەریهەڵداوە. دوای ئەوەی کە جوانی وەکو دیارییەک لە سروشت و هونەردا دەبێتە جێگای سەرنجی فەیلەسوف و بیرمەندە کۆنەکانی گریکی کۆن، هەر ئەمانە وادەکەن، کە هەمیشە ئەم بیرمەندانەی گریکی کۆن بیر لە هێنانە ئارای تەوژمێک بکەنەوە بە ناوی (ئیستاتیکا)، کۆنترین کار کە لەم بوارەدا وەکو هەوڵێک ئەنجامدرابێت ((گفتوگۆی (هیبیاسی گەورە)ی ئەفلاتوونە، کە لە بواری ئیستاتیکادا تا ئێستا مابێتەوە، تیایدا (هیبیاس)ی سۆفستایی بێهودە هەوڵدەدات، پێناسەیەکی ڕازیکەر بۆ جوانی پێشکەش بە (سوکرات) بکات، هەرچەندە چەمکی ئیستاتیکا زۆر لەوە کۆنترە، بەڵام ئەم کارە بە هەوڵێکی سەرەتایی دادەنرێت، کە لەم بوارەدا مابێتەوە.))(حسێن، ٢٠٠٨: ١٧).

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زاراوەی ئیستاتیکا بۆ یەکەمجار لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لەسەر دەستی ئەلیکسەندەر بۆمگارتن (١٧١٤_١٧٦٢) نووسراوە، ڕاستییە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە لە پێش بۆمگارتن ئیستاتیکا بە چەند شێوەیەکی تر دەربڕاوە، وەک ((تیۆری هونەرەکان، تیۆری ئەدەبە جوانەکان، ڕەخنە، تیۆری زانستە جوانەکان، کالیستیکا.))(شێخ حسێن، ٢٠١٨: ٣٩).

ئیستاتیکا وەکو چەمکێکی فەلسەفی لە ئەوروپا دۆخێکی لەباری بۆڕەخسا، کە بەتایبەتی لە دوای شۆڕشی ڕۆشنگەریی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدە و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لە ئینگلتەرا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا، بەتایبەتیش ((بەهۆی کاریگەری لێکۆڵینەوەکانی دیدرۆ و کانت و هیگل و شۆپنهاوەر، چەمکی فەلسەفەی ئیستاتیکا لە سەدەی نۆزدەدا بە تەواوی هەژێنرا.))(أندوراس،١٩٧٤: ٥٥)، بۆیە لێکۆلەران دوای ئەم ماوەیە ئامانجیان دۆزینەوەی بنەما ئیستاتیکیەکانی نێو کارە هونەریەکان بوو، بەتایبەتی ئەو کارە هونەرییانەی کە لەبواری فەلسەفە و ئەدەبدا هەنگاوی بەرەوپێشی بۆ دەنران، تاوەکو بەتەواوەتی ڕەهەندەکانی ئەم بنەما فەلسەفییە بچەسپێنرێت.

ئەو شێوازانەی کە لە بنەماکانی بواری هونەری و فەلسەفیدا لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە پەیڕەودەکران لە نووسینی بەرهەمەکانیاندا، هێندە کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبوو، کە زۆر بنەمایان تێکەڵ بە یەکتری دەبوون، بۆیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، لێکۆڵەرە ئیستاتیکییەکان لە ئەوروپادا کاریان دەکرد، لە پێناو سنوردارکردنی بنەمای شێوازە باوەکان لە هونەری ئەوروپیدا، کە بەشێوەی پۆلێنکردن کارەکانیان ئەنجامدەدا کە((بەتایبەتی لە هونەری کلاسیکی گریکییەوە تا ڕۆمانی و پاشان ئەو شێوازانەی کە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا

بڵاوببوونەوە......هتد، سنوردارکردبوو.))(حسێن، ٢٠٠٨: ١٩)، ئەمانەیش لەکاتێکدایە کە ئەوروپییە ڕۆژئاواییەکان خۆیان بە ڕابەری نەتەوەکانی تری ئەوروپی دەزانی، لە هەموو بوارێکی زانستی و فەلسەفی و هونەریدا خۆیان بە پێشەنگ دادەنا، بۆیە پێیان وابوو کە خۆیان کارتێکەرن و نەتەوەکانی دیکە کارتێکراون، هەر لەم ماوەیەدا (قوتابخانەی فەڕەنسی) لە ئەدەبی بەراوردکاریدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە جێگیرکردنی ئەم بۆچوونە دەمارگیرییەدا، کە هەمیشە جەختیان لە کارتێکردنی ڕەخنە و فەلسەفەی ڕۆژئاوا بەتایبەتی فەڕەنسی لەسەر میللەتانی تر دەکردەوە.

لە ئاکامی بیرمەندی و فراوانبوونی ئاسۆی ئایدیای لێکۆڵەرانی بواری فەلسەفی و هونەری، گەیشتنە ئەو ڕاستییەی کە دەبێت هەوڵبدرێت، سنورێک بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی دەستکەوتە جیاوازەکانی بەرهەمی لیکۆڵینەوە جیاوازەکانیان بخەنەڕوو، بۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لێکۆڵەران و بیرمەندان گەیشتن بەو ڕاستییەی کە چیتر ناکرێت ئەو ئەنجامە فەلسەفەییانەی کە لەڕۆژئاوا پێی گەیشتوونە بکرێنە بنەما و جێگیربکرێن، بەڵکو دەبێت هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لە ڕوانگەی چەمک و ئامانجی ئەو میللەتەی دایهێناوە سەیربکرێت و هەڵبسەنگێنرێت، بەو پێیەی کە هەر کۆمەڵگا و میللەتێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە هونەریش دەبێت بەپێی بەهاکانی ناوکۆمەڵگا و میللەتەکەی سەیربکرێت. کەواتە ئەنجامە ئیستاتیکییەکان هەوڵێکی تیۆرین، بۆ پیشاندانی داهێنانی هونەری و بەهاکانی جوانی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا.

### ٢_٣ ئیستاتیکا و چەمکی جوانی:

لە مێژوویی ئیستاتیکادا دووتەوژمی سەرەکی هەن، کە ئەوانیش: ((تەوژمێک کە لە کێشەکانی جوانی لە مێژووی ئیستاتیکا دەکۆڵێتەوە دابڕاو لە مرۆڤ، تەوژمێکیش لێی دەکۆڵێتەوە پەیوەست بە مرۆڤەوە.))(مجاهد،١٩٨٦: ٣٨)، لەگەڵ ئەمانەشدا ململانێی نێوان هەر دوو ڕێبازی ئایدیالیزم و سۆریالیزم بە ئاشکرا دەبینرێت، کە کاریگەرییەکی زۆری کردبووە سەر چەمکی جوانی و ئیستاتیکا بە درێژایی ئەم مێژووە، چونکە هەریەک لەم ڕەوتە لە ڕوانگەی دوو بۆچوون و گۆشەنیگای جیاوازەوە دەڕواننە چەمکی جوانی و هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەدەن.

ئیستاتیکا بە شێوەیەکی سەرەکی مامەڵە لەگەڵ جوانیدا دەکات، بە تایبەتی لە بواری هونەردا، کە هەر ئەمەیشە وادەکات کە((ئیستاتیکا لە (جوانی لە هونەر)دا کورتبکرێتەوە، هۆی ئەوەیە کە جوانییەکی تۆمارکراو نییە، تەنها لەهونەردا نەبێت.))(اسماعیل،١٩٧٤، ٢٨_٢٩)، کەواتە جوانی کەرەستەی سەرەکی ئیستاتیکایە و کاری ئیستاتیکاش شوێنکەوتنی

ئەم بۆچوونە و شیکردنەوەیەتی. بەم شێوەیە ئیستاتیکا دەبێتە زانستێکی تیۆری کە لە کێشەکانی جوانی لە هونەردا دەکۆڵێتەوە.

لە تیۆری فەلسەفەی نوێدا، بەتایبەتی دوای تەوژمی ڕێنیسانس و سەدەی ناوەڕاست، بە شێوازێکی جیاواز باس لە جوانی دەکرا، بەوەی کە((ئەو هۆکارانەی جوانییان تیادا بەدیدەکرێت، دەکرێن بە سێ بەشەوە، ئەوانیش: ١. شیعر نووسین، جوانییەکان بە وشە دەردەبڕێن و لە وشەدا دەردەکەون. ٢.پەیکەر، نیگار، تابلۆ، جوانییەکان بە وێنە دەردەبڕێن. ٣. مۆسیقا، جوانیەکەی لە ئاواز و دەنگەکەیدا هەستی پێدەکرێت.))(حمەساڵح، ٢٠١٣، ١٣) هەر دەربارەی چەمکی جوانی لای بیرمەندان و توێژەران، دکتۆر (محمود عبدالله و محمد عوض)، لەژێر کاریگەری تیۆری (فەلسەفی لالاند)دا بڕوایان وایە، کە ((زانستی جوانی زانستی بڕیاردانە، لەسەر هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکارییانەی نێوان جوانی و ناشیرینی.))(الخوالدة و الترتوري، ٢٠٠٦: ٢١)، واتە تەنها جوانی بابەتی ئیستاتیکا نییە، بەڵکو ناشیرینیش بابەتێکی تری ئیستاتیکایە، هەربۆیە ((ئیستاتیکا لەو هۆکارانە دەکۆڵێتەوە، کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی شتە جوان یاخود ناشیرینەکان، هەروەها لە جوانی سروشتی دەکۆڵێتەوە، هەروەک چۆن لە جوانی بەدیهێنراو دەکۆڵێتەوە.))(زیادي، ١٩٨٩: ١٠٦)، بەم شێوەیە ئیستاتیکا تەنها گرنگی بە جوانی نادات، بەڵکو لە هەمان کاتدا گرنگی بە ناشیرینیش دەدات، هەر ئەمانەش وادەکات، کە ((بۆ ئەوەی کە بە تەواوی لە ئیستاتیکا تێبگەین، پێویستە باس لە هەردوو چەمکی جوانی و ناشیرینی بکەین، چونکە ئەم دوو چەمکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە چەمکی ئیستاتیکاوە هەیە.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ٢٥).

بەم شێوەیە، سەرجەم ئەو پێناسانەی کە بۆ ئیستاتیکا کراون، جەخت لەسەر جوانی دەکەنەوە، جوانی یاخود چێژی جوانی و هەستی جوانی دەکەنە بنەمای کاری هونەریی و بە ڕەگەزی سەرەکی ئیستاتیکای دادەنێن، چونکە تاوەکو ناشیرینی دیاری نەکەین، لە دوالیزمەکەی ناگەین کە جوانییە، بۆیە بەدرێژایی مێژوو ئیستاتیکا جگە لە جوانی، ناشیرینیشی کردووەتە نێوبابەتەکانی ئەم زانستەوە. هەر ئەم هۆیەش وایکردووە، کە (دکتۆر ڕابوت) بەم چەشنە لەسەر ئیستاتیکا بدوێت، کە دەڵێت: ((زانستی ئیستاتیکا، تەنها لە جوانی ناکۆڵێتەوە، بەڵکو لە ناشیرینیش دەکۆڵێتەوە.))(زیادي، ١٩٨٩: ١٠٥)، کەواتە دەربڕینی ناشیرینی بەشێوازێکی جوانی هونەرییانە خۆی لە خۆیدا ئیستاتیکایە، چونکە ئەوە نووسەرە کە سەرەنجام دەتوانێت لە کارە هونەرییەکەیدا، لەناو بەرهەمەکانیدا بابەتێکی ناشیرین بەشێوازێکی هونەرییانەی جوان دەربڕێت، کە بەم کارەی ئیستاتیکا لە کارەکەیدا دەخولقێنێت، چونکە کاری هونەرمەند ئەوەیە ناشیرینییەکان بگۆڕێت بۆ جوانی، زۆرکات شاعیران و نووسەران ناشیرینی و تابۆکانیش بەشێوازێک دەکەنە کەرەستەی شیعریی، بەجۆرێک کە جوانی و چێژ بە خوێنەر ببەخشێت. لەبەرئەوەیە کە هونەرمەند بە هونەرەکەی

جوانی دەخولقێنێ، بۆیە هونەرمەند دەتوانێت ئەم بناغەی جوانییە لە ژینگەکەیەوە بەدەست بهێنێ، چونکە ((ئێمە ناتوانین هونەرمەند لە ژینگەکەی داببڕین، بەڵکو هەر یەکەیان کاریگەری لەسەر ئەوی تریان هەیە.))(حسان و غيث، ٢٠٠٥: ١٣)، هەر بۆیە ئێمەیش لەم ڕوانگەیەوە دەزانین، کەوا مرۆڤ بەهۆی بینینی کردەوە جوان و ناشیرینەکانی ژینگە و دەوروبەریەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر کارو هەست و نەست و بیرکردنەوەکانی دەبێت و دەبنەهۆی ئەفراندنی بیرۆکەکەی، بۆ ڕەنگدانەوەی ئەوکارە جوانە یاخود ناشیرینە لە بەرهەمەکەیدا، هەرئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی کە جوانی و ناشیرینی بەرهەمی نووسەران پەیوەست بێت بەو کارلێکە ژینگەییەی کە نووسەرەکە تێیدا گوزەردەکات، چونکە ((منداڵ لەو ژینگەیەدا لەدایک دەبێت، کە بە بەردەوامی کاردانەوەی لەسەر ژیانی هەیە، هەر لەشوێنی زێدەکەیەوە تاوەکو دەوروبەرەکەی و کۆمەڵگاکەی.......هتد.))(الخوالدةوالترتوري، ٢٠٠٦: ١٣)، ئەمەیش بەڵگەی ئەوڕاستییە دەسەلمێنێت، کەوا ژینگە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەپێزی و بەهێزی بەرهەمی نووسەران و بیرمەندان هەیە، کە ئەوەیش بەهۆی پاشخانە ژینگەییەکەیەتی.

سوقرات بڕوای وایە، کە جوانی شتێکە کە بەسوود بێت، چونکە ((سوکرات باوەڕی وایە، کە جوانی لە ئەنجامدانی کاری باشدایە، سوودیش تەنیا لە کارە باشەکاندایە، کەواتە جوانی سوود و چاکەیە.))(شێخ حسێن،٢٠١٨: ٤١)، بەپێی ئەم وتەیەی سوکرات، هەرکارێک کە ئەنجامدەدرێت، ئەگەر سوودی بۆ کۆمەڵگاکەی تێدابێت و ببێتە هۆی بەدەستهێنانی کاری چاکە و چاکەخوازی و سوودگەیاندن بە بەرامبەرەکەت ئەوە جوانییە، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوەبوو، واتە هیچ سودێکت لە ئەنجامدانی کارێکدا نەبینی، تاوەکو سوود بە کۆمەڵگاکەت بگەیەنێت، ئەوا بە ئەو کارەی کە ئەنجامتداوە. ئەو کارەت ناچێتە خانەی جوانی (ئیستاتیکا)وە .

ئەفلاتوون لە بەرهەمەکانیدا بابەتی جوانی شوێنێکی دیاری هەیە و گرنگی زۆری پێداوە، ((یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون، کە تایبەتە بە پرسی جوانی، بەرهەمێکە بە ناوی "هیبیاسی مەزن"))(شێخ حسێن، ٢٠١٨: ٤٠)، واتە ئەفلاتوون هاوچەشنی سوقرات داوادەکات، هەرکارێک کە ئەنجامی دەدەیت، دەبێت ئامانجی سوودگەیاندن بێت، بە بەرانبەرەکەت و کەڵکی هەبێت و کارێکی بە بەرهەم بێت، تاوەکو (جوانی) لێ فەراهەم بێت، نەوەک کارێکی بێ سوود و بێ کەڵک بێت و ئەنجامی بدەیت، بێهودە تەنها بەبێ ئامانج هەر ماندووبوون بۆ نووسەر و هونەرەکەیشی بمێنێتەوە .

ئەفلۆتین جوانی بەسەر دوو جۆردا دابەشدەکات، ئەوانیش (("جوانی هەستپێکراو و جوانی مەعقوڵ"، جوانی هەستپێکراو هەموو جوانیەکانی جیهانی ماددە دەگرێتەوە، جوانی مەعقوڵ حەقیقەتی جوانی و جوانی ڕەهایە.))(زحلی، ١٣٦٦: ٤٩)، هەربۆیە هەستکردن بە جوانی لە پرۆگرامی ئیستاتیکادا وایکردووە کە جوانی پێگەیەکی بەرزی جیاکەرەوەی بنەما و

چەمکی ئیستاتیکا بێت، هەروەک ((هەستکردن بە جوانی پێگەیەکی بەرزی لە ناوەندی ژیاندا گرتووە، تاوەکو ئێستایشی پێوە بێت، پێگەی جوانی لە فەلسەفەدا جێگەی گرنگی و بایەخێکی گەورەی فەیلەسوفەکانە.))(سانتیانا،۲۰۰۱: ۳۷).

## ۲_٤ ئیستاتیکا وەک بنەمایەکی زانستی و فەلسەی جوانی:

ئیستاتیکا بەشێوەیەکی گشتی هەموو ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە لە بواری هونەردا هەن، هەر ئەمەیش وادەکات، کە بوترێت ((ئیستاتیکا بریتییە لە دۆزینەوە و بەدەرخستنی یاسا ئیستاتیکییەکانی جوانی.))(حسێن، ۲۰۰۸: ۲۰)، واتە ئەرکی ئیستاتیکا تەنها پەیپێبردن و دەستنیشانکردن و خستنەڕووی بنەما هونەرییەکانە. لێرەوە ئیستاتیکا بەشێوەیەک ئاوێتەی فەلسەفە دەبێت، کە دەکرێت بوترێت ئیستاتیکا لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، دەربارەی جوانی و بەتایبەتی جوانی هونەری دەکۆڵێتەوە، بەمەیش ((ئیستاتیکا لە مێژوو، فەلسەفەی هونەر بۆ جیاکردنەوەی جوانی لە ناشیرینی و بایەخ پێدان و هەڵسەنگاندنی بابەتە هونەرییەکانی وەک "پەیکەر، وێنە، شیعر، مۆسیقا، ...."دەکۆڵێتەوە.))(حمه سالح،۲۰۱۳: ۱۱).

ئیستاتیکا ڕێبازێکە لەو ڕێبازە ئەدەبیانەی کە لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی ڕەخنە نوێ و هاوچەرخەکاندا، هەوڵی دەرخستنی بنەمای جوانیی دەقی ئەدەبی دەدات، ئەم گرنگی پێدانە بەم بنەما جوانیەی دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکە، کە ((بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بڕوایان وایە، کە دەبێت شاعیران و نووسەران جوانییەکان بۆ پەیاموەرگران بەرجەستەبکەن، تەنانەت بەشێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەب بڕوایان وایە، کە ئامانجی ئەدەب تەنها و تەنها جوانییە و کاری شاعیران و نووسەران تەنها خوڵقاندنی جوانییە.))(مستەفا، ۲۰۱۹: ۷).

ئیستاتیکا بەشێوەیەکی بنەڕەتی جەخت لەسەر جوانی بەگشتی و جوانی هونەری بە تایبەتی و ئەو تایبەتمەندییانەی دەبنە هۆی جیاکردنەوەی جوانی و ناشیرینی و ئەو چێژەی کە جوانی دەیبەخشێت دەکاتەوە، چونکە لە چەمکی جوانیدا ((جوان ئەوەیە کە چێژێک بخوڵقێنێت، بەدەر لە قازانج و سوود.))(ئەحمەدی، ۲۰۰۸: ۱۰۰).

لە فەرهەنگی فەلسەفەی (لالاند)ی فەڕەنسیدا، ئیستاتیکا بە دووجۆر پێناسەکراوە، بەوەی کە ((هەرشتێک بە جوانییەوە گرێدرابێت و هەرشتێک جوانی پێناسە بکات. زانستێک کە بابەتەکەی داوەری و هێنانە گۆڕی بڕیارێک بێت دەربارەی جیاوازی نێوان جوان و دزێو.))(ئەحمەدی، ۲۰۰۸: ۳۵)، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر بنەمایەک بتوانێت جوانی ڕوون بکاتەوە و دەریبخات و جیای بکاتەوە لە ناشیرینی ئەوە ئیستاتیکایە.

لە پێناسەیەکی دیکەدا کە (ویبسەر) بۆ ئیستاتیکای دەکات، دەڵێت: ((ئیستاتیکا ئەو بوارەیە کە مامەڵە لەگەڵ وەسف و ڕاڤەی دیاردە هونەرییەکان و ئەزموونەجوانیەکان دەکات))(مستەفا،۲۰۰۹، ۲۳). بەم شێوەیە تەنها جوانی بابەتی ئیستاتیکا نییە، بەڵکو

ناشیرینیش بابەتێکی تری ئیستاتیکایە. لێرەوە دەتوانرێت ئیستاتیکا وەک سایکۆلۆژیای جوانی بناسێنرێت، چونکە ((بایەخ بە پێڕەوکردنی جوانی دەدات، وەکو بنەمایەکی گرنگی تاقیگەیی، بە ئامانجی دۆزینەوەی کاریگەرییە دەروونییەکان و هەستە سروشتیەکان، کە لە دەروونی مرۆڤدا پەیدادەبن.))(الخوالدة والترتوري، ٢٠٠٦: ١٧)، بۆیە بەستنەوەی فەلسەفەی ئیستاتیکا بە فەلسەفەی جوانییەوە وادەکات کە گرنگییەکی زۆری ئیستاتیکا بۆ لایەنی تەکنیکی هونەری دەقی ئەدەبی بێت، بەشێوەیەک کە ئەم لایەنە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە لە لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکادا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە و بە ڕێگایەکی بنچینەیی دادەنرێت، تاوەکو نووسەر و شاعیران داهێنانی بەرزمان پێشکەشبکەن، چونکە ((سەرکەوتوویی شاعیر و نووسەر دەگەڕێتەوە بۆ ئاست بەرزی بەرهەمەکەی، ئەمەیش کاتێک بەرهەم دێت، کە نووسەر لە میانەی شیکاری بنیادە هونەری و ئایدۆلۆژیاکەی خۆیدا لەناو بەرهەمەکەیدا بیان چەسپێنێت.))(عبید،٢٠٠٥: ٧١).

(**دیۆت باکەر**) بڕوای وایە، کە ئامانجی ئیستاتیکا ((ئاشکراکردنی تایبەتمەندییە جۆرییەکانی هونەری جوانە، هەروەها دیاریکردنی پەیوەندی نێوان هونەر و دیاردە شارستانییەکانی وەک زانست و پیشەسازی و ڕەوشت و فەلسەفە و ئایینە.))(اسماعیل، ١٩٧٤: ١٩)، بەم تێگەیشتنە ئیستاتیکا جیاوازییەکی تەواوی هەیە، وەک لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هونەردا کە گرنگی بە جوانی هونەر نادات، بەڵکو گرنگی بە سیستەمی بە دوایەکدا هاتنی قوتابخانەکان و شێوازی هونەری و گەشەکردنیان دەدات.

ئیستاتیکا بەشێوەیەکی گشتی لەدووبەش پێکدێت: ((بەشی تیۆری گشتی: کە لە سیفاتە هاوبەشەکانی نێوان شتە جوانەکان دەکۆڵێتەوە، کە دەبنە هۆی هەستکردن بەجوانی. ئەو هەستکردن بەجوانییە بەشێوەیەکی دەروونی شیدەکاتەوە و بە شێوازێکی فەلسەفییانەی سروشت، جوانی ڕووندەکاتەوە و ئەو مەرجانەش دیاریدەکات، کە جوانی لە ناشیرینی جیادەکاتەوە. بەڵام بەشی پراکتیکی تایبەتی: لە وێنە هونەرییە هەمەجۆرەکان دەکۆڵێتەوە و ڕەخنە لە نموونەی تاکەکان دەگرێت، کە ئەمەش ڕەخنەی هونەری پێدەوترێت.))(سلیبا، ١٩٧٨: ٤٨). بۆیە ئیستاتیکا وەک بنەمایەکی تیۆری، لە کار و بەرهەمە ئەدەبی و نووسراوەکاندا بە دوای خەسڵەتەکانی جوانیدا دەگەڕێت، لەبەرئەوەی ئیستاتیکا بە دوای هونەرەکانی جوانیدا وێڵە، بەم جۆرەش ((ئیستاتیکا دەبێتە زانستێکی تیۆری، کە لە گرفتەکانی جوانی لە هونەردا دەکۆڵێتەوە، چونکە گرفتەکانیش بەردەوام لە گۆڕان و سەرهەڵداندان، کەواتە ئیستاتیکا بەردەوامی و پەرەسەندنێکی هەمیشەییە.))(حسێن، ٢٠٠٨: ٢١).

### ٢_٤_١ ئیستاتیکا وەک چەمکێکی ڕەخنەی ئەدەبی:

بنەمای هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکان بەزۆریی و لە سەردەمە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بناغەی چەند پێوەرێکی ڕەخنەیی بوونە، کە یەکێک لەو پێوەرە سەرەکی و گرنگانە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا لایەنی ئیستاتیکی دەقەکە بووە، هەر ئەم هۆکارە سەرەکییەش وایکردووە، کە زمان وەکو بنەمایەکی سەرەکی ئیستاتیکای شیعر و بواری ڕەخنەیی دەقە شیعرییەکە، بکرێتە بناغەی پێوەرێک لە هەڵسەنگاندنی دەقەکاندا، بۆیە نووسەران و ڕەخنەگران هەمیشە هەوڵیانداوە، کە گفتوگۆی ئەم لایەنە وەک بنەمایەکی ئیستاتیکی لە شیعردا بکەن. وشە و زاراوە و دەربڕینەکانی شیعر گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و شاعیر بەوردی هەڵیان دەبژێرێت و بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. چونکە (لە کۆتاییدا جوانییەکانی زمان دەبنە بناغەی جوانییە گشتییەکانی شیعرەکە، چونکە ئەگەرچی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەموو کەسێک بەکاریدەهێنێت وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، بەڵام لە دەقی ئەدەبیدا خۆی ئامانجە و دەبێتە کەرەستەی سەرەکی ئەدیب بۆ گوزارشتکرن و دەربڕینی مەبەستەکانی))(مستەفا، ٢٠١٩: ٧٤)، واتە کارکردن لەسەر ڕەخنەی شیعریی وادەکات، کە زیاتر جەخت لەسەر ئەو بنەما گرنگە بکرێتەوە کە جوانی لە دەقە شیعرییەکەدا دەخوڵقێنێت.

## ٢_٥ ئیستاتیکای سەردەمە جیاوازەکان

### ٢_٥_١ ئیستاتیکای سەردەمی یۆنان:

یۆنانییەکان یەکەمین نەتەوەن، کە بۆ یەکەمجار بناغەیەکی فەلسەفییان بۆ سەرجەم زانستەکان دانا، کە لەناویاندا جوانی و هونەر هەیە. یۆنانیەکان کاتێک هەستیان بە جوانی کرد و پەیوەندی ئەم جوانییەیان بە خێر و حەقەوە لێکدایەوە و ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی، لە گەشەکردنی جوانیدا. یۆنانیەکان زیاتر گرنگییان بە ڕاڤەکردنی چەمکەکانی (چاکە، ڕاستی، جوانی)داوە، هەتا لە تیۆرە نوێکانیشدا گرنگیان هەیە، تاوەکو ئێستایش گرنگییان پێدەدرێت. ((ڤیساگۆرس و پەیرەوانی شەش سەدە پێش زایین، مۆسیقایان بە هۆکاری پاککردنەوەی ڕۆحییەتی هونەر دەزانی، بە لایانەوە مۆسیقا هۆکارێکە بۆ چارەسەرکردنی لایەنی دەروونی.))(حمە ساڵح،٢٠١٣: ٩٤).

سوکرات (٣٣٩_٤٧٠پ.ز) فەیلەسوفێکی گەورەو ناوداری یۆنانە، گرنگی زۆری بە بیری جوانی داوە و بە پێشەنگی ئەم بوارە دادەنرێت، سوکرات ((لە بیروباوەڕە ئیستاتیکییەکانیدا بەتەواوی لە ماتریاڵی ساکار دوورکەوتبووە و ڕووی لە جیهانی ئایدیاکردبوو، کە لە

ڕوانگەی مرۆڤناسییەوە لە بابەتەجوانەکانی ڕوانیوە.))(م. أوفسيانيكوف و ز. سميرنوفا،١٩٧٩: ١٦).

ئەفلاتوون لە سەدەی چواری پێش زاییندا باسی لە هەستەوەرەکانی مرۆڤ کردووە و تیایدا ((هەستی بینین و بیستن بە پێشەنگی هەستەوەرەکانی دیکەی داناوە، لە چێژبەخشین بە مرۆڤ لە دونیای چێژی جوانیدا.))(مطر، ١٩٦٢: ٢٧)، بەڕای ئەفلاتوون ئەو جوانییەی لە جیهانی هەستپێکراودایە، ڕەنگدانەوەی جوانی ئایدیایە و سێ قۆناغی جوانی دەسنیشاندەکات، ئەوانیش:((جوانی شێوەیی، جوانی ڕەوشتی و عەقڵی و جوانی ڕەها کە جوانی ئایدیایە.))(الخوالدة والترتوري،٢٠٠٦: ٩٧).

ئەرستۆ (٣٢٢_٣٨٤) فەیلەسوفێکی یۆنانییە و خاوەنی کۆمەڵێ بەرهەمە، کە ((هەندێک دەڵێن(١٠٠) بەرهەمی هەیە، هەندێکی تر دەڵێن (٤٠٠) بەرهەمی هەبووە.))(گەردی،٢٠٠٤: ١١)، بەڵام گرنگترین بەرهەمی کە لەدوای خۆی بەجێمابێت و تائێستایش جێگای بایەخ بێت، کتێبی (هونەری شیعر(Poeticaیە، کە دەربارەی هونەرە، ((ئەرستۆ لەو کتێبەیدا زیاتر دەربارەی ڕەخنەی ئیستاتیکی یاخود هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی دەدوێت.))(میراودەلی،٢٠٠٥: ٢٨)، ئەرستۆ لە بەرهەمی(هونەری شیعرەکەی)دا، باسی لاساییکردنەوەی کردووە، کە بە خوویەکی زگماکی مرۆڤی دادەنێت و دەڵێت: ((لاساییکردنەوە بۆ خۆی شتێکی زگماکییە، کە لە مرۆڤدا هەر لە منداڵییەوە دەردەکەوێت، مرۆڤ بەوە لە گیانەوەران جیادەکرێتەوە، کە بە ڕادەیەکی تایبەتی توانای لاساییکردنەوەی هەیە.))(گەردی، ٢٠٠٤: ٢٨)، واتە لاساییکردنەوە لای ئەرستۆ هێز و ئیرادەیەکە لە سروشتەوە پێمان دەدرێت. بۆیە شاعیر لاسایی سروشت دەکاتەوە و لە کلاسیکدا سروشت پڕە لە ئاواز و نەغمەی مۆسیقی و ئیلهامی شیعری، کە هەموو ئەمانەیش بنەمایەکی سەرەکین بۆ بەخشینی ئیستاتیکا و شیعرییەتی دەقەکان، بەمەش پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئیستاتیکا و لاساییکردنەوە بەتایبەتی لاساییکردنەوەی سروشت دێتە ئاراوە. هەردوو بنەمای ڕێکخستن و گونجاندن دووبنەمای سەرەکی جوانین لای ئەرستۆ و پێویستە هەرشتێکی جوان ڕێکخستن و گونجاندن لەنێوان بەشەکانیدا هەبێت، چونکە ((شتی جوان چ زیندەوەرێکی زیندوو بێت، یاخود چ شتێکی بێگیان بێت، دەبێت قەبارەیەکی گونجاوی هەبێت، چونکە جوانی پەیوەستە بە ڕێکخستن و قەبارەیەکی دیاریکراوەوە.))(گەردی،٢٠٠٤: ٢٣_٢٤).

ئەفلۆتین (٢٠٤_٢٧٠ز) ((لەدوای ئەرستۆوە بە دووەم دیارترین فەیلەسوفی یۆنانی دادەنرێت))(مطر،٢٠٠٣: ١٠٢)، کە فەیلەسوفێکی ئایدیاییە، بیروڕاکانی گوزارشت لە ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و شارستانییە کۆنەکەی دەکەن، ((ئەفلۆتین لەژێر کاریگەری فەلسەفە ئایدیالیەکەیدا لە ئیستاتیکای کۆڵیوەتەوە.))(مستەفا،٢٠٠٩: ٤٨)، ئەفلۆتین خاوەن بیرۆکەیەکە، کە لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفە ئایدیالیەکەیدایە و دەڵێت: ((جوانی لە گیان یان ڕۆحدایە، نەک لە

ماددەدا، بۆیە بابەتی جوانی خۆشەویستی ڕۆحە و هەتا ڕۆح لە گەرد و تۆزی ماتریاڵ پاک بێتەوە، زیاتر لە جوانی نزیک دەبێتەوە.))(میراودەلی،٢٠٠٥: ٣٧).

ئەفلۆتین تێڕوانینی بەهێز و کاریگەریی بۆ مەبەستی جوانی دەخستەڕوو، هەروەک دەربارەی جوانی، بڕوای وابوو کە ((جوانی لە وێنەوە سەرچاوەدەگرێت، هەروەک چۆن پەروەردگار سەرچاوەی جوانییە بۆ بەندەکانی، ئاوەهاش جوانی دەگوازرێتەوە، لە خودی هونەرمەندەوە بۆ هونەرەکەی.))(مطر، ٢٠٠٣: ١٠٥).

**٢_٥_٢ ئیستاتیکای سەردەمی ڕۆمانییەکان :**

ڕۆمانییەکان هەمیشە لەژێر کاریگەری یۆنانییەکاندا بوون و هەوڵیان دەدا، کە شوێن پێیان هەڵگرن، هەر ئەمەیش وایکردبوو کە ((چەمکە ئیستاتیکییەکانی یۆنان کاریگەریەکی زۆریان هەبووبێت، لەسەر چەمکە ئیستاتیکییەکانی ڕۆمان، بەشێوەیەک کە هەمیشە فەیلەسوفە گەورەکانی ڕۆمان داوای لاساییکردنەوەی بەرهەمە بەرزەکانی یۆنانیان دەکرد.))(مستەفا، ٢٠٠٩، ٤٧)، بەو پێیەی کە لە شارستانییەتی ڕۆمادا دەسەڵات لە ژێر دەستی پیاوانی ئاینی ناو کەنیسەدا بوو، بۆیە هەمیشە ((ڕۆشنبیری و هونەر و ئەدەب لە کەنیسەدا چەقبەستوو بوو، لەم سەردەمی چەقبەستوویەشدا کەسانێکی بیرمەند هەبوون، کە هەمیشە هەوڵی گۆڕانکارییان دەدا، لەوانەیش وەکو: فاسیلی (٣٢٩_٣٧٩ز) کە پیاوێکی ئاینی کاهینی پەرستگا بوو، تۆمەتبار کرابوو، بەوەی کە بە هۆی گرنگی دانی بە هونەر لە دین دەرچووە.))(نظمي، ١٩٩٦: ٧)، سەرەڕای ئەم هەموو ڕێگرییانەش لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمادا دەرکران، کەچی هێشتا چەند فەیلەسوف و بیرمەندێکی تیادا هەڵکەوتن، لە وانەش وەکو لۆکریشیوس، کە لە بەرهەمێکیدا ((هەندێ بابەتی ئیستاتیکی بۆ جیهان، لەسەر بنەمای ماتریاڵی چارەسەرکردووە و بڕوای وایە، کە هونەر پێویستییەکی مرۆڤایەتییە و لەگەڵ پێویستییەکانی مرۆڤدا پەرەدەسێنن و لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگادا هونەرەکانی مۆسیقا و وێنە و سەما و گۆرانی وەکو تەواوکەری ژیان پێویستن و دەرکەوتوون، هەموو ئەمانەیش لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی سروشتەوە دەرکەوتوون.))(أوفسيانيكوف ونوفا،١٩٧٩: ٣٢).

**هۆراس (٨_٦٥پ.ز)** ڕەخنەگر و شاعیری بەناوبانگی ڕۆمانییە، کە شارەزاییەکی زۆرباشی لە ئەدەب و فەلسەفەی یۆناندا هەبووە، کە خاوەنی کتێبی (هونەری شیعر)ە، کە ئەم بەرهەمەی هۆراس بەڵگەی ئەوەیە، کە ((هۆراسی ڕووناکبیر و شاعیر و ئەدیب، ڕەخنەگر و شارەزاییەکی باشی ئەدەب و فەلسەفەی یۆنانی بووە و چەندین بنەمای بۆ مۆسیقا و ئەدەب و هونەر داڕشتووە.))(هۆراس، و:حەمید عەزیز، ٢٠٠٥: ٨)، ئەمانەیش بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە هەرچەندە هۆراس ڕۆمانی بوو، بەڵام بەتەواوی لەژێر کاریگەری یۆنانیەکاندا بووە، هەر لەژێر کاریگەری (ئەرستۆ)دا، بە هەمان ناوی بەرهەمەکەی

(ئەرستۆ)وە ناوی بەرهەمەکەی خۆی ناوە (هونەری شیعر)، کە پێشتر ناوی (نامەیەک بۆ خێزانی پیزۆ) بووە و دواتر ناونرا (پۆیەتیکا). هەر لەم چەرخەدا زۆر بیرمەند پشتگیری بۆچوونەکەی هۆراسیان کردووە، لەگەڵ هێنانە بەرهەمی کتێبی (هونەری شیعرەکە)ی هۆراسدا (فترۆفیوس)یش لە هەمان کاتدا کتێبێکی بڵاوکردەوە، کە دەربارەی (کاری هونەر)یە، لەگەڵ بیرۆکەکەی هۆراسدا دەربارەی (هونەری شیعر) یەکدەگرنەوە، ئەمیش بڕوای وایە، کە هەر کارێک لە بواری هونەری شیعر و قەسیدەدا ئەنجام بدرێت، ئەوا وەکو کارێکی ئەندازیاری تەلارسازی وایە، کە لە بنیادنانی باڵەخانەکاندا دەکرێت.))(مطر، ٢٠٠٣، ١٠٣)، هۆراس بڕوای بەسوود خوازی و چێژ گەیاندن هەیە و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((مەبەستی شاعیران یان سوود گەیاندنە، یاخود چێژ بەخشینە، کە لە یەک کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە.))(هۆراس،٢٠٠٥، ٣٤)، بەپێی ئەم پێناسەیە هۆراس گرنگی بە ئیستاتیکا داوە، چونکە چێژ لایەنێکی گرنگی ئیستاتیکایە.

### ٢_٥_٣ ئیستاتیکای سەردەمی چینییە کۆنەکان:

لەبەر ئەوەی کە وڵاتی چین خاوەنی شارستانیەتێکی مێژوویی دێرینە، چی لە ڕووی شارستانیەت و هەروەها لەڕووی بەرهەمی هونەری و ئەدەبییەوە، بۆیە دەتوانرێت بۆ بەدەستهێنانی جوانی و کاری گەڕان بە دوای بنەما و سەرچاوەی بەرزی ئیستاتیکادا، سەرەتا دەبێت بە دوای ئەو دەستکەوتە هونەرییانەدا بگەڕێین، کە لەپاشخانی شارستانیەتی چینەوە ماونەتەوە، هەروەک ئاشکرایە کە میللەتی چین یەکێکن لەو میللەتانەی هەمیشە بە دوای جوانیدا وێڵ بوونە، هەروەک لەو پەندە میللییە کۆنەی چینیدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت: ((ئەگەر دوو(کولێرە)ت هەبوو، یەکێکیان بفرۆشە و بە نرخەکەی چەپکێک گوڵ بکڕە.))(مراد، ١٩٤٦: ٩٧)، چینییەکۆنەکان کە خاوەنی شارستانیەتێکی کۆن و دەوڵەمەندن، مێژووی شارستانیەتەکەیان بۆ چەند سەدەیەک پێش زاین دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ((چینییە کۆنەکان خاوەنی چەندین بیرمەندی کۆنی گەورەی وەکو (کۆنفۆشیۆس و لاوتسزی و .....هتد)ین، بیروڕاکانی (کۆنفۆشیوس) وەکو ئاینێک هەتا ئێستایش پەیڕەودەکرێت و پەیڕەوکەرانی هەیە.))(حسێن، ٢٠٠٨: ٣٧)، هەربۆیە بیروباوەڕی چینییەکۆنەکان لەسەر بنەمای ((سودی کۆمەڵایەتی هونەر و هێزی ڕەوشتی و پەروەردەیی و نموونەی بەرزی جوانی و جوانی دەرەوەی ڕووخسار و جوانی ناوەوەی ڕەوشتی و ناوەڕۆک و بنەمای هونەری بنیادنراوە.))(مرعي،١٩٨٧: ٥٢).

## ٢_٦: ئیستاتیکا له سەدەکانی ناوەڕاستدا

### ٢_٦_١ ئایدیای ئیستاتیکی له سەدەکانی ناوەڕاستدا بە دوو قۆناغدا تێپەڕی ئەوانیش بریتین له:

قۆناغی یەکەم: قۆناغی سەدەکانی سەردەمی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحە (د.خ)، لەم ماوەیەدا بیری مەسیحی وەکو ڕەوتێک هێشتا باڵادەست نەبوو بوو، هونەریش پەیوەندییەکی پتەوی بە هەردوو فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانییەوە هەر مابوو، هونەر لەم ماوەیەدا بەشێوەک بوو کە((هونەر ئاماژەکردن بوو بۆ ژیانێک، کە هەڵچوون و دوودڵی دایپۆشیبوو، کە له ئەنجامی بارودۆخی پەژارەیی و ستەمکارییەوە هاتبووە ئاراوە، لەو دۆخەی کە خەڵک تێیدا دەژیان.))(الخوالدة والترتوري،٢٠٠٦: ١٠٧).

قۆناغی دووەم: لەسەدەی چوارەمەوە و له ساڵی (٣٢٥ز)ەوە دەستپێدەکات، کاتێک کە ئیمپراتۆر (قوستەنتین) ئاینی مەسیحی بەشێوەیەکی فەرمی کرد بە ئاینی وڵاتی ڕۆمانی و له دوای ئەم بەروارەوە ئیتر ئاینی مەسیحی ڕەگی له هونەردا داکوتا و بە سەریدا زاڵبوو. هونەری ئەم قۆناغە بەشێوەیەک بوو کە ((بە گوزارشتکردن له ڕۆحانییەت دەستیپێکرد، کە له ژێر کاریگەری دەسەڵاتی پیاوانی کەنیسەدابوو، هەروەها بە ئارەزووی دەربڕینی لایەنی ڕۆحی و گوزارشتکردنی فیکریی دەستیپێکرد، بەبێ گرنگیدان بە لایەنی ڕووالەتی))(الخوالدة والترتوري، ٢٠٠٦، ١٠٧). هەر له ماوەکانی سەدەی ناوەڕاستدا دوو بۆچوونی سەرەکی دەربارەی هونەر دەرکەوتن، بۆچوونێک کە دژی هونەر دەوەستایەوە، بڕوایان وابوو کە ((هەرکاتێک هونەر پێشبکەوێت، ئەوا کاریگەری پێچەوانە و خراپ لەسەر دڵ و عەقڵ جێدەهێڵێت.))(زكارنة،٢٠٠٣: ٣٩)، هەریەک له (فاسیلی) و (یوحەنا زلاتۆست) و (یەرۆنیم) خاوەنی ئەم بۆچوونە بوون.

فاسیلی (٣٢٩_٣٧٩ز) بەتوندی دژی هونەر و لێکۆڵەرانی هونەر دەوەستێتەوە. بڕوای وایە کە ((ئەوانەی هەوڵی لێکۆڵینەوەی هونەر دەدەن، خۆ بەزل زان و ڕقاوی و کافرن و پێویستە مرۆڤ ژیانی له نێو نوێژ و ڕۆژوودا بەسەر بەرێت.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ٤٩).

یەرۆنیم (٣٣٠_٤١٩ز) هاوشێوەی پیاوانی کەنیسە دژی هونەر دەوەستایەوە، له نامەیەکدا کە بۆ هاوڕێیەکی ناردووە، داوای پەروەردەکردنی ڕۆح و هاندانی ترسی خودا دەکات، یەرۆنیم دەڵێت: ((پێویستە ڕۆح پەروەردەبکەین، تاوەکو ببێتە ئەو جێگەپیرۆزەی کە باوەڕی خودایی تێدا جێگیر دەبێت.))(مستەفا،٢٠٠٩: ٤٩).

بۆچوونی دووەم کە له بیروڕای هەر یەک له (ئۆگستین) و (تۆماس ئەکوینی)دا دەردەکەوێت، هەوڵدەدات هونەر له خزمەتی بیر و باوەڕی ئاینی مەسیحی و پەیڕەوکەران و زانیارییەکانی کەنیسەدا بەکاربهێنرێت .

ئۆگستین (٣٥٤_٤٣٠) یەکێکە لە دیارترین بیرمەندەکانی سەدەی ناوەڕاست و هونەری ڕەسمی کەنیسەی کاسۆلیکی دەسەڵاتدار، جوانی بەلای ئەمەوە ((ڕەمزی یەکێتی میتافیزیکی و دابەشکردنی ڕێتمی شتەکان و ماناکانیانە. جوانی لە جەوهەری قوڵیدا خێر و ڕاستییە، کە بە هەستەکان درکیان پێدەکرێت، بەڵام جوانی لە خودی خۆیدا هیچ گرنگییەکی نییە، بەڵکو گرنگییەکەی لەو واتایەدایە، کە تیایدا بەرجەستە دەبێت.))(مرعي،١٩٧٨، ٥٤)، بەم شێوەیە جوانی دەبەستێتەوە بەو واتا ئایینییەی کە تێیدا بەرجەستەدەبێت، هەروەها بڕوای وایە کە ئەم جوانییە نموونەییە تایبەتە بە یەزدان، هەروەک دەڵێت: ((یەزدان ئەو هونەرمەندە گەورەیە کە فۆڕم و جوانی و سیستم بەپێی یاسا تایبەتەکانی بە هەموو شتێک دەبەخشێت، یەزدان حەقیقەتی هەموو جوانییەکە، بەڵکو لە هەموو جوانییەک بەرزترە.))(میراودەلی، ١٩٧٩: ٤٥).

تۆماس ئەکواینس (١٢٢٥_١٢٧٤ز) فەیلەسوفێکی تری سەدەکانی ناوەڕاستە، هەوڵی دەدا کە بیروڕاکانی ئەرستۆ لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا بگونجێت، لە لاسایکردنەوەدا شوێن پێی ئەرستۆی هەڵگرتووە، چونکە بڕوای وابوو کە ((شتی جوان ئەوەیە کە بەوردی لاسایی شتە بنچینەییەکە دەکاتەوە، با شتە بنچینەییەکە ناشیرینیش بێت، واتە شتە ناشیرینەکان جوان دەبن، ئەگەر بەشێوەیەکی جوان لاسایی بکرێنەوە.))(الخوالدة والترتوري،٢٠٠٦: ١٠٨)، هەروەها (ئەکوانیس) هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونەکەی (ئۆگستین)، کە دەڵێت: ((بەرزترین جۆری جوانی، جوانی خودایییە، گەیشتن بەم جوانییەش تەنیا لە ڕێگای توانەوە لە جوانی خودایی دەهێنرێتە بەرهەم.))(عاصی،١٩٨٢: ١١٨)، ئەم ڕایەش جوانی دەخاتە نێو دووتوێی سۆفیزمەوە، بەڵام بەتەواوی سیفاتی جوانی لە جیهانی هەستپێکراودا ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو بڕوای وایە کە ((جوانی جێگای خۆی لەناو جیهانی شتە هەستپێکراوەکاندایە، کە سێ مەرجی هەیە: تەواوکاری و هارمۆنییەت و ڕوونی.))(یوسف، ١٩٨٨: ٥٢)، واتە تەواوکاری لەڕووی جوانییە هەستپێکراوەکان و هارمۆنییەت لە بەخشینی چێژی جوانی و ڕوونی لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، هەر لەبەر ئەم بیروڕایانەی (تۆماس) هەیەتی بنەما ئیستاتیکییەکانی سەردەمی گریکی کۆن تێکەڵ بە بیر و باوەڕی کەنیسەی کاسۆلیکی کردووە، لەگەڵیشیدا بیر و ڕای خۆیشی تێکەڵکردووە.

بەشێوەی گشتی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست، هەستی ئاینی مەسیحی کاسۆلیکی بەسەریاندا زاڵبوو، بۆیە لەم سەردەمەدا چەمکی جوانی لە هونەردا بەستراوەتەوە بە خزمەتکردنی کەنیسەی کاسۆلیکی دەسەڵاتدار.

**٢_٦_٢ ئیستاتیکای سەردەمی ڕێنیسانس:**

پاش ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هونەر بەتەواوەتی کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی کەنیسە و پیاوانی کەنیسەوە، بەمەیش کەنیسە چوارچێوەیەکی سنورداری لەژێر ڕۆشنایی

بیروباوەڕی ئاینیدا بۆ هونەر دانابوو، کە هونەرمەندان نەیاندەتوانی لەو سنورە دەربچن، کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بەردەوام بوو، لەبەر ئەو هۆکارانە زۆربەی نووسەران و بیرمەندان ئەم سەردەمە بە سەردەمی تاریکی ناودەبن. هەر ئەمانەیش هۆکاربوون بۆ ئەوەی کۆتاییەکانی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست ببێتە هۆی تەقینەوە بەڕووی دەسەڵاتی کەنیسە و سەرهەڵدانی سەردەمێکی تر، کە لە مێژووی ئەوروپادا بە سەردەمی ڕێنیسانس ناسراوە، کە ((دانتی و هۆکاشیۆ و پەترارک سێ پێشەوای سەردەمی ڕێنیسانسن))(مستەفا، ٢٠٠٩: ٥١)، ئەم نووسەرە گەورانەی ڕێنیسانس توانیان بەرەنگاری دەسەڵاتی پیاوانی کەنیسە بووەستنەوە و ڕەخنەی توند لە ستەم و زوڵمیان بەرانبەر بە خەڵکی هەژار و پرۆلیتار بە ناوی دینەوە بگرن و بەشێوەیەک کە ((بە بەرهەمەکانیان بەردی بناغەیان بۆ ئیستاتیکای سەدەیەکی نوێ دامەزراند کە بە سەدەی بوژاندنەوە (ڕێنیسانس) ناسراوە.)) (مەزهەر،٢٠٠٤: ٦٤).

تایبەتمەندییەکی گرنگی چەمکی ئیستاتیکای سەردەمی ڕێنیسانس ئەوەیە کە((پەیوەندی ڕاستەوخۆیی بەرهەمی هونەرییە، کە ئەمەش بۆچوونێکی فەلسەفی سیمبولی(ڕەمزی) نەبوو، بەڵکو بۆچوونێکی واقیعی بوو، کە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشە دیارەکانی هونەر بوو.))(مستەفا،٢٠٠٩: ٥١)، ڕێنیسانس بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ سێ قۆناغ: ((قوناغی یەکەمی ڕێنیسانس سەردەمی (دانتی و پۆکاشیۆ و پەترارک و ئەلبێرتی)یە، قۆناغی دووەم کە بە قۆناغی ڕێنیسانسی گەورە ناسراوە، سەردەمی (لیۆناردۆ داڤینشی و میکایل ئەنجیلۆ و ڕۆفائیل و ڕابل و ئازما ڕۆیتر دامسکی)یە، قۆناغی سێیەمیش قۆناغی سەردەمی (شەکسبیر و سێرڤانسە.))(مستەفا،٢٠٠٩: ٥٢).

دانتی(١٢٦٥_ ١٣٢١ز) یەکێکە لە ڕابەرانی ڕێنیسانس و یەکەم مژدەدەری ڕێنیسانسە. لە یەکەم هەنگاویدا ((دانتی داوای دەکرد، هەر گەل و نەتەوەیەک بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێت و بنووسێت، ئەم بانگەوازەش لەناو ڕۆشنبیرانی (فلۆرەنسا)دا بە جۆرێک دەنگی دایەوە، کە وەکو ڕۆشنبیران خۆیان دەیانوت، هەستیان بە چێژی شێوەی نوێ دەکرد.)) (مەزهەر،٢٠٠٤: ٤٨).

فرانچیسکۆ پەترارک (١٣٠٤_١٣٧٤ز) شاعیر و نووسەری سەردەمی ڕێنیسانسە و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دەستنووسە کۆنەکان دەدا و ((توانیویەتی زۆر دەستنووسی زانا کۆنەکان بدۆزێتەوە، وەک نووسەر و ڕۆماننووسی بوێری سیاسی (شیشیرۆن ٤٣_١٠٦پ.ز)، کە بە ئەندازەیەکی دیار سەرنجی ڕاکێشاوە.))(مەزهەر،٢٠٠٤: ٧٥).

ئەلبێرتی بڕوای وایە ((هەستکردن بە جوانی ئاسانترە لە ڕاڤەکردنی ئەو شتە، بەم جۆرە پێناسەی جوانی دەکات: جوانی ڕێکەوتن و هاوئاهەنگی نێوان بەشەکانی شتێکە.))(حسێن، ٢٠٠٨، ٤٤)، هەر لەم سەردەمەدا کە بایەخدان بە هونەر بوو بە بنەمای سەرەکی کارەکان،

هیۆمانسەکان سەریانهەڵدا، کە ((لە بنەڕەتدا بزوتنەوەیەکی مرۆڤایەتی بوون، داوای دووبارە خەڵقکردنەوەی سروشت و مرۆڤایەتییان لە هونەردا دەکرد، بەو پێیەی کە مرۆڤ تەواوترین بوونەوەری سروشتە.))(حسێن،٢٠٠٨: ٤٥).

## ٢_٧ ئیستاتیکای ڕێبازە ئەدەبیەکان:

### ٢_٧_١ ئیستاتیکای ڕێبازی کلاسیزم:

کلاسیزم یەکەمین ڕێبازی ئەدەبییە، کە لە دوای ڕێنیسانس سەریهەڵدابێت. فەڕەنسا بە لانکەی لەدایکبوونی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە دادەنرێت، بە شێوەیەک کە ((نووسەران و لێکۆڵەرە فەڕەنسییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لەم ناوەدا و گرنگییەکی زۆریان بە ساغکردنەوە و توێژینەوەی دەقە کۆنەکانی یۆنانی و ڕۆمانی داوە و بانگەشەیان بۆ بووژاندنەوەی ئەو بنەمایە دەکرد، کە یۆنان و ڕۆمان بۆ ئەدەبیاتیان دانابوو.))(پیرباڵ،٢٠٠٤: ١٧)، هەرئەمەیش بوو بەهۆی سەرهەڵدانی ئەدەبێکی نوێ کە ((بە ناوی (کلاسیکی نوێ)وە خۆی ناساند، لەسەر بنەڕەتە کلاسیکییە کۆنەکەی ئەو دوو نەتەوەیە، پاشان نوێیەکەش بوو بەو ئەدەبەی کە بە کلاسیکی نوێ ناسرا.))(مەحمود،١٩٩٨: ٥٣_٥٤)، کلاسیکەکان زۆر بایەخیان بە عەقڵانییەت دەدا، چونکە بنەمای سەرەکی و بنچینەی فەلسەفەی جوانییە لە لای کلاسیزم، کلاسیکەکان عەقڵیان بە بناغەی بڕیاردەری باڵای کاری هونەری دادەنا، لەبەرئەوە باوەڕیان وابوو، کە((عەقڵ تیشکدانەوەی حەقیقەتە، حەقیقەتیش لە گشت کات و شوێن و سەردەمێکدا، هەرئەوەیە کە هەیە، عەقڵ پەیامی کۆمەڵایەتی شاعیر دیاریدەکات و یاساکانی هونەر دەچەسپێنێت))(میراودەلی،٢٠٠٥، ٢١٢)، هەروەها کلاسیکەکان لە لاساییکردنەوەدا لاسایی سروشتیان کردووەتەوە، نەوەک لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە، بەڵکو لاسایی لایەنە باش و بەرزەکانی سروشت و ڕەفتاری مرۆڤیان وەردەگرت و لایەنە خراپ و بێکەڵکەکانیان فەرامۆش دەکرد، لەم بارەیەوە (بواڵو)ی ڕەخنەگری بەناوبانگی فەڕەنسی دەڵێت: ((تەنانەت بۆ یەک ساتیش لە سروشت غافڵ نەبن))(حسێنی،٢٠٠٦: ٢٩).

کلاسیکەکان بۆ دۆزینەوەی چەمکی جوانی و ئیستاتیکی، هەموو کاتێک و هەمیشە زۆر باوەڕیان بەلێکۆڵینەوەی بەرهەمی کۆنی پێشینەکان هەبوو، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە کە هەمیشە ((کلاسیکەکان دەیانوت: بۆ دۆزینەوەی جوانی نەمر، پێویستە لەناو بەرهەمی نووسەرە کۆنەکاندا بگەڕێین.))(پیربال، ٢٠٠٤: ٣٠)، مەرجێکی دیکەی کلاسیکەکان بۆ جوانی بریتی بوو لە (ڕوونی و ئاشکرایی)، کە بەپێی ئەم چەمکە ((پێویست بوو هونەرمەند و نووسەران، لەڕووی زمان و دەربڕینی بیر و شێوازی هونەری و بابەتییەوە، ڕوونی و

ئاشکرایی پەیڕەوبکەن، چونکە بەلایانەوە بەرهەمی چاکوباش ڕوونی و ئاشکراییە)) (مستەفا، ٢٠٠٩: ٧١).

بەشێوەیەکی گشتی کلاسیزمەکان بە دوای بە یەکتر گەیشتنی نێوان جوانی سروشتی و جوانی هونەریدا دەگەڕان، ئەم گەڕان بەدوای جوانی سروشتی و هونەرییە وایکردبوو کە ((کلاسیزمەکان هەمیشە دەیانەویست، کەرەستە جوانەکانی ناوسروشت بکرێنە پاڵەوانە جوانەکانی ناو هونەر.))(حسێن، ٢٠٠٨: ٤٨)، بەم شێوەیە کلاسیکەکان مەبەستیان بوو، کە لەناو خودی سروشتەوە پاڵەوانی کارە هونەرییەکانیان فەراهەم بکەن.

## ٢_٧_٢ ئیستاتیکای ڕۆمانسیزم:

ڕۆمانسیزم ڕێبازێکی ئەدەبییە، کە ((لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە سەریهەڵدا و شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی (١٧٨٩– ١٧٩٩ز) ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەبوو، لە سەرهەڵدانی ئەم ڕیبازە ئەدەبییە و بڵاوبوونەوەی بە هەموو وڵاتانی ئەوروپادا))(حوسێن،٢٠٠٧: ٦٩)، ئەم ڕێبازە وەکو کاردانەوەیەک بەرانبەر بە ڕێبازی کلاسیزم سەریهەڵدا، چونکە ((ڕۆمانسیزم گۆڕانکارییەکی بنچینەیی بەسەر بنەما ئیستاتیکی و هونەریەکاندا هێنا، کە تا ئەو کاتە لە ئەدەب و هونەردا پەیڕەو دەکران))(حسێن، ٢٠٠٨: ٧٢). کەواتە لە دیارترین هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، ئەنجامدانی گۆڕانکاری بنچینەیی بوو، بەسەر بنەما چەقبەستووەکانی کلاسیک و کارە هونەرییەکاندا بەتێکڕا.

ڕۆمانسیزم شێوازێکی زنجیرەیی هەبوو لە دەرکەوتنیدا، دەرکەوتنی ئەم ڕێبازە بە شێوەیەک بوو، کە ((سەرەتا لە ئەڵمانیا لە ساڵی١٧٩٧ز لەسەر دەستی (گۆتی و هۆڵدێرن و هۆفیمان)، هەروەها لە ئینگلتەرا لە ساڵی ١٧٩٨ز لەسەر دەستی (ۆردزۆرس بلاک، کۆلێردج)، پاشان لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٨٢٠ز لەسەر دەستی (لامارتین و هۆگۆ)، دواتریش لە ئیتاڵیا لەلایەن (مانزونی و لیۆپاردی) و دواتر لە ئیسپانیا و وڵاتانی ئەسکەندەنافیا دەرکەوت.))
(پیرباڵ،٢٠٠٤: ٥١).

ڕۆمانسەکان یەکێک لە کارە سەرەکیەکانیان ئەوەبوو کە گرنگییان بە هەست و سۆز دەدا، چونکە بڕوایان وابوو کە ((پێویستە بڕیاردان لەسەر بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەپێی پێوەری هەست و سۆز بێت، نەوەک بە بنەمای عەقڵ و لۆژیک.))(حسێنی، ٢٠٠٦: ٦٠)، هەروەها ڕۆمانسییەکان هەمیشە هەوڵی گەڕانەوەیان بۆ سروشت و دوورکەوتنەوە لە جەنجاڵی شار دەدا، بە ژیانی تەنیا و شڵەژاوی شار زۆر دڵتەنگ دەبوون، هەر بۆیە ((ڕۆمانسەکان لە ئەدەبەکەیاندا زۆر قسەیان لە بارەی ژیانی زگماکی و نیشتەجێ بوونی دارستان و جەنگەڵ و نەتەوەکانی سەرەتایی دەکرد، کە لە ژیانی خۆیاندا کامەران بوونە.))(هلال، ١٩٨٦: ١٧٠).

### ٢_٧_٣ ئیستاتیکای پەرناسیزم (هونەر بۆ هونەر)

پەرناسیزم لە وشەی (پەرناس)ەوە وەرگیراوە، کە ((لە بناغەدا ناوی چیایەکە لە یۆنان و لە ئەفسانەکانی کۆنی یۆنانیدا شوێنی نیشتەجێبوونی (ئەپۆلۆ)ی خواوەندی شیعر بووە.))(حوسێن، ٢٠٠٧: ٢٠٥)، شاعیرانی یۆنان لەوێوە ئیلهامی شیعریان وەرگرتووە و ((لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەم وشەیە بوو بە ناوی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە، (تیۆفێل گۆتییە١٨١١_١٨٧٢ز) و (لوکونت دولیل١٨١٨_١٨٩٤ز) دوو دامەزرێنەری دیاری ئەم ڕێبازەن، کە ئەم ڕێبازە پشتی بە دوو بنەمای فەلسەفی بەستووە، ئەوانیش فەلسەفەی ئیستاتیکی ئایدیالی کانت و فەلسەفەی ڕیالیزمی ئەزموونی، کە تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپادا باو بووە.))(مستەفا،٢٠٠٩: ٧٣).

پەڕناسەکان گرنگییان بە دەستەواژەی (هونەر بۆ هونەر) دەدا و لە نووسینەکانیاندا پەیڕەویان دەکرد، دژی ئەوە بوون کە هونەر جگە لە جوانی بۆ مەبەستێکیتر بەکاربهێنرێت، بۆیە پەڕناسەکان ((لەژێر گوشاری ئیستاتیکای (هونەر بۆ هونەر) لە نووسینەکانیاندا پەیڕەوی تێڕوانینەکانی بۆدلێر و بیری جوانیناسی مالارمێیان دەکرد.))(الجرجاني،٢٠٠٢: ٤٠)، هەر ئەم بناغەیەشیان کردە بنەمای دارِشتنی کارە هونەری و ئەدەبییەکانیان.

### ٢_٧_٤ ئیستاتیکای سیمبولیزم:

سیمبولیزم ڕێبازێکی ئەدەبییە و لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت، بە دیاریکراوی ((لە دەوروبەری ساڵی١٨٨٠زاینی چەند گەنجێک دەرکەوتن، لەوانە مالارمێ و بۆدلێر و.....، کە ڕۆڵیان لە دامەزراندنی پەرناسیزمدا هەبوو، هەنگاویان بەرەو جیهانێکی تری فراوانتر هەڵنا، کە جیهانی پەنهانی ڕووحە.))(پیربال،٢٠٠٤: ١٤١) سیمبولیستەکان بەتوندی جەختیان لەسەرجوانی دەکردەوە، چونکە بڕوایان وابوو کە ((جوانی بە تەنها جوانی بابەتی شیعرە و ماف و خێروخۆشەویستی لەگەڵ جوانیدا لەناو شیعردا کۆئەبنەوە.))(حەمەد، ١٩٩٩: ٥٧).

سیمبولییەکان دژی واقیع دەوەستانەوە، بۆیە هەمیشە ((هەوڵی گەڕانیان دەدا بە دوای حەقیقەتدا، کە لە ناخی خۆیاندا بە دوایدا وێڵبوون، چونکە بڕوایان بە ئەو بنەمایەبوو، کە واقیع هەڵخەتێنەرە لە ئاماژەکردنی حەقیقەتدا و بەربەستە و حەقیقەت دادەپۆشێت و مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێت.))(بطرس،٢٠٠٥: ٣٤٤)، هەروەها بڕوایان وابوو کە مرۆڤەکان پێکهێنەری سروشتن، چونکە دەیانوت ((سروشت بریتییە لە ژیانی ڕۆحی خۆمان، ئێمە هەستدەکەین، کە نەخشی ڕۆحیمان لە شتەکاندا ڕەنگدەداتەوە.))(حسێنی، ٢٠٠٦: ١٦٣_١٦٤).

سیمبولییەکان هەوڵیاندەدا، کە (کێش و سەروا) تێک بشکێنن و شیعر لە کۆت و بەندی ئەم هونەرە ڕزگاربکەن، بۆیە ((دەرکەوتنی ئەم جۆرە شیعرە وایکردبوو، کە ببێتە خاڵێکی

وەرچەرخان، بە جۆرێک لە شێوازە تەقلیدیەکەی هەڵبەست و کرانەوەیەکی تازە بەڕووی شیعردابێت.))(حمدان،١٩٨١:٣٠)، کاریگەری ئەم هەوڵەی سیمبولییەکان لەسەر ئەدەبییاتی ڕۆژئاوا و دواتریش لە ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتدا بەتەواوەتی دەبینرێت.

## ٢_٧_٥ ئیستاتیکا لە ئەدەبی عەرەبیی ئیسلامیدا :

مێژووی جوانیی لای عەرەب و نەتەوە ئیسلامیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام، ئەگەر چی لە شیعری پێش ئاینی ئیسلامیشدا، لە ئەدەبی عەرەبیدا گرنگیدان بە جوانی هەر هەبووە، چونکە ((شیعری پێش ئاینی ئیسلام، لەسەر بنەمای جوانی نەبووە، بەڵکو تەنها هەستێک بووە بەرانبەر بە جوانی، کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا ئەم هەستە بوونی هەیە.))(مستەفا،٢٠١٩: ٣٣)، لەپێش هاتنی ئیسلامدا هیچ سەرچاوەیەک لەبەردەستدا نییە، کە باسی بنەما و تایبەتمەندییەکانی جوانی کردبێت، بەڵام ((بە هاتنی ئایینی ئیسلام، گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە تێڕوانین بۆ جوانی و تایبەتمەندییەکانی هاتوونەتەکایەوە.)) (مستەفا،٢١٩: ٣٣).

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا گرنگییەکی زۆری بە جوانی داوە و داوا لە مرۆڤەکان دەکات، کە لە جوانییەکانی گەردون و سروشت و مرۆڤایەتی ڕابمێنن، لەبەر ئەوەی ((خوای گەورە جوانی وەک توخمێکی سەرەکی لە بنیادنانی گەردوون و بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئاین و شەریعەت دادەنێ و دەروونی ئادەمیزادیش بە باوەڕە دروستەکەیەوە جوانی بە سیفەتێکی جەوهەری لە خۆیدا دەبینێتەوە.))(حەمەساڵح،٢٠١٣، ١٧٨).

قورئانی پیرۆز زۆر بەجوانی باسی لە دروستکردنی گەردوون و سروشت و مرۆڤ کردووە، بەردەوام مرۆڤی هانداوە، تاوەکو سەرنجی ئەو جوانییانە بدات، وەکو پەروەردگار لە سورەتی (ق) ئایەتی (٦)دا ئەفەرموویت: ((أفلم ينظروا الى السماء فوقهم كيف بنيناها وزيناها وما لها من فروج)) واتە ((ئایا ورد نەبوونەتەوە لەو ئاسمانەی کە بەسەریانەوەیە! چۆنمان دروستکردووە و ڕازاندوومانەتەوە، بەجۆرێک هیچ کەموکوڕی و کەلێنێکی تێدا نییە.))(ئەمین،٢٠٠٢: ٥١٨)، ئەم گرنگیدانەی قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر کردووەتەوە، لەبەر ئەوەیە کە جوانی هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی مرۆڤ. لەم بارەیەوە ئەدۆنیس دەڵێت: ((دەقی قورئانی پرسیارەکانی بوون و ئاکار و چارەنووس، بەشێوازێکی ئیستاتیکی و هونەرییانە وەڵامدەداتەوە، بۆیە دەکرێت بە دەقێکی زمانەوانی وەسفکرێت.))(ئەدۆنیس،٢٠٠٨، ٨).

لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د.خ) باسی لە جوانی کردووە و گرنگی پێداوە و جەختی لەسەر کردووەتەوە، هەروەها پێغەمبەر (د.خ) گوێی لە شیعر گرتووە و ستایشی شاعیرانی کردووە، وەک ئەفەرموویت: ((ان من البيان لسحرا وان من الشعر لحكمة))، لێرەدا

پەیامبەرمان شیعری بە حیکمەتێکی جوان بۆمان وەسفکردووە، دەربارەی ئەم فەرموودەیە، کامل حەسەن بەسیر دەڵێت: ((ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) بەلای ئێمەوە، لە بەشی یەکەمیدا پەنجە بۆ کارلێکردنی ڕونبێژی دەکات، بە زاراوەی ئێستامان ڕوخسار (فۆرم)ی دەقی هۆنراوەیی دەگرێتەوە.))(بەسیر، ٢٠١٥: ١).

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) جەخت لەسەر جوانی دەکاتەوە کە خوای گەورەیە، بۆیە دەفەرموێت: ((ان الله جميل يحب الجمال.))(قطب،١٩٩٥: ٣٢)، شیعری شاعیرانی سەردەمی جاهیلی لەپێش ئاینی ئیسلامدا، لەلایەن (نابغة)ەوە هەڵسەنگێنراون، ((نابغة)) بەلای جێنشین (ئەبو بەکری صدیق (ڕ.خ)) باشترین شاعیربووە، چونکە شیعرەکانی نابیغە ناسک و ڕەوان و کێش و سەروادار بوونە و هۆنراوەکانی سووک و ئاوازدار بوونە و لە ڕووی واتاوە، وەکو دەریا ناوەڕۆکەکانی قوڵن.))(بەسیر،٢٠١٥: ١١٤_١١٥).

"جومەحی" شیعری بە پیشەسازییەکی بەناوبانگ داناوە و بڕوای وایە کە ((شیعر پیشەسازی و ڕێکخستنە و ئەهلی زانست وەک سەرجەم بەشەکانی زانست و پیشەسازی دەیزانین، هەیانە چاو ڕێکیدەخات، هەیانە گوێ ڕێکیدەخات، هەیانە بە دەست ڕێکدەخرێت، هەشیانە بە زمان ڕێکدەخرێت.))(الجمحي، ٢٠٠١: ٢٧).

"ئەبو عوسمانی جاحز (٧٧٦_٨٦٩ز)" فەیلەسوف و ڕەخنەگری بە ناوبانگی عەرەبە، خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی بە ناوبانگە، وەک (الحيوان، البيان والتبين، رسائل جاحظ،....) لە بەرهەمەکانیدا کۆمەڵێک بابەتی گرنگی باسکردووە، بە شێوەیەکن کە ((گرنگی زۆری بە جوانی داوە و لێیکۆڵیوەتەوە، بنەمای بۆ داڕشتووە و ئەو هەستە سەرەکییانەشی دیاریکردووە، کە ڕۆڵ دەبینن لە چێژوەرگرتن لە جوانیدا.))(مستەفا،٢٠١٩: ٣٨)، لەم بارەیەوە جاحز تێڕوانینێکی فراوانی هەیە بۆ ئیستاتیکا و تێڕوانینەکەشی بەجۆرێکە کە ((لەم تێڕوانینە ئیستاتیکیانەیدا هاوئاهەنگە لەگەڵ تێڕوانینە گشتیەکەی بۆ گەردوون و ئەو بەهایانەی کە تێیدایەتی و ئیستاتیکاش یەکێکە لەم بەهایانە.))(قطش،٢٠٠٢: ٢٠٥)، بەم شێوەیە بەلای جاحزەوە، جوانی بەهایەکی بەرزی مرۆڤایەتییە و مرۆڤ بەتەواوەتی چێژی لێدەبینێت.

"ئەبو نەسری فارابی(٨٧٤_٩٥٠ز)" یەکێکە لە دیارترین و گەورەترین فەیلەسوفەکانی ئیسلام، کە ((کاریگەری زۆری فەیلەسوفەکانی یۆنانی وەک (ئەفلاتون و ئەرستۆ)ی لەسەر بووە، هەوڵیداوە گونجاندن لەنێوان بیروڕاکانی ئەفلاتون و ئەرستۆدا بکات.))(مستەفا،٢٠١٩: ٤١)، فارابی بڕوای وایە، لاساییکردنەوە بناغەی ئیستاتیکای هونەر و ئەدەبە و دەبێتە مایەی چێژ بەخشین و خۆشحاڵکردنی مرۆڤ، لەبەرئەوەی ((لاساییکردنەوە لای فارابی جۆرێکە لە جۆرەکانی وێناکردنی هونەری، کە هونەر بابەتەکانی پێشکەشدەکات و بنەمایەکی واقیعی هەیە، کە دەبێتە هۆی خۆشبەختی مرۆڤ.))(الخوالدة و الترتوري،٢٠٠٦: ١٠٣)، فارابی بڕوای وایە، کە یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی پێکهێنانی هونەر بریتییە لە چێژی ئیستاتیکی کە

((چێژێکی ڕۆحییە و وەرگر هەستی پێدەکات، لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ وێنەی هونەریی (لاسایکردنەوە)دا و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ درکپێکردنی هەستەکان، بۆ کەرەستە نوێ و ڕازاوەکان لە وێنەدا.))(مستەفا،٢٠١٩: ٤٢)، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی فارابی هونەر بە لاساییکردنەوەی سروشت دادەنێ و ئامانجی سەرەکی هونەریش چێژگەیاندنە بە مرۆڤ .

أبو علی سینا (٩٨٠_١٠٣٧ز) یەکێکە لە بیرمەند و فەیلەسوفە ناودارەکانی سەردەمەکە، کە ((فەیلەسوفێکی عەقڵگەراییە و بنەمای تێڕوانینە ئیستاتیکییەکانی لەسەر عەقڵ داناوە و بڕوای وایە کە عەقڵ سەرچاوەی زانست و زانیارییە.))(مستەفا، ٢٠١٩، ٤٣)، ئیبن سینا بڕوای وایە کە مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی حەزی بە لاساییکردنەوەیە و چێژی لێوەردەگرێت، چونکە ئەم بڕوایەی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە، کە کردوویەتی بناغەی کار و تێڕوانینەکانی و بۆیە دەڵێت: ((لاسایکردنەوە لە مۆسیقادا لەسەر ئاواز وەستاوە، لە شیعردا لەسەر بنەمای قسە ڕاوەستاوە، بەڵام لە مرۆڤدا سروشتێکی بۆماوەییە و چێژی پێدەبەخشێت.))(الخوالدة والترتوري،٢٠٠٦: ١٠٥).

دەربارەی چەمکی جوانی لەلای بیرمەندە عەرەبەکان، دەتوانین بۆچوونی نووسەری دیاری عەرەب (تەها حوسێن) وەربگرین، کە بڕوای بەو بنەمایەیە کە دەڵێت: ((ئەدەب گوزارشت لە هەست وناخ دەکات، بەمەش پێڕەوی هیچ یاسا و ڕێزمانێک ناکات و ناتوانرێت شیکردنەوە بۆ بەرهەمەکەی بکرێت، تەنها لەڕێی هەڵسەنگاندنی ناخی ئەدیبەکەوە نەبێت.))(الشنطي،١٩٧٩: ٤٥).

لە کۆتایی تەوەرەکەدا دەتوانین بڵێین، قورئانی پیرۆز داوای گرنگیدان و ڕامانی جوانی دەکات، بەتایبەتی جوانی سروشت، نووسەر و ڕەخنەگرانی عەرەبی ئیسلامی بڕوایان وایە، کە جوانی بنەمایەکی گرنگی سەرەکی هونەرە، لەبەرئەوەی ((هونەر و ئەدەب پیشەسازین و مرۆڤ دەتوانێت، وەک هەر پیشەیەکی تر فێریبێت.))(مستەفا،٢٠١٩: ٤٣)، واتە بەم شێوەیە ئەدەب و هونەر بەڕای فەیلەسوفان و ئەدیبانی عەرەب لاسایکردنەوەی سروشتن، چونکە هەمیشە بڕوایان وابووە کە لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی سروشتەوە دەتوانرێت (ئەدەب و هونەر) بنیادبنرێت.

**٢_٧_٦ ئیستاتیکای زمان لە ئەدەبی کوردیدا:**

ئەدەبی نووسراوی کوردی سەرەتاکەی بە شیعر دەستپێدەکات، کۆنترین بەرهەمیش کە لەبەر دەستدابێت و مابێتەوە، چوارینەکانی بابە تاهیری هەمەدانییە (٩٣٥_١٠١٠ز)، کە بە شێوە دیالێکتی لوڕی نووسراوەتەوە. دواتر شیعرە ئاینییەکانی (مەلا پەرێشان)هەن، کە بە دیالێکتی (گۆران) نووسراون و مێژووەکەی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی چواردە و سەرەتای سەدەی پازدە دەگەڕێتەوە. لەبەرئەوەی سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردیمان بە شیعر

بووە، بۆیە دەستنیشانکردنی لایەنە ئیستاتیکیەکان لە ئەدەبی کوردیدا زیاتر هەر لە بواری شیعردایە، هەربۆیە ((زمانی شیعریی بنەمایەکی سەرەکی ئیستاتیکای شیعر و بواری ڕەخنەییە، کە نووسەران و ڕەخنەگران هەوڵیانداوە گفتوگۆی ئەم لایەنە لە ئەدەبی کوردیدا، وەکو بنەمایەکی ئیستاتیکی لە شیعردا بکەن.))(مستەفا،٢٠١٩: ٧٤).

زمان لە دەقی ئەدەبی کوردیدا بە درێژایی مێژوو گرنگی پێدراوە و وەکو بنەمایەکی سەرەکی جوانی دەق لە ئەدەبدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەمیشە هەوڵدراوە، کە بێژە و دەربڕین و گوزارشتەکان بکرێنە بنەمایەکی سەرەکی جوانی و چێژ بەخشین و ڕاکێشانی خوێنەر بە لای شاعیر و نووسەردا، بەمەیش شاعیر لە نووسینی دەقی شیعریدا هەرچەند لە بەکارهێنانی زماندا زیاتر سەرکەوتووبێت. ئەوەندەیش زیاتر دەتوانێت، خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، چونکە ((زمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە، لە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەردا و زمان یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە پردی نێوان خوێنەران و داهێنەرە، بۆیە بەکاربردنی وشە و بەکارهێنانی لە دەقێکدا مەرجی سەرەکییە بۆ بە دەقبوونی دەقی شیعریی داهێنەرانە.))(حەسەن،٢٠٠٧: ٢٠٠).

نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد گرنگییەکی زۆریان بە زمانی شیعریی داوە، وەکو بنەمایەکی گرنگی هەڵسەنگاندنی باشی و چاکی و بەرزی و نزمی دەقی ئەدەبی بەکاریان هێناوە، بەتایبەتی کە زمانی کوردی بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەیی بوونە، بۆیە نووسەرانیش زیاتر گرنگیان بەم بنەمایە داوە، بەم جۆرەش ((لەسەر بنەمای بەکارهێنانی وشەی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو، هەروەها بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی لە جێگای وشەکانی زمانی بێگانە، زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە.))(مستەفا،٢٠١٩: ٧٥).

(شێخ نوری شێخ ساڵح) لە وتارە(٢٥) ئەڵقەییەکەیدا، کە بە ناوی (ئەدەبیات) باسی لایەنە هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی کردووە، هەر لە سەرەتاوە جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە ((بۆ ئەوەی چێژ لە بابەتێکی هونەری وەربگرین، پێویستە بە شێوازێکی جوان و لە ڕێگای کەسێکی بەهرەمەندەوە پێشکەش کرابێت.))(ساڵح، ١٩٢٦: ٣)، بەو پێیەی کە ئەدیب(شاعیر) هەمان ئەو زمانە بەکار دەهێنێت، کە کۆمەڵگا بەکاری دەهێنێت، بۆیە شێخ نوری زۆر بەتەواوی ئامانجی خۆیی بەدەستهێناوە، لەم نووسینەیدا کە لەو وتارەدا بڵاویکردووەتەوە. هەروەها لەم زنجیرە وتارەدا ئاماژەی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی کردووە، کە بە بنەمای شیعری کلاسیکی دادەنرێت لەو سەردەمەدا.

"ڕەفیق حیلمی" لە کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا، گرنگییەکی زۆری بە زمانی شیعری داوە و زۆر لایەنی گرنگی ئەم بوارەی خستووەتەڕوو، بەتایبەتی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا، چونکە بەلای نووسەرەوە گرنگ بووە، کە شاعیرانی کورد زیاتر بایەخ بە زمانی کوردی بدەن و وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی لە شیعرەکانیاندا بەکاربهێنن و هەندێجار

ڕەخنەی ئەوەی لە شاعیران گرتووە، کە وازیان لە وشە و زاراوە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی هێناوە، لەجێیەکەی، وشە و زاراوەی بێگانەیان بەکارهێناوە، هەروەک لە شیعری (سکالایەک لەتەک مانگ)دا، ڕەخنەی ئەوە لە (بێکەس)ی شاعیر دەگرێت، کە شاعیر بەدوای وشە و زاراوەی بەهێز و پڕ بەهای مانادا نەگەڕاوە، وەک دەڵێت((ئایا بێکەس لەم شیعرە بەرزانەدا کە زادەی فکرێکی"بکر" و خەیاڵێکی وردە، گوێیەکی ئەوتۆی داوە بەصنعتی لفظ و فنی شعر؟نەء؟ چونکە بێکەس بو ئەوەی کە چەن کلمە و تعبیرێک بخاتە قالبی شعرەوە خۆی ماندو نەکردوە و ئەمانەی نەنوسیوە.))(حلمی، ١٩٤١: ٦٧)، بەڵام خۆ ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە بەرهەمی شیعری بێکەس بخوێنێتەوە، هەست بەو جیاوازییە دەکات، کە شیعرەکانی (بێکەس) لە ئاستێکی بەرزی ئیستاتیکادایە و ئەو زمانەی لە نووسینی شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، هەمان زمانی ئاسایی ناو خەڵکە بەتایبەتی خوێندەواران، بەڵام دیارە کە ڕەخنەکانی نووسەر زیاتر لە هەستێکی نەتەوەییەوەیە، ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدرێت، ئەوەیە کە ((ئەم شێوەی گۆڕینەی وشەکانی شاعیر و بەکارهێنانی وشەی دیکەی لە شوێنیان، ئیستاتیکای شیعرەکەی زیاتر دەکات.))(مستەفا،٢٠١٩، ٧٨).

ڕەفیق حیلمی لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)، درێژە بە باسکردنی گفتوگۆی زمان لای شاعیران دەدات، لە باسی (سالم)دا ئەوە دەردەخات، کە شاعیر بەمەبەستی دەرخستنی توانای شاعیریەتی خۆی وشەی بێگانەی (فارسی وعەرەبی) لەشیعرەکانیدا بەکارهێناوە، نووسەر لە شیکردنەوەی شیعرێکی کۆنی شاعیردا، چەند وشە و زاراوەیەکی فارسی دیاریدەکات، کە دەڵێت: ((ئەتوانم بڵێم کە سالم ئەم وشانەی لەبەر نەبوونی وشەی کوردی بەکارنەهێناوە، بەڵکو بەپێی لێکدانەوە و عادەتی ئەو ڕۆژە تێ ئاخنینی ئەم تەرحە و وشانە نەک بە کوردی هەتتا بە زمانی تورکی عثمانی بە هونەر زانایی ئەژمێررا.))(حلمی،١٩٤١: ٧٧)، دواتر نووسەر بەردەوام دەبێت لە باسکردنی سالمدا و نموونەی شیعری ئەهێنێتەوە، لەبەرانبەر وشە بێگانەکانی ناو شیعرەکەی سالمدا وشە ڕەسەنە کوردییەکان دادەنێت، بەڵام ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە شاعیر بەمەبەستی دەرخستنی توانای شاعیرییەتی خۆی ئەم وشە بێگانانەی بەکارهێناوە.

حلمی باس لە (شێخ نوری شێخ ساڵح) دەکات و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ((شاعیر پەیڕەوی شێوازی (تۆفیق فیکرەت)ی کردووە، لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردی و وشەی کوردی پەتی بەکارهێناوە، ، چەندین وشە و زاراوەی بێگانەشی بەکارهێناوە.))(مستەفا،٢٠١٩: ٨٦)، هەروەها (حلمی)ی نووسەر بڕوای وایە، کە ئەم وشە و زاراوانەی شاعیر بەکاری هێناون، لە لای خوێندەوارانی کورد ئاشنان و بە بڕوای نووسەر بە بێگانە ناژمێردرێن، چونکە جوانی و بەرزییان بە شیعرەکە بەخشیوە، وەک دەڵێت: ((وشە و تەعبیرەکانی وەک: سەرنگوون و بێ ئارام، یأس و ئەلەم، شکستە باڵ، ڕەهبەر،..... بە بێگانە ناژمێردرێن، جگە

لەمە ئەم وشانە جوانی و شیرینییان داوە بە شیعرەکان و ئەوەندەی کە لە ئوسلوبی کۆن دووریان خستوونەتەوە ئەوەندەش لە ئەدەبی تازە چەشکە داریان کردووە.))(حلمی،١٩٤١: ٢٠٣). لەم بارەیەوە (ئەحمەد) لە ماستەرنامەکەیدا ئەوەی خستووەتەڕوو، کە ((لای شێخ نووری شیعر شێوە و ناوەڕۆکی هاوتەریبن، مۆسیقاش بە کێش و سەروا دێتەدی کە سەرچاوەی جوانیی سازین لە شیعردا))(ئەحمەد، ٢٠١٧: ٧٦).

حلمی لە باسی (پیرەمێرد)دا گفتوگۆی شیعرەکانی دەکات و باوەڕی وایە، کە ئەم شاعیرە لاساییکەرەوە نەبووە، خۆی بە پێشەوای شاعیرانی سەردەمەکەی داناوە، بە تایبەتی لە نووسینی شیعردا بە (کوردی پەتی)، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((پیرەمێرد هەر وەکو لە شعرەکانیا لاسایی کەسی نەکردووەتەوە و بەڵکو ویستویەتی کە خۆی ببێ بە ئیمامی شاعیرە کوردەکانی ئەم عصرە، لەلایەکی تریشەوە لە شعرا کوردی پەتی تاقیکرکردووەتەوە و بۆی دەرخستوین کە زمانەکەمان زمانێکی دەوڵەمەند و شیرینە))(حلمی،١٩٤١: ٢٠٧)، بەم شێوەیە نووسەر پێیوایە، کە پیرەمێرد ئەوەی سەلماندووە، کە زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەند و شیرینە و دەتوانرێت شیعری بەرز و جوانی پێ بنووسرێت.

پیرەمێرد و شێخ نوری دوو شاعیری دیاری شیعری نوێی کوردین، کە ڕۆڵی سەرکردەییان بینیوە، لە بەدیهێنانی شیعری نوێی کوردیدا و لە ڕووی زمانەوە لەگەڵ (گۆران)دا شۆڕشێکیان بەسەر زمانی شیعری کلاسیکیدا کردووە، کە زمانێکی تێکەڵ بووە، بە وشە و زاراوەی فارسی و عەرەبی و تورکی. (حلمی)ی نووسەر لە باسی (بێکەس) و (سالم) و (کەمالی)دا((ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرێت، کە وشە و زاراوەی بێگانەیان بەکارهێناوە، لە کاتێکدا کە دەیانتوانی لە بری وشە بێگانەکان وشەی کوردی بەکاربهێنن.))(مستەفا،٢٠١٩: ٨٧).

ڕەفیق حلمی لە باسی (گۆران)دا جەختی لەسەر زمانی شیعری کردووەتەوە و ئەوەی خستووەتەڕوو، کە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی پێکهێنانی ئیستاتیکای دەق زمانە و شاعیر لە ڕێگەی وشە و زاراوەکانی زمانەوە دەتوانێت جوانییەکی بێئەندازە دابهێنێت، لەمەیشدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان زمانەکاندا نییە و زمانی کوردی ئەوەندە وشە و زاراوەی تایبەتی هەیە، کە شاعیر بتوانێت شیعری بەرز و جوانی پێ بخوڵقێنێت، وەک دەڵێت: ((بەسەر هاتی ئەستێرەیەکی گۆران کە لە سەرەتاوە باسمان کردبوو، بخوێنینەوە و سەرنجێکی باشی بدەینێ بۆمان دەرئەکەوێ، کە بە وشەی کوردی پەتی و لە واتەی ساکار بی "تەمتەراق" شیعری چەندە بەرز و شیرین دائەنری وە وێنەی خەیاڵی چەندە قووڵ و سحراوی پێ ئەکێشرێ.))(حلمی،١٩٤١: ١٣٠)، حلمی باوەڕی وایە، کە گۆران داهێنەری نووسینی شیعرە بە زمانی کوردی پەتی، بە شێوەیەک بووە، ((کە تا پێش گۆران شاعیران پێیان وابوو، کە تەنها بە زمانی کوردی پەتی و بە وشە و زاراوەی سادە و ساکاری کوردی و بەبێ پەیڕەوکردنی

بنەماکانی شیعری بێگانە شیعری بەرز ناوترێ.))(مستەفا،٢٠١٩: ٨٣)، بەڵام ڕەفیق حلمی بەم لێکۆڵینەوانەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بە زمانی کوردی پەتی دەتوانرێت جوانترین شیعری پێ بووترێت، هەروەها حلمی سەبارەت بە شیعرەکانی (گۆران) کە خۆی دەڵێت لەسەر شێوازی کۆن دانراون، دیسانەوە بە نموونەی بەرزی شیعری دادەنێت و ئەو وشە و زاراوە بێگانانەی کە شاعیر بەکاری هێناون، لە ئاست خوێندەوارانی کورد ئاشنان و بە مەبەستی جوانی و ئیستاتیکی بەکاری هێناون.

بەشێوەیەکی گشتی گۆران یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێی کوردی و شۆڕشێکی گەورەی بەسەر زمانی شیعریدا بەرپاکردووە و ((بەردەوام هەوڵیداوە، زمانە شیعرییەکەی بە وشە و زاراوەی ڕەسەنی کوردی برازێنێتەوە و دووربکەوێتەوە لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی بێگانە، لەم کارەیدا سەرکەوتوو بووە، توانیویەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی پەتی بنەمایەکی ئیستاتیکی دەقی شیعری لە سەردەمی خۆی و دوای خۆیشیدا.))(مستەفا،٢٠١٩: ٨٤). دەربارەی کاریگەری ئەدەبی بێگانە لای شاعیرانی کورد (ئەحمەد) لە بەشی دووەمی ماستەرنامەکەیدا نمونەی بۆچوونی گۆران دەهێنێتەوە، کە بڕوای وایە ((لەژێر ئەم کارییەگەرییانەی ئەدەبی بێگانەدا ئەدەبی کوردی ڕسکاوە، بەڵام بە چێژی نەتەوەیی ئاوێزان کراوە))(ئەحمەد، ٢٠١٧: ٧٨).

نووسەر بە شێوەی گشتی، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی بەستووەتەوە، بە ڕادەی بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردییەوە و لەسەر بنەمای وشەکاری و گرنگیدان بە وشەی ڕەسەنی کوردی و دوورکەوتنەوە، لە وشەی بێگانە، شیعرەکانی هەڵسەنگاندوون و پلەوپایە و ئیستاتیکای شیعرەکانی پێ دیاریکردوون و ئەو شیعرەی کە زیاتر گرنگی بە وشەی ڕەسەنی کوردی دابێت، لای ئەو جوانتر و هونەریانەترە.

(ج. ب. ڕۆژ بەیانی) لە ژمارە (٣)ی ساڵی (٥)ی گۆڤاری گەلاوێژدا، گوتارێکی بە ناوی (محمد امین بەگی جاف و تەرازووی شیعر)بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ڕەخنە لە شیعرێکی شاعیرەکە دەگرێت و کەموکورتییەکانی دەخاتەڕوو، سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی پێناسەیەکی شیعر دەکات و بڕوای وایە شیعر تەنیا وێنە و کێش و سەروا نییە، بەڵکو شیعر لەوە بەرزترە و بریتییە لە چڕکردنەوەی واتا لە قاڵبێکی جوان و بێ کەم و کوڕی لە داڕشتن و زماندا، پێویستە شاعیر لەمەدا دەستێکی باڵای هونەری هەبێت، بۆ ئەوەی دەقەکەی ئاستێکی ئیستاتیکی باڵای هەبێت، وەکو دەڵێت: ((شیعر وە نەبێ هەر وێنە بێ لە بەرانبەری پارچەکان و لە هاوسەنگی تار و خنجی قافیەکان و هیچی ترا، بەڵکو لەوە بەرزتر توانەوەی شیشی تەلای پاقژ و خاوێنی معنی لە بۆتەی بیر و مێشکی خاوەن هەستدا.))(ڕۆژ بەیانی، ١٩٤٤: ٥١).

(ج. ب. رۆژ بەیانی) لەم گوتارەیدا ((ئیستاتیکای دەقی شیعری بەستووەتەوە بە وردی لە بەکارهێنانی زمانی شیعریدا و بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمان لە شوێنی خۆیاندا، گەیاندنی واتای گونجاو و بوونی پەیوەندی لۆژیکییە لەنێوان دەربڕین و واتاکەیدا.))(مستەفا،٢٠١٩: ٩٥)، بە بڕوای ئێمەیش ئەم تایبەتمەندییانە بەشێکی سەرەکی پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعرین و پێویستە شاعیران گرنگیان پێبدەن، چونکە کارامەیی لە هەڵبژاردنی وشە و کەرەستە ڕێزمانییەکان لە شوێنی خۆیاندا بەرانبەر بە واتای بەهێز و کاریگەر، چێژی شیعر بەهێز دەکەن و خوێنەر ئالۆدەی چێژبەخشین بە شیعرەکانیان زیاتر دەکەن.

(حسێن حوزنی موکریانی) لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا وتارێکی بە ناوی (نیانی و ئاشکرایی هەڵبەست) بڵاوکردووەتەوە و تێیدا بە شێوەیەکی گشتی قسە لەسەر شیعر دەکات، تێیدا سەرەتا باسی بنەماکانی شیعر دەکات و باسی ئەو ئەزموون و هەستانە دەکات، کە لە لای شاعیر پەیدا دەبێت، پاشان بە شێوازێکی هونەرمەندانە لە بۆتەی وشەی ناوازە و پەنهان و ئاوازداردا دایدەڕێژێت و شیعرێکی جوانی لێ بەرهەم دەهێنێت، وەکو دەڵێت: ((ئەو هەستە لەنێو دەرونی نیانی بوێژدا دێ و دەچێت، دەخرێتە قاڵبی بە ئەندازەوە، ئەو جا بیرەوەری دەیخاتە وتەیەکی ئەو تۆوە کە بۆ ئاوازە_ وێچون، توندی_سواری،....)) (حوزنی موکریانی، ١٩٤٦: ٦٠٠). بە بڕوای ئێمەیش بۆچوونەکەی نووسەر دەربارەی شیعری کوردی لە جێگای خۆیدایە، لەبەرئەوەی کە ((شیعری فۆلکلۆری کوردی و شاعیرانی میللی، شیعرەکانیان سادە و ئاسانە و ئەو وشە و زاراوانەی بەکاری هێناون لێی تێگەیشتوون و لە هەمان کاتدا دەقەکانیان خاوەن ئیستاتیکا و جوانین، لە کاتێکدا شاعیرانی کلاسیک شێوازێکی قورس و ئالۆزیان هەبووە و بە دوای وشە و زاراوەی تایبەتدا گەڕاون، کە ئەم شێوازە یەکێک بووە لە بنەما ئیستاتیکیەکانی دەقی شیعری کلاسیک و شیعرەکان تەنها بۆ چینی خوێندەواران بووە و ئەم چینە لێی تێگەیشتوون.))(مستەفا،٢٠١٩، ٩٧).

"عەلائەدین سەجادی" لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، گرنگییەکی زۆری بە زمانی شیعری داوە، لەم بارەیەوە ڕای خۆی پیشانداوە، کە هەمیشە بڕوای وابووە کە (( وشە و زاراوەکانی زمان گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پێکهێنانی ئیستاتیکای شیعردا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم وشە و زاراوانە دەبێت واتایەکی بەرزیان هەبێت، شاعیر دەبێت بە دوای ئەو وشانەدا بگەڕێت کە جوانن و واتای جوانیشیان هەبێت.))(مستەفا،٢٠١٩: ٩٧)، لەبەرئەوەیە کە نووسەر بڕوای وایە کە واتا گرنگترە لە زمان، چونکە وشە هەیە بە ڕواڵەت جوانە، بەڵام واتایەکی ناشیرینی هەیە یان مانا نابەخشێت، بۆیە پێویستە شاعیر لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکاندا بەوریاییەوە مامەڵە بکات، وەک دەڵێت: ((ئەدەبی قەومێک وەکو تەماشای جوانی وشەکەی ئەکرێ تەماشای بەرزی مەعناکەی زۆرتر ئەکرێ، نەک هەر ئەوندە بەڵکو ئەدەب

تەنیا مەعنایە، چونکە وشە بەو مەعنایە. گەلێ وشەی وا لە هەمو زمانێکا هەیە لە ڕواڵەتا سەیر ئەکەی کە پیاو ئەیڵێت بە جوان دێتە بەر چاوی بەڵام کە سەیر ئەکەی هیچ مەعنایەک نابەخشێ و بە پڕوپوچ دائەنرێ، شعر بۆیە پێی ئەڵێن ئەدەب چونکە مەعنای بەرز و خەیاڵی وردی تێدایە، کەوا بوو هەرشتێک ئەو بەرزیەی تێدابوو ئەوە ئەدەبە.))(سەجادی،١٩٥٢: ١٢٢). واتە سەرباری گرنگیدانی سەجادی بە زمانی شیعریی، لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو وشە و دەربڕینانەی کە دەقەکانییان پێ دەنووسرێت، چێژ بەخش و جوان و کاریگەربن و زوو بچنە دڵەوە و کاریگەرییان لەسەر هەست و سۆزی خوێنەر هەبێت و خوێنەر ئالللدەی چێژ بەخشین بە دەقە شیعرییەکە بکات.

نووسەر لە باسی (نالی)دا ئەوە دەخاتەڕوو، کە (نالی) گرنگی زۆری بە (وشە)داوە و خۆی زۆر ماندووکردووە، بۆ ئەوەی وشەی جوان و ئاوازدار بدۆزێتەوە، لەم بوارەدا نووسەر (نالی) بە (لاڤونتین)ی فەڕەنسی دەشوبهێنێت، کە دەڵێت: ((بەشێکیان ئێجگار خۆی بە وشەوە ماندوکردووە بو ئەوە بە دەنگی زەنگی وشەکانی گویی بزرنگینیتەوە، ئەم بەشەیان نالی یەکێکە لەوانە، گوایە گەڕاوەتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم بۆ (شامپانیا) لە فەرەنسە بۆلای لاڤونتینی شاعیر، یا ئەو هاتووەتە خاکو خۆڵ بۆ لای نالی.))(سەجادی،١٩٥٢: ١٣٩)، هەموو ئەم وشانەیش دەرخەری ئەو ڕاستییەن و ئەوە دەسەلمێنن، کە ((نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە گرنگی زۆری بە وشە و زاراوەکان داوە، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی وشەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و شوێنی بەکارهێناندا داهێنانی کردووە و ئەم دیاردەیە یەکێک لە بنەما ئیستاتیکییەکانی شیعرەکانی پێکهێناوە.))(مستەفا،٢٠١٩: ٩٨)، هەروەک چۆن نالی چەشنی شانازیکردنی خۆی بە وشە شیعرییە پڕبەهاکانی لە چەندین شوێندا دەردەبڕێت، ئەم دێڕەش نموونەی توانای شاعیر لەم بوارەدا دەردەخات، کە دەڵێت:

**((نالی)) نییەتی سیحری بەیان، حیکمەتی شیعرە**

**ئەمما نییەتی قووەتی دڵ، قودرەتی ئینشا** (نالی، ١٣٦٤: ١٤)

واتە: نالی لێرەدا بە ئاشکرا مەبەستی لە جوانی و دەربڕینی وشەی ئیستاتیکی پڕ لە مانای بەهادار و جوانە، کە چەشنی سیحربێ و خەڵکی سەرسام بکات بە حیکمەتی شیعر، هەروەک مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بە (هەڵبەستی پڕ لە مانا و زانست) ناوی دەبات، کە دەڵێت: ((نالی دەستی داوەتە شیعر وتن، کە بە نیازی شیعری جوان و پڕبەها و بەتوێکڵ و مەعنا بڵێ))(مودەریس و عەبدولکەریم،١٣٩١: ٧٥)، هەروەها لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**((نالی)) عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا**

**مەعنای زۆر و گەورە بە لەفظی کەم و بچووک** (نالی، ١٣٦٤: ٢٦٠)

ئەم چەشنە شانازیکردنەی نالی لە نووسینی دێڕە شیعرەکانیدا، بەڵگەی ئەوەن کە شاعیر زۆر لێهاتووانە و سەرکەوتووانە، توانیویەتی بەسەر هونەری جوانی شیعردا (ئیستاتیکا)دا

سەربکەوێت، کە ئەوەیش لە ئاکامی بەکارهێنانی وشەی زمانی سادە و ئاشنا بە خوێنەر، وە بەهێزی و کاریگەری وشەکان لەڕووی ماناوە، بەشێوەیەکە کە (نالی) توانیویەتی بە کەمترین وشە زۆرترین واتای جوان و پڕبەها دەرببڕێت. کە لێرەدا وەک مامۆستا مودەریس ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: ((لە هەردوو حاڵەتەکەیدا بۆ هەڵدان بە شان و باڵی ڕەوانبێژی و بیری وردی جوانی نالیدا هاتبووە دەنگ))(مودەریس و فاتیح عەبدولکەریم، ١٣٩١: ٢٦٩).

سەجادی لە باسی (مەلای جزیری)دا ئەوە دەردەخات، کە ئەم شاعیرە لە بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنیدا لە لووتکەدا بووە، ئەگەرچی زمانی شیعرەکانی تێکەڵ بە وشەی عەرەبین، واتە ((نووسەر بەرگری لێدەکات و بەکارهێنانی ئەو وشە عەرەبییانە، بە شتێکی ئاسایی دادەنێت و بە ڕەچەشکێنی بەکارهێنانی زمانی کوردی داناوە.))(مستەفا،٢٠١٩: ٩٨)، ئەمانەیش بەڵگەی ئەوەن کە شاعیر توانیویەتی وشەی بێگانە بەکاربهێنێ، بۆ مەبەستی جوانی و دەرخستنی توانستی خۆیەتی لە خستنە ژێر ڕکێفی زمانی بێگانە، بۆ دەرخستنی لایەنی جوانی شیعرەکانی خۆی.

سەجادی لە باسی شیعرەکانی (ئەدەب)ی شاعیردا، ئەوە دەخاتەڕوو، کە شیعرەکانی سادە و ڕەوان و پڕ بەهان و لە ئاستێکی بەرزی ئیستاتیکی و جوانیدان، لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی بێ کەم و کوڕی نین، بەڵکو هەندێ وشە و زاراوەی بەکارهێناوە لەشیعرەکانیدا کە لەجێگای خۆیاندا نین، بەڵکو دروستکراوی خۆیەتی وەک دەڵێت: ((شیعری ئەدەب هەتا بڵێیت رەوان و ئاودارە، ئەم ریچکە غەرامە و ئەم وشانە بەو سادەییە ئەم وتونی شاعیرەکانی تر ئەوەندە ڕێیان پێ نەبردوە لەگەڵ ئەمەش ئەبێ ئەوە بزانین کە شیعرەکانی لە هەندێ شوێنا خاڵی نین لە وشەی دەست هەڵبەست.))(سەجادی،١٩٤١: ١٧١).

(محەمەد رەسول هاوار) گوتارێکی بەناوی (شیعر و شاعیرەکانمان) لە (رۆژنامەی برایی) بڵاوکردووەتەوە، کە سەبارەت بە شیعری کوردییە، تیایدا نووسەر دەرباری حاجی قادری کۆیی بڕوای وایە، کە ئەم شاعیرەمان وەک شاعیرانی پێش خۆی بە دوای وشە و زاراوەی قورس و گراندا نەگەڕاوە، بەڵکو شاعیر زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆکی شیعرەکانی داوە و هەوڵیداوە مەبەستەکە بگەیەنێتە خوێنەری کورد، بۆیە خۆیی دان بەوەدا دەنێت، کە لەنگی لە شیعرەکانیدا هەیە، چونکە مەبەستی لەم جۆرە شیعرانەی وشیارکردنەوەی خەڵکە، بۆیە نووسەر لەم بارەیەوە دەڵێت:((حاجی قادری کۆیی لە شیعرەکانیدا پەتی کلاسیکی ئەپچڕێنێت و وەکو شاعیرەکانی بەر لە خۆی و دەورووپشتی خۆی هەوڵی ئەوە نادات، شیعری ئاڵۆزکاو و قورس و وشەی توێکڵدار بەکاربهێنێت.))(هاوار، ١٩٦٨: ١٢١_١٢٣)، ئەمانەش تێکڕا هۆکارن بۆ ئەوەی کە یەکێک لە سیما هەرە دیارەکانی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی، بەکارهێنانی زمانی سادەی خەڵکە و وشە و زاراوەی سادە و ئاسانە، هۆکاری ئەمانەش ئەوەیە کە (( تاوەکو خەڵک بتوانن لە مەبەستەکانی تێبگەن، چونکە ئامانجی سەرەکی شیعر

لە لای شاعیر، بە پلەی یەکەم هۆشیارکردنەوەی خەڵکە، پاشان بەرجەستەکردنی جوانی و بەرهەمهێنانی ئیستاتیکا.))(مستەفا،٢٠١٩: ١١١).

دەتوانین بڵێین، کە شاعیرانی کورد هەر لە سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کوردییەوە، کە لە شیعرەکانی بابە تاهیری هەمەدانییەوە دەستپێدەکات، تاوەکو دەگات بە مەولەوی و شاعیرانی دەوری بابان (نالی و سالم و کوردی) و شاعیرانی نوێی شیعری کوردی (شێخ نوری شێخ سالح و پیرەمێرد و گۆران) و شاعیرانی ڕوانگە و تەنانەت شاعیرانی قۆناغی نوێ و هاوچەرخیش گرنگییەکی زۆریان بە وشە ڕازاندنەوە و بەچەند جۆر بەکارهێنانی مانای وشە و بەکارهێنانی وشەی بەهێز و پڕ بەهای ئیستاتیکی بەرز بوونە، بەشێوەیەک کە لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ژیاندا، شیعرەکانی ئەمانیش بە زیندوویەتی و بەهێزی و کاریگەر بمێننەوە، چونکە هۆی بەهێزی و زیندویەتی مانەوەی ئەم بەرهەمانە، بۆ بەهای بەرزی ئیستاتیکی بەتایبەتی زمانی شیعریی بەرهەمەکانیان دەگەڕێتەوە.

لە کۆتایی تەوەرەکەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە لێکۆڵەران و نووسەرانی ئەدەبی کوردیمان، هەرچەندە سەرنج و ڕەخنەکانیان دەربارەی بەرهەمی شیعری شاعیرانی کورد خستووەتەڕوو، لەگەڵ هەموو ڕەخنەکانیاندا ئەوەیان خستووەتەڕوو، کەوا ڕەخنەکانیان هەمیشە ڕەخنەی بنیادنەرن، نەوەکو مەبەستیان ڕەخنەی ڕوخێنەربێت، یان مەبەستیان بە کەم سەیرکردنی بەرهەمی شیعری شاعیران بێت، کاتێک کە سەرنج و تێبینی و توانجەکانیان دەربارەیان خستووەتەڕوو، دیارە هەموو ئەمانەیش لە ئاکامی دڵسۆزی و خەمخۆرییان دێت، دەربارەی ئەدەبی کوردی و بەرهەمی شیعری شاعیرانی کورد، کە مەبەست لێی دەوڵەمەندکردن و بە پێزکردن و تۆکمەکردنی بەرهەمەکانیان بووە، تاوەکو بەهایەکی بەرزی ئیستاتیکایان تێدا بدرەوشێتەوە، نەوەکو بە کەم سەیرکردن و بێ نرخکردنی بەرهەمانیان بێت، دیارە ئەمانەیش لەئەنجامی دڵسۆزی و خەمخۆری لێکۆڵەران و نووسەرانی بواری ڕەگەزی شیعرە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بە زیندوویی و بەهێزی بمێنێتەوە، لەهەمان کاتدا بۆ ئەوەی پڕ خوێنەر و چێژبەخش بن، هەروەها لە لایەن خوێنەر و گوێگرانەوە بەرهەمەکانیان بە گەوهەرێکی درەوشاوە سەیربکرێت و هیچیان کەمتر نەبێت لە بەرهەمی شیعری شاعیرانی ناوداری جیهانی و تەنانەت هەندێجاریش شاعیرانی بەرزی ناوخۆیش، کە زۆرجار لە لوتکەی بەهاو نرخ و ئیستاتیکادا دەدرەوشێنەوە.

## ٢_٨ چەمکی زمانی شیعریی لە سەردەمە جیاوازەکان:

### ٢_٨_١ زمانی شیعر لای یۆنان:

بەپێی ئەو بنەمایەی کە شیعر هونەرێکە کەرەستەکەی زمانە، بۆیە دەتوانین لەم بوارەدا سەرەتاکانی گرنگیدان بە زمانی شیعریی بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی یۆنانیەکان و ڕاو بۆچوونەکانی ئەفلاتون، بەشێوەیەک کە ئەفلاتون لە ڕوانگەی تیۆری ڕەوشتییەوە دەیڕوانییە شیعر و پێوەری ئەفلاتون بۆ شیعر بەپێی ڕادەی سوودە زانستی و ڕەوشتییەکە بووە، کە شیعر دەتوانێت بە خەڵکی بگەیەێت، هەر ئەمەشە وایکردبوو کە هەڵوێستی بەرانبەر بە شیعر و شاعیران توندبێت، چونکە ((بەڕای ئەفلاتون شیعر زمانی هەستە و سۆز دەوروژێنێت و مرۆڤ والێدەکات کە لە عەقڵ دووربکەوێتەوە، هەروەها ئەو کاریگەرییەی کە شیعر هەیەتی لەو داڕشتن و زمانە تایبەتییەوە دێت کە شیعر هەیەتی))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٤). بەمەیش ئەگەینە ئەوەی کەوا بەلای ئەفلاتوونەوە شاعیر لە ئاستێکی بەرزتر و بالاتر و تێگەیشتووتر نییە لە دەوروبەرەکەی خۆی، بەڵکو لە ئاکامی شارەزابوونی لە ژینگە و دەوروبەری خۆی کاری شاعیریەتی بە ئەنجام دەگەیەنێت. ئەمەیش وادەکات کە ئەفلاتون تێڕوانینی بۆ شیعر بەشێوەیەک بێت وەک خۆی دەڵێت: ((شاعیر لە ڕێی لاسایکردنەوە بە وشە و ڕستەکانی کار لە کەسانێک دەکات، کە لە خۆی نەزانتر نین، بەبێ ئەوەی هەست بە ئاکامەکانی ئەو کارەی بکات. هەروەها ڕووە ڕاستەقینەکەی شیعر ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە قاڵبە شیعرییەکەی لێ دابماڵێ و بیگۆڕێت بۆ پەخشان.))(أفلاطون، ١٩٧٤: ٥٥٦)، کەواتە ئەو قاڵبە شیعرییەی کە تایبەتە بە بەکارهێنانی زمانەوە دروستدەبێت، چونکە پەخشانیش هەر زمان بەکاردەهێنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە تایبەتمەندی شیعری نییە وەکو تایبەتمەندییەکانی (کێش و سەروا و.....) لە بەکارهێنانی زماندا، بۆیە نابێتە شیعر.

ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)ەکەیدا بەوردی لە کاریگەری زمانی تراژیدیا دەدوێت و گرنگی پێدەدات، لە ((هونەری وتار _ ریتۆریکا)دا ئەرستۆ کۆمەڵێک ڕێ وشوێن و تێبینی باسکردووە، سەبارەت بە چۆنییەتی ڕێکخستنی ڕستە و بەکارهێنانی خوازە و خواستن، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری بەسەر گوێگرەوە.))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٤). لێرەدا ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت، ئەوەیە کە ئەرستۆ گرنگی زۆریداوە، بە شێوازی زمانی شیعر و ڕەوانی زمانەکەی بۆ کاریگەریەتی زیاتر و باشتر گەیاندنی پەیامەکەیەتی بە خوێنەران لەلایەن نووسەرانەوە. هەر سەبارەت بە زمان و شێوازی شیعر، ئەرستۆ بەوە شیعری لە وتار جیاکردووەتەوە، کە لە شیعردا شاعیر درێژە بە وەسفکردن دەدات، بەڵام لە وتاردا ئەمە ڕوونادات، چونکە ئەگەر لە وتاردا ئەمە ڕوویدات، ئەوا ساردی لە شێواز و زمانی وتاردا دروستدەکات، بەڵگەیشمان بۆ ئەم مەبەستە ئەو دەربڕینەی خۆیەتی کە لەم بارەیەوە

دەڵێت: ((لە شیعردا ئاساییە لە بارەی سپێتی ماست بدوێین، بەڵام لە وتاردا ئەو وەسفکردنە پێویست نییە.))(ئیبراهیم، ٢٠١٢، ١٤).

ئەرستۆ لە بارەی زمانی شیعرەوە لە فەرهەنگ و ڕەوانبێژی دواوە، دواندنەکەیشی بەجۆرێکە کە زمانی کێشداری نەکردووتە مەرجی شیعر، هەروەک لە کتێبی (هونەری شیعرەکە)یدا دەڵێت: ((ئەگەر یەکێک باسێکی پزیشکی، یان باسێکی فیزیکی بە شیعر دابنێت، ئەوا خەڵک بە شاعیر ناوی دەبەن، هۆمیرۆس و ئیمپی دوکلس لە کێش و سەروا بەولاوە هیچیان لە یەکتری نەچووە، بۆیە وا ڕاستە یەکێکیان بە شاعیر و ئەوی تریان بە لێکۆڵەرەوەی سروشتی نەک شاعیر ناو ببردرێت.))(هۆراس، و: حەمید عەزیز، ٢٠٠٥: ٢).

## ٢_٨_٢ زمانی شیعر لای ڕۆمانەکان:

سەبارەت بە گرنگیدان بە زمانی شیعر لای ڕۆمانەکان، بۆچوونی چەند بیرمەندێکی پێشینەی ڕۆمانە کۆنەکان وەردەگرین. یەکێک لەو بیرمەند و فەیلەسوفانە (هۆراس)ە کە لە بواری زمانی شیعردا گرنگییەکی زۆری داوە بە (وشە)و ئاگاداری شاعیران دەکاتەوە، کە وشەکانی سڕ و مردوو نەبن، بەڵکو وشەکان هەمیشە زیندووبن و وشەی نوێ و واتادار بهێننە ئاراوە، بە جۆرێک کە((کاتێک ئەرکی شیعر دەربڕین و ڕوونکردنەوەیە، دەبێت وشەکانیش بەردەوام زیندوو و پڕ واتابن، لەم بوارەدا زمان بە دار دەچوێنێت و وشەکانیش بە گەڵای دار دەچوێنێت، کە بە درێژایی ساڵەکان بەردەوام گەڵای دەوەرێت و گەڵای نوێ دەگرێتەوە، بەم جۆرە پێویستە شاعیر بە دوای وشەی نوێ بگەڕێت و وشەکانیشی بە شارەزایی و وەستایی لە ڕستەکاندا بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی شیعرەکەی بەرزو جوان بێت.))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٦).

ڕەخنەگرێکی دیکەی ڕۆمان کە باسی لە زمانی شیعر کردووە، ڕەخنەگری ڕۆمانی (کۆنتلیان)*ە، کە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا ژیاوە، بەڕوونی باسی هەندێ لایەنی کاریگەری زمانی کردووە لە ئەدەبدا، وەک ڕەوانی و ناسکی وشەکان و گونجاندنی وشە و واتاکان، لەم بارەیەوە دەڵێت:((دەقە ئەدەبییەکان بەوە لە یەکتری باشترو جوانتردەبن، کە خاوەنەکەیان چەندە توانای یاریکردنی هەیە بە کەرەستەی دەق کە وشەکانن.))(خلیل، ٢٠٠٢: ٥٩)، لەم بۆچوونەی کۆنتلیاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بۆ پاراوی و کاریگەری دەقی ئەدەبییە، گرنگیدانە بە هونەری ڕەوانبێژی وەک هونەرێکی کردەیی قسەیی لە دەقی شیعریدا، کە ئەمەش بۆخۆی گرنگیدانە بە زمانی شیعرەکە.

---

*کۆنتلیان(کۆنتلین)(٩٠_٢٣٥ز): ناوی‌تەواوی (مارکوس فابیوس کونتیلانوس)ە، ڕەخنەگرێکی ڕۆمانییە لە بواری ڕەوانبێژیدا خاوەنی کتێبی (مەشقی وتارخوێن)ە، یەکەم کەسە کە قوتابخانەی بۆ خوێندنی ڕەوانبێژی داناوە، بڕوانە (لیلیان هیرلاندز و آخرون،١٩٨٦: ٢٦١).

یۆنان و ڕۆمانەکان لە باسی زمانی شیعریدا، گرنگیان بە شێواز و ڕەوانبێژی داوە، بە جۆرێک کە ((شێواز بەو واتایەی کە شاعیر چۆن ڕستەکانی دەردەبڕێت، بۆ ئەوەی کاریگەربن و لە بواری درامادا چۆن زمانی چینەکان بپارێزێت، ڕەوانبێژیش بە واتای هەڵبژاردنی وشەی کاریگەر و بەکارهێنانی خوازە و خواستن و هونەرەکانی ڕەوانبێژی.)) (ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٧)، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە بناغەی پتەوی بایەخ پێدانی لێکۆڵەرەوانی یۆنانی و ڕۆمانی سەبارەت بە زمانی شیعر، بریتی بووە لە بایەخدان بە هونەری ڕەوانبێژی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەی بەپێز و پڕ مانا و خوازە و خواستنیش لە دیارترین هونەری پڕ بایەخی ئەوان بوونە.

### ٢_٨_٣ زمانی شیعر لای شاعیر و ڕەخنەگرانی عەرەب:

شاعیر و ڕەخنەگرانی عەرەب گرنگییەکی زۆریان بە زمانی شیعریی داوە، ئەمیش لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەلایانەوە شیعر سەنعەتێکە و کەرەستەکەی زمانە. بەمشێوەیە هەوڵی پاراوکردن و پوختەکردنی زمانی شیعرییان داوە و لە هەمان کاتدا گرنگییەکی زۆریان بە دروستکردنی واتا داوە، چونکە خاوەنی ئەو باوەڕەن، کە ((واتا گیانی شیعرە و لە وشەدا هەڵدەگیرێت، لەبەرئەوە وشە گرنگی خۆی هەبووە. شیعری چاک پێویستی بە بەکارهێنانی وشەی گونجاو هەبووە بۆ مەبەستی دیاریکراو، واتە باشترین وشە لەنێو هاوواتاکانی خۆیدا هەڵدەبژێرێت و بەوردی مەبەستی شاعیر بگەیەنێتە بەرانبەرەکەی)) (ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٧)، لەم بۆچوونەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بەشێکی زۆری شاعیرانی کۆنی عەرەب بە شاعیری سەنعاتکار ناوبراون، چونکە شاعیرانی سەنعاتکار کە پیشەیان کاری شیعر نووسین بووە، جاری وا هەبووە کە شیعرێکیان نووسیوە بەشێوەیەک هەندێجارساڵێک بە دانانییەوە خەریک بوونە، کە بە (حولیات) ناویان دەرکردووە. لەبارەی ئەم جۆرە شیعر نووسینەوە (جاحز)ی بیرمەندی عەرەب لە کتێبی(البیان والتبین)دا دەڵێت: ((سەرچاوەی شیعرییەت تەنها واتای دەربڕینەکان نییە، بەڵکو شیعرییەت لە (نەزم)ەوە سەرچاوە دەگرێت و گرنگییەکەی لە هەڵبژاردنی وشە و هەناسە درێژی و دووربینی شاعیرەکەدایە))(هلال، ١٩٨٢: ١٥٦). بەم جۆرە زمانی شیعر لای نووسەرانی عەرەب زمانێکی (نەزم) دارە، چونکە ((بابەتی (نەزم) لای ڕەخنەگرانی عەرەب، کە کاتێ باسی لێدەکەن، باس لە پەیوەندییە سینتاکسیەکانی ڕستە دەکەن، کە بە واتا و جوانکاری واتاییەوە دەیبەستنەوە))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٨)، ئەمەیش دەمانگەیەنێتە ئەو دۆخەی کە بگەینە ئەو ڕاستییەی، کەوا پەیوەندی و یاسا زمانییەکان بەمەبەستی دروستکردنی ئیستاتیکای زمانی بەکارهێنراون.

لەناو نووسەر و ڕەخنەگرانی عەرەبیدا گەلێک نووسەری دیکە هەبوونە، کە دەربارەی زمانی شیعریی دواون و ڕاو و بۆچوونی جیاوازییان دەربارەی گرنگی زمانیی شیعریی

خستووەتەڕوو، وەکو (قودامەی کوڕی جەعفەر)*، کە لە کتێبی (نقد الشعر)دا، بەو شێوەیە پێناسەی شیعر دەکات، کە دەڵێت: ((قسەیەکە کێش و سەروای هەیە و واتایەک دەگەیەنێت)) (بەسیر،١٩٨٣: ٢٤). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی شیعر مەرجی مۆسیقای ناوەوە و دەرەوەی لە کێش و سەروا بۆ زیاد دەبێت. سەربارى ئەمەش (قودامە) کاتێک لە واتای شیعر دەدوێت، بەڕای ئەو ((واتا بە کەرەستەی شیعر دادەنێ و شیعر بەو وێنەیە دادەنێ کە بە کەرەستەی (واتا) دروستدەکرێت.))(بەسیر،١٩٨٣: ٢٤).

لە دوای قودامەی کوڕی جەعفەر، بیرمەندێکی دیکە بە ناوی (عەبدولقاهری جورجانی)، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە (نەزم) دەخاتەڕوو، کە دەڵێت: ((واتا وەکو بۆیەیە کە نەخش و نیگاری پێ دروستدەکرێت، چۆن کەسێکی شارەزا لە ڕێژەی تێکەڵکردنی بۆیەکان و شارەزا لە بەکارهێنانیان، نەخش و نیگارەکەی جوانتر و ناوازەترە لە نەخش و نیگاری کەسێکی نەشارەزا، شاعیرەکانیش بە هەمان شێوەن لە بەکارهێنانی واتاکانی (نەحو) کە بەرهەمی (نەزم)ن.))(الجرجاني، ١٩٨٤: ٨٧)، کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونەی جورجانی هەر شاعیرێک کە شارەزایی لە بەکارهێنانی (نەزم) هەبێت، ئەوا شیعرەکەی جوانتر و ڕازاوەترە لەو شاعیرەی کە شارەزای لەم هونەرە نییە، هەروەها (نەزم)یش هونەرێکە لەڕێگای ڕێساکانی زمانەوە شیعر دروستدەکات.

شارەزایانی ئەدەبی عەرەبی و نووسەر و ڕەخنەگرە عەرەبەکان، بەهۆی شارەزاییان لە زمانی قورئانی پیرۆز و ئاگاداربوونیان لە کلتوری ڕەخنەیی یۆنانی و ڕۆمانی وایکردووە، کە هەوڵەکانیان لە بارەی زمانی شیعردا، فراوانترو بەربڵاوتربێت، وەک لە هەوڵی یۆنانیەکان لەم بوارەدا، کە هەموو ئەمانەیش تێکڕا هۆکاربوون بۆ ئەوەی کلتورێکی دەوڵەمەندی ڕەخنەیی لە ئەدەبی عەرەبیدا بێتە ئاراوە.

**٢_٨_٤ زمانی شیعری سەردەمی ڕێنیسانس:**

لە سەردەمی (ڕێنیسانس)دا بوارێکی گرنگ هاتە ئاراوە لەناو زمانی شیعردا، ئەویش بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی و نەتەوەیی بوو، بە جۆرێک کە ((ڕابەری ئەم نوێگەرییە لەم بوارەدا (دانتی)یە، کە داوایکرد ئیتر شیعر بە زمانی نەتەوەیی بنووسرێت و شاعیران واز لە زمانی لاتینی بهێنن، لەم بارەیەوە (کۆمیدیای ئیلاهی) نووسی، کە بە کۆمیدیای یەزدانی ناسراوە و بە زمانی ئیتاڵی بەشێوەی زمانی تۆشکایی نووسیویەتی.))(حوسێن، ٢٠٠٧: ١٤)، لە نامەکەدا کە بۆ(کان گراندێ دێلا سکالا)ی نووسیوە، لە پێشەکی بەشی سێیەمی بەرهەمە

* قودامەی کوڕی جەعفەر((قدامە بن جعفر بن قدامە بن زیاد البغدادي، ناسراوە بە(أبوالفرج)، کتێبی (نقدالشعر)ی هەیە(٢٧٥_٣٣٧ک)ی ژیاوە، کە کاریگەری یۆنانیەکانی پێوە دیارە)) (معلوف و توتل، ١٩٧٣: ٥٤٦).

کۆمیدیاکەیدا دەڵێت: ((ئەو زمانەی خەڵک پێی دەدوێن- زمانی عەوام، باو، یان خۆماڵی، زمانێکی جوان و شایانە بۆ نووسین.))(یەعقووبی،٢٠٠٧: ٥٧)، ئەم نووسراوە دەرخەری ئەوەیە کە دانتی بەئاشکرا داوای بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی لە نووسینی شیعردا و دوورکەوتنەوە لە زمانی لاتینی چەقبەستووی کەنیسە دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەمەیشدا بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی و بە یەکسان زانینی زمانەکان، تەنها لە لای دانتی دەرنەکەوت، بەڵکو چەندین ڕەخنەگریی دیکەیش لەو سەردەمەدا هەبوون، کە پاڵپشتیان لە داواکەی دانتی دەکرد، لەوانەیش وەکو ((پ.پۆمپۆناتسی (pomponazzi.p کە یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە باوەڕی وابوو، تەواوی زمانەکان لە بایەخ و پلەو پایەدا وەکو یەک بەهرەمەندن، لە گواستنەوەی هەستی مرۆڤ و دەربڕینی مەبەستەکاندا هەمان توانایان هەیە. هەموو زمانەکان وابەستەی یاسای تایبەت بە خۆیانن.))(صفوی،١٣٧٧: ٤٢).

لە ئەنجامی ئەم هەوڵانەی سەردەمی ڕێنیسانس، ئیتر زمانی لاتینی نەبووە زمانی فەرمی ئەدەبیات، بەڵکو زمانە نەتەوەییەکان لە جیاتی ئەو زمانە گەشەیان کرد. بەمەش زمانی شیعر سیمای نەتەوەییبوونی پەیداکرد، واتە سەرباری ڕەخنە نەتەوەییەکانی تر کە لە بارەی زمانی شیعریەوە هەبوون، بەڵام وەکو بنەما و هەستی نەتەوایەتی سەیری زمانی شیعریی دەکرا.

## ٢_٩ زمانی شیعریی لە سەدەی بیستەمدا:

### ٢_٩_١ زمانی شیعری لای (دادایی و سوریالیزمەکان):

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گۆڕانکاری بنچینەیی لە زمانی شیعردا هاتە ئاراوە، بە جۆرێکی وەها کە ((گۆڕانکاری بنچینەیی زمان لە ڕووی ڕێزمان و فەرهەنگ و ڕێنووس، لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەسەر دەستی شاعیرە دادایی و سوریالیەکان دەستی پێکرد، ئەو شەڕە جیهانییەی کە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤ و ژیان نەهێشتەوە، بوو بەهۆی ئەوەی کە شاعیران لە هەموو پێوەرێک یاخی ببن، هیچ یاسایەک نەما و هیچ هێڵێکی سوور لەبەردەم زمانی شیعردا نەما))(ئیبراهیم،٢٠١٢: ٢٦). لێرەدا نەمانی ڕێگری لەبەردەم زمانی شیعریدا وای لە شاعیران دەکرد، کە ئازادانە بە زمانی نەتەوەیی پەرە بە بەهرە و بەهای شیعرییان بدەن و بەمەش زمانی شیعرییان بە وشەی ڕەسەنی زمانە نەتەوەییەکانیان دەوڵەمەند بکەن.

لەم سەردەمدا دادایزمەکان دەیانویست لە ڕێی تێکشکاندنی زمانەوە، شۆڕشێک دژی کۆمەڵگاو بەها سەپێنراوەکان هەڵبگیرسێنن. بەشێوەیەک ((زمان و کلتورە زمانیەکانیش بەلای ئەوانەوە بەشێک بوو لەو گەندەڵییە کۆمەڵایەتییە، بۆیە هەڵوێستیان بەرانبەر بە زمان توندبوو، بەجۆرێک کە دەیانویست فەوزایەک لەناو زمان و زمانی دەربڕینی شیعریدا

بەرپابكەن. ئەمەیش وەک ڕەخنەگرتنێک بوو بەرانبەر بە زمان خۆی، بەو سیفەتەی کەوا زمان خۆیشی ئامرازێکی سیستەمی کۆمەلایەتییە، گەندەڵ و سەپاوە))(پیربال، ٢٠٠٦: ٣٣٠)، واتە ئەو زمانەی کە دەسەلاتداران بەسەر چینی کۆمەڵگادا سەپاندبوویان، هەر ئەو زمانەیشیان کردبووە مەرجی نووسینی زمانی شیعریی شاعیرانی سەردەمەکە. بۆیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە دادایزم و سوریالیزم بەسەر شیعردا هێنایان، گۆڕانکارییەکە بەجۆرێک بوو کە بەتەواوەتی زمانی شیعریان تێکشکاند، لەگەڵ ئەمەیشدا نووسەر و ڕەخنەگری ئەوتۆ هەبوون، کە لە بیری ئەوەدابوون، چۆن مامەڵە لەگەڵ شیعری سەدەی بیستەم بکەن و بەچی پێوەرێک بڕیار لەسەر بەدەقبوون یاخود بەدەق نەبوونی شیعر بدەن. لەم بوارەدا چەند هەوڵێک دەرکەوتن، وەکو (هوگۆ باڵ، ئێمی هێنینگس، تریستان تزارا،....) کە پێشەنگانی دادا بوون لە زویرخ، کە بە بەیاننامە و کار و چالاکییەکانیان بوون پێشەنگی ئەم بوارە و پاشان لە ڕووسیا و ئەمەریکا پاشان ولاتانی ئەورووپیدا پەرەی سەند، کە بەگشتی پێوەرەکانی پێشوویان ڕەتدەکردەوە و هەوڵیاندەدا ڕەخنەی ئەدەبی نوێ دەستپێبکات، بەجۆرێک کە هەموو پێوەرەکان جیاوازبن لە ڕەخنە کۆنەسواوەکەی پێشوو.

## ٢_١٠ چەمکی زمانی شیعریی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

### ٢_١٠_١ زمانی شیعریی و گرنگی سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا :

کورد خاوەنی ئەدەبێکی دێرینی نەتەوەییە، کە چ بەشێوەی ئەدەبی میللی و چ بە شێوەی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەم گەنجینە ئەدەبیاتەی بۆ ماوەتەوە، ئەویش لەڕێگای بەرهەمی نووسراو و نەنووسراوەوەیە، لە سەردەمە جیاوازەکاندا دەماودەم ئەم ئەدەبە ماوەتەوە تاوەکو گەیشتووە بە سەردەمی نووسین و چاپکردن.

زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەدەبی کوردی باس لەوە دەکەن، کە ئەدەبی نوێی کوردی سوودی لە ئەدەبی تورکی وەرگرتووە، لەپێناو دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی نەتەوەیی خۆی، هەروەک ئەوەی کە دەوترێت: ((کورد ئەدەبی نوێی لە تورکەوە پێگەیشتووە، بەهەمان چەشن ڕەخنەی نوێی ئەدەبیشی هەر لەئەدەبیاتی دراوسێکانەوە پێگەیشتووە.))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٣٥)، ئەمەش پەردە لەسەر ڕاستییەک هەڵدەداتەوە، کەوا سەرەتای نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی لە بواری نووسین و زمانی شیعریدا سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ سوود وەرگرتن لە ئەدەبی نەتەوە هاوسێکانی کورد و بەتایبەتی ئەدەبی تورکی.

### ٢_١٠_٢ زمانی شیعریی و گرنگی لە دەقی ئەدەبی کوردیدا:

ئەدەبی کوردی خاوەنی گەنجینەیەکی بناغە پتەوە، بەو پێیەی کە ((کورد خاوەنی پاشخانێکی دێرینی ئەدەبییە، کە سەرچاوەی ئەم گەنجینەی ئەدەبیاتە، بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری

و ئەدەبی میللی کوردی و ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی دەگەڕێتەوە.))(ڕەسوول،١٩٨٩: ٣)، ئەم پۆلێنکردنەی پاشخانی ئەدەبی کوردیمان لە لایەن دکتۆر عیزەدین مستەفاوە بەڵگەی ئەوەیە، کە هەر بەرهەمێکی نووسراوی سەردەمی ئێستامان، بەشێوەی چاپکراو لەبەردەستدا بێت، سەرەتای ڕێچکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لەو سێ جۆرە ئەدەبیاتەی کە دکتۆر عیزەدین ئاماژەی پێداوە لە کتێبی مێژووی ئەدەبیاتەکەیدا. بۆیە ((لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی "شێخ نوری شێخ ساڵح" ڕەخنەی نوێی ئەدەبی کوردی دەردەکەوێت، کە نوێکردنەوەی زمانی شیعریش دەکەوێتە ناوچوارچێوەی ئەم نوێکردنەوەیەوە.))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٣٥)، شێخ نوری لەو وتارە ڕەخنەییەدا، جەخت لەسەر جوانی دەکاتەوە و ئەو جوانییە بە کەرەستە ڕەوانبێژییە کلاسیکییەکان دروستی ناکات، بەڵکو لێرەدا تێکەڵی وێنەی شیعریی دەکات، مەبەستی دەرخستنی دۆخی دەروونی شاعیرە بۆ خوێنەرانی بەرهەمەکەی، لەم وتارەیدا کە شێخ نوری لەبارەیەوە خستویەتیە ڕوو، کە لە (ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە٢٧ی ساڵی١٩٢٦)دا بڵاویکردووەتەوە، دەڵێت: ((ئەم فیکرە جوانەمان کە خستە شکلێکی مەرئییەوە لازمە دیققەت لەیەک شت بکەین کە ئەویش جوانییە)، لێرەدا دەستەواژەی (شکلی مەرئی)ی دەستەواژەی (المعادل الموضوعي: جێگرەوەی بابەتی)ی ئیلیەت(Eliot)ە))(ئیبراهیم،٢٠١٢: ٣٦)، لەبەرئەوەی "ئیلیەت: ئیلیوت" لەبارەی زمانی شیعرەوە لە شێوازی دەربڕین چڕبووەتەوە، بەشێوازێک کە بتوانێت وێنەی گونجاو دروستبکات، وەک دەڵێت: ((ڕەوانبێژی ئەوەیە ئەدیب بتوانێ هەست و بیرەکانی لەبەرامبەرێکی بابەتی دا بەرجەستەبکات و لەناخی وەرگردا هەمان هەست دروستبکاتەوە، بەجۆرێک کە هەستەکانی ئەدیب ببنە ئەزموون بۆ وەرگر))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٣٣)، ئەم بیرەی (ئیلیەت) پەرەی بە وێنەی شیعریدا، کە لەجێی لێکچواندنی کۆن گەشەی پێدا، بەمەش زمانی شیعریی وەک جەستەیەکی مۆسیقی لێهات، کە لە کۆمەڵێک وێنەی بچووک پێکهاتبێت.

ئەم بۆچوونە ڕەخنە نوێیانە لە لایەن (گۆران)ی شاعیرەوە بەشێوازێکی تیۆری گرنگی پێدراوە، لەم گرنگی پێدانەیدا (گۆران) زمانی شیعریی کوردی بە ڕێڕەوێکی تازەدا بردووە، بەڵام لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە ئاماژەی پێبکەین، ئەویش ئەوەیە کە ((ڕەخنەی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەسەر دەستی شێخ نوری و گۆران بناغەیەکی باشی بۆ دانرا، کە بریتی بوو لە خستنەڕووی هەندێ بیری زانستی ڕەخنەگرانی بیانی، بەڵام لە لایەک ڕەخنە زانستییە ئەوروپییەکە بەتەواوەتی نەگوێزرایەوە ناو ئەدەبی کوردی و نەبووە زانست، لە لایەکی ترەوە نەتوانراوە لەوەی کە هەیە زیاتر پەرەی پێبدرێت، بەمەیش بۆچوونەکانی گۆران لەبارەی زمانی شیعریی هەتا حەفتاکانی سەدەی بیستەمیش هەر تازە و نوێ بوون.))(ئیبراهیم،٢٠١٢: ٣٦)، کە ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بایەخدانی ڕابەرانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، بەشێوازێکی تەواو و کاریگەر دەنگدانەوەی شێوازی

ئەدەبی ئەوروپییان نەهێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بەمەیش ئەو نوێکردنەوانەی بە کاریگەری ئەدەبی تورکی لەژێر کاریگەری ئەدەبی ئەوروپی کە وەریان دەگرت، وەک خۆی بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک پەیڕەویان دەکرد، بەمجۆرەش ((ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ڕەخنەیەکی وەسفی بووە، نەک پراکتیکی، ئینجا ڕەخنەیەکی ڕامانی (ئینتباعی)بووە نەک زانستی. واتە بەگشتی قسە لەسەر دەوروبەری دەق کراوە، زیاتر وەک لەوەی قسە دەربارەی ژیانی شاعیر و ئەو زمانانەی کە دەیزانێت و ئەو قاڵب و کێشە شیعرییانەی کە بەکاریهێناون.))(ئیبراهیم،٢٠١٢: ٣٦).

ئەم شێوازە وایکردبوو کە لەم ماوەیەدا زمانی شیعریی پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە نەبینێت، چونکە زمانی شیعر لە ڕەخنەکانی (عەلائەدین سەجادی و ڕەفیق حلمی و شێخ محەمەدی خاڵ و عەبدولڕەزاق بیمار و د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و کاکەی فەلاح و.....) و نووسەر و ڕەخنەگرانی دیکەی ئەدەبی کوردی تەنها لە چوارچێوەی فەرهەنگی زمانەکەیەوە گرنگییان بەوە داوە، کە تا چ ڕادەیەک زمانی کوردی پەتی بەکارهێناوە، پاشان قووڵ بوونەتەوە بۆ ناو هۆکارە سیاسی و هەستە نەتەوەییەکانی شاعیر و بەمەش تەواو لە شیعرەکەی دوور کەوتوونەتەوە.

لە ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەمەوە، چەند هەوڵێکی تاکە کەسی دەبینرێت، سەبارەت بە نوێکردنەوەی زمانی شیعریی کوردی قۆناغەکە، هەروەک ((لە حەفتاکانەوە لەسەردەستی شاعیرانی ڕوانگە و شاعیرانی تریش کە هاوکاتی ئەوان بوون بە تایبەتی گرووپی کفری، کە شیعری وایان بەرهەم هێناون، کە زەمینەی سەرهەڵدانی ڕەخنەی نوێن، چونکە ڕەخنەی کۆن و ئیستایش و گلەییەکانی پێش حەفتاکان دەستەوەستانن لە ئاستی ئەم دەقانە، بەتایبەتی شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم و ئەنوەر قادر و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و....))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٣٧)، ئەمەش ئەوڕاستیە دەسەلمێنێت کە بەهۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕوانگەوە لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوودا، زمانی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی لە کرمانجی خوارووداّ، جۆرە تەوژم و بەرەو پێشچوونێکی بەخۆیەوە بینیوە، بەشێوەیەک لە ساڵانی پێش ئەم ماوەیەدا زمانی شیعریی بەو شێوەیە پێشکەوتن و تەوژمی بەرەو پێشەوە چوونی نەبووە، بەڵام لەگەڵ هەموو تەوژمێکدا هێشتا هەوڵەکانیان بۆ ئاراستەکردنی زمانی شیعریی هەر هەوڵی تاکە کەسی بوونە و نەبوونەتە دیاردەیەک هەتا وەکو ڕێچکەیەک لە شیعری کوردیدا جێگای خۆی بکاتەوە، هەروەک ((شاعیرانی ئەم قۆناغە هەوڵیان دەدا، بە زمانێکی سادە دەقە شیعرییەکانیان بەرهەم بهێنن، بە جۆرێک کە ئەم سادەییە لە بەهای شیعرەکەی کەم نەکردووەتەوە، بەڵکو چەندین وێنەی شیعری جوانی لێ بەرهەم هێنراوە))(حوسێن،٢٠٢٠: ٤٦٢)، کەواتە هەر شاعیرەو لەئاستی خۆیەوە، هەوڵی نوێخوازی بۆ پتەوکردنی تەکنیکی زمانی شیعریی قۆناغەکەیداوە، بەبێ

ڕەچاوکردنی هەوڵەکانی بەرانبەر بۆ بە یەکگرتووکردنی ئەم هەوڵە لە چوارچێوەی تەکنیکی زمانی شیعریدا، هیچ سوودێکی بۆ بەرەوپێشبردنی زمانی شیعریی قۆناغەکە نابێت.

**٢_١٠_٣ زمانی شیعریی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم:**

شاعیرانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، شێوازێکی جیاوازیان لە ڕووی زمانی شیعرەوە پەیڕەوکردووە، کە شێوازە جیاوازەکەشیان بریتیبوو لەوەی کە((بەگشتی بەکارهێنانی وشەی جیاجیای دیالێکتەکانیان بە کارێکی باش زانیوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، بەو مەرجەی کە لە ڕێسای زمانی ئەدەبی یەکگرتوو لانەدەن، بەڵام ئەو هەوڵەی کە هەندێک ڕەخنەگر لە هەشتاکان پیادەیان دەکرد، دووربوو لەو مەترسییە زانستییانە کە هەوڵی تێکشکاندن بوو.))(ئیبراهیم،٢٠١٢: ٣٩)، واتە هەوڵدان بۆ تێکشکاندنی یاسا چەقبەستووەکانی زمان لەو سەردەمەدا وایکردبوو، کە نووسەران و شاعیرانی ئەو سەردەمە وەکو (جەلال بەرزنجی و هاشم وسەراج و........)، کە هەوڵبدەن لە ڕێگای فەرهەنگ و شێوازەوە، لەڕووی بنیاتی ڕێزمانی و فۆڕم و مۆسیقای شیعرییەوە، پەرە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بدەن و هەوڵبدەن زمانێکی شیعریی نەتەوەیی تۆکمە لە نووسینەکانیاندا پەیڕەوبکەن، بۆیە((یەکێک لە سیماکانی پرۆسەی نوێکردنەوەی شیعر لەم ماوەیەدا لە لایەن گروپی کفری ئەفراندن و پەرەپێدان بوو، بە چەمکی شیعریی سەربەست بە چەمکە ڕۆژئاواییەکەی))(سەعدون، ٢٠١٥: ١٥١)، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە زمانی شیعریی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، سنووری ڕێزمانی زمانەکەی بەزاندووە، چونکە شاعیرانی ئەم قۆناغە هەمان شاعیرانی ساڵانی قۆناغی حەفتاکان بوون، بە جۆرێک کە بە ئاواز و تەوژمێکی نوێوە دەستیان دابووە شیعر نووسین، هەروەک (ئەنوەر مەسیفی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((گرامەری شیعری حەفتاکان، هەمان گرامەری شیعری گۆرانە، بەڵام ئایا گرامەری شیعری هەشتاکان گرامەرێکی نوێ نییە.))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ٣٩).

لە پێش ساڵانی هەشتاکاندا مەترسی ئەوە لەسەر شاعیرانی ئەم قۆناغە هەبوو، کەوا شاعیران خۆیان بە شێوەزاری ناوچەیی ببەستنەوە، چونکە ((شاعیرانی ڕوانگە خاوەنی تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاواز بوون لە ڕووی فۆڕم و بەکارهێنانی کێشی شیعری سەربەست بە زمانی ناوچەیی خۆیان.))(سەعدون، ٢٠١٥: ١٦٩)، ئەمەش بەڕوونی پێمان دەڵێت، ئەگەر شاعیر بە زمانی ناوچەگەریی خۆی ببەستێتەوە، ئەوا ناتوانێت ئاگاداری زمانی پێشکەوتووی دەوروبەرەکەی بێت و لە بازنەیەکی داخراوی چەقبەستوودا بەرهەمەکەی دەهێڵێتەوە و هیچ پێشکەوتنێک بەخۆیەوە نابینێت و ناچار پاش ماوەیەک بەرهەمەکەی نامێنێت و لەناودەچێت، کەواتە زمانی نەتەوەیەک لەناودەچێت، کە چەندین ساڵ هەوڵی

پاراستنی دراوە، ئەگەربێت و شاعیران و نووسەران هەوڵی پاراستنی ئەو زمانە نەتەوەییە نەدەن.

## ٢_١١ ڕەهەندی زمانی لە بنیادنانی دەقی شیعریدا

زمانی شیعریی بنەما و کۆڵەکەی پێکهێنانی دەقی شیعرییە، بەو پێیەی کەوا وشە و زاراوە و ڕستە و دەربڕینەکانی شیعر، گرنگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و شاعیر بەوردی هەڵیان دەبژێرێت و بەوریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدادەکات، چونکە ((ئەوەی لە کۆتایی هەموو شیعرێکدا دەمێنێتەوە، هەمیشە جوانییەکانی زمانە، کە دەبنە بناغەی جوانییە گشتییەکانی شیعرەکە.))(مستەفا،٢٠١٩: ٧٤). ئەگەرچی زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و هەموو کەسێک بەکاری دەهێنێت، وەکو هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ژیانی، بەڵام زمان لەدەقی ئەدەبیدا خۆی ئامانجە و دەبێتە کەرەستەی سەرەکی ئەدیب، بۆ گوزارشتکردن و دەربڕینی مەبەستە شیعرییەکانی، لەم بارەیەوە (یاکۆبسن) بڕوای وایە، کە((لەپێناو دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە پەیوەست و خودییەکانی ئەدەب، سوود لە شێوازی بەکاربردنی وشەکان لەسەر ئاستی هەردوو تەوەری هاونشینی و جێنشینی وەردەگیرێت، بەمەیش شێوەی هەڵبژاردنی وشەیەک لەنێوان وشەگەلێکی کەم و زۆر و هاوتا لەگەڵ یەکتردا، لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی و چۆنیەتی هاونشینکردنیان (ڕیزکردنیان) لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی، لە توانایدا هەیە، ڕستەکانی زمانێک لە ئەرکی پەیوەندییەوە بەرەو ئاراستەی ئەرکی زمانی بەرێت.))(صفوی، ٢٠١٨: ٦١-٦٢).

لێرەدا ڕاستیەک دێتە پێشمان ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە شیعر وەکو هونەرێک تەماشاکراوە، هەروەک لەم بارەیەوە (جان کۆهین) دەڵێت: ((شیعر وەکو دەستپێک هەمبەر بە هونەرەکانی تر، بەمانای شیعری مۆسیقی و وێنەیی.....هتد، پاشان بۆ هەرشتێک کە لە سروشتدا بوونی هەبێت بەکاردەهێنرا.))(کریم و بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٦)، بەم شێوەیە دەبێت ئەوە بزانین، ئەگەرچی شیعر بەیەکێک لە لقەکانی هونەرەجوانەکان دادەنرێت، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئامرازی دەربڕینەکەی زمانە، هەروەک هایدگەر دەربارەی زمان دەڵێت: ((زمان ماڵی بوونە، چونکە زمان ئێمە ئەدوێنێت، نەک زمان وەکو پارچەگۆشتێک یاخود ئامرازێک دابنرێت، چونکە هەر زمانە داهێنانەکان لە نەبوونەوە دێنێتەبوون، بۆیە هەموو هونەرێک ئامرازی دەربڕینی خۆی هەیە، ئامرازی دەربڕینی شیعریش زمانە.))(جەبار، ٢٠١٥: ٥٧)، کەواتە زمان دەربڕی ڕەمزی شتەکانە و بەهۆی دەنگەوە کە لەنێوان کۆمەڵێ کەسدا کە لەسەر شێوەی ئاخاوتنی ئەو دەنگانە ڕاهاتوون بەکاردەهێنرێت.

زمان لەدەقی ئەدەبیدا وەکو بنەمایەکی سەرەکی بنیادنانی دەق و جوانی چنینی دەق مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەجۆرێک کە لە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، هەمیشە

هەوڵدراوە بێژە و دەربڕین و گوزارشتەکان بکرێنە فاکتەری جوانی و چێژبەخشین و ڕاکێشانی خوێنەر بۆ لای ئەدیب و نووسەران، چونکە ((شاعیر هەرچەندە زیاتر سەرکەوتووبێت لە بەکارهێنانی زماندا، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت خوێنەر بۆلای خۆی کێش بکات))(مستەفا، ٢٠١٩: ٧٤). لەبەرئەوەی کە زمان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەردەبینێت، لەنێوان خوێنەر و نووسەر و داهێنانی دەقدا، چونکە ((زمان یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە پردی پەیوەندی نێوان خوێنەران و داهێنەرە، بۆیە بەکاربردنی وشە و بەکارهێنانی لە دەقێکدا مەرجی سەرەکییە بۆ بەدەقبوونی دەقی شیعریی داهێنەرانە))(حەسەن، ٢٠٠٧، ٢٠٠).

پاش دروستبوونی ئەم پەیوەندییەی نێوان خوێنەر و داهێنەر، نووسەر لە هەوڵی ئەوەدایە کە لەڕێگای جێگۆڕکێ و یاریکردن بە وشەکانەوە سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، چونکە گەمە زمانییەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانی داڕشتنی ڕستەکان و هەڵبژاردنی وشەکان، دەبنە شێوازێکی کاریگەر بۆ ئەدیب، تاوەکو دەقێکی شیعری پڕ لەداهێنان و جوانی پێ پێشکەش بکات. لەم بارەیەوە (عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا) دەربارەی ئەم شێوازی گەمەکردنی زمانەوانییە، بڕوای وایە کە ((شیعر گەمەکردن نییە بە زمان، بەڵکو گەمەکردنە لەگەڵ زمان، جیاوازی نێوان لۆژیکی گەمەکردن بە زمان و گەمەکردن لەگەڵ زمان ئەوەیە کە یەکەمیان زمان تەنها وەک وەسیلەیەک بۆ گەمەکردن بەکاردێنێت، بەڵام دووەم زمان ئەزموون دەکات، ئەزموونی زمان دروستکردنی پەیوەندی نوێیە لەنێوان وشە و وشە، وشە و بۆزیادکراو و لادانەکان، لەو پنتەوە گفتوگۆی زمان و نووسەر کۆی ئەو گەمەکردنە لەخۆدەگرێت، کە دواجار دەق بەهەموو ڕەهەندەکانی دەهێنێتە بەرهەم))(عەبدوڵڵا، ٢٠١٠، ٢٥). لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا دەبێت نووسەر(ئەدیب) ئاگاداری ئەوەبێت، کە مەرج نییە وشە و زاراوەکانی ناو ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە بەرهەمیدەهێنێت، بەتایبەتی دەقی شیعریی، هەمان واتای فەرهەنگییان هەبێت، بەڵکو ئەدیب بەپێی ئەزموون و جیهانبینی خۆی دووبارە واتای نوێ و نەبڕاوە بە وشە و زاراوەکان دەبەخشێت و دەیانکات بە ڕەمز و هێمای تایبەت بە خۆی و لە ئاستە ئاساییەکەی زمانی گشتییەوە بەرزیان دەکاتەوە بۆ ئاستەبەرزەکەی زمانی ئەدەبی و دەقێکی پڕ بەهای ئیستاتیکیان پێ دەخوڵقێنێت. ئەمەیش بە پێی ئەو بەڵگەیەی کە ((زمانی شیعر زمانێکی پاراو و رازاوە و پڕ لەجوانکاری و ئیستاتیکایە و جیاوازە لە زمانی ئاسایی، چونکە زمانی شیعر جگە لەوەی کە هۆکاری گەیاندنە، کە ئەرکی سەرەکی زمانییە، لەهەمان کاتدا ئامانجیشە کە لایەنەکانی جوانکاری و ئیستاتیکییەکانێتی، هەروەها شیعر جگە لەواتای فەرهەنگی، واتای تر دەداتە پاڵ وشەکانی ناوشیعر، ئەویش بەپێی جیهانبینی شاعیر، کە ئەمەیش دەبێتە جیهانێکی ئیستاتیکی تایبەت بە شاعیر و گەیاندنی چێژوخۆشی بە هەوادارانی شیعرەکە.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ٨٨).

لەبەرئەوەی کە زمان تاکە هۆکاری گوزارشتکردنە لە جەوهەری جوانی، چونکە ((لەناو خودی ماهیەتدا تەنها یەک هونەر بوونی هەیە، ئەو هونەرەیش لەناو زماندایە، کەبریتییە لە شیعر و ئەو زمانەیش کە تەنها لەوێدا دەتوانێت هەموو گەمەکانی خۆی ئەنجام بدات، بەشێوەیەک کە بکەوێتە دەرەوەی ئەو زمانەی، کە ئێمە رۆژانە لەژیانی ئاسایی خۆماندا بەکاریدەهێنین.))(محەمەد،٢٠١١: ١١٧)، واتە کاتێک شیعر دەتوانێت گوزارشت بێت لە بوون و هەبوون، کە خاوەنی پێکهاتەیەکی گەورەی جەوهەری بێت لەبواری زماندا، بەشێوەیەک خۆی دەربخات وەکو گەوهەرێکی بەنرخی شاراوە خۆی بنوێنێت، بەو شێوەیەی کە پێشتر پەی پێنەبرابێت.

دەربارەی زمانی شیعر کە لە پێکهاتەی دەقە ڕەمزییەکاندا بەکاردێن، دەبێت ئاگاداری ئەوەبین، کە کاتێک دەقە شیعرییەکان دەخوێنینەوە، ڕەنگدانەوەی دەقەکە لە بیر و هزرماندا دەمێنێتەوە، هەرئەوەشە وادەکات کە((ئەگەر دەقەکان هەڵگری ڕەمزی ئەفسانەیی بن، ئەوا نابێت بە زمانی ئاسایی کۆمەڵگا بنوسرێنەوە، بەڵکو پێویستی بەوەیە گەمەیەکی زمانەوانی لەگەڵدابکرێت، واتە ئەوهەموو فەنتازیایەی لەئەفسانەدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ دەرچوون لە مەئلوفیەتی زمانی کۆمەڵگا.))(محەمەد،٢٠١١: ١٢٤)، بۆیە لەبارەی ئەم خەسڵەتەی زمانەوە "عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا" بڕوای وایە کە((ئەگەر زمان هەڵگری بوون بێت، ئەوە لەلایەک ڕێگە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتن ئاسان دەکات، لەلایەکی دیکە گوزارشت لە کۆی ئەو تەقینەوە و لادانانەیش دەکات کە لەڕێی یاریکردن لەگەڵ زمان دێنە نێوزمانەکەوە.))(عەبدوڵڵا،٢٠١٠: ٢٦)، بەم جۆرە زمانەوانەکان بەشێوەیەک لەزمان دەڕوانن، کە (دەق بونیادێکی زمانییە)و بەپێی ئەم بنەمایەش لەدەق دەکۆڵنەوە، پاشان شیکردنەوەی بۆ دەکەن. چەمکی بونیادیش لێرەدا بۆ ئەومەبەستە بەکاردێت کە ((بوونی پەیوەندی جۆراوجۆر و بەیەکاچووی نێوان ڕەگەز و پارچەکانی دەقەکە، بەپێی گونجاندن و یەکگرتن گوزارشتیان لێدەکرێت، ئەوەی کە ئەو گونجاندن و یەکگرتنەی نێو(دەق)یش دروستدەکات، چەندین هۆکاری زمانین و بە ئامرازەکانی بەستنەوە ناودەبرێن.))(عەبدوڵڵا،٢٠٢١: ٦٩). کەواتە هەرکاتێک وشە و دەربڕینەکانی ناودەقێک بە پەیوەندییەکی بەهێزەوە پێکەوەبەستران، ئەوا هەریەکەیان بەهۆی ئەوی ترەوە دەبێت و بەلێکردنەوەیان هەموو وشەکان دەبنەوە بە وشەی ئاسایی و واتای گەورەی دەقەکە لەنێودەچێت، دەربارەی ئەم دۆخە (عەبدولقاهری جورجان)ی دەڵێت: ((هیچ هەڵبەستێک لە گوتە و هیچ ڕێکخستنێکی دیکە دروستنابێت، تا دەربڕینەکان هەندێکیان بە هەندێکی دیکەیانەوە نەبەسترێتەوە و هەندێکیان لەسەر هەندێکی دیکەیان بونیاد نەنرێن.))(الجرجاني،٢٠٠١: ٥٤)، کەواتە جورجانی لە زماندا بایەخی بەلایەنی دەربڕین داوە، بۆیە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کەوا بونیادی زمانی لە دەقی شیعریدا بناغەیەکە لەسەر وشە و دەڕبرینە فەرهەنگی و نافەرهەنگییەکان، دروست و خوازەکان و ئاشکراو شاراوەکان

دروستبووە، لە دەقێکی ئەدەبییەوە بۆ دەقێکی تر پێکهاتەی ئەو بونیادە زمانییە دەگۆڕێت، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە ((هەمیشە گۆڕان بەسەر دەقە ئەدەبییەکاندا دێت، ئەو گۆڕانکارییانەش پەیوەندیدارن بە بیرو وشیاری نووسەرەکەی و وشیاری ئەو کۆمەڵە خەڵکەی دەقەکەیان بۆ پێشکەشکراوە))(عەبدوڵڵا، ٢٠٢١: ١١٥).

**٢_١١_١ ئەرکی زمان لەبنیادنانی دەقی شیعریدا:**

زمان لە بنیادنانی دەقی شیعریدا ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر دەبینێت، بە شێوەیەک کە یەکێک لەو ئەرکانەی زمان، کە ڕۆڵی هەیە لە بنیادنانیدا بەلای (کۆرش صفوی)یەوە بە (ئەرکی ئەدەبی) ناوی دەبات، کە بڕوای وایە ((لەم ئەرکەی زماندا (ئەرکی ئەدەبی زمان)، ئاراستەی پەیام ڕوو لەخودی پەیامەکە خۆیەتی، کە لەم بوارەدا بایەخدان بە ئەرکی زمان بە بێ لەبەرچاوگرتنی مەسەلە گشتییەکانی زمان بەرهەمدار نابێت))(صفوی، ٢٠١٨: ٥٤)، واتە ئەگەر دەقنووس لەنووسینی دەقەکەیدا تەنها مەبەستی گەیاندنی پەیامەکەی بێت، ئەوا هیچ سوودێک بە بەرهەمەکەی ناگەیەنێت، تاوەکو بایەخی تەواوەتی بە بنەما و ئەرکە گرنگەکانی زمان لەبەرچاونەگرێت، هەروەک (یاکۆبسن) ئەم مەبەستە زیاتر ڕووندەکاتەوە کە دەڵێت: ((ئەرکی شیعریی زمان نابێت هەر لەسنووری شیعردا قەتیس بکرێت، بنیادی شیعر بە تەنیا سنوری ئەرکی شیعری زمان پێکناهێنێت.))(صفوی، ٢٠١٨: ٥٤)، کەواتە ئەرکی ئەدەبی زمان گرنگترین ئەرکە کەوا لە دەقنووس دەکات، بەرهەمەکەی پڕبەهای جوانی و داهێنان بێت، کە (کۆرش صفوی) بە(نقش زیبایی آفرینی_ ئەرکی داهێنانی جوانی) ناوی دەبات.

فۆرمالیستە ڕووسەکان دوو پرۆسەی زمانییان بەشێوەیەکی گشتی دانابوو، کە دوو ناوی جیاوازیان لێنابوو، ئەوانیش زمانی ئاسایی(ئۆتۆماتیک) و زمانی بەرجەستەسازی (بەرجەستەکردن). لەبارەی ئەم دوو پرۆسەی زمانەوە، چەندین بۆچوونی جیاواز لەسەر بەکارهێنانی خراوەتەڕوو، بە جۆرێک کە((بە بڕوای (هاوڕانگ) پرۆسەی زمانی ئاسایی لە بنەچەدا بەکاربردنی دانەکانی زمانە، بەجۆرێک کە مەبەست لە بەکارهێنانەکە تەنیا بۆ باسکردنی بابەتێک بێت، بەبێ ئەوەی شێوەی دەربڕینی باسەکە ببێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان و هەر لەبنەڕەتەوە بایەخی پێبدرێت، لە کاتێکدا کە بەرجەستەکردن بەکاربردنی دانەکانی زمانە، بە جۆرێک کە شێوەی دەربڕینی باسەکە سەرنج ڕاکێش و نائاسایی بێت))(صفوی، ٢٠١٨: ٥٦). هەر لەم بارەیەوە مۆکارفسکی زمانەوان بە پشبەستن بە بۆچوونەکەی هاوڕانگ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ((زمانی ئەدەبی نەک تەنها بۆ پێکەوە بەستنی پەیوەندی، بەڵکو بۆ مەبەستی گەڕانەوە بۆ خودی خۆی بەکاردەهێنرێت، کە ئەمەیش بۆچوونەکەی یاکۆبسن دەچەسپێنێت، کە بەلایەوە زمان ئەوکاتە دەبێتە خاوەنی ئەرکێکی ئەدەبی کە ئاراستەی پەیامەکەی ڕووی لە خودی پەیامەکە بێت.))(صفوی،٢٠١٨: ٥٦)، بۆیە

زمان لێرەدا دەبێتە لایەنێکی گرنگ و ڕەگەزێکی سەرەکی بنیادنانی دەقی شیعری، تەنانەت لە بواری ناسینی چەمکی شێوازی شیعریشدا بایەخی زۆری پێدراوە، هەروەک (حمەنوری عومەرکاکی) لەم بارەیەوە زمان بەشێواز دادەنێت و بڕوای وایە کە خودی زمان شێوازی لێدەکەوێتەوە، وەکو دەڵێت: ((شێواز بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەک کە لاساییکردنەوە نەبێت و بەو شێوەیە زمان بەکارنەبرێت (دەرچوون لە شێوەی گشتی و باو) بەکارهێنانی زمان بەمجۆرە بە بەکارهێنانێکی شێوازگەری دادەنرێت))(کاکی، ٢٠٠٨: ٢٣). ئەمەیش واتای ئەوەیە کە زمان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە بنیادنانی شێوازی دەربڕینی وشەکان و چنینی دەقە شیعرییەکان، بەجۆرێک زمان لەلایەن نووسەرەوە بەکاربهێنرێت کە لاساییکردنەوەی تێدا نەبێت و نووسەر ڕۆڵی بنیادنەرانە ببینێت لەدەقەکەیدا، ئەو کاتە بە شێوازێکی بەرزی زمانی شاعیر یاخود نووسەر دەناسێنرێت. هەر لەبارەی بەکارهێنانی زمانەوە کاکی جیاوازی دەخاتە نێوان زمانی (شاعیر) کە زمانەکەی زمانێکی ئەدەبییە و جیاوازە لەو زمانەی کە بابەتێکی زانستی پێدەنووسرێت، هەروەها جیاوازیشە لە زمانی ئاسایی خەڵکی کە لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاریدەهێنن، چونکە بڕوای بەوەیە، کە ((زمانی زانست(زمانی عەقڵ)ەو زمانی ئەدەبیش (زمانی هەست و سۆزە))(کاکی، ٢٠٠٨: ٣١). بەم شێوەیە بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی بەجۆرێک ناودەبات، کە لەدەرەوەی بابەتە ئەدەبی و بەرهەمە شیعرییەکاندا بەو شێوەیە بەکارنەهێنرێت. هەموو ئەمانەیش بەڵگەی ئەوەن کە تەنها زمان ئەو ڕۆڵە کاریگەرییانە دەبینێت، کە پێوەری یەکلاییکەرەوەی دەربڕینن، لەلایەن سێکتەرەکانی زمانەوە، بۆ مەبەستە جیاوازەکانی بەکارهێنان. هەروەها لای فۆرمالیستە ڕووسەکان ئەگەر پەیام ئاراستەی قسەکەربوو، ئەوا زمان ڕۆڵێکی عاتفی دەبینێت، ئەم ڕۆڵەش زیاتر لە ئەدەبی لیریکیدا پڕ ڕەنگتردەبێت.

ئەم هێڵکارییەی خوارەوە ئەرکی پەیوەندی زمانییە لای (یاکۆبسن)ی زانای زمانەوان:

**زەمینــە**

**پەیام**

**دوێنراو ـــــــــــــــــ قسەکەر**

**پەیوەنـدی**

**ڕەمز**

لێکۆڵەران زمان بە بەشێکی سەرەکی پێکهاتە و ناوەڕۆکی شیعری دادەنێن، ئەوەش دەخەنەڕوو، کە لەڕووی بنیاتەوە بە شێوازێکی هاوتەریب گەشەدەکات. واتە شێواز و جۆری دەقی ئەدەبی بەیەکەوە لەگەڵ ئەزموونی نووسەر(شاعیر)ەکەوە جوانییەک بەرجەستەدەکەن. بەو شێوەیەی کە((زمان لەشیعردا ڕوویەکی تایبەتی وەردەگرێت و ئەرکی شاعیر لێرەدا بەرزکردنەوەی زمانە، لە شێوازە گشتییەکەی و گۆرینێتی بۆ دەنگی تایبەتی کە ئەمەیش لە

ڕێگای بینین و بەهرەیەکی تایبەتی خۆیەتی دایدەنێت و ڕێکیدەخات، لە دەوڵەمەندترین شێوەی کارا(بکەر)دا، بۆ ئەوەی باشترین بەرهەمی ئەدەبی خۆی لە ڕووی واتا و دەنگ و پەیوەندی بنیادنان و ئاوازەکانەوە بداتە دەستەوە.))(کریم – عمر، ٢٠٠٨: ٩)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شاعیر لەمیانی زمانی شیعرییەوە، دەنگی تایبەت بۆخۆی پەیدادەکات و ئەزموونی شیعریشی هەر لەو ڕێگەیەوە نەشونمادەکات، بەم جۆرە شاعیر جگە لە شێوازە زمانیەکەی ڕیتمێکی شیعری بە دەقەکەی دەبەخشێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زمانی شیعری ڕەگەزێکی گرنگی هەبوونی شیعرە، بەڵام زمانی شیعر بوونێکی سەربەخۆ و سنورێکی دیارینەکراویشی هەیە، کە بەپێی سیستەمێکی زمانەوانی ڕێکدەخرێت، بەجۆرێک ((لە هەموو سەردەمێکدا زمان کۆمەڵە خاسییەتێکی تایبەتی هەیە، بە مانای ئەوەی زمانەکە پێڕەوی هەمان یاسا و دەستورەکانی زمان دەکات، بەڵام بەپێی ئەو بارودۆخە نوێیانەی کە لە ئەنجامی یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ژیانەوە ڕوودەدەن، ئەویش لە هەر سەردەمێکدا مانای نوێ پەیدادەکات و تەعبیر لە دەلالەتێکی نوێ دەکات، کە لەگەڵ سەردەمەکەیدا بگونجێت))(محەمەد، ٢٠٠٦: ٢٨٥). بەمەیش دەبێت بزانین کە شێواز و ڕێژەی تایبەتی بنیاتی شیعر، لەسەر بنەمای ئەرکی زمانی شیعریی دەوەستێت و لەڕووی فۆرمەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە زمانی شیعریی چی ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، لە بنیادنانی شیعردا، بەوەی کە ((زمان دەتوانێت بە تەنها فۆرمی شیعر بگۆڕێت نەوەک ناوەڕۆک، چونکە زمانی شیعریی پێکهاتەی وشەیە و لە چوارچێوەی ڕیزبەندییەکی تایبەتدا دروستدەبێت))(فضل، ١٩٨٧: ٢٤٩). سەرەڕای هەموو ئەمانەیش دەبێت ئەوە بزانین، کە کاتێک زمانی شیعریی شیعرییەت بەرجەستەدەکات، ئەوا هەندێک لە دەستەواژە و وشەی ناودەق دەگۆڕێت بۆ چەند یەکەیەکی کێش، واتە پیتەکانی نێو وشە و دەستەواژە بەکارهاتووەکان وەکو هێمایەک نامێنن و دەبنە چەند هاوکێشەیەکی شیعری و شیعرییەتی پێ بەرجەستە دەبێت.

لە ڕوانگەی بەرجەستەکردنی زماندا، زمانی شیعریی چەند ئەرکێک دەبینێت، وەکو ئەوەی کە((زمانی شیعری جیاوازترە وەک لە زمانی پەخشان لە چێژبەخشیندا، هەروها لە چوارچێوەی داڕشتنی شیعریدا بەهای دەنگ و وشە بەرجەستەدەکات و لە میانەی دەقی ئەدەبی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتی شیعریدا، ئەرکی شیعر دیاریدەکات و لەهەمان کاتدا چوارچێوەی فۆڕم و ناوەڕۆکی دەقی شیعری و ڕێبازەکەشی دیاریدەکات))(کریم_عمر، ٢٠٠٨: ١٠). کەواتە سەرجەمی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی بونیادی شیعرەوە نووسراون، زمانی شیعر بە ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتنی شیعری دادەنێن، بۆیە زۆربەی جار دەوترێت (شاعیر زمانە)، واتە زمان دەبێتە سەنگی مەحەک لە هەڵسەنگاندن و خستنەڕووی بەهێزی و بەپێزی شیعری شاعیرەکەدا و پێشخستنی بەرهەمەکەی لە چاو بەرهەمە شیعرییەکانی

سەردەمەکەی و تەنانەت بەرهەمەکانی پێش خۆیشی، بەپێی ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوونی سەردەم.

ئەگەر سەرنج بدەین لە ئەزموونی شیعر لە مێژووی ئەدەبدا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کەوا زمانی شیعریی هەر شاعیرێک لە فەرهەنگ و ستاتیکە هونەرییەکان پێکهاتووە، دیارە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا تایبەتمەندیەک دەبەخشێتە شاعیرەکە، کە بەپێی سەردەم و کات و شوێنەکان دەگۆڕێت، بە شێوەیەک کە((بەپێی تایبەتمەندی هەر زمانێک، سەرچاوەی شیعری شاعیرەکە، خۆی فەرهەنگی شیعری شاعیرەکەیە))(میرزا، ٢٠٠١، ٦٠). هەر ئەم هۆکارەیە وادەکات، کە لەڕووی فۆرمەوە زمان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبێت لە ڕۆنانی شیعردا، هەروەها بەهۆی گرنگی ئەو وشە شیعرییانەیش کە هەیەتی.

## ٢_١١_٢ پێشینەی ڕەهەندی زمان لە بونیادی شیعردا:

زمان بناغە داڕێژەری دەقی شیعرییە، هەروەک چۆن بناغەی هەموو بەرهەم و کارێکی تۆکمە و بەهێز پێویستی بە بناغەیەکی پتەو و بەهێز هەیە، ئاوهایش شیعر بەهەمان شێوە پێویستی بە بناغە و بنەچەیەکی تۆکمە و بەهێز و پتەو هەیە، تاوەکو کاریگەری بەهێزی هەبێت، لە دروستکردن و بنیادنانی شیعرەکەدا. لەبارەی ئەم بنەما گرنگ و بناغە داڕێژەرەی شیعردا، پۆل ڤالێری (paul valery) وتەییەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: ((شیعر زمانە لەڕێگەی زمانەوە))(ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٨٩)، واتە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە بناغەی شیعرەکەی دادەمەزرێنێت و شیعرەکەی بونیاد دەنێت، بە جۆرێک کە بنەما و ڕەگەزە سەرەکییەکانی تری شیعر وەک (مۆسیقا و وێنەی شیعریی)، بەهۆی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، چونکە ((زمان لە شیعردا ڕۆڵێکی دوانەیی گرنگ دەبینێت، جگە لە شێوازە زمانییەکەی، ئیقاعیش بە شیعر دەبەخشێت، هەروەها زمانی شیعری تەوەرەکەیەتی))(ئیبراهیم، ٢٠٠٦: ١١٥). بەم شێوەیە شاعیر هەست و سۆز و بیر و بۆچوونەکانی لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەکات، هەروەها ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی لە بەرهەمێکی ئەدەبی دیکە جیادەکاتەوە، بەهێزی خەیاڵ و شێوازی دەربڕین و چۆنییەتی مامەڵەکردنی نووسەری هەریەک لەو دوو لایەنەیە لەگەڵ زماندا، بەجۆرێک کە ((ئەگەر دوو دەق خاوەنی یەک ناوەڕۆک بن، ئەوەی یەکێکیان لەوی دیکە جیادەکاتەوە و باڵادەستی یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەدا دەردەخات، بریتییە لەو زمانەی کە شاعیر لە نووسینەوەی دەقە ئەدەبییەکەیدا بەکاریدەهێنێت، هەروەها ئەو زمانەیش جیاوازە لەو زمانەی کە خەڵکی ئاسایی قسەی پێدەکەن، کە بەو جۆرە زمانەیش دەوترێت زمانی شیعریی))(میراودەلی، ٢٠٠٨: ١٧). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی شیعر تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە هەموو جۆرە ئاخاوتنێک لە بەکارهێنانی زماندا پێی ناوترێت زمانی شیعر، هەربۆیە زمانی نووسینی دەقی شیعریی تایبەتمەندی خۆی هەیە،

چونکە ((زمانی شیعریی جۆرە دەربڕینێکی تایبەتە و لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی تایبەتی زمانەوە دروستەبێت بەمەبەستی دۆزینەوەی مانای نوێ و دوورکەوتنەوە بەپێی ڕاستەوخۆ و گەیاندنی مانا فەرهەنگییە رووتەکان))(کاک ئەمین، ٢٠١٠: ٢٥)، کەواتە مانا فەرهەنگییەکان، بە مەستێکی ئاشکرا و لە چوارچێوەی لەدەستنەدانی بەها بەرزە واتاییەکەیدا بەکاردەهێنرێت.

زۆرێک لە ڕەخنەگرانیش بە شێوازێکی جوان گوزارشت لەو پەیوەندییە بەهێزە دەکەن کە لە ڕوانگەی بەرزی واتاییەوە خوێنەر و نووسەر بەیەکتری دەگەیەنێت، ئەم پەیوەندی بەیەکەوە بەستنەوەیەش بە جۆرێکە کە ((هەندێک لە ڕەخنەگران وا سەیری زمانی شیعری دەکەن، کە زمانی شیعریی زمانی ئیستاتیکا و هەڵچوونە و هێزێکی کاریگەر دەخوڵقێنێت، بۆ بونیادنانی پردێک لەنێوان شاعیر و خوێنەردا، کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئەزموونی تایبەتی خۆی بەوپەڕی بەهێزی و کاریگەرییەوە بگەیەنێتە خوێنەر)) (سەعدون، ٢٠١٠: ٢٠٧).

زمانی شیعریی هەمیشە لەلایەن شاعیرەوە، دەبێت بە شێوازێکی تەکنیکی وەها بەکاربهێنرێت، کە خوێنەر ئاڵودەی خوێندنەوەی شیعرەکەی بکات، بە شێوەیەک کە وەکو گرێیەکی نهێنی وشە شیعرییەکانی بخاتە بەردەمی خوێنەر یاخود گوێبیستەکانی، هەر ئەمەیشە وادەکات کە((زمانی شیعریی ئەو زمانە بەهێزەیە کە شاعیر دەتوانێت خەیاڵ یاخود مێشکی خوێنەر بەکاربخات و تووشی گەڕان بەدوای نهێنییەکانی بکات، ئەو کاتە زمان توانایی هونەری خۆی دەبێت، یان شاعیر شیعرییەت بخوڵقێنێت، بە شێوازە پڕ لە جوانەکانی کە توانیبێتی ڕێچکەی شکاندبێت، ئەوکات شیعرەکە و خوێنەری شیعرەکە ئاسودە دەبن و بەهای شیعری خۆی دەنوێنێت و شیعرییەتی شاعیر دەردەکەوێت.))(کاک ئەمین،٢٠١٠: ٢٤).

## ٢_١١_٣ گرنگی زمانی شیعریی لە چنینی دەقدا:

گرنگی زمانی شیعریی لەوەدایە کە شاعیر لەڕێگای ئەو زمانەوە هەوڵدەدات، جیهانێکی پڕ لە جوانی چێژبەخش بنیادبنێت، بەشێوەیەک کە لە ناخی شتێکەوە بابەتێکی دیکە مسۆگەربکات، چونکە ((شاعیر بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ زمان ناکات، وەک ئەوەی ئەرکێکی زمانی جێبەجێ بکات، بەڵکو لە ڕێگەی زمانەوە بەدوای شتانێکدا دەگەڕێت، کە لەڕێگەی زمانی شیعرییەکەیەوە، سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و لەڕێگەی ڕیتم و وێنەی شیعرییەوە هەست و سۆزی دەجوڵێنێت، شاعیر دیاردەی ژیان وەردەگرێت و لە دەروونی خۆیەوە وشەی بۆ دەدۆزێتەوە و بە زمانێکی سەردەمییانە کە تەنیا شاعیر توانایی بەکارهێنانی زمانێکی شایستەی شیعرەکەی هەیە.))(کاک ئەمین، ٢٠١٠: ٢٢).

شاعیران و ڕەخنەگران گرنگییەکی زۆریان بە زمانی شیعریی داوە، ئەمیش لەو ڕوانگەیەوە کە شیعر داهێنانێکی هونەرییە و کەرەستەکەی زمانە، لەبەر ئەوەیە کە بەردەوام هەوڵی پاراوکردن و پوختەکردنی زمانی شیعریان داوە و بەلاییانەوە واتا گیانی شیعرە و لە

وشەدا هەڵدەگیرێت. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کەوا فەیلەسوفان و لێکۆڵەران گرنگییەکی زۆریان بە زمانی شیعریی داوە و هەرەوەک (هۆراس) لەبواری زمانی شیعردا گرنگی بە (وشە) داوە، شاعیر ئاگاداردەکاتەوە کە وشەکانی سڕ و مردوو نەبن، لەگەڵ ئەمانەدا ئەوەیش دەخاتەڕوو، کە ((کاتێک ئەرکی شیعر دەربڕین و ڕوونکردنەوەیە، پێویستە وشەکانیشی بەردەوام زیندوو پڕ واتابن، لەم بوارەدا زمان بە دار ئەچوێنێت، وشەکانیش بە گەڵاکانی دارەکە ئەچوێنێت، کە بە درێژایی ساڵەکان بەردەوام دار گەڵای دەوەرێت و گەڵای نوێ دەگرێتەوە، بەڵام دارەکە هەر دەمێنێت و زیندووە و گەڵاکانیش هەموویان پێکەوە نامرن، بەڵکو کەم کەم دەوەرن و گەڵای نوێ لە شوێنی ئەوان شین دەبنەوە، بەمجۆرە شاعیر پێویستە بە دوای وشەی نوێدا بگەڕێت و وشەکانیشی بە شارەزایی و وەستایی لەڕستەدا بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی شیعرەکەی بەرز و جوان بێت.))(میروادەلی، ٢٠٠٨: ٢٦).

زمانی شیعریی دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان شاعیر و خەڵکی ئاسایی، بەوەی کە شاعیر دەتوانێت ئەو هەستە جوانناسی (ئیستێتیکی)یەی، کە مرۆڤ بەهۆی دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێشەوە لە لای بەرجەستەدەبێت بۆ دەربڕینێکی دیکە بیگۆڕێت، کە بەهۆی زمانێکی دیکەوە ئەنجام دەدرێت ئەویش زمانی شیعرە. لەبەر ئەوەی کە زمانی شیعریی جگە لەوەی کە هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی کاری پڕ لە داهێنان و تازەگەری و ئیستاتیکا، هەروەها لەڕێگەی زمانی شیعرەوە ئەو هەموو پرسیارە دەتەقنەوە و ناوەڕۆک و وێژدانی دەقەکە لەڕووی بنیادەوە ڕووە و جیهانێکی سەرکەوتوویی درامی دەبات و لەڕێگەی ئەفسانەوە گەورەترین و پڕکایەترین کاریگەری شارستانییەتی کۆن و نوێ بە دەقەکە دەبەخشێت.

**٢_١٢ تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر:**

زمانی شیعری خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا لە زمانی شیعریدا بەدیدەکرێت، بەو پێیەی کە زمانی شیعریش هەمان دەستور و یاسا پەیڕەو دەکات، بەڵام بەهۆی گۆڕان و بەرەو پێشەوە چوونی ژیانەوە زمانیش تایبەتمەندی نوێ وەردەگرێت. یەک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعری ئەوەیە کە ئەو بابەتەی کە لە ڕێگەی زمانی شیعرییەوە دەریاندەبڕین، ناتوانین لە زمانی ئاساییدا دەریانببڕین، ئەم دەربڕینەی زمانی شیعرییە، لە ڕێگای زمانی خوازەییەوە دەردەبڕدرێت، چونکە ((خوازە وا لە زمانی ئاسایی دەکات بەهێز و بارگەداربێت و واتایەکی نوێ وەربگرێت، چونکە ئەو وشانەی شاعیر دەریاندەبڕێت، بێجگە لە واتای خۆیان واتای شاراوەیان لە پشت خۆیانەوە هەڵگرتووە.))(یوسف، ٢٠١١: ٤٥).

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعری ئەوەیە کە زمانی نووسینەوە بە شاعیر دەبەخشێت، بەجۆرێک کە((زمانی نووسینەوە بە هەر مانایەک بێت، هەوڵدەدات دەقێکی نووسراوی هەبێت، یاخود مانای خوازەیی ئەو پەیڤە وەردەگرێت کە بەرهەمی دەهێنێت، وە دەلالەتێکی بونیادگەرانەی دەداتێ))(کۆهین، ٢٠٠٨: ٢٩). تایبەتمەندییەکی دیکەیی زمان لە هۆنینەوەی شیعردا لەوەدا باڵادەستی دەنوێنێت، کە (جان کۆهین) وەکو زانستێک بایەخی پێدەدات لە بنیادنانی دەقی شیعریدا، هەروەک لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ئەمڕۆ زمانەوانی بووە بە زانستێک کە لەگەڵ (سۆسیر)دا شەنگەستی خودشیکاریی (المحادثة)ی ڕەچاوکردووە، واتە راڤەکردنی زمان بە خودی زمان خۆی. پێویستە لەسەر شیعریەتیش هەمان شەنگست ڕەچاوبکات، چونکە شیعرییەت خودشیکاری شیعرەو پێویستە ئەوەش بناغەی سەرەکی بێت، هەروەها خۆیشی وەکو زمانەوانی تەنیا بایەخ بە زمان دەدات، تاقە جیاوازیش لە نێوانیاندا ئەوەیە کە شیعرییەت سەرجەم زمان وەکو بابەتێک وەرناگرێت، بەڵکو وەک فۆڕمێک لە فۆڕمە تایبەتیەکانی زمان وەریدەگرێت، شاعیریش بە (ئاخافتنەکەی) نەوەک بە هزرکردن لە ڕێی هەست و نەستی خۆی وشەکان دەئافرێنێت، نەوەک ئافەریدەنی هزر، بلیمەتیەکەیشی بۆ داهێنانی زمانەوانی دەگێڕێتەوە.))(کۆهین، ٢٠٠٨: ٦٣)

ئەگەر زمان هی هەموو خەڵکی بێت، ئەوە زمانی ئەدەبی هی هەموو خەڵکی نییە، بەڵکو تایبەتە بە کۆمەڵێک خەڵک کە بەو زمانە دەدوێن و پەیامەکانیان دەگەیەنن، چونکە ((زمانی شیعری بەردەوام لە هەوڵی خۆجیاکردنەوەیە لە زمانی ئاسایی، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی. ئەو وشە و زاراوانەی کە شاعیر لە دەقێکی ئەدەبیدا بەکاریان دەهێنێت هەمان مانا نابەخشن کە لە زمانی ئاساییدایە، بەپێی شوێنی ئەو وشە و زاراوانەی کە لەنێو دێڕەکانی شیعری شاعیران و ئەو ئاوازەی بە هۆی ئەو جێگەیەی شاعیر لە نێو دێڕەکانیدا بۆی دۆزیونەتەوە، مانایەکی دیکە دەبەخشن و ئاوازێکی دیکەیان دەبێت.))(ئیبراهیم، ٢٠١٢: ١٥).

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعریی لای شاعیر ئەوەیە، کە زمان خاسیەت و تایبەتمەندیەکەی لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیدایە. لەبەر ئەوەی کە زمان گیان و ڕۆحی ئەدەبە و شیعریش بەشێکە لە ئەدەب، جوانی دەقی ئەدەبیش بە جوانی زمانەوە دەردەکەوێت، بۆیە((زمان لای خەڵک شتێکی گشتی ڕۆژانەیە، هەر لە سەرەتای بونیانەوە لای مرۆڤایەتی هۆکاری هاوبەشی لە یەکگەیشتن و بیرکردنەوەیان بووە، بەڵام لە شیعردا سروشتێکی تایبەتی وەردەگرێت.))(سەعید،٢٠١٠: ٦)، هەر ئەم سروشتە تایبەتیەی زمانە لە شیعردا وادەکات، کە هەمیشە ئەو نهێنییانەی ناودەقەکە دەربخات، کە لەنێو زمانی ئاساییدا شاردراونەتەوە، کە لێرەدا ئەرکی شیعری دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی وشە شیعرییەکان بە مەبەستی دروستکردنی مانا و چەمکی نوێ، بە جۆرێک کە جیاوازبن لەو مانا فەرهەنگییانەی

کە پێشووتر هەیبووە، لەبەرئەوەی ((ئەرکی شاعیرەکە بەرزکردنەوەی زمانە لە شێوە گشتییەکەیەوە بۆ دەنگێکی تایبەتی کە لە ڕێگای جیهانبینی و بەهرەی تایبەتی خۆیەوە، لە کاریگەرترین شێوەدا ڕێکیدەخات و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی نیشانە و دەنگ و ئاوازەکانی بە شێوەیەکی ناوازە، بەمەش هەرچەندە شاعیر بەتوانابێت لە دروستکرنی زمانە تایبەتەکەی، داهێنانەکەی زیاتر دەبێت))(ئەسوەد، ٢٠٠١: ٥٦). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە زمانی شیعریی خاسیەتێکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت، کە لە ڕێگای شێوازی دەربڕینی باو و ئاسایی زمان دوور دەکەوێتەوە. ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییەی زمانە لە شیعردا وادەکات کە ((زمانی ئاسایی باو کە خەڵکی قسەی پێدەکەن، ئەو توانایییەی نیە کە هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناوەوەی ناخ و وشە و گوتن و جۆرەها بیر و بۆچوونی سروشتی تازە ببەخشێت، خۆ ئەگەر ئەو دەربڕینانەی بە زمانی ئاسایی دەرببڕێ ئەوا کاریگەری بەسەر گوێگر یان خوێنەرەوە نابێت))(قادر، ٢٠٠٤: ٣٤). بۆیە گرنگیدان و شیکردنەوەی زمانی شیعر و دەستنیشانکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە، بابەتێکی هەستیار و گرنگە، بەشێوەیەک کە دەکرێت بڵێین هەر لە کۆنەوە  لێکۆڵەرەوانی زمان هەستیان بەو تایبەتمەندییە کردووە، هەر لەم بارەیەوە جیاوازییان لەنێوان زمانی خەڵکی ئاسایی و زمانی شاعیراندا کردووە. هەر ئەم هۆکارەیشە وادەکات، ئەوەی کە زمانی شاعیر لە خەڵکی ئاسایی جیادەکاتەوە بەزۆری تایبەتمەندی زمانەکەیەتی، چونکە ((شاعیر لەوەیە هەموو فێڵەکانی زمان بەکاربهێنێت، هەر لە شتە سادە و ساکارەکانەوە تا ڕەوانبێژییە سەختەکان، جارێ لە بواری مەجازدا و جارێ بە درێژداڕی و جارێکیش بە لابردن و هەندێ جاریش بە دووبارەکرنەوە توانا و سۆزی دەخاتەکار))(سەعید،٢٠١٠: ٧)، بۆیە هەموو ڕێباز و قوتابخانە زمانەوانییەکان، زمان دەکەنە بنەما بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقی شیعری و هیچ پێوەرێکی ڕێبازی ڕەخنەییش ناتوانێت نکۆڵی لە ڕۆڵی زمان بکات، لە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، لە هەمان کاتدا دەبێت ئاماژەیش بەوە بدەین کە بەهۆی کۆمەڵێ خاسیەتەوە زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاسایی جیادەکرێتەوە، چونکە ((دەربڕین لە زمانی ئەدەبیدا چالاکی زیاترە لەو دەربڕینەی کە لە زمانی ئاساییدایە، چونکە جگە لە دەربڕینی واتا بنچینەییەکەی خۆی، ئاماژە بە لایەنی نەبینراویش دەکات، هەروەها لایەنی هەڵچوون و خەیاڵکردنیش دەگرێتەوە، کەچی دەربڕین لە زمانی ئاساییدا تەنها ئاماژە بەو واقیعە دەکات، کە ڕاستەوخۆ لەبەرچاومانە.)) (ئەحمەد، ٢٠٠٩: ٢٧).

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعریی، کە شاعیران وەکو یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی زمان پەیڕەوییانکردووە، بریتییە لە(کورتبڕی) کە مەبەست لێی چڕکردنەوەی زمانە، بەشێوەیەک کە تا زمان لە شیعر چنیندا چڕبێت، بەهای دەقە ئەدەبییەکەی زیاتر دەبێت. هەر لەم بارەیەوە (دکتۆر عەزیز گەردی) ڕاو بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو کە دەڵێت:

((کورتبڕی لە ڕەوانبێژیدا ئەوەیە وشەو ماناکان بەرانبەر بکرێت، وشەکان لە ماناکە کەمتربن و تەرازووەکە بەلای ماناکەدابێت، ئەمەیش بەهۆی لابردنی هەندێک وشەوە دەبێت، کە لابردنیان کارناکاتە سەر ماناکەی، یان بەتایبەتی (قصر) کورتکردنەوە دەبێت.))(گەردی، ١٩٧٩: ٦٧). هەر دەربارەی چڕکردنەوەی زمان وەکو تایبەتمەندیەکی زمانی شیعر (مەولانا) دەڵێت: ((دەبێت دەریاییەک لە گۆزەیەکدا جێ بکەیتەوە)) (محەمەد، ٢٠١٩: ٧٧). هەروەها لە گرنگترین بنەما ڕەخنەییەکانی سەردەمی(ئەحمەدی خانی)دا کورتبڕی وەکو تایبیەتمەندییەکی گرنگی زمانی شیعریی سەردەمی خانی شاعیردا دەقی شیعریی پێهەڵسەنگێنراوە، وەکو (خانی) لە شیعرێکیدا لەم بارەیەوە دەڵێت:

**ئەی خامە تەژی گەلەک درێژکر** **ئەڤ نامە بەسە تەپر قرێژکر**

**هەرچەندە کەلام شوبهی دوڕبەت** **بێ قەدر دبت دەما کو پڕبت** (خانی، ١٣٩٦ :١٢٨)

چڕکردنەوەی زمان وەکو تایبەتمەندییەکی دیاری زمانی شیعریی سەردەمە جیاوازەکان دەبینرێت، کە بەشێوەیەکی گشتی لە سەردەم و چەرخە جیاوازەکاندا جێگای گرنگی و بایەخپێدانی شاعیران بووە، تەنانەت لای شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش، بەچەند شێوەیەک ناوی ئەم جۆرە شیعرانە هاتووە، کە بە سوودبینین لە چڕکردنەوەی زمانی شیعرەکەوە بەرهەمی دێنن، لەوانەش وەکو ((نانۆشیعر، کورتیلەشیعر، پۆستەرەشیعر، شیعری هایکۆ، بروسکەشیعر، شیعری مینیمالیزم))(کەسنەزانی، ٢٠٠٧: ١٨). لەم جۆرە شیعرانەدا دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زماندا بە ڕوونی دەردەکەوێت، بەشێوەیەک کە بێجگە لە شارەزایی و باڵادەستی لە زمانەکەی خۆیدا دەتوانێت سوود لە ئەزموونی دەسەڵاتی زمانی تریش وەربگرێت، چونکە ((زمانی شیعر زمانێکە کە توانای توانەوەی زۆر موفرەدەی هەیە لە هەناوی خۆیدا، ئەمە بێجگە لەوەی دەتوانێت سوود لە موفرەدەی زمانی دیکەش وەربگرێت بۆ فراوانکردنی پانتایی گوزارشت و تۆکمەکردنی پەیوەندی خۆی بە دونیاوە)) (سدیق،٢٠١٧: ٨). لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شاعیر بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواوەتی خۆی بەسەر زمانی شیعریدا بسەپێنێت، پێویستە لە هەمان کاتیشدا شارەزایی لە زمان و زمانی شیعریی دەوروبەرەکەیشیدا هەبێت.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە پەیوەندی نێوان زمان و شیعر لە چنینی دەقدا، هێندە بەهێز و پەیوەستە، کە زۆر زەحمەتە ئەم دووانەیە لە یەکتری جودابکرێتەوە. هەر ئەم پەیوەندییەشە دەبێتە هۆکارێک بۆ گەشەکردنی زمان لە هەناوی گەشەی شیعردا، ئەمەش پەیوەندی پتەوی گەشەی زمان بە شیعرەوە دەردەخات، بەشێوازێکی وەها کە ((ڕەنگە نزیکترین نموونە باسبکەین، دامەزراندنی قوتابخانەی شیعری بابان بێت، کە هەر یەکە لە نالی و سالم و کوردی بە شێوەزاری سۆرانی (ئەم شێوە نووسینەی ئێستا) باشترین نموونە بێت لەسەر گەشەکردنی زمان لە نێو گەشەکردنی شیعرەوە.))(سدیق، ٢٠١٧: ٩).

# بەشی سێیەم

# شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

# بەشی سێیەم
# شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

## ٣_ ڕەهەندەکانی جوانیی لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆ

### ٣_١ تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعریی لە دەقەکانی (محەمەد کوردۆدا):

بەکارهێنانی زمانی شیعریی لەلایەن شاعیرەوە لە دەقە شیعرییەکانیدا، لە ڕێگای بەکارهێنانی (دەنگ و ڕیتم و ئاواز)ەوە بۆ دنیایەکی هەستی، گوزارشت لە وشە دەکات، بەجۆرێک کە ((ئەم کرداری گوزارشتکردنە لە چوارچێوەی هونەردا جێبەجێ دەبێت، ئەو بونیاتە لە هەموو سەردەمێکدا لەناو قوڵی کلتور و هونەر و بیر و داهێناندا ڕەگ دادەکوتێت. گوزارشت دوو سەرەیە، گوزارشتی سوودبەخش کاتییە و بە تێپەڕبوونی کات دەتوێتەوە و کاتی بەسەردەچێت، بەڵام گوزارشتی هونەری بە تێپەڕبوونی کات بە نەمری دەمێنێتەوە، ئەو کاتەش شاعیر و هونەرمەند شەپۆلی داهێنانی بەردەوامییان کپ دەبێتەوە و بەرهەمە هونەرییەکانیشیان بە نەمری دەمێنێتەوە.))(مەحموود، ٢٠٠٩: ١٤)، کەواتە شاعیر لێرەدا بۆ مەبەستی بەنەمری هێشتنەوەی دەقەکانی، دەبێت هەوڵی بەردەوامی داهێنان بدات، بۆ ئەوەی پاش کپ بوونیان، بەرهەمەکانی بە نەمری بمێنێتەوە.

کوردۆی شاعیر بەجۆرێک هەست و سۆزەکانی دەردەبڕێت، کە لەگەڵ زمانەکەیدا ئاوێتەی جوانیەکان ببن، چونکە ((شاعیر هەمیشە لە زمانەکەیدا ملکەچی یەقینی هەستەکانێتی و بەردەوام لەگەڵیدا دەژی و پێوەی ئاوێتەیە.))(کۆهین،٢٠٠٨: ١٥٩)، ئەم ئاوێتە بوونەی شاعیر لەگەڵ هەست و سۆز و ناخیدا و پەیوەستکردنی بە زمانی شیعرەکەیەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیعرەکە و خوێنەری شیعرەکەی ئاسوودەبن و بەهای شیعرێتی خۆی بنوێنێت و باڵا دەستی خۆی پیشان بدات، محەمەد کوردۆ لە شیعری (**مێخەکی تەڕ**)دا ئەم چەشنە ئاوێتەکردنەی هەست و سۆزی خۆی بە زمانی شیعرەکەیەوە بەرجەستەدەکات، بەجۆرێک لەلایەک بەهای شیعرەکەی پێدەردەخات، لەلایەکی تریش چێژ بە خوێنەری شیعرەکەی دەبەخشێت و دەروونی ئاسوودە دەکات و دەڵێت :

**پرچت خۆرێکی**
**کپ و ڕەشپۆشە،**
**لەبەر خاتری دڵ دەردەداران**
**بەس دایبپۆشە..**
**وەرە وا هەوری پایز بەجۆشە**
**خۆت بخەرە بەر**

**پرووشەی باران**
**تابۆنی مێخەک دنیا دابگرێ**
**ئای بۆنی مێخەک تەڕبێ چەند خۆشە..!!** (ل٢١)

وشەکانی نێو دێڕە هەڵبەستەکانی ئەم شیعرە، هەمان پەیڤ و وشە سادەکانی خەڵکن، وەک (مێخەک، تەڕ، پرچ، خۆر، کپ، ڕەش، دڵ، پایز، هەور، باران،....) بەڵام شاعیر توانیویەتی لەو وشە سادە و ساکارانە شیعریەتێکی بەرزی جوان و ناوازە دروستبکات، لێرەدا هونەرمەندی شاعیر لەوەدا دەبینرێت، کە چۆن توانیویەتی لە وشەی سادە و ساکاری ناو زمانی میللەتەکەیەوە، دەقێکی شیعریی پڕ بەهای جوان بنیادبنێت، کە وێنەیەکی پڕ بەهای ئیستاتیکی تێدا دەبینرێت، بەوەی کە خوێنەر لە ناونیشانی دەقەکەوە (مێخەکی تەڕ)، هەست بە چێژی بۆنی خۆش دەکات، چونکە مێخەک بۆنی نییە هەتا تەڕنەبێت، بەڵام کە تەڕبوو، بۆنێکی ئێجگار خۆشی لێوە دەردێت، کە دەبێتە ئارامی بەخشین بە بەرانبەر، هەروەها (پرچت خۆرێکی کپ و ڕەشپۆشە) کاتێک هەوری ڕەشی باراناوی بەردەم خۆر دەگرێت، ئەوا خۆر ئەو شەوق وبریسکەیەی نامێنێت کە پەخشی دەکات بۆسەر زەوی، پرچی یاریش کاتێک بەسەرپۆشێک داپۆشیوە، وێنەی ئەو هەورەیە کە چووەتە بەردەمی خۆر و ڕێگەی لە تیشکە زێڕینەکەی گرتووە، دوای ئەوەی کە هەورەکە باران دەبارێنێت و پاشان لادەچێت، ئەو کاتەی خۆرەکە دەردەکەوێت، دیمەنێکی زۆر جوانی سروشت دەبینرێت، کە بە هەمان شێوەی لاچوونی سەرپۆشی یارە تاوەکو پرچەکەی وەکو پروشەبارانی پایز دەرکەوێت، لەم دەقەدا گەمەیەکی تری شاعیر لە یاریکردنی بە وشەکان، ئەوەیە کە شاعیر پێچەوانەی خەڵکی ئاسایی ئەڕوانێتە خۆر کە ڕەنگی زەردە و سەرچاوەی بەخشینی ڕووناکییە، کەچی شاعیر لەبەرخاتری پرچی یار وێنەی ڕووناکی سروشتی خۆری گۆڕیوە بە ڕەش و تاریک.

کاتێک محەمەد کوردۆ مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات، بەو چەشنە مامەڵە ناکات کە ئەرکێکی زمانی جێبەجێ بکات، بەڵکو لە ڕێگای گەڕان بە دوای کەرەستەکاندا مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات، چونکە هەمیشە ((شاعیر هەوڵدەدات لەڕێگای زمانەوە جیهانێکی پڕ لەجوانی بنیات بنێت، لە ناخی شتێکەوە بابەتێکی دیکە مسۆگەربکات.))(مەحمود،٢٠٠٩: ٨٠)، لە شیعری(**با**)دا کوردۆی شاعیر ئەم چەشنە مامەڵەکردنەی لەگەڵ زماندا بەجۆرێک دەردەبڕێت، لە بەهێزترین کەرەستەی سروشتەوە کە(با)یە وەریدەگرێت و وێنەیەکی جوانی سروشتی لێ بنیات دەنێت، وەک دەڵێت:

**(با) دەروێشێکە شێت و سەرگەردان**
**ڕۆژ تا ئێوارە**
**ئاغزە جگەرەی شاران هەڵدەگرێ**
**شەو تا بەیانی پوشی نێوهەردان..**

**هەمیشە مەستە،**
**ئەڵێی کەوتۆتە بەر کڵپەی سۆزی**
**گۆرانیەکانی مام عەلی مەردان** (٣٧)

کوردۆی شاعیر بنەمایەکی بەرزی ئیستاتیکی و جوانی بەهاداری لە چنینی ئەم دەقەی سەرەوەدا بنیات ناوە، بەوەی کە (بـا)ی بە دەروێشێک چواندووە، کە چۆن دەروێشەکە بە کەوتنەسەر حاڵەتی جەزب و زیکرەوە، بەلای ڕاست و چەپی خۆیدا زیکردەکات و خۆی دەسوڕێنێت، تاوەکو گوناهەکانی هەڵوەرێنێت، بەهەمان شێوەش (بـا) بەلای ڕاست و چەپی شاردا دەروێش ئاسا، بێئەمەکترین کەرەستە کە (ئاغزەجگەرە)یە لەسەر زەوی کۆیدەکاتەوە و لەجێگەیەکی دوور لە شوێنەکەی خۆی فڕێی دەدات، هاوچەشنی ئەو دەروێشەی کە وێڵ و سەرگەردان، چووەتە نێو دنیای خەڵوەتی شەو بێدارییەوە و کاتێ بە ئاگادێت، کەوا خەیاڵ و ئەندێشەکانی ئەیجوڵێنێ لە زێدی خۆی بۆ شوێنێکی دیکە، کە لە سەمفۆنیای دەنگە بەسۆزەکەی عەلی مەردان دەچێت، کە دەنگێکی ڕەسەنی میللی کوردە، بەناوبانگە بە قەتار و ئەڵڵاوەیسی. بەم شێوەیە کوردۆی شاعیر جووڵەی ئاراستەی بایەکە و هەڵگرتنی ئاغزە جگەرەکانی نێوشار، بە وێنەی ئەو تۆنی مۆسیقیەی دەنگی (عەلی مەردان)ی دەچوێنێت، کە بە بیستنی هەوادارانی مەست و حەیران دەکات، ئەمەش وێنەیەکی جوانی ئیستاتیکییە، لە ڕووی دروستکردنی هەست و ئەندێشەی شاعیر و سەرەنجڕاکێشانی ئەندێشە و خەیاڵی خوێنەر و بیستەر، کە ئەمەش شێوازێکی تایبەتی مامەڵەکردنی شاعیرە لەگەڵ زمانی شیعریدا، بۆیە تەواوی ئیستاتیکای ئەم دەقە بۆ بەیانکردنی چێژ و نەمری گۆرانییەکانی عەلی مەردانە لەلایەن شاعیرەوە.

محەمەد کوردۆ هاوچەشنی شاعیرانی کلاسیک زۆرجار لە دەقەکانیدا زمانی شیعریی بە هاوچەشنی ئەو زمانە پەیڕەوکردووە، کە شاعیرانی ڕێبازی کلاسیک پەیڕەویانکردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییەکانی زمانی فەرامۆش نەکردووە، چونکە کاریگەری و تێکەڵاوی و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی لەگەڵ دەوروبەردا موتوربەکردووە، لەهەمان کاتدا توانیویەتی زیادەیەک بخاتە سەر ئەو خەرمانەی کە وەک گەنجینەیەکی مرۆڤایەتی دەبێت تەماشابکرێت. شاعیر لە شیعری (**گوڵی ئازادی**)دا هاوچەشنی شاعیرانی کلاسیک ئەم هەستەی بە چەشنێک دەربڕیوە و دەڵێت:

**لەو دیوی ڕۆژی قار و قینەوە**
**ڕۆژێک دەبینم پڕ خۆشەویستی**
**تیایدا قامیشلی شمشاڵ دەژەنێ،**
**مهاباد کورەی شۆڕش گڕدەدا**
**سلێمانی خەنە دەگرێتە دەستی**

**به بەژنی چیای ئاراراتەوە،**

**گوڵی ئازادی دەم ئەکاتەوە..!** (٣٥)

کوردۆی شاعیر لەم دەقەیدا بە وشەی ساکاری ناو فەرهەنگی زمانی میللەتەکەی گوزارشتی لە ئازادی و سەربەخۆیی ئایندەی وڵاتەکەی دەکات، کە کوردستانە و بە چەشنێک هەڵوێستی خۆی خستۆتەڕوو، خوێنەر بە خوێندنەوەی دێڕی دەقەکانی، ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە، کەوا مەبەستی شاعیر گوزارشتکردنە لە کوردستانی گەورە، بەوەی کە لە ڕۆژئاوا (قامیشلی) ناو دەهێنێت و لە ڕۆژهەڵات (مهاباد) و لە باشور (سلێمانی) و لە باکور (چیای ئارارات) ناودەهێنێت، واتە شاعیر بە وشەی ڕەسەنی پەتی کوردی توانیویەتی لەناو جەرگەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە، گوزارشت لە بەیەکگەیشتنی هەر چوارپارچەکەی کوردستان بکات، لە بەرگێکی جوانی پڕبەهای چێژبەخشیندا و بە بەکارهێنانی زمانێکی سادەی بەها باڵای ئیستاتیکیدا، ئەم وێنە جوان و چێژبەخشەی فەراهەم کردووە.

لە زۆربەی شیعرە بەرگری و نەتەوایەتییەکاندا، ڕووخسار و ئیستاتیکای شیعریی قوربانی ناوەڕۆک دەکرێت، چونکە شاعیر زیاتر ئامانجی گەیاندنی پەیامێکە، کەچی لەم دەقەی کوردۆدا سەرباری گەیاندنی پەیامە نەتەوایەتییەکەی، جۆرە زەماوەندێکی بە وشە سازکردووە کە تەنها لە ئاهەنگە کوردەوارییەکاندا دەبینرێت، قامیشلی بە شمشاڵ ژەن و مەهاباد بە سەرچۆپی کێش و سلێمانی بە خەنەبەندان و چیای ئاراراتیش بە شوێنی ئاهەنگەکە و ئازادیش چەپکە گوڵی دەستی زاوایە لەم دەقەی کوردۆدا.

زمانی شیعریی لە خودی خۆیدا خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا بەدیدەکرێت، بەپێی ئەو تایبەتمەندییەی کە ((زمانی شیعریی هەمان دەستور و یاسا پەیڕەودەکات کە زمان پەیڕەوی دەکات، بەڵام بەهۆی گەڕان و بەرەو پێشچوونی ژیانەوە زمانیش تایبەتمەندی نوێ وەردەگرێت))(محەمەد،٢٠١٩: ٧٧).

محەمەد کوردۆی شاعیر خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی زمانی شیعرییە لە دەقەکانیدا، لێرەدا هەندێک لەو تایبەتمەندییانە دەخەینەڕوو، وەک:

### ٣_١_١ توانست و چالاکی زمانی لە دەقدا :

توانست ئەو زانیارییە شاراوەیە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دەربارەی زمانەکەی دەیزانێ، لەڕێگایەوە گەیاندنی مەبەست دێنێتە ئاراوە و ژمارەیەکی بێسنوور ڕستە دروستدەکات، کە ((ئەم زانیارییانە هەر لەمنداڵییەوە لە مێشکدا تۆماردەکرێن، سەبارەت بە شاعیریش توانست مەبەست لە بەکارهێنانی توانستی زمانە، بە ئامانجی گەیاندن لە بارودۆخێکی دیار و داهێنانکردندا.))(حمە،٢٠١٤: ٢٥٩)، شاعیر توانیویەتی لە ڕێگای توانستی زمانی شیعرییەوە، بە سوود وەرگرتن لەو زانیارییانەی کە هەیەتی و لەبارەی زمان و زگماکی خۆیەوە، ئەم

تایبەتمەندییە ڕەچاوبکات و بەکاری بهێنێت، وەک لە شیعری (**باڵ**)دا ئەم توانستە زمانییەی لەلای بەدیدەکرێت، کە دەڵێت:

**هۆ ئەی شاعیری شەوانە بێدار**
**وریابـە وریـا**
**بـا سۆزانییەکان**
**لە تەم و خەمـی زەردە گوناها**
**شــەلاڵت نــەکەن**
**دەزانــــن سبەی**
**دەبیتە هەڵـۆی ئاسمانی شیعر**
**مەچۆرە لانەی جادوویانەوە**
**بـاباڵت نـەکەن..!** (٣٤)

کوردۆ لە ئاسمانی جوانییەکانی شیعردا، بێباکانە باڵی شیعری خستۆتەگەڕ، لە پێناو خولیای گەیاندنی لوتکەی ئاوات و مەبەستە شیعرییەکانی، بەناو گێژاوی تەم و لێڵی و ڕەشەبای بەهێز و زریانی هەورەکاندا ملی ڕێگای گرتوەتەبەر، تاوەکو گەیشتن بە خولیاکانی نەسرەوتن پەیامی شاعیرە، شاعیر (با)ی چوواندووە بە ژنێکی سەماکەری فریودەر لە پێناوی حەز و ئامانجیدا، داوای لە خودی خۆی کردووە، کە فریو نەخوات بە سەما جادووگەرییەکەی، چونکە شاعیر شەوانە بێداری حەزەشیعرییەکانێتی، تاوەکو لە شەوی ژانە شیعردا نۆبەرەی خولیا گڕگرتووەکەی ناخی لەدایک ببێت، بێ پەروا با فریوەدەرەکان لە شەوی تاریکدا دەبڕێت، بەبێ ئاوڕدانەوە لەدواوە، چاوەڕێی هەڵهاتنی سپێدەیە، تاوەکو لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری سپێدەی بەیاندا تیشکی شیعرەکانی ئاوێزانی تیشکی خۆر بکات، بۆ ئەوەی دژ بە تاریکی شەو بدات و پلانی فریودەرەکانی لەناوببات، بە مەبەستی گەیشتن بە لوتکەی چێژە دڵخواز و ڕەنگاڵەییەکانی.

### ٣_١_٢ چالاکــی:

چالاکی بریتیە لە پراکتیزەکردنی توانست لە ئاخاوتندا، واتە شاعیر لێرەدا ئەو توانستەی کە هەیەتی لە زمانی زگماکی خۆی و زمانەکەیدا، بەشێوەیەکی پراکتیکی بەسەر دەقەکەیدا پراکتیزەیان دەکات، وەک (چۆمسکی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((توانست لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ لەدایک دەبێت، توانست نابینرێت و ناگوترێت و هەستی پێناکرێت، بەڵکو کۆمەڵێک زانست و زانیارییە، کە لەگەڵ لەدایکبوونەوە پەیدا دەبێت، لە توانستدا هەڵە ناکرێت، بەڵام لە چالاکیدا هەڵە دەکرێت، چونکە دەبینرێت و هەستی پێدەکرێت.))(حمە،٢٠١٤: ٢٦٠).

پراکتیزەکردنی توانست لە ئاخاوتندا لە زۆربەی دەقەکانی کوردۆی شاعیردا دەبینرێت، ئەوەتا لە دەقی (**تکا**)دا ئەم چالاکی توانستەی تێدا بەدیدەکرێت، کە دەڵێت:

**بە بەر بارانی لەت و پەتەوە**
**وا دەبم بە ئاو**
**یان بمدەرە بەر هالاّوی دەمت**
**یان بمخەرە ژێر چەترەکەتەوە**
**یان ئەگەر هیچیان بەچاک نازانی**
**بمکەرە ماسی و**
**بمخەرە دەریای ئەگریجەتەوە..!** (٩)

شاعیر لێرەدا بەپێی توانستی زگماکی خۆی دەزانێت کە تکاکردن، داوای هاوکاریکردنە، لە شێوەی تکاکردن لە یار تاوەکو لە بەرانبەر ئەو لێزمە بارانەی کە هەیە، یار بیخاتە ژێر چەترەکەیەوە و سۆزی بجوڵێت بەرانبەری، چونکە ئێمە لە زگماکەوە دەزانین کەوا چەتر بەپێی کەلتوری ئێمە بۆ پاراستن لە تەڕبوون لەبەر باران بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەگەر مرۆڤ سەرمای بێت، لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا بە هەڵاوی دەمی دەستەکانی گەرم دەکاتەوە، بۆیە داوای گەرمکردنەوەی دەکات بە هەڵاوی دەمی گەرم و سۆزی یار و تکادەکات کە ئەگەر یار هیچ کام لەمانە لە بەرانبەری ئەنجام نادات، ئەوا بەهۆی تەڕبوونیەوە وەکو ماسی بیخاتە ناو ئەگریجەکەیەوە، کە بە وێنەی شەپۆلی دەریاکان وایە، ئەمەش وێنەیەکی جوانی پڕبەهای ئیستاتیکیی و چێژبەخشینە، کە بە خوێنەری دەقەکەی ئەبەخشێت.

بە دیوێکی دیکەدا شاعیر بە لێزمەی فرمێسکە باراناوییەکانی لە یار داوادەکات، کە چیتر بیبەخشێت و دەرفەتێکی پێبدات، تاوەکو لەو نەهامەتیانەی لە دووری یار دەیچێژێت ڕزگاری ببێت، چونکە لە دووری یار، جەستەی وەکو پرووشەی بارانی لێهاتووە کە چیتر ناتوانێت بەرگەی ڕەشەبای بەهێز بېێتەوە و لەناو دەچێت، تەنها بە سۆزی یار دەتوانێ دەریای ئەوین لەو پرووشە بارانەی جەستەی خۆی پێکبهێنێتەوە، تاوەکو دەریای ئەوین بۆ یار بسازێنێت و یاریش لەناو دەریای جەستەی شاعیردا ماسی ئاسا مەلەبکات، ئەو دەریایەی کە شەپۆلی ئەوین تێیدا هاوشێوەی پرچە شەپۆلاوییەکەی یارە.

### ٣_١_٣ چڕکـردنەوەی زمـان:

تایبەتمەندییەکی تر لە تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر چڕکردنەوەی زمانە، کە هەندێک لە شاعیران و ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی شیعر بە کورتبڕی ناویان بردووە، لەم بارەیەوە کورتبڕی ئەوەیە کە مانا و وشەکان بەرانبەر بە یەکتری بکرێن و وشەکان لە ماناکەدابن،

ئەمەش بەهۆی لابردنی هەندێک وشەوە ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەک کە لابردنیان کارناکاتە سەرماناکەی، ئەم تایبەتمەندییەی کورتکردنەوەی زمانی شیعر لە چڕکردنەوەی واتاوە سەرهەڵدەدات، بە جۆرێک کە((بەو شیعرە کورت و پڕمانایە دەوترێت کە تیشک بخاتە سەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی ژیان و بوون و لە تاریکی ڕەهای دەکات، واتە دەرفەتێکە کە شاعیر تێڕامانەکانی بە هونەرێکی نوێی ئیستاتیکی دەخاتەڕوو.))(کەسنەزانی،٢٠٠٧: ١٨).

شاعیر لێهاتووانە، ئەم تایبەتمەندیەی زمانی شیعریی لە دەقەکانیدا بەرجەستەکردووە و چەندین دەقە شیعریی بە شێوەی (پۆستەرەشیعر) لە ئاکامی چڕکردنەوەی زمانەکەیدا لە دەقە شیعریەکانیدا ئەفراندووە، چونکە ((لە زانستی شێوازی ڕەخنەی هاوچەرخدا، قەسیدە تا کورتتر و چڕتربێت، زمانی شیعری بۆ دۆزینەوەی چەقی واتا و ئاشکرابوون، بێ ئەرکتر دەبێت.))(سدیق،٢٠١٧: ١١٨)، وەک لە شیعری (دیاری)دا دەردەکەوێت، کە شاعیر لە دەقەکەدا هەوڵدەدات زمان تا ئەندازەی گەیشتن بە کرۆک و ڕۆحی وشەکە چڕبکاتەوە، وەک دەڵێت :

**ئەی تۆ بۆ دڵی پەشێوت**

**چیت پێخۆشە پێشکەشتی کەم؟**

**تەنها لێوت..** (٥٥)

شاعیر دەزانێت کە لێو شوێنی درکاندنی حەزەنهێنییەکانی ناخە، زۆرجار ئەوەی کە بە زار نادرکێندرێت، بە دڵ هەست بە بوونی دەکرێت، شاعیر لە بەرانبەر ڕازیکردنی دڵی یاردا، داوای درکاندنی وشەی (خۆشمئەویی) دەکات، بۆیە بێباکانە لە یار دەخوازێت، کە تەنها بۆ یەکجاریش بێت بە لێوەکانی ڕازی نهێنی دڵەپەشێوەکەی بۆ بەیانکات، تاوەکو گوێبیستی (خۆشمئەویی)بێت کە ڕازی نهێنی پەنگخواردووی ناودڵی یار و شاعیریشە لە هەمان کاتدا. شاعیر بە ئاکامی گەیشتن بە کاکڵی واتاکەی دەقەکەی چڕکردووەتەوە، بە ئەندازەیەک کە خوێنەر چیتر نەتوانێت لەوە زیاتر لە کەمکردنەوە و چڕکردنەوەی زمانی دەقە شیعرییەکە چێژ وەربگرێت. بەڵام لەگەڵ چڕکردنەوەی زمانی شیعرەکەدا، کوردۆی شاعیر ڕەچاوی پاراستنی لۆژیکی دوو بابەتی هاوبەندی یەکتری کردووە، بە ئاستێکی ئۆرگانی زمانی پتەو و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، کە ((ئەم دیاردەیەش لەسەر ئاستی وشەسازی وەک هۆکاری داڕشتنی قاڵبێکی زمانی پوخت لە شیعری کورتدا بەکاردەهێنرێت.))(سدیق،٢٠١٧: ٢٨٢)، واتە کوردۆی شاعیر لە چڕکردنەوەی واتای زمانی شیعرەکەیدا ڕەچاوی ئەوەی کردووە، کە خوێنەر بتوانێت چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکە وەربگرێت، بە کورتکراوەیی کە زۆر بە ئاسانی بە کەمترین وشە و لە هەمان کاتدا بە ڕەچاوکردنی لۆژیک و کەلتورەکەشی، کاکڵی واتاکەی بۆ خوێنەر خستووەتەڕوو.

**٣_١_٤ لادانی زمانی :**

لادانی زمانی تایبەتمەندییەکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەقی شیعریی، چونکە لادان بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی زمانە و دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمانی شیعر و بارگاویکردنی بەچەندین ڕەهەندی قوڵیی واتایی، کە بوار بە پەیاموەرگران دەدات، تاوەکو خوێندنەوەی جیاواز بۆ دەقەکە بکەن، هەروەها ببن بە بەشێک لە دەقەکە و لە گۆشەنیگای خۆیانەوە ڕاز و نهێنی و جوانییەکانی دەقەکە ئاشکرابکەن، بە شێوەیەک کە زمان لە شیعری نوێدا پڕدەبێت لە لادان و هونەرکاری و جیاوازدەبێت لە زمانی ئاسایی، چونکە بەگشتی لە شیعری نوێدا((زمانی شیعریی لادانی ئاخاوتنە لە شێوازە باوەکەی، ڕووداوێکی زمانییە لە پێکهێنان و داڕشتنی ئاخاوتندا دەردەکەوێت، بە هۆیەوە دەتوانین سروشتی شێوازی ئەدەبی بناسینەوە، تەنانەت دەتوانین لادان بە خودی شێوازی ئەدەبی دابنێین.))(مستەفا،٢٠٢١: ١٢٣)، کەواتە شاعیر پێویستە خاوەن ئەزموونێکی فراوانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ژیاریی بێت، بۆ ئەوەی شیعرەکانی بە شێوەیەکی هونەری جوان پێشکەشی خوێنەرانی بکات، چونکە شیعر پێویستە وێنەیەکی جیاوازمان لە چێژی جوانیی پێشکەشبکات، کە پێشتر بەو شێوە جوانە نەبینرابێت، ئاوازێکی هێندە خۆشمان بۆ بژەنێت، کە گوێیەکانمان پێشتر ئەو ئاوازەیان نەبیستبێت و تووشی هەیەجانمان بکات، بۆنێکی وامان بەڕوودا بپرژێنێت، کە هەرگیز پێشووتر بۆنیمان نەکردبێت و ئاوێزانی دونیای جوانیی و ڕازاوەییمان بکات، چێژێکی هێندە تایبەتمان پێببەخشێت، کە بمانگەیەنێتە لوتکەی ئاوێزانبوون لەگەڵ دنیای جوانیی و ئەوێندا.

کوردۆی شاعیر لە دەقە شیعریەکانیدا بەم خاسیەت و تایبەتمەندییەی کە لە لادانی زمانی باوی ئاسایی کردوویەتی، توانیویەتی زۆر وێنەی جوان لە ڕێگەی ئەزموونی ئەدەبی و شاعیرییەتی خۆیەوە، لە چوارچێوەی تێپەڕینی سنوری ژینگەکەی و گەیشتن بە سنورەکانی چێژی جوانی ئیستاتیکی، ئەم بنەمای لادانی زمانییە بەرجەستەبکات، وەکو لە شیعری (نەمری)دا ئەم تایبەتمەندییەی لەلا بەدیدەکرێت، وەک شاعیر دەڵێت:

**مرۆڤ ئاوی ناو گۆزەیەکە**
**بەسەر شانی خەیاڵەوە**
**بەرەو نەمریی دەڕوات**
**وەلێ ناگاتە جێ، دەڕژێ!..**
**هەیە هەر لەسەرەتا و**
**هەیە لە ناوەڕاست و**
**هەیشە لە کۆتایی ڕێ، دەڕژێ..!** (١٦٥)

ئەوەی کە لەم دەقەدا لەڕوانگەی زمانی شیعرەوە لای ئەم شاعیرە بەدیدەکرێت، ئەوەیە کە ئەو بابەتە سەرەکییانەی شاعیران کردوویانەتە بابەتی سەرەکی دەربڕین، بۆچوونی

کوردۆی شاعیر لە بارەیەوە جیاوازە، چونکە هەندێ لە شاعیران بە شێوازێکی تر و زمانێکی دیکە سەیری مەسەلەی (نەمری) دەکەن، بەڵام لێرەدا کوردۆی شاعیر قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی مرۆڤی باسکردووە، کە هەر مرۆڤەو تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە، زۆر بەجوانی ئەم تەمەنەی مرۆڤایەتیەی بە ئاوی ناو گۆزەیەک دەچوێنێت، کەوا بەسەر شانی ژیانەوەیەوە، هەرکات ژیان گۆزەکەی خست، ئەوا تەمەنیش کۆتایی پێدێت.

لادانە زمانییەکەی بە جۆرێکە کە ڕۆحی مرۆڤ بە ئاو و جەستەی مرۆڤ بە گۆزە و ژیانی مرۆڤیش بە خەیاڵ چوێنراوە، هەموو ئەمانەیش بە مەبەستی چێژی ئیستاتیکی و گەیاندنی پەیامی شاعیرە، بەشێوازێکی جوان و چێژبەخش بە خوێنەری دەقەکە.

**٣_١_٥ لادان لە ئاستی وشەسازیدا :**

ئەم جۆرە لادانە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە شاعیر لەڕێگەیەوە زمانەکەی خۆی بەرجەستەدەکات، بەشێوەیەک کە ((لە پێوەری یاساکانی دارشتنی وشە لە زمانی ئاسایی ڕادەکات و وشەی تازە و داهێنراو بەکاردێنێت.))(صفوی،٢٠١٨: ٧٢)، واتە شاعیر مەبەستێتی وشەی نوێ لە دەقە شیعرییەکەیدا بەکاربهێنێت، کە پێشتر نەبیسترابێت، چونکە ((شاعیر وشەیەکی نوێ دادەتاشێت، کە هەرگیز بوونی نەبووە، بەدەر لە یاسا وشەسازییەکانی زمانەکەی))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٠١)، کوردۆی شاعیر لەسەر ئاستی وشەسازیدا، گرنگی بەم لادانە زمانییانە داوە و لە زۆر شوێنی دەقە شیعریەکانیدا پەیرەویکردووە، بۆ نموونە وشەی (شەڵاڵ) یەکێکە لەو لادانە زمانیانەی کە شاعیر وەکو لادانێکی زمانی لە(٩) شوێنی جیاوازی ناو دەقە شیعرییەکانیدا بەکاریهێناوە، بە جۆرێک کە ئەگەر کەسێک یەکەمجاری بێت ئەم وشەیە ببیستێت، نازانێت کە شاعیر بەکارهێنانی ئەم وشەیە لەناو دەقە شیعرییەکانیدا بۆچی مەبەستێکە، چونکە ((شیعر جۆرێکە لە نووسینەوەی نائامادە، کە ئەو کەرەستە و وشانە لەخۆدەگرێت، کە پێشتر لە زمانی ڕۆژانە و ئاخاوتنی ئاساییدا نەبوونە و بەکارنەهێنراون))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٠٠)، دیارە کە مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی ئەم وشە نامۆیە لەناو دەقە شیعرییەکانیدا ئەوەیە، کە وشەیەکی جیاوازتر لە ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاربهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا چێژ و جوانییەکی هونەری بە دەقەکەی ببەخشێت، بەشێوەیەک کە خوێنەری دەقەکەی هەڵوەدای گەڕان بەدوای واتای وشە بەکارهاتووەکەی ناو دەقەکەیدا بکات و لە لایەکی ترەوە چێژی جوانیش ببەخشێت بە ئەو لادانەی کە لە ئاستی وشەیی ناو دەقەکەیدا ئەنجامی داوە. بەکارهێنانی ئەم وشەی (شەڵاڵ)ە، لە چەند دەقێکی جیاوازدا دەبینرێت، وەک لەم دەقانەدا کە شاعیر دەڵێت:

**ئەی باوە چاوت،**

**بۆچ وا شەڵاڵی فرمێسکی زیوە..؟** (٢٦)

**له تەم و خەمی زەردە گوناها**
**شەلاڵت نەکەن (٣٤)**
.................
**خاک و ئاوی ئەم وڵاتەم**
**شەلاڵ دەکرد بە ناوی تۆ (٤٤)**
...............
**وەک بەژنی کازیوەی سەربڕاو**
**شەلاڵی خوێن کرا (٦٣)**
...............
**گوێی کچی کوردانی**
**شەلاڵ کرد**
**له سەدا و ئاواز و (٩٣)**
...............
**ئەوەتا لە کەفی سپیدا شەلاڵە**
**کزەبایش تاوتاوە**
**بە پەلە و تورەیی (٣٠١)**
............
**گوندێکی سەرتاپا**
**شەلاڵی بەفربوو (٣٠٣)**
............
**کە بەدەم ئاگری عیشقەوە**
**هەناسەی شەلاڵی بۆسۆیە (٣١١)**
............
**هەر مناڵبووم ئەو پەری یارە بە تیری دەسخەتی**
**لەوحەیی ڕوحی شەلاڵ کردم لە عیشقێکی پەتی (٣٦٢)**

بەکارهێنانی ئەم وشەیە بە دەربڕینی جیاواز لەم دێڕە جیاوازنەی سەرەوە، جوانییەکی ناوازەیان تێدایەو بۆخۆیان وێنەیەکی چێژبەخش دەنوێنن، چونکە ((ئەو لادانانەی کە شاعیر ئەنجامیان دەدات، تێکدانی زمان و دەرچوون نییە بۆ خودی کارەکەی خۆی، بەڵکو شێوازێکی داهێنەرانەیە و هەمیشە هەوڵدەدات خاوەن ئەزمونێکی دیاربێت))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩٩).

هەروەها شاعیر لە زۆر شوێنی ناودەقەکانیدا لادانی وشەیی ئەنجامداوە، بەم جۆرە لادانەش ئیستاتیکای لە زمانی دەقەکەدا فەراهەمکردووە، بۆ نموونە لە شیعری (**وێنە**)دا لە ڕێگەی لادانی وشەییەوە وێنەی قووڵی خۆشەویستیمان پێڕادەگەیەنێت، کە دەڵێت:

**بەداخەوە**

**خودایە**

**بەداخەوە!..**

**لە هەموو سەردەمەکاندا**

**وێنەیەک دووبارە دەبێتەوە** (٢١٨)

.....................................

**چەند خۆشە!**

**خودایە**

**چەند خۆشە!**

**ئەو ڕۆژەی من و**

**ئەو ژنە گەردن کەوە**

**لەناو هەموو وێنەکاندا:**

**مێژوومان تورِ هەڵداوە و**

**دەستمان**

**لە ملی یەک وەرێناوە*** (٢١٩)

لەم دوو کۆپلە شیعرەدا بە دووبارەکردنەوەی دووجاری (بەداخەوە) و (چەند خۆشە!)، شاعیر جەختی لەسەر دووبابەتی دژیەکی لەبیرنەکراو کردووەتەوە، بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین شاعیر لێرەدا (دژیەکی ئەریَ)ی لەنێوان وشەکانی (بەداخەوە خودایە) و (چەند خۆشە خودایە) کردووە، ئەمەش وێنەیەکی هونەری جوانی پێکهێناوە، بەجۆرێک وێنەیەکیان ئازار بەخشە و شاعیر داواکارە لە خودا کە دووبارە نەبێتەوە و وێنەکەی تریان خۆشی بەخشە و شاعیر ئارەزووی چەند بارەبوونەوەیان دەکات، ئەمەش دوو وێنەی جوانی پڕبەهای ئیستاتیکین، لە هەمان کاتدا شاعیر بە بەکارهێنانی وشەی (وەرێناوە)، توانیویەتی لەبری وشەکانی (ئاڵاندووە، کردووە، ئاوێزانکردووە) بەکاریبهێنێت، ئەمەش دیسانەوە لادانێکی جوانی وشەیی لە دێرە شیعرەکەدا بەرجەستەکردووە و جوانییەکی دیکەی بە شیعرەکە بەخشیوە.

---

*وەرێنان: رابوردوان، پێشینان،(ف) گذشتگان، پیشینان (موکریانی، ١٣٨١، ٩٢٢).

شاعیر هەردوو وشەی (یاساخ) و (گوجیلەکەم)، کە دوو وشەی نامۆن لە هەندێک لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکاریهێناوە و وشەی (یاساخ)ی لەبری وشەی ( قەدەغەکراو)و وشەی (گوجیلە)ی لەبری وشەی(بێچووە ساوای ئاژەڵی ماڵی)ی زمانی ئاسایی ڕۆژانە بەکارهێناوە، وەک لە یەکێک لە دەقە شیعرییەکانیدا بە ناوی (**هەرێمێکی یاساخ**) دەڵێت:

**وتت گوجیلەکەم**

**هەرکاتێ لە باخی دڵم بێتاقەت بووی**

**وەرە ناو ئەم دوو باخەمەوە..!**

**وتت گوجیلەکەم**

**منیش وەکو زۆرینەی ژنەکانی ئەم وڵاتە**

**خاوەنی هەرێمێکی یاساخم** (١٦٠)

بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە لەلایەن شاعیرەوە بۆ مەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە بەلای دەقە شیعرییەکەیدا، هەروەها مەبەستێتی کە بەم کارەی چێژی زیاتر و جوانییەکی تایبەت بە خوێنەری دەقە شیعرییەکانی ببەخشێت.

**٣_١_٦ لادانی ڕێزمانی:**

جۆرێکە لەو ڕێگایانەی کە شاعیر بۆ مەبەستی جوانی دەربڕین و چێژیی شیعریی لە دەقەکانیدا بەکاریدەهێنێت، بەکارهێنانەکەی بەجۆرێکە، کە ((لادانە لە یاساکانی ڕێزمان، ڕستەسازیش مەودایەکی فراوانی هەیە، جا ئەم یاریکردن بە وشەیە و لادان لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە ئازادییەکی زیاتر بۆ شاعیر دەخوڵقێنێت، کە توانای داهێنانی زیاتر دەبێت، لەهەمان کاتدا خوێنەر سەرقاڵی وردبوونەوە و تێگەیشتنی دەقەکەی دەبێت و ڕاستەوخۆ لە بابەتەکە ناگات و دەگەڕێت بە شوێن دەربڕینە شاراوەکانی دەقەکەدا و ئەمە چێژو خۆشییەکی زیاتری پێ دەگەیەنێت.))(سەعید،٢٠١٠: ١٢٧)، ئەم جۆرە لادانەش بە چەند شێوەیەک لە ئاستەکانی زماندا لەلایەن شاعیرەوە ئەنجام دەدرێت، کە مەبەستی سەرەکی شاعیر چێژبەخشین و بەهای ئیستاتیکی و جوانی بەخشینە بە شیعرەکەی، (حەمەی مارف) لەبارەی ئەم جۆرە لادانەوە دەڵێت: ((گۆڕان لەم ئاستەدا لە چەند شێوەیەکدا دەبینرێت، وەک: گۆڕان لە ڕێکەوتنی بکەروکاردا، گۆڕان لە شێوەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە (S.O.V) و لەناوچوون یان پەیدابوونی ئامراز.))(فەتاح،١٩٩٠: ٩٩)، واتە لەم جۆرەی لادانەدا، گۆڕانکاری لە پێکهاتن و شێوازی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەدا دەکرێت، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کەوا بەشێوەیەکی گشتی ((لادان لەم ئاستەدا چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: کرتاندن، پێش و پاش خستن، هاتنی هەندێ کەرەستەی زیادە، تێکدانی بنیاتی ڕستە، بە لووتکەکردن،....))(سەعید،٢٠١٠: ١٢٧).

محەمەد کوردۆ لە شیعرەکانیدا ئەم جۆرانەی لادانەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە، کە بەهۆیانەوە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی و هونەری بە دەقەشیعرەکانی بەخشیوە، وەک لەم بوارانەدا لادانەکانی دەبینرێت:

### ٣_١_٧ پێشخستنی وشە و زاراوە :

پێشخستنی وشە و زاراوە جۆرێکی لادانی ڕێزمانییە، کە شاعیر زۆر جار بۆ مەبەستی دەرخستنی جوانی و چەند مەبەستێکی دیکە بەکاریدەهێنێت، چونکە ((ئەم لادانە لە زمانی شیعرییدا بە ڕەهەندێکی گرنگ دادەنرێت و بوار لەبەردەم دەلالەتی جیاجیای ڕستە شیعرییەکان دەکاتەوە))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٣٠). محەمەد کوردۆی شاعیر لە چەند شوێنێکی دەقەکانیدا ئەم جۆری لادانەی پەیڕەویکردووە، وەک لە دەقی (بۆنی بەختەوەری)دا شاعیر دەڵێت :

**کە پایز ئاوی کردووەتە ژێر هاوینەوە**

**من زۆر دڵخۆشم** (١٤٤)

شاعیر لەم دەقەدا جێگۆڕکێی بە دێڕەکانی کردووە، چونکە لە بنجدا ڕستەکە بەم شێوەیە (من زۆر دڵخۆشم، کە پایز ئاوی کردووەتە ژێر هاوینەوە)، هەروەها پێشخستنی ئامرازی لێکدەری (کە)، مەبەست لێی دەرخستنی بەهای جوانیی و ئیستاتیکایە لە دەقەکەدا، چونکە خوێنەر دەزانێت کە شاعیر مەبەستێتی کە بڵێت (پایز کە ئاوی خستووەتە ژێر پێی هاوینەوە)، بۆیە پاش و پێشخستنی دێڕەکان لە لایەن شاعیرەوە، تەنها بۆ مەبەستی بەخشینی ئیستاتیکا و چێژی جوانییە لە دەقەکەدا.

هەروەها کوردۆی شاعیر لە چەندین شوێنی دیکەی دەقە شیعریەکانیدا ئەم جۆرە لادانەی لە پێشخستنی وشە و زاراوەدا لەناو دێڕی دەقەکانیدا ئەنجامداوە، مەبەست لێی بەخشینی جوانییە بە دەقەکە، ئەوەتا لە دەقی (**وێنەکانی ناوچاوم**)، دیسان ئەم جۆرە لادانەی پەیڕەوکردووە، کە دەڵێت:

**لە ئێوارەیەکی خەمگینا**

**ژنێک،**

**لە شێوەی فریشتەیەکی نازەنینا**

**پرچی بەسەر شانیا شاباش کرد** (١٨٧)

شاعیر لەبری ئەوەی بە دەربڕینێک بڵێت (ژنێک، لە ئێوارەیەکی خەمگینا)، دەستەواژەی (لە ئێوارەیەکی خەمگینا)ی پێشخستووە، لێرەدا شاعیر کاتی ئێوارەی چواندووە بە مرۆڤێکی خەمبار، چونکە خەم سیفەتێکە پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەروەها (ژن)ی چواندووە بە (فریشتە) لە جوانی و ناسکی و بێگەردیدا. شاعیر جگە لە گرنگی کاتەکەی کە بە مەبەست

پێشی خستووە، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی هونەری جوانیشی بەرجەستەکردووە، چونکە ئێواران ساتێکی جوانی تێدایە کە کاتی ئاوابوونی خۆرە و دنیا بەرەو کپی و هێمنی هەنگاودەنێت، ئەو کاتە یار دەردەکەوێت و خۆی ئاوێزانی خۆر دەکات و خۆر لەتاو جوانی یار ئاوادەبێت، لەبەر ئەوەی دوو ڕووناکی درەوشاوە لە یەک ئاسماندا جێگایان نابێتەوە، بۆیە کاتێک یاری ئازیز هەڵدێت، خۆری سروشتی ئاوادەبێت، بەمەش شاعیر چێژی جوانیی و ئیستاتیکای لە دەقەکەدا فەراهەم کردووە.

**دواخستنی وشە و زاراوە:**

دواخستنی وشە و زاراوە ڕەهەندێکی ئیستاتیکی و جوانی هەیە، چونکە ((دواخستنی (وشە و زاراوەش) دیسانەوە دەبێتە مایەی بەرجەستەکردنی جوانی و بەخشینی واتای جیاواز بە دەقی ئەدەبی.))(مستەفا،٢٠٢١: ١٣١).

کوردۆی شاعیر ڕەچاوی ئەم جۆرە پاشوپێشخستنەی کردووە لە بنیادنانی دەقەکانیدا، وەک لە شیعری (لە شەرمستانەوە بۆ مەرگستان)دا دەڵێت:

**فریانەکەوتین ڕۆژێ**
**بیر لە عەینەکی شکاوی**
**درەختە چاوکزەکان بکەینەوە**
**فریانەکەوتین ڕۆژێ**
**مشتێ بۆنی باڵندەیەکی سەوداسەر**
**بۆ دارێکی نەخۆش بەرین** (٢٥٣)

شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا دووجار پاشخستنی وشەیی ئەنجامداوە، چونکە لەبری وتنی (ڕۆژێ فریانەکەوتین)، کە ڕستەی دروستی دەستەواژەکەیە، وشەی (ڕۆژێ)ی لە دەستەواژەی ڕستەکەدا پاشخستووە، ئەم پاشخستنە جگە لە بەخشینی ئاوازێکی چێژ بەخش و ڕەوان، لە هەمان کاتدا بەهایەکی ئیستاتیکی و جوانیشی بە دەقەکە بەخشیوە.

هەروەها کوردۆ لە شیعری (**نازدارترین منداڵ _ گەورەترین ئیمپراتۆر**)دا، لە دوو برگەی دەقە شیعرییەکەیدا، دواخستنی وشەی ئەنجامداوە و بەم شێوەیەی کە لە شیعرەکەدا دەبینرێت، وەک دەڵێت:

**چەند جوانی <u>تۆ</u>**
**کە وەکو بانە**
**هەموو ڕێگاکانم بۆ لای خۆت دەبەیتەوە..!**
**چەند مەزنی کە دام دەگیرسێ<u>نیت</u> و**
**داگیرم دەکە<u>یت</u>** (٢٦٣)

شاعیر لە هەردوو دێڕی (چەند جوانی تۆ) و (چەند مەزنی کە دام دەگیرسێنیت)دا، دواخستنی وشەی ئەنجام داوە و لەبری ئەوەی کە بڵێت (تۆ چەند جوانی)، وتویەتی (چەند جوانی تۆ)، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە دێڕێکی دیکەی هەمان دەقدا لەبری وتنی (کە دام دەگیرسێنیت چەند مەزنی و داگیرم دەکەیت)، وتویەتی (چەند مەزنی کە دام دەگیرسێنیت و داگیرم دەکەیت)، واتە شاعیر وشەی جێناوی سەربەخۆی (تۆ)ی لە هەردوو دێڕەکەدا پاشخستووە، کە جارێک بە جێناوی سەربەخۆی (تۆ) لە دێڕی یەکەمی (چەند جوانی تۆ) و جارێک بە جێناوی لکاوی (یت) لە بری جێناوی سەربەخۆی (تۆ) لە دەستەواژەکانی (کە دام دەگیرسێنیت) و (داگیرم دەکەیت)دا بەکاریهێناوە و پاشخستنەکەی پێ ئەنجامداوە و ئەم پاشخستنەش جوانییەکی لە دەقەکەدا دروستکردووە، بەشێوەیەک کە شاعیر مەبەستێتی (یار) بچوێنێت بە شارێی شاری بانە کە (بانە) شارێکە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەوە ناسراوە، کە ئەگەر هەر ڕێبوارێک ڕێگایەکی نزیکی شارەکە بگرێتەبەر، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕێگاکەی دەچێتە سەر ڕێگای سەرەکی شاری بانە، سۆز و ئەوینی یار بە ئەندازەیەک سەرنجڕاکێشە، کە سەرجەمی ئەو سۆز و خۆشەویستی و ئەوینەی کە شاعیر وەکو لاڕێگە هەیەتی، سەرجەمیان دەیبەنەوە بۆ شارێی خۆشەویستی و ئەڤینی یاری هاوشێوەی شاری بانە.

**٣_١_٨ لادانی واتایی :**

واتا بنەمایەکی گرنگە لە پێکهاتە و دروستبوونی هەموو جۆرەکانی زماندا، چونکە ((ئەو ڕێکەوتن و ئامراز و یاسا ڕێزمانییانەی کە لە لێکدان و خستنە پاڵیەکی هێما زمانییەکان بەکاردێن، بۆ مەبەستی بونیادنان و بەخشینی بەهایەکی واتاییە))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٤٩)، بۆیە بنەمای کاری سەرەکی لە لادانی واتاییدا ((لادانە لەو پێوەرانەی کە بەیەکەوە هاتنی لێکسیکییەکان دیاریدەکەن، یان لادانە لەو سیما واتاییانەی کە بەسەر بەکارهێنانی لێکسییەک لە زمانی خودکاردا زاڵن، دوو مەرج بۆ دروستی واتایی هەیە، ئەوانیش دروستی لەڕووی لێکدانی ڕێزمانی و لە ڕووی واتاوە.))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٠)، واتە لەم چەشنە لادانەدا شاعیر لە ڕێگەی لادان لە واتای بنجی وشەکەدا، ئەم جۆرە لادانە ئەنجام دەدات، چونکە ((کێڵگەی واتایی وەکو بەرچاوترین ئاستی زمان، لە ئاستەکانی دیکەی زمان زیاتر لەڕووی بەرجەستەسازی ئەدەبییەوە سوودی لێدەبینرێت.))(صفوی،٢٠١٨: ٧٤).

لادانی واتایی لە بنەڕەتدا ((بەسەر دوو جۆری لاداندا دابەشدەبەن، کە بەرجەستەکردن و ئەبستراکت کردنە.))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٠).

**٣_١_٩ بەرجەستەكردن: ئەمجۆرە لادانە پێكدێت لەمانەی خوارەوە:**

**بەزیندەوەركردن:** واتا لەم جۆرە لادانەدا ((سیفەت و سیمای زیندەوەر دەدرێت بەو كەرەستەیەی كە لە زمانی گەڕانەوەیدا زیندەوەر نییە))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٠)، ئەمەش پێک دێت لە :

**بەمرۆڤكردن:** بریتییە لە پێدانی تایبەتمەندییەكانی مرۆڤ بە كەسێتی نامرۆڤ، لەم جۆرە لادانەدا((هەندێک جار شاعیر بە سیفەتێكی تایبەت بە پیاو، یاخود ئافرەت ئەم لادانە ئەنجام دەدات))(ئەحمەد،٢٠١٣: ١٥٩)، واتە لێرەدا كەرەستەیەكی سروشت بەشێكی یاخود هەموو تایبەتمەندییەكانی مرۆڤی پێدەدرێت، وەک لە شیعری (**ئێرەیی**)دا محەمەد كوردۆی شاعیر دەڵێت :

**وا پایز**
**بەسێبەرێكی زەردەوە**
**بەرەو ناودڵی باخەكان**
**كەوتۆتە ڕێ**
**لە باخێكدا دانیشتووم**
**دەبینم ڕەشەبایەک**
**بەناو دارەكاندا دەگەڕێ** (١٩٩)

لەم كۆپلەیەدا شاعیر دووجار لادانی واتایی ئەنجامداوە، لە نێوان وشەكانی (پایز-كەوتۆتەڕێ) و (ڕەشەبایەک – دەگەڕێ)، چونكە (كەوتنەڕێ) سیفەتی مرۆڤە كە بە ناو باخدا بگەڕێ و پیاسەبكات، هەروەها گەڕان بەناو دار و درەختدا سیفەتی مرۆڤ و گیانلەبەرانە، نەوەكو ڕەشەبا، بۆیە شاعیر لەڕێگای هونەری خوازەوە توانیوییەتی بە (خواستنی ئاشكرا) وێنەیەكی جوانی هونەریی لە دەقەكەدا بەرجەستەبكات، بە شێوەیەک كە (مرۆڤ)ی بە (پایز) چواندووە بە چەشنێک كە بە ڕێگادا دەڕوات و سێبەری هەیە، هەروەها (مرۆڤێكی تووڕە)ی دیكەی بە (ڕەشەبا) چواندووە، كە بەناو دارەكاندا دەگەڕێت و ئارەزووی گەیشتن دەكات، بۆ ناو ئەو باخەی كە (مرۆڤێكی پرچ زەرد)ی هاوشێوەی (پایز)ی تیادا ڕێگەدەكات، بەمەش شاعیر واتایەكی نوێی بە (پایز و ڕەشەبا) بەخشیوە كە جووڵە و گەڕان و پیاسەكردنیان هەیە، هاوشێوەی جووڵە و گەڕان و پیاسەكردنی مرۆڤ و بە ئەم كارەی شاعیر جوانیی و ئیستاتیكای لە دەقەكەدا ئەفراندووە.

**بەڕووەككردن:** ئەم جۆرەی لادان بریتییە لە پێدانی تایبەتمەندییەكانی ڕووەک بە ناڕووەک، یان پێدانی سیمای (ڕووەک) بە (ناڕووەک)، هەندێک جاریش ((دانەپاڵی سیفەتێكی دار و درەخت و گژوگیا و جۆرەكانی ڕووەكە بۆ شتێک كە هەڵگری سیفەتێكی ڕووەک

بێت))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٦٢)، وەک کوردۆی شاعیر لە شیعری (لێو)دا ئەم چەشنە لادانەی ئەنجامداوە، کە دەڵێت:

**لێو دارێکە**

**ناسک و باریک و بێ گرێ**

**لە وەرزی عیشقدا**

**ماچ دەگرێ** (٨١)

لێرەدا شاعیر سیفەتی داری بە(لێو) بەخشیوە، کە چۆن دار لە وەرزی بەهاردا چرۆ دەگرێت، بەڵام لێوی یار لە وەرزی عیشقدا ماچ ئەگرێ، بەمجۆرە لادانە شاعیر توانیویەتی جوانی و ئیستاتیکا لە دەقەکەدا فەراهەم بکات.

**بەئاژەڵکردن:** لەم جۆرە لادانەدا شاعیر نائاژەڵی بە ئاژەڵ دەچوێنێت، چونکە ((هەرکاتێک وشەیەکی(نائاژەڵ) یاخود هی ئاژەڵ نەبێت، لەشوێنی وشەیەک دابنرێت بەپێی هاتنی لێکسیکی دەبێت سیمای (ئاژەڵ)ی هەبێت، ئەوە بەئاژەڵکردن ڕویداوە.))(محەمەد،٢٠١٩: ٨١)، نموونەی ئەم لادانەش لای کوردۆ لە شیعری (**باڵ**)دا دەردەکەوێت، وەک دەڵێت :

**دەزانن سبەی**

**دەبیتە هەڵۆی ئاسمانی شیعر**

**مەچۆرە لانەی جادوویانەوە**

**با باڵت نەکەن..!!** (٣٤)

لێرەدا شاعیر لە وردبینی و بیرتیژی و کارامەیی لە هەڵبژاردنی وشە شیعرییەکانی ناو دەقەکانیدا خۆی بە باڵندەی (هەڵۆ) چواندووە، بە چەشنێک کە شاعیر هەڵۆی ئاسمانی جوانی و ڕازاوەیی شیعرە لە ڕاوکردنی وشە جوان و ئیستاتیکییەکانی ناو دەقەکانی و داوا لە خودی خۆی دەکات، کە ئاگاداری ئارەزووەکانی بێت و نەکەوێتە داوی حەزەکانییەوە، وەک دەڵێت (با باڵت نەکەن)، بۆ ئەوەی دەستەمۆی حەزەکانی نەبێت. شاعیر ئەم چەشنە لادانی بەئاژەڵکردنی ئەنجامداوە، بەمەبەستی خوڵقاندنی وێنەیەکی جوانی ئیستاتیکییە لە دەقەکەیدا.

**بەتەنکردن:** لەبەرئەوەی کە شیعر لە سروشتی خۆیدا بوونێکی هەسپێکراوە، بۆیە ئەزموونی شاعیر لەو هەستەوە بەرجەستە دەبێت، کە کاری لێکردووە، جا هەستەکە دەرەکی بێت، یاخود ناوەکی، بۆیە ((هەمیشە هەوڵدەدات پەیوەندی و لێکچوون و نزیکییەک لەنێوان شتە مەعنەوی و شتە هەستپێکراوەکان بۆ خوێنەر دروست بکات))(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٦٣)، واتە شاعیر لە ئەنجامدانی ئەم کارەیدا، هەڵدەسێت بە دانانی سیفەتێکی (بەرهەستکەوتوو) کە لە بنەڕەتدا ناوێکی واتایی(مەعنەوی)یە، بە شتێک کە لە بنەڕەتدا بەرهەستەکانی (بینین و بەرکەوتن) دەکەون. شاعیر ئەم لادانەی لە دەقی شیعریی (**ڕوناکی**)دا ئەنجامداوە، وەک دەڵێت:

**لە شەوێکی تاریکی تەمەندا،**

**من چیم کرد..؟**

**بە دڵم ڕوانیمە دەوروبەر** (٧٢)

شاعیر کۆتاییەکانی تەمەنی مرۆڤی بە تاریکی شەو چواندووە، چونکە (تەمەنی مرۆڤ)، بوونێکی (بەرهەستی مەوعنەوی) هەیە و (شەو)یش بوونێکی (بەرهەستی بینین)ی هەیە، شاعیر دەیەوێت تەمەنی نائومێدی و کۆتاییەکانی مرۆڤ بە (شەو) بچوێنێت، بەوەی کە (تەمەن) وەکو (شەو) تاریکی هەیە و (تاریک)یش بەرهەستی (بینین) دەکەوێت، بەم جۆرە شاعیر لە دەقەکەیدا لادانی بە تەنکردنی ئەنجامداوە و چێژێکی بە دەقەکە بەخشیوە.

**بەڕەوانکردن (ڕوونکردن):** ئەو لادانەیە کە ((لە ئەنجامی پێدانی سیمای واتایی (ڕەوان) بە وشەیەک کە سیمای واتایی (ڕەوان)ی تێدا نەبێت دروستدەبێت.))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٢) لێرەدا کوردۆیشاعیر لە شیعری(تکـا)دا ئەم چەشنەلادانە دەرەخات، وەک دەڵێت:

**بە بەر بارانی لەت و پەتەوە**

**وا دەبم بە ئاو**

**یان بمدەرە بەر هاڵاوی دەمت**

**یان بمخەرە ژێر چەترەکەتەوە،**

**یان ئەگەر هیچیان بەچاک نازانی**

**بمکەرە ماسی و**

**بمخەرە دەریای ئەگریجەتەوە..!!** (٩)

شاعیر لەم دەقەیدا لادانی بەڕەوانکردنی لە بواری واتاییدا ئەنجامداوە، کە سیمای واتایی ناڕەوانی خۆی بە سیمای واتایی ڕەوانی ئاو چواندووە، هەروەها سیمای ناڕەوانی جەستەی خۆی بە سیمای واتایی ڕەوانی ماسی چواندووە، هەروەها (ئەگریجەی یار) کە سیمایەکی ناڕەوانە، بە سیمای ڕەوانی دەریا چواندووە، بەم لێکچواندنانەی کوردۆی شاعیر، لادانی بە ڕەوانکردنی ئەنجامداوە و جوانییەکی پڕ بەهای لە دەقەکەیدا بەرجەستەکردووە.

**٣_١_١٠ بە ئەبستراکتکردن:** بریتییە لەو لادانەی کە شاعیر لەڕێی کەرەستەیەک لە ڕێگەی هەستی بینینەوە کەرەستەکە هەستی پێدەکرێت، بەڵام شاعیر لە ڕێگەی هەستێکی دیکەوە دەریدەبڕێت، لە ڕێگەی هەستەکانی وەک هەستی(بۆنکردن، بیستن، چەشتن، بەرکەوتن)ەوە، ئەم هەستە بەرجەستەدەکات، واتە وشەکە ((بەسیما (بەرهەستی نییە) لە شوێنی وشەیەک دادەنرێت، کە لە بەکارهێنانیدا (سیمایبەرهەست)ی هەیە، بۆیە بەئەبستراکتکردن ڕویداوە.))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٢)، ئەم لادانە لە دەقی (**بـەفر**)دا لای کوردۆی شاعیر دەبینرێت، وەک دەڵێت:

**سۆزێکی سوتێنەر گرتوومی**

**بۆ ئەوەی بەرمدا**

**تۆ بێیت و ئەو چاوە جوانانەت،**

**تۆپەڵێک بکێشە سەرمدا..** (٨٤)

لەم دەقەیدا کوردۆی شاعیر چەشنە لادانێکی واتایی لە شیعرەکەیدا بەرجەستەکردووە، وەک بەکارهێنانی سۆز و ئەوین، جەستەی مرۆڤ گەرمدەکات و لە ڕووخساریدا بە هەستی بینین هەستی پێدەکرێت، وەک شاعیر خۆی دەڵێت: ئەم هەستی گەرمییەی جەستەم مەگەر بە تۆپەڵێک بەفری ئەوینت بکێشیت بەسەرمدا، تاوەکو لەڕێگەی ئەو هەستی بەرکەوتنەوە ئەو تایەی کە بەهۆی بینینی ئەو چاوە جوانانەوە هەمە دابەزێت و وریاببمەوە، تاوەکو لە غەفڵەتی سۆز و ئەوینتدا ڕاچەڵەکێم و بەهۆش بێمەوە.

**٣_١_١١ دژیەکی ئەرێ:** بریتییە لە بەیەکەوە هاتنی دوو وشە، کە لە بەکارهێنانی ئاساییدا بە شێوەی دژیەک بەکاردێن. کوردۆی شاعیر لە دەقی (بـەخـت)دا ئەم چەشنە لادانەی پەیڕەوکردووە، وەک دەڵێت:

**ئەو بەپیری و**

**تۆ بە گەنجی و**

**من بە منداڵی**

**پیر بووم..!!** (١٣٣)

لەم دەقەدا زۆر بەجوانی ئەم جۆرە لادانەی پەیڕەوکردووە، لە نێوان وشەکانی (پیری و گەنجی) و (پیری و مناڵی) لادانە واتاییەکەی ئەنجامداوە و بووە بەهۆی دروستکردنی دژواتایی، کە ئەمەش هێزی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە و جوانتر و ڕازاوەتری کردووە.

### ٣_١_١٢ کرتـاندن (قرتـاندن):

کرتاندن یەکێکە لە لادانە گرنگەکانی زمان، بەشێوازێک کە ((شاعیر دانەیەکی زمانی یان زیاتر لە ڕستە شیعرییەکەی لادەبات، کە ئەمەش بۆ ئەوەی جوانییەکی زیاتر بە شیعرەکەی ببەخشێت و بواری لێکدانەوە بۆ پەیاموەرگریش فراوانتربکات.))(سەعید،٢٠١٠: ١٢٨)، کوردۆی شاعیر لەم بوارەدا باڵادەستی خۆی نیشانداوە، بەوەی ئەم کارەی بە لابردن و کرتاندنی هەندێ لە کەرەستە ڕێزمانییەکانی پێکهاتنی ڕستەی سینتاکسی ئەنجامداوە، ئەویش دەستکاریکردنی یاسای ڕێزمانییە، بۆ مەبەستی جوانکاری و ڕەهەندی ئیستاتیکی بەم شێوازانەی خوارەوە:

### ٣_١_١٢_١ لابردنـی بکـەر(کرتاندنی بکەر):

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی دەرنەکەوتنی بکەرە بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ، ئەمەش وادەکات کە بەهۆی جێناوە کەسییەلکاوەکانەوە هەستی پێ بکرێت و بناسرێتەوە، بەجۆرێک کە ((قرتاندنی بکەری ڕستە لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەیە، چونکە بکەری ڕستەکە دەقرتێنرێت، هەرچەندە لە زمانی ڕۆژانەدا زۆرجار بەو شێوەیە قسەدەکەین و جێناوە کەسییە سەربەخۆکان بەمەبەستی ئابوریکردن دەقرتێنرێت.))(سەعید، ٢٠١٠: ١٣٠)، هەر ئەمەش وایکردووە محەمەد کوردۆی شاعیر لە شیعرەکانیدا پەیڕەوی ئەم بنەما زمانییە بکات، بەجۆرێک بەکاریهێناوە لە دەقەکەیدا، کە هەندێجار لابردنی بکەرەکە بووەتە هۆی بەخشینی جوانی و ڕەوانی بە شیعرەکە. شاعیر لە شیعری (**بێوەفایی**)دا، ئەم بنەمایەی بەرجەستەکردووە، وەک دەڵێت:

(من) **کە منداڵبووم**
(من) **بۆ شکانی پەنجەیەکم**
(من) **دایکم ژیانی**
**یەک هەفتەی لە خۆی تێک دا**
(من) **کە گەورەبووم**
(من) **بێئەوەی پرسە گورگانەیەکیش**
**بە دایکم بکەم**
(من) **هەموو پەنجەکانم**
**وەک قردێلە**
**لە پرچی کچێک دا..!**

کە سەیری ئەم کۆپلە شیعرەی شاعیر دەکەین، دەبینین (بکەر) لە سەرەتای هەموو دێڕەکانەوە لابراوە، کاتێکیش بەبێ بکەر و شیعرەکە دەخوێنیتەوە، جگە لەوەی کە شیعرەکە واتایەکی تەواو دەبەخشێت، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی جوانی هونەری هەیە و هیچ کەموکوڕییەکی نییە، ئەگەر (بکەر) بۆ سەرجەم دێڕەکان دابنێین، ئەوا لە بەهای چێژ و جوانی شیعرەکە کەمدەبێتەوە.

### ٣_١_ ١٢_٢ لابردنـی کـار (کرتاندنی کـردار):

لابردنی کار لە دێڕە شیعرەکاندا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە پێکهاتنی جوانی و ئیستاتیکای دەقدا، کە((زۆرجار شاعیر بە وریاییەوە ئەم لابردنە ئەنجام دەدات، چونکە لابردنی کار لە زمانی کوردیدا دەبێتە هۆی بەخشینی سیفەتی بەردەوامی بە دەقەکە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کار ڕەهەندی کاتی لە خۆیدا هەڵگرتووە و ئاماژە بۆ دەمەکانی ڕابردوو

یاخود ئێستا و داهاتوو دەکات و بە لابردنی کردارەکە سیفەتی بەردەوامی بە شیعرەکە دەدرێت.))(مستەفا،٢٠٢١: ١٣٣).

شاعیر ئەم جۆرە لابردنی کارەی لە شیعری (**ئـافرەت**)دا پەیڕەوکردووە، وەک دەڵێت:

**گەر سۆزی تۆ نەبوا،**
**ئەم ژینە**
**بێ مانگ و**
**ئەستێرە و**
**خۆر دەبوو..**
**گەر سۆزی تۆ نەبوا،**
**ماڵ کەم و**
**حاڵ کەم و**
**گۆڕستان زۆر دەبوو..!** (٧٠)

شاعیر لەم دەقەدا کرداری ڕستەکانی (بێ مانگ) و (خۆر) و(ئەستێرە)ی کرتاندووە، کە خۆی لە بنەڕەتدا (بێ مانگ دەبوو)، (بێ خۆر دەبوو)، (بێ ئەستێرە دەبوو)، شاعیر لەپێناوی کرتاندنی کاری ڕستەکاندا ئامرازی نەرێکرنی (بێ)ی لە پێش ناوەکانی (مانگ و خۆر و ئەستێرە)وە بەکارهێناوە، کە لە بنەڕەتدا شاعیر دەبوو کرداری ڕستەکانی نەرێ بکردایە بە شێوەی (مانگ نەدەبوو)، (ئەستێرە نەدەبوو)، (خۆر نەدەبوو)، چونکە لە دێڕەکانی سەرەتا و دواتردا شاعیر خۆی کردارەکەی بە ئامرازی (نە) نەرێکردووە، وەک دەڵێت: (گەر سۆزی تۆ نەبوا)، تەکنیکی جوانکاری شاعیر لەوەدایە کە بۆ جوانکردنی دەقەکەی و بەخشینی ئاوازێکی چێژبەخش ئەم کاری کرتاندنەی ئەنجامداوە و ڕەهەندێکی ئیستاتیکی پێ ئەفراندووە.

### ٣_١_١٢_٣ لابردنی فۆنیمی (کرتاندنی فۆنیمی):

فۆنیم کرتاندن یاخود لابردنی فۆنیمی ((ئەوەیە کە فۆنیمێک یاخود چەند فۆنیمێک لە وشەکە کەم دەکرێتەوە، ئەمەش چ لەبەر ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە بێت، یاخود بۆ مەبەستی کورتی و چڕی و پاراستنی مۆسیقای شیعرەکە بێت.))(عەبدوڵڵا،٢٠٠٨: ١١٦)، بەم جۆرە کرتاندنی فۆنیمی بە کەمکردنەوەی دەنگێک یان چەند دەنگێک لە وشەیەک لەلایەن شاعیرەوە بە کرتاندن ناودەبرێت. زۆرجار ئەم کرتاندنە بۆ مەبەستێکە، وەکو ئەوەی کە ((شاعیر لەبەر هاوسەنگی کێشی شیعرەکەی یان سەرواى شیعرەکەی پەنادەباتە بەر قرتاندنی دەنگێک یان چەند دەنگێک، کە مەبەستی داهێنانی شتێکی سەیر و نوێیە، کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت.))(سەعید،٢٠١٠: ١٠٤)، ئەم کرتاندنەش بە چەند جۆرێک ئەنجام دەدرێت، وەک :

**٣_١_١٢_٤ كرتاندنی دەنگ لەسەرەتای وشەكان:**

ئەم كرتاندنە لە سەرەتای وشەكانی ناو دەقی شیعریدا دەكرێت، وەكو شاعیر لەم دەقەیدا دەڵێت:

**تا ئەوپەڕی دڵكرانەوە،**

**دڵمان بەیەكتر دەكرایەوە..!** (١٤٥)

(تا) كە دوو دەنگی (هە)ی لەگەڵدابووە كرتێنراوە، كە لە بنەچەدا بەم جۆرەیە (هەتا).

**٣_١_١٢_٥ كرتاندنی دەنگ لەناوەڕاستی وشەكان:**

نموونەی ئەم جۆرە كرتاندنەش، وەكو شاعیر دەڵێت:

**منداڵێك هات**

**ویستی هەڵمفڕێنێ** (١٥٥)

كرتاندنی دەنگەكە لە نیوەدێڕیدووەمدا لە وشەی (هەڵمفڕێنێ)دایە، كە دەنگی (ب) كرتێنراوە، وشەكە خۆی (هەڵمبفڕێنێ)یە.

**٣_١_١٢_٦ كرتاندنی دەنگ لە كۆتایی وشەكان :**

ئەم جۆرە كرتاندنە لە كۆتایی وشەكاندا لەلایەن شاعیرەوە ئەنجامدەدرێت، زۆرجار بۆ مەبەستی گونجانی سەروا (قافیە)ی شیعرەكەی شاعیر ئەنجامی دەدات، وەكو لە شیعری (ماچ)دا، ئەم جۆرە كرتاندنەی لە كۆتایی وشەكانی ناو دەقەكەیدا ئەنجامداوە، وەكو دەڵێت:

**وتت بۆ بێ ماچم دەكەی..؟**

**وتم كوا بێ ماچم كردووی..؟**

**كە پێكەوەین**

**لە جیاتی یەك یەك ماچتكەم**

**دوو دوو سێ سێ ماچم كردووی..**

**كە دایش دەبڕێین**

**بە لێوی دڵ ماچت دەكەم،**

**تەنها ئەم شەو**

**بەشی عومرێ ماچم كردووی..!** (٤٦)

شاعیر دەنگی (ت)ی لە كۆتایی وشەكانی (دەكەی و كردووی) لابردووە، كە لە بنەڕەتدا خۆی وشەكە (دەكەیت و كردوویت)ە، چونكە جێناوی لكاوی (یت) بۆ كەسی سێیەمی تاك بەكاردەهێنرێت، نەوەكو جێناوی لكاوی (ی)، بەڵام لێرەدا لابردنی دەنگی (ت)، تەنها بۆ مەبەستی دەربڕینی ئاسایی ئاخاوتنەكە و سەروای ئاوازی شیعرەكە ئەنجامیداوە، ئەگەرچی هەندێك جار ئەم كرتاندنە پەیوەندی بە شێوەزار و ناوچەی جوگرافییەوە هەیە، كە

لەمبارەیەوە (محەمەدی مەحوی) دەڵێت: ((بەهۆی گۆڕان لە زماندا بڕگەکانی وشەیەک لەناودەچێت یان دەگۆڕێت.. جا یان دەنگی پێشەوەی وشەکە یان ناوەڕاست و.. جاری واش هەیە دەنگی پێشەوە و دواوە لە هەمان کاتدا، بەڵام لە کوردیدا لەناوچوونی دەنگی دواوە دیاردەیەکی تەواوبڵاوە، بەتایبەتی لە زاری سلێمانیدا دەردەکەوێ.))(فەتاح،١٩٨٧: ٩٣)، کەواتە بەو پێیەی کە شاعیر لە سنوری جوگرافیای سلێمانی دەژی و بەوشێوازە شیعر دەنووسێت، دەشێت هەر ئەمە هۆکاری سەرەکی لابردن و کرتاندنی ئەم دەنگی (ت)یە بێت لەکۆتایی وشەکەدا، ئەگەرچی (عەلاددین سەجادی) دەربارەی ئەم جۆرە تایبەتمەندیەی زمان قسەی خۆی هەیە و بڕوای وایە کە دەڵێت: ((لەبەر گۆڕانی چەشەیە ، چەشەی هەر ناوچەیەک جیایە، لە چەشەی ناوچەی دەستەیەکی تر. ئەو چەشەیە لە یەکێک وەیا دەستەیەک دا پەیدا بوونەکەی دیمەنی ناوچەکە و ڕەوشتی ناوچەکەیە لەگەڵ هەندێ شتی تایبەتی نەوعیدا کە ئەو خاوەن چەشەیە ئەو شەقڵە وەرئەگرێ.))(سەجادی،١٣٩٦: ١٨٨-١٨٩)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە هەندێک ناوچە ئەم شێوازی لەناوچوونی دەنگە پەیڕەودەکەن و هەندێکی تر پەیڕەوی ناکەن و یاخود بەجۆرێکی دیکە دەریدەبڕن.

**٣_١_١٣ یاریکردن بە دەنگەکان ( پاش و پێشخستنی دەنگەکان):**

زۆجار شاعیر بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر و لادان لە شێوازی باو، هەندێک جار لە شیعر نووسیندا پیتەکانی وشەکان لە یەکتری جیادەکاتەوە، لێرەدا شاعیر دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە((مەرج نییە هەموو یاریکردنێک بە پیتەکان جوان و ئەدەبی بن، بەڵکو دەبێت ئامانج و مەبەستێک هەبێت لە دوای ئەم کردارەوە.))(سەعید،٢٠١٠: ١٠٩)، کەواتە مەبەستی سەرەکی شاعیر لە نووسینی ئەم جۆرە شیعرەیدا ئامانجێکە، ئەگەر ڕوونتر باسی بکەین ئەوەیە کە ((گۆڕانی تۆبۆگرافیای شیعرەکەیە، کە چێوەی شیعرەکە پەرت دەبێت و فۆرمێکی دیکە وەردەگرێت. دابەشبوونی ڕەشاییەکانە بەسەر ڕووبەرێکی سپیدا، واتە دابەشبوونی بارستاییە ڕەشەکان(خەتەکان و حەرفەکان....) بەسەر کاغەزی سپیدا شێوەیەکی تازە وەردەگرن.))(پیربال، ٢٠٠٥: ١٠٢).

کوردۆی شاعیر لە نموونەی ئەم جۆرە یاریکردن بە دەنگ و پیتەکانی وشە لە دەقە شیعریەکانیدا بە چەشنێک پەیڕەویکردووە، کە مەبەستی هەم سەرنجڕاکێشانی خوێنەرە و لە هەمان کاتدا لادانیەتی لە شێوازی باو، کە ئەمەش جوانی و ئیستاتیکیەت بە دەقەکەی دەبەخشێت، وەک لە دەقە شیعری (خـەم/ پـایز)دا دەڵێت:

**خەم،**

**سەری مرۆڤە خەمبارەکان**

**دە**

ڕوو
تێ
نێ
ته
وه
و
پایز،
سەری دارەکان..!    (١٣٠)

**٣_١_١٤ دووبارەکردنەوە :**

دووبارەکردنەوە یەکێکە لە تەکنیکە کاریگەرە ئیستاتیکییەکان، چونکە ((دووبارەکردنەوە لادانە لە بنەڕەتی زمانی ئاسایی و هونەرێکی بەرجەستەکردنی ئیستاتیکای شیعرە، شاعیر لەپێناو جوانترکردنی شیعر و چێکردنی ئاوازێکی ناوازە و تایبەت و پێدانی واتایەکی قووڵ بە دەقی شیعرەکەی پەنای بۆ دەبات.))(مستەفا،٢٠٢١: ١٣٣)، واتە مەبەستێکی سەرەکی ئیستاتیکا جوانیی و ڕازاندنەوەی شیعرەکەیەتی بە مەبەستی چێژبەخشین.

دووبارەکردنەوە کە پاتکردنەوە(التکرار)یشی پێدەوترێت، هەروەک (فەرحان) لە ماستەرنامەکەیدا ئاماژەی پێدەکات، کە دەڵێت: ((یەکێکە لەو هونەرە جوانکارییانەی لەلایەن شاعیرانەوە بۆ پێداگرتن و جەختکردنەوە لەسەر لایەنێکی گرنگ لە دەستەواژەکەیە، کە مەبەستی شاعیرە بۆ هاوسەنگ کردنی سەروای دێڕەکە و دروستبوونی مۆسیقای ناوەوە بەکاری دەهێنێت.))(فەرحان،٢٠١٥: ٧٣)، بەم پێیە دووبارەکردنەوە وەکو هونەرێکی ئەدەبی بە مەبەستی لایەنی ئیستاتیکی و چێژبەخشین بە خوێنەر لەلایەن شاعیرانەوە بەکاردەهێنرێت، بەم شێوەیە دووبارەکردنەوە دەبێتە هونەرێک و بە چەند شێوازێک لەلایەن شاعیرەوە پەیڕەودەکرێت، کە گرنترینیان ئەمانەن:

**٣_١_١٤_١ دووبارەکردنەوەی وشە:**

مەبەست لە دووبارەکردنەوەی وشە شیعرییەکانی ناو دەقێکە کە شاعیر لە سەرەتا یاخود لە ناوەندی یەکێک لە کۆتایی دێڕەکانی شیعرەکەیدا، لەگەڵ دێڕێکی دیکەی هەمان دەقدا ئەم دووبارەکردنەوەیە لە ئاستی وشەدا ئەنجامدەدات، دەبێت ئەوەش بزانین کە لەم دووبارەکردنەوەیەدا ((هەموو وشە و فرێزەکان بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی یەکگرتوویی ڕستەسازیان هەیە، کە بەمەبەستی دووپاتکردنەوەی بەشێک لەپەیامی دەقەکە دووبارە دەکرێتەوە.))(سەعید،٢٠١٠: ٩٥)، کەواتە مەبەستی سەرەکی شاعیر لە دووبارەکردنەوەی

هەندێک وشە و زاراوە بۆ دەرخستنی هونەرێکی دیکەیە لە ئیستاتیکای شیعردا، دەبێت ئەوەش بزانین کە هەندێجار ((دووبارەکردنەوە سەرتاپای دەق دەگرێتەوە، لەسەر ئاستی ستوونی و ئاسۆیی و لە بچووکترین پێکهاتەی دەق دەستپێدەکات کە دەنگە، هەتا وشە و گرێ و ڕستە و نیوەدێر و دێڕ و کۆپلە، بەم جۆرەش ڕەهەندێکی ئیستاتیکی لە خۆیدا بەدیدێنێت.))(ئەحمەد،٢٠١٣: ٢٤٥-٢٤٦).

کوردۆی شاعیر گرنگی بە دوووبارەکردنەوەی وشە داوە لە دەقەکانیدا، لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە ئیستاتیکایەکی بەرزی بە بەشێک لە شیعرەکانی بەخشیوە، چونکە لە شیعری نوێدا دووبارەکردنەوە بەپێی سەلیقەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو ((دووبارەکردنەوە لە شیعری نوێدا بەرنامەیەکی دیاریکراوی نیە، وەک ئەوەی کە لە شیعری کلاسیکدا هەبووە، بەڵکو بەپێی ویستی شاعیر دەبێت و شاعیر لە هەر شوێنێکدا بە گونجاوی زانی وشە و ڕستە و دەستەواژەکان دووبارەدەکاتەوە، کە ئەمەش شێوازێکی نوێ و جیاوازی شاعیرە بۆ مەبەستی گوزارشتکردن و پێشکەشکردنی دەقێکی پڕ لە ئیستاتیکا و چێژبەخشە بە پەیامەوەرگران.))(مستەفا،٢٠٢١: ١٣٤)، بەم شێوەیە کوردۆی شاعیر بەپێی سەلیقەی خۆی، تایبەتمەندییەکانی ئەم کردەی دووبارەکردنەوەیەی لە دەقە شیعریەکانیدا پەیڕەوکردووە، وەکو لە شیعری (**ڕۆژگار و ئێمە و یادگارییەکان**)دا، کە بیست و پێنج جار جێناوی سەربەخۆی (من)ی دووبارەکردووەتەوە لە دەقەکەدا، کە دەڵێت:

**دایکم بە کوڵ بۆ <u>من</u> و**
**<u>من</u> بە دڵ بۆ شیعرەکەم دەگریام** (٢٣٤)

..........................

**<u>من</u> تارژەنێکی دڵتەنگ بووم و**
**تۆ خەمت دەکولاندمەوە** (٢٣٤)

..........................

**<u>من</u> ئەو کاتە، نەمدەزانی بۆ خۆم بگریم**
**یان بۆ ئەو پەڵە هەورانەی** (٢٣٥)

..........................

**<u>من</u> ئەو کاتە نەمدەزانی**
**بۆ خۆم بگریم** (٢٣٦)

..........................

**<u>من</u> ئەو کاتە نەمدەزانی**
**بۆ خۆم بگریم یان بۆ هاوڕێکانم** (٢٣٧)

..........................

تۆ خۆت گەرم کردۆتەوە و
بیری پەنجە ڕچیوەکانی منت نەبووە (٢٣٧)

.........................

چنار دەیوت:
تۆ وانەی ڕەوانبێژیت تەواوکردووە و
جارێک منت بە دڵبەرەکەی خۆت نەچواندووە
چۆلەکە دەیوت:
من لە بێکەسیدا
ساڵێ سەرم ژانی کردووە و (٢٣٧)
من ئەو کاتە نەمدەزانی
بۆ خۆم بگریم یان بۆ ئەو هاوسێ گوڵفرۆشەم (٢٣٨)

.............................

باران ڕیشی پاڵتۆکەی من و
قژی چاکەتەکەی تۆی شۆری..؟ (٢٣٨)

..............................

تۆ وتت دەزانی لە براکەی من دەچی..؟
من وتم: دەزانی لە برای کەس ناچم (٢٣٩)

............................

پەنجەی من بۆ پرچی تۆ و
پرچی تۆ بۆ پەنجەی من دەگریا
من بۆنی تۆم کرد و خەریک بوو شێت بم
تۆ بۆنی منت کرد و گۆنات سوور داگەڕا
من لە تۆ ورد بوومەوە و وەخت بوو سەری خۆم
هەڵبکەنم (٢٤٠)

..........................

من تەنیا مامەوە
ئەو شەوە تێگەیشتم (٢٤١)

.........................

من بەر لەوەی گۆنای کچێک
چاوەکانم بدزێ (٢٤٤)

.........................

**<u>من</u> هێشتا منداڵیی لە پرچەکەم دەڕژا**
**هێشتا جێگە ماچی فریشتەکان**
**بە ڕومەتمەوە مابوو**   (٢٤٤)

......................

**<u>من</u> بەر لەوەی ناوی هاوسێکانم فێربم**
**لاس و سیامەند و مەم و وەلی دێوانەم**  (٢٤٥)

......................

**ئەی <u>من</u> لەم دۆزەخە دڵپڕوکێنەی دنیادا**
**تۆ نە لە باڵم هەڵتۆقی و**  (٢٤٦)

......................

**<u>من</u> وەک باپیرە درێژدادڕەکانم**
**درێژەم بە باسی عیشق دا**  (٢٤٦)

......................

**قسەکانت لە ماچەکانت خۆشترن**
**<u>من</u> لە داخا تێروپڕ ماچم کردی..؟!**  (٢٤٧)

شاعیر لەم دەقە شیعرەیدا بۆ(٢٥)جار جێناوی سەربەخۆی (من)ی دووبارەکردووەتەوە، کە شاعیر تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشی لە دەقەدا نواندووە، بەشێوەیەک کە گرنگی و بایەخی تایبەتی بە جێناوی (من)داوە و لە زۆر شوێنی دیکەی دەقە شیعرییەکانیدا، ئەم جێناوە سەربەخۆیەی بەکارهێناوە، مەبەستی شاعیر تێڕوانینێتی بۆ ئەم وشەیە و لە هەمان کاتدا دەربڕینی ئیستاتیکی و بەهای هونەری جوانی دەقە شیعریەکانییەتی.

هەروەها کوردۆی شاعیر لە شیعری (**تا ڕۆژی حەشر چاوەڕوانی لێبوردنی تۆم**)دا (٨)جار وشەی (دڵ)ی دووبارەکردووەتەوە، وەک شاعیر دەڵێت:

**<u>دڵ</u>ی من چرایەک بوو**
**لەناو تەنیاییەکی کوشندەدا**   (١٤٥)

......................

**<u>دڵ</u>ی ژنێکی میهرەبان**
**هات بە هانایەوە..!**   (١٤٥)

......................

**تا ئەوپەڕی <u>دڵ</u>کرانەوە**
**<u>دڵ</u>مان بە یەکتر دەکرایەوە..!**   (١٤٥)

......................

**چڵێک لە دارە ناسکەکەی دڵی ئەو**
**کە دیاربوو پێش منیش شکێنرابوو** (١٤٦)

.........................

**دڵی من بەجۆرێک**
**کەوتە ناو دۆزەخی پەشیمانیی** (١٤٦)

.........................

**دڵی من زۆر خەمناکانە**
**بە ژنە میهرەبانەکەی وت:** (١٤٦)

.........................

**بە هیچ جۆرێک**
**هیچ وەڵامێکی دڵی منی نەدایەوە..!** (١٤٦)

لێرەدا شاعیر جگە لە جەختکردنەوەی لە وشەی (دڵ)، کە شوێنی ئاسوودەیی و کامەرانی و ئارامی جەستەیە و مەڵبەندی کانگای سۆز و ئەوین و خۆشەویستییە، لە هەمان کاتدا بنەمایەکی ڕەهەندی جوانیی و ئیستاتیکای لە دەقەکەدا فەراهەمکردووە.

**٣_١_١٤_٢ دووبارەکردنەوەی ڕستە و فرێز :**

کوردۆ لە زۆر شوێنی ناو دەقە شیعرییەکانیدا ئەم چەشنە دووبارەکردنەوەیەی پەیڕەوکردووە، وەک لە شیعری (**ئەوانەی شەو بەبێ عەشق سەردەنێنەوە**)دا دەڵێت:

**ئەی خوای مەزن!..**
**ئاخۆ ئەوەی بەبێ عیشق دەژی**
**چۆنە ژینی..؟**
**ئەی خوای مەزن!..**
**ئەوەی شەوان**
**بەبێ عیشق خەو دەیباتەوە** (٢٠٥)

.......................................

**ئەی خوای مەزن!..**
**ئاخۆ ئەگەر عیشق**
**گەرد بە گەردی**
**پیاوەتی منی دانەگیرساندایە** (٢٠٦)

دووبارەکردنەوەی ڕستەی (ئەی خوای مەزن..!)، کە بەشێوازی دەربڕینی سەرسوڕمانە لەلایەن شاعیرەوە، داوای لە پەروەردگارکردووە، بەرانبەر بە ڕووداوەکانی سروشت،

ئەمەش جگە لەوەی ئیستاتیکایەکی جوانی دروستکردووە، لە هەمان کاتدا وێنەیەکی چێژبەخشی بە دەقەکە بەخشیوە، بۆ ئەوەی کە پەیامەوەرگر چێژی لێ ببینێت.

لە شیعری (**من بە شیرییش هەر پیابووم**)دا، پەیڕەوی ئەم چەشنە دووبارەکردنەوەیە لەلای شاعیر دەبینرێت، بۆ مەبەستی جوانی دەربڕین و چێژبەخشین بە دەقە شیعرییەکەی، کە دەڵێت:

**خەونم بینی و**
**خەونم بینی و**
**خەونم بینی**
**لەناو خەونەکانمدا**
**چرایەکی بچکۆلانەی داگیرساوبووم** (٢٠١)

**٣_١_١٥ پاش و پێشخستنی وشەکان (جێگۆڕکێی وشەکان):**

لەم چەشنە دووبارەکردنەوەیەدا شاعیر جێگۆڕکێ بە وشەکان دەکات، بەجۆرێک ((دوو وشە بەدوای یەکتردادێن، پاشان شاعیر جێگۆڕکێ بە وشەکان دەکات و دووبارەیان دەکاتەوە، بەڵام شوێنەکانیان دەگۆڕێت، بە واتایەکی تر دووبارەبوونەوەی ئاخاوتنەکە بە ڕێکخستنێکی پێچەوانە.))(سەعید،٢٠١٠: ٦٨)، ئەم شێوازی دووبارەکردنەوەیە لە هەندێک لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت، وەک لە دەقە شیعری (**تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای**)دا دەبینرێت، کە لە کۆپلەیەکیدا شاعیر دەڵێت:

**یان تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای**
**یان هەموو ژنە جوانەکانی دنیا تۆن** (١٣٨)

لێرەدا شاعیر بەهۆی وشەی (یان) کە لە سەرەتای هەردوو نیوەدێڕەکەدا دووبارەی کردووەتەوە، دەستەواژەی هەردوو دێڕەکەی جێگۆڕکێ پێکردووە، کە چێژێکی جوانی دروستکردووە و بووەتە وێنەیەکی هونەری و ئیستاتیکی.

هەروەها لە شیعری (شیعر)دا ئەم دووبارەکردنەوەی بەدوایەکداهاتووە دەبینرێت، کە شاعیر دەڵێت:

**عومرێکی درێژ**
**درێژ وەک باڵای بادی خۆش مروور** (٤١)

لێرەشدا شاعیر بە دووبارەکردنەوەی وشەی (درێژ)، جوانییەکی چێژبەخشی بە دێڕەکە بەخشیوە کە لە ئاکامدا وێنەیەکی ئیستاتیکی نواندووە.

### ٣_١_١٦ شیعریی سەربەست (شیعریی ئازاد):

یەکێکی ترە لەو لادان و دەستپێشخەرییانەی کە شاعیرانی نوێ لە نووسینی دەقی شیعریدا پەیڕەوی دەکەن، مەبەست لەم جۆرە شیعرە ((شیعری بێ کێش و سەروایە، بەڵام مەرج نیە هەموو شیعرەکە بەتەواوەتی لە کێش و سەروا خاڵی بێت، بەزۆری لەسەر بنەمای ڕیتمی ئازاددا دەبینرێت، بە بەکارهێنانی مۆسیقای بیر کە بە تەریبی و هاوواتایی و بەرانبەری ڕێکخستنی بەرەو ژووری بیرەکان، لە چەند کۆمەڵێکی جۆراوجۆر.))(حسێن، ٢٠٠٨: ١٠١)، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کەوا شیعریی سەربەست زۆرجار ئازادییەکی تەواو بە شاعیر دەبەخشێت، تاوەکو پەرە بە ئەندێشە و خولیا و ئارەزووەکانی لە نووسیندا بدات، تاوەکو کێش و سەروا نەبنە ڕێگر لە نووسینی مەبەستەکانی لە دەقە شیعرییەکانیدا، چونکە شیعریی ئازاد بوار زیاتر بۆ شاعیر دەڕەخسێنێت لە نووسینی هەستەکانیدا، (جان کۆهین) شیعری ئازاد بە (قەسیدەی سیمانتیکی) ناودەبات، چونکە بڕوای وایە کە ((شاعیر لەکاتی نووسینی ئەم جۆرە شیعرەدا پشت بە لایەنی سیمانتیکی زمان دەبەستێت، ڕەچاوی لایەنە فۆنەتیکەکەی ناکات، چونکە لە ڕووی شیعرییەتەوە بەرجەستەی ناکات، ئەمەش دەلالەتە بۆ ئەوەی کە ڕەگەزە سیمانتیکییەکان بەسە بۆ خولْقاندنی ئیستاتیکا.))(کۆهین، ٢٠٠٨: ١١).

هەر دەربارەی شیعریی سەربەست محەمەد کوردۆی شاعیر خۆی دەربارەی ئەم جۆرە شیعرە لەلای (لەتیف هەڵمەت) وەکو سەرمەشقی (شیعریی سەربەست) لە شیعری نوێی کوردیدا دەریدەخات و دەڵێت: ((ڕاستە کێشەکان جۆراوجۆرن و جێگۆڕکێیان پێکراوە و هەندێجار لەیەک شیعردا چەن کێشێک بەکارهێنراوە، بەڵام واز لە کێش نەهێنراوە و شاعیر نەیتوانیوە بۆ یەکجاری دەستبەرداری کێشەکان ببێت.))(کوردۆ،٢٠٠٦: ٣٩)، لێرەدا ئەگەرچی کوردۆی شاعیر خۆی بەتەواوەتی پەیڕەوی ئەم جۆرە شیعرەی لە نووسینی دەقە شیعرییەکانیدا کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو نووسەرێک و لێکۆڵەرێک دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە ئەگەرچی (لەتیف هەڵمەت) وەکو سەرمەشقی ئەم جۆرە شیعرەیە لە شیعری نوێی کوردیدا، بەڵام نەیتوانیوە بەتەواوەتی دەستبەرداری نووسینی شیعری کێش و سەروادار بێت.

کوردۆی شاعیر مەبەستی گرنگی پێدانی بەم جۆرە شیعرە دەریبخات، وەکو لێکۆڵەرێکی ئەدەبی دەربارەی ئەم جۆرە شیعرە لەلای لەتیف هەڵمەتی شاعیر زیاتر دەدوێت، باس لە شیعری (ئەم کولەکانە ئەشکێنم)ی شاعیر دەکات و بڕوای وایە کە ڕەچەشکێنی شیعریی ئازادی لەم بوارەدا کردووە، وەکو کوردۆ خۆی لەم بوارەدا دەڵێت: ((وەک سەرەتایەکی زۆرباش و بەشێوازێکی نوێ کێش و سەروا تەڵاق دراون، بێئەوەی ماڵی شیعر بشێوێت، کێش و سەروا تەڵاق دراون، بێئەوەی مناڵەکانی ڕستە و ئیقاع سەرگەردان بن.))

(کوردۆ،٢٠٠٦: ٣٨)، کەواتە محەمەد کوردۆی شاعیر بە ئاشکرا مەبەستێتی کە پەیڕەوی ئەم جۆرە نووسینەی شیعر بکات، ئارەزووی خۆی بۆ نووسینی ئەم جۆرەی شیعر نیشانداوە، کە دەبێتە هۆی لادان لە فۆڕمی کۆن، لە هەمان کاتدا لادانە لە زمان و کێش و سەروای شیعریی، لە زۆربەی دەقەشیعرییەکانیدا کوردۆی شاعیر پەیڕەوی کردووە، وەک لە شیعری (سووتان)دا دەڵێت:

**_ لە بۆنی جگەرەکەت**

**بێزاربووم**

**ئەم دووکەڵە تاکەی..؟**

**_ ئەوە جگەرەکەم فڕێ دا**

**ئەی بۆ، بۆنی**

**سووتانی دڵم ناکەی..؟!** (١٢٨)

دەبینین لە دەقەکەدا شاعیر لە کۆتایی دێڕەکاندا، هیچ جۆرە سەروایەکی پەیڕەو نەکردووە، هەروەها لە ڕووی کێشەوە پەیڕەوی کێشی نەکردووە، بڕگەکانیشی وەک یەک نین، هەتا بڵێین لەسەر کێشی بڕگەیی نووسراوە، بۆیە بە ئاشکرا دیارە کە شاعیر وازی لە کێش و سەروا هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعرێکی جوانی نووسیوە، کە هەتا ڕادەی چێژبەخشین، جوانی و چێژ بە پەیامەرگر دەبەخشێت.

### ٣_٢: ئیستاتیکای مۆسیقای شیعر لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆ:

مۆسیقا یەکێکە لە پێکهاتە ئیستاتیکی و ڕەگەزە سەرەکییەکانی شیعر، بەجۆرێکە کە ((مۆسیقای شیعر هەرشتێکە لە شیعردا کە تایبەتمەندی دەنگی هەبێ و خاوەنی کاریگەری ئیستێتیکی، یان گوزارشتی بێت.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٠٧)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا (مۆسیقا) ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە داڕشتنی زمانی شیعردا، چونکە هەمیشە دەوترێت کە ((یەکێک لە خاڵە جیاکەرەوەکانی زمانی شیعر لە زمانی ئاسایی بوونی مۆسیقایە لە شیعردا.))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٠).

کوردۆی شاعیر وەکو هەموو شاعیرانی دیکەی پەیڕەوکاری جوانی بۆ دروستکردنی مۆسیقا و ئاوازبەخشین بە شیعرەکانی، پەنا دەباتەبەر هەڵبژادنی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە مۆسیقای تێدایە، چونکە دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە ((لە شیعردا دوو جۆر مۆسیقا هەیە، کە ئەوانیش مۆسیقای دەرەوە و مۆسیقای ناوەوەیە، مۆسیقای دەرەوە پێکدێت لە "کێش و سەروا"))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٠)، هەروەها دەبێت ئەوەش بزانین کە ((هونەرەکانی (پاتکردنەوە) و (دووبارەکردنەوە) و جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی، وەکو ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی هاوکێشی و ڕەگەزدۆزی ناتەواوی کەرتی، کە ڕۆڵی گرنگییان هەیە

له بونیادنانی مۆسقای ناوەوە.))(عەبدوڵڵا،٢٠٢٠: ١٧٠-١٧١)، بەم شێوەیە ئێمەش بۆ خستنەڕووی مۆسیقای شیعری کوردۆ، بەجیا لە هەردوو جۆرەکەی مۆسیقای شیعر دەدوێین لەلای شاعیر:

**٣_٢_١ مۆسیقای دەرەوە :**

هەموو ئەو لایەنە ئیستاتیکییانە دەگرێتەوە، کە ئەرکی ڕێکخستنی ڕووکاری دەرەوەی شیعر لەخۆدەگرن، کە بریتین لە(کێش و سەروا).

ا. **کێش**: ((کێش بریتییە لە سەرجەمی ئەو پێیانەی کە دێڕە هەڵبەستێک دروستی دەکەن.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٠٨)، کەواتە پێیەکانی هەڵبەست کێشی شیعر دروستدەکەن، هەروەها((کێش کۆڵەکەی سەرەکی مۆسیقای دەرەوەی شیعر پێکدێنێ، هیچ شیعرێکیش بەبێ کێش نابێت.))(محەمەد،٢٠١٩: ٨٠).

کوردۆی شاعیر وەکو شاعیرێکی بەتوانا لە هەردوو جۆرەکەی کێشی عەروزی عەرەبی و کێشیبڕگەییخۆماڵی بەکارهێناوە، لێرەدا باڵادەستی خۆی نیشانداوە و لە هەردوو جۆرەکەی کێشدا بەرهەمی شیعری هەیە، هەروەکو لە (کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەری)دا کۆمەڵێ دەقی شیعری بەناوی (بەیادیکلاسیک)ەوە بڵاوکردووەتەوە، کە تیایدا شاعیر لە نووسینی ئەم دەقە شیعرییانەیدا پەیڕەوی شاعیرانی کلاسیکی کردووە، ، وەک خۆی ناوی لێناون (**بەیادی کلاسیک**)، هەروەک لە شیعری (**سووتان**)دا کە بە کێشی عەرووزی عەرەبی هۆنیویەتییەوە، تیایدا پەیڕەوی شیعری کلاسیکی کردووە و دەڵێت:

**چاوت کە چرای جوانییە هێند پڕ خەمەسـووتێ**
**پێموابێ کە ژین ئاخرە گشت عالــەمەسـووتێ**
**ژوانی شەم و پەروانە چ کەمخایـەن و کورتـە**
**ئەو کاتێ لە خەو ڕادەبێ ئیدی ئـەمـەسـووتــێ**
**دڵ وڕکی دەری یاری لـە من گرتـووە هــاوار**
**گـەر بیبـەم ئیتر نایـەتـەوە، نـەیبـەمـەسـووتێ** (٣٤٨)

ــ ــب/بــ ــب/بــ ــب/بــ ــ–
مفعول/مفاعیل/مفاعیل/فعولن
ــ ــب/بــ ــب/بــ ــب/بــ–ــ
مفعول/مفاعیل/مفاعیل/فعولن

لێرەدا شاعیر کێشی (هەزەجی هەشت هەنگاوی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ی بەکارهێناوە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشەش لە دەقێکی شیعری کلاسیکیدا لای شاعیر،

شارەزایی و باڵادەستی شاعیر دەردەخات لە شیعری کلاسیکدا، ئەمە هێندەی‌تر شیعرەکەی تەڕ و پاراو و بەهادارکردووە.

بەکارهێنانی ئەم جۆرە کێشانەی عەرووز لە شیعرەکانی کوردۆدا وەک خۆی (بەیادی کلاسیک)ەوە ناوییبردوون، لە کۆبەرهەمی (بۆنی بەختەوەری)دا، لە لایەک بۆ مەبەستی جوانی و ئیستاتیکییەتە و لە لایەکی دیکەیش سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، تاوەکو چێژ لە خوێندنەوەی دەقەکە ببینێت و هەروەها گوێی لە ئاوازێکی بە جۆش و ناوازەبێت. لە هەمان کاتدا کێشە عەرووزەکە وا لە شیعرەکە دەکات، زۆر بە جۆش و خرۆشەوە لەلایەن خوێنەرەوە  جگە لەوەی کە چێژی لێدەبینێت، لە هەمانکاتدا کێشەکەی وادەکات کە بەئاسانی دەربیبڕێت و لەبەربکرێت، بەهۆی ئاسانی دەربڕینی ئاوازەکەیەوە.

سەرەڕای بەکارهێنانی کێشی عەرووزی عەرەبی کە کێشێکی کلاسیکییە، کوردۆی شاعیر کێشی بڕگەیی خۆماڵی و کێشی ڕەنگاوڕەنگی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، بە چەشنێک کە پەیامەوەرگر چێژی لێ ببینێت، وەکو لە دەقە شیعری (**بەراورد**)دا ئەم چەشنە کێشەی بڕگەیی خۆماڵی پەیڕەوکردووە، کە دەڵێت:

**لەو ئێوارە پرچ و پەرچەم پەشێوەدا** (١٢بڕگە)
**کە ڕەشەبا شەڕی دەکرد** (٨بڕگە)
**لەگەڵ سەرما و کڕێوەدا..** (٨بڕگە)
**من پەنجەرەی دڵم بۆ تۆ** (٨بڕگە)
**خستە سەرپشت** (٤بڕگە)
**کەچی گیانە تۆ نەک دڵت،** (٨بڕگە)
**دەرگای حەوشەکەت پێوەدا..!** (٨بڕگە) (٤٨)

بەکارهێنانی ئەم کێشی بڕگەی خۆماڵییە لەلایەن محەمەد کوردۆی شاعیرەوە، کە کێشی ڕەسەنی کوردییە، لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت، ئەم گونجاندنەش وایکردووە کە شاعیر پێڕەوی ئەم کێشە ڕەسەنە کوردییە بکات. هەروەک (گۆران)ی شاعیر لەبارەی ئەم کێشی بڕگەیی خۆماڵییەوە دەڵێت: ((شیعرە تازەکان بە کێشی پەنجە(هیجا) هەڵبەستراون، کە هەرچەندە شیعر دۆستانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خصائصی زمانەکەماندا چاتر ڕێک ئەکەوێ.))(حسێن،٢٠٠٨: ٨١)، ئەم گونجاندنی کێشە لەگەڵ زمانە خۆماڵییەکەدا جوانی و چێژی زیاتر بە خوێنەرانی دەقەکە دەبەخشێت، تاوەکو لە خوێندنەوەی هەم چێژ و جوانی و هەم گوێبیسی ئاوازێکی دڵڕفێن بن لەناو دەقە شیعرییەکەدا.

**ب. سەروا:** بریتییە لەو کومەڵە دەنگەی کە لە کۆتایی وشە سەروادارەکاندا دووبارە دەبێتەوە، بەجۆرێک کە ((سەروا بنەمایەکی تری مۆسیقای دەرەوی شیعرییە، کە لایەنێکی

ئیستاتیکی و مۆسیقایەکی ڕەوان بە دێڕەکان دەبەخشێ.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١١٨)، بەم شێوەیە سەروا بەو کۆمەڵە دەنگە ناوزەند دەکرێت، کە لە کۆتایی هەموو دێڕەکاندا یان دوو نیوەدێڕدا یاخود کۆپلەیەکدا دووبارە دەبێتەوە و ئاواز و مۆسیقایەکی جوان دەبەخشێتە سەرجەم شیعرەکە، هەروەک (د.دڵشاد عەلی) لەبارەی سەرواوە دەڵێت: ((دەنگێ یان زیاتری دووبارەکراوەی ناو بنیاتی هەڵبەستێکە و بەگشتی دەکەونە دوا پێی ئەو دانە ئاوازەییانەی نەغمەیەکی دڵکێشە و بەشێک لە ئاهەنگ و ئاوازی دەرەوەی هەڵبەستەکە بەدی دەهێنێت.))(محەمەد، ١٩٩٨: ١٠٢).

کوردۆی شاعیر لەڕووی سەرواوە زیاتر پەیڕەوی سەروای هەمەڕەنگ (ڕەنگاوڕەنگ)ی کردووە، چونکە ئەم جۆرە سەروایە بواری زیاتری بۆ شاعیر ڕەخساندووە، تاوەکو پەرە بە بەهرەکانی بدات و وشەی جوانتر و گونجاوتر و لەبارتر بۆ نووسینی دەقە شیعرییەکانی بدۆزێتەوە و بەکاری بهێنێت، شاعیر لە زۆربەی شیعرە سەربەستەکاندا سەروای هەمەڕەنگ یاخود سەروای ئازادی بەکارهێناوە، واتە شاعیر بە هەمان شێوازی کێش مامەڵەی لەگەڵ سەروادا کردووە، ئەویش بەشێوەی کێش و سەروای ئازادە، وەک لە دەقە شیعری (چەتر)دا بەشێوازێکی ئازادانە مامەڵە لەگەڵ سەروادا دەکات و دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| **میوانم بەڕێکرد** | (٦بڕگە) | |
| **باران بوو بەلێزمە** | (٦بڕگە) | |
| **لە پڕا چاوی تۆم وەک گرێک** | (٨بڕگە) | |
| **لە تەما هەست پێ کرد** | (٦بڕگە) | |
| **خەیاڵم بەجۆرێک هەڵفڕی** | (٩بڕگە) | |
| **هەر خۆیشم نەمزانی** | (٦بڕگە) | |
| **چیم لێ کرد..؟!** | (٣بڕگە) | (٧٩) |

شاعیر پەیڕەوی کێشی بڕگەیی خۆماڵی کردووە و وشەی (کرد)ی کردووەتە سەروای دێڕەکانی دەقە شیعرییەکەی، ئەگەرچی بۆ نووسینی دەقە شیعرییە سەربەستەکانی کێش و سەروای سەربەست (ئازاد)ی بەکارهێناوە، بەڵام لە نووسینی هەندێک لە دەقە شیعرییە کلاسیکییەکانی پەیڕەوی (سەروای یەکگرتوو)ی کردووە، هەروەک لە شیعری (تلانەوە)دا ئەم چەشنە سەروایەی لە دەقە شیعرییەکەیدا پەیڕەوکردووە، کە دەڵێت:

| | | |
|---|---|---|
| **ئەم زەمانە، بێ ئەمانە، ڕۆژ و شەو دەخولێتەوە** | (١٥بڕگە) | |
| **هێند بەڵای لێ بارە ماڵی گشت کەسێک دەگرێتەوە** | (١٥بڕگە) | |
| **دوێ دەمە و ئێوارە جەستەم سۆزی لێ باری لە پڕ** | (١٥بڕگە) | |
| **ئەو پەری یارە تومەز دیارە و لە کانی دێتەوە** | (١٥بڕگە) | (٣٥٢) |

کوردۆی شاعیر لەدەقەکە شیعرییەکەدا کێشی بڕگەیی خۆماڵی بەکارهێناوە، هەروەها ئەم جۆرە (سەروای یەکگرتوو)ەی لە بەشێکی زۆری شیعرە کلاسیکییەکانیدا بەکارهێناوە، چونکە ئەم جۆری سەروایە لەگەڵ کێشی هەزەجی عەرووزدا باشتر و لەبارتر دەگونجێت، بۆ هەڵبژاردنی وشەی جوان و گونجاو و شیاو لە دارشتنی قاڵبی دەقە شیعرییەکانیدا.

شاعیر بێجگە لە بەکارهێنانی سەروای یەکگرتوو لە شیعرە کلاسیکییەکانیدا، بەڵام لە نووسینی شیعرە پێنج خشتەکییەکانیدا، پەیڕەوی بەکارهێنانی (یەکێتی سەروای)کردووە، بۆیە کاتێک سەیری شیعرە تێهەڵکێشەکانی دەکەین، زۆر بەڕوونی ئەم بەکارهێنانی (یەکێتی سەروا)یە دەبینین، وەک لەم پێنج خشتەکییەدا دەبینرێت، کە شاعیر تێهەڵکێشی شیعرەکەی لەسەر (پێنج خشتەکییەکی ئەدەب)ی شاعیر کردووە، کە تێیدا دەڵێت:

**بەختی من لەو وەختەوەی ئاڵایە پرچی شەوتەوە**
**ئەم دڵەم وەک جەژنی نەورۆز ئاگری لێ کەوتەوە**
**داوی دەستم هەر نەئاڵایە ملی وەک کەوتەوە**
**(دڵ لە حەسرەت غەمزەکەی دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە**
**وەک خەمی زوڵفت عەزیزم چوو بە ڕوودا کەوتەوە)** (٣٦١)

پەیڕەوکردنی یەکێتی سەروا لەم پێنج خشتەکییە و بەرهەمە شیعرییەکانی دیکەی شاعیردا، بۆخۆی جوانی و ئیستاتیکی و بەهرەیی شاعیر لە بوارەکەدا دەردەخات، بەجۆرێک کە سەروای وشەکانی دێڕەکان بە هەمان ئاواز و دەنگ کۆتاییان دێت، وەکو وشەکانی (شەوتەوە، لێ کەوتەوە، کەوتەوە، پڕ خەوتەوە)، بۆیە شیعرەکە هێندەی تر چێژوخۆشی بە پەیامەرگر دەبەخشێت، کاتێک کە دەقەکە دەخوێنێتەوە، یاخود گوێ بیستی دەبێت.

### ٣_٢_٢ مۆسیقای ناوەوەی شیعر:

مۆسیقای ناوەوەی شیعر، کە ڕیتمی شیعر پێکدێنێت، لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعرییە و لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعردا، مۆسیقای گشتی شیعرەکە پێکدەهێت، دەربڕینەکەی بە جۆرێکە کە: ((مۆسیقای ناوەوەی شیعر خۆی لە ڕێکخستنی ورد و جوانی وشەکانی ناو دێڕەشیعرەکە و پاش و پێش کردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات، بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، کە هەندێک جار لە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە کاریگەرترە.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٣٠)، ئەمەش زۆرجار شاعیر بەمەبەستی خستنەڕووی ئاوازێکی خۆش و چێژبەخش بە دێڕەکانی دەقە شیعرییەکانی، ئەم ئاوازەی لەناو دێڕەکانی شیعرەکەیدا دروستدەکات، کە ((ئاوازێکی شاراوەیی هەیە، لە هەڵبژاردنی وشەکان کە لە پێوەندی پێکەوەگونجاندنی نێوان پیت و دەنگەکانیانەوە هەڵدەقوڵێت.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ٣١).

کوردۆی شاعیری بەتوانا ئەم جۆرە مۆسیقایەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەمەش جوانی و ڕازاوەیی زیاتری داوەتە شیعرەکانی و شیعرەکانیشی بەرەو ئاستی باڵابردووە، بە شێوەیەک ئەگەر بەوردی چاو بە شیعرەکانی کوردۆی شاعیردا بخشێنین، ئەوا دەردەکەوێت کە شاعیر بەمەبەست بێت یاخود بێ مەبەست بێت، ئەم تەکنیکەی لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، وەکو لە دەقی (**زەکیە ئالکان**)دا دەبینرێت، کە تیایدا شاعیر دەڵێت:

**کچێک بوو جوان**
**جوان هەر وەکو شیعری بزێو**
**جەستەی سپی چەشنی پەموو**
**ڕوومەتی گەش وەک شەکرە سێو..**
**کچێک بوو جوان**
**دڵی پڕبوو لە ئاواتی سوور هەڵگەڕاو**
**بۆ ئازادی و تیشک و هەتاو** (٣٢٠)

لەم کۆپلەیەدا شاعیر بە بەکارهێنانی وشەکانی(جەستەی، سپی، ڕوومەتی)، (پەموو، ڕوو)، (گەش، شەکر)، (بزێو، سێو) (کچێک بوو، پڕ بوو )، (ئاواتی، ئازادی)، (ئازادی و تیشک و هەتاو)، مۆسیقایەکی جوان و ڕازاوەی بۆ کۆپلە شیعرەکە ڕێکخستووە، بەشێوەیەکی زیرەکانە ئەم چەشنە مۆسیقایەی بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا تیایدا سەرکەوتوویی شاعیر لە بوارەکەدا دەردەخات و هەم جوانییەکی چێژبەخشی بە کۆپلە شیعرەکەش بەخشیوە.

لە کۆتایی تەوەرەکەدا دەتوانین بڵێین: محەمەد کوردۆی شاعیری بە توانا و لێهاتوو، لە ڕێگای مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەی شیعرەکانییەوە، ئاوازێکی جوان و ڕازاوەی بە دەقە شیعرەکانی بەخشیوە، هەروەها لە ڕووی کێشەوە (کێشی عەرووزی عەرەبی) و (کێشی سیلابی خۆماڵی) لە هۆنینەوەی دەقەشیعرییەکانیدا پەیڕەوکردووە و توانیویەتی لە بوارەکانی بەکارهێنانی کێش و سەروا و مۆسیقای شیعریدا باڵادەستی خۆی پیشان بدات و لە زۆربەی بوارەکانی هۆنینەوەی شیعردا ئەسپی خۆی تاوبدات.

### ٣_٣ ئیستاتیکای زمان لە شیعرییەتکردنی وێنە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆ

### ٣_٣_١ چەمک و زاراوەی وێنەی شیعریی :

وێنەی شیعریی پێکهاتەیەکی تری ئیستاتیکی و ڕەگەزێکی ترە لە ڕەگەزەکانی شیعر، کە ((زاراوەی وێنە (image) لە وشەی (imagnation) وەرگیراوە، کە مانای ئەندێشە دەگەیەنێت.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٣٧)، واتە سەرچاوەی دروستبوونی وێنەی شیعری لە دەقدا (ئەندێشە)یە، بەم پێیە هەڵبژاردنی زاراوەی (وێنەی شیعریی) لەسەر بناغەی ئەو ڕاستییەیە

که ((هەموو وێنەیەکی شیعریی وەک وێنەی هەردەقێکی ئەدەبی (ئەدەبی و هونەری)یەو لە کاتی داهێنانی شیعریدا، وێنەکان سیمای تایبەتی شیعری وەردەگرن، لەگەڵ بنەماکانی تری داهێنانی شیعریدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و جیانابنەوە، بۆیە زاراوەی (وێنەی شیعریی)مان لەلا پەسەندترە.))(محەمەد،٢٠٠٧: ١٦٩)، کەواتە کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەندێشەو ڕۆڵی لە پێکهێنانی وێنەی شیعرییدا، سەرنجی شاعیرێکی وەک (گۆران)ی ڕاکێشاوە، بەجۆرێک کە ((زاراوەی (کارخانەی خەیاڵ)ی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە.))(محەمەد،٢٠٠٧: ١٦٩)، وەک لە دەقە شیعری (**هەڵبەستی دەروون**)دا ئەم سەرەنجەی خۆی دەخاتەڕوو، کە دەڵێت:

**هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،**
**بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!**
**لێکدانەوەی دەروون لەیەک؟ نازانم!**
**بۆچی وەها دوورن لەیەک؟ نازانم!**
**ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار**
**دەرکەوتایە دنیای جوانتر لەبەهار** (گۆران، ٢٠٢٠: ٧٥)

ئەم کۆپلەیەی شاعیر دەربڕینی ئەو ڕاستییەیە، کە خۆی ناوی ناوە (کارخانەی خەیاڵ)، چونکە گۆرانی شاعیر باوەڕی تەواوەتی بەوەیە کە شیعر لە خەیاڵیدا دروستدەبێت، پاشان دەبێتە وێنە و دەخرێتە ناو چوارچێوەیەکەوە، لە شێوەی تابلۆی هونەری، چونکە وێنە دەخرێتە ناوچوارچێوەیەکەوە، تاوەکو جوانتر و گەشاوەتر دەربکەوێت، بەهەمان شێوە لە دێڕی دواتردا دەیەوێ، وەکو تۆمارگەیەک دەروونی والابکات، تاوەکو ئەو جوانی و ڕازاوەییەی کە لە ئاوەزیدایە و لە سروشتی جوانی بەهار جوانتر و گەشاوەترە بیخاتەڕوو، کە بێگومان ئەوەش بە دروستکردنی وێنەی شیعریی دەبێت لە دەقەکانیدا.

کۆمەڵێک ڕەگەزی گرنگ ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، کە ((پێویستە وێنەی شیعریی لە چەند ڕەگەزێکی بنیاتی پێک بێت، گرنگترین ئەم ڕەگەزانەش: زمان و شێوەکانی ڕۆنانی، مۆسیقا بە کێش و ڕێتمەوە، ئاماژەو ئەوهەست و ڕوانگەو وێنە بێ سنورانەی لێوی هەڵدەقوڵێن... بەم شێوەیە بنیاتی وێنەی شیعریی وێنەیەکی بنیاتی دەقە شیعرییەکەیە.))(حسێن، ٢٠٠٨: ٩٥)، بەم شێوەیە سەرچاوەی بنیاتی دەقی شیعریی، بریتییە لە بنیاتی وێنەی شیعریی، کە بەچی جۆرێک و بەچی شێوازێک لە ئەندێشەو خەیاڵی شاعیرەکەوە بنیاتدەنرێت و بەگەڕدەخرێت، هەتا دەبێتە هۆی دروستبوونی وێنە شیعرییەکە.

### ٣_٣_٢ سەرچاوەکانی وێنەی شیعریی لای شاعیران:

بەشێوەیەکی گشتی سێ سەرچاوەی سەرەکی هەیە، دەبنە هۆی هەڵهێنجانی وێنەی شیعریی لای شاعیران، ئەوانیش ئەمانەن:

١. بینینە تایبەتەکان و ئەزموونە کەسییەکانی خودی شاعیر.
٢. گواستنەوە لەڕێگەی بیستن یان خوێندنەوە، شاعیر لێرەدا سوود لە ئەزموونی کەسانی تر وەردەگرێت.
٣. توانای شاعیر لە دروستکردنی وێنەکۆنەکان و گونجان لەنێوانیاندا، بۆ ئەوەی وێنەیەکی نوێی داهێنراوی لێدروست بکات و لەم حاڵەتەدا ((جوانی ئەم وێنەیە لەسەر سروشتی عەقڵی شاعیر و فراوانی خەیاڵی و ڕەهەندی دوورییەکەی ڕاوەستاوە.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٣٩).

### ٣_٣_٣ وێنەی شیعریی و ئیستاتیکای وێنە لای محەمەد کوردۆی شاعیر:

کوردۆ یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خاوەن خەیاڵ و ئەندێشەیەکی داهێنەر و بیرێکی وردوجوانە، خەیاڵیش بنەمایەکی سەرەکی وێنەی شیعرییە، بۆیە شاعیر گرنگی بە وێنەی شیعری داوە و وەکو لایەنێکی ئیستاتیکی شیعرەکانی پێدەڕازێنێتەوە و زۆرسەرکەوتووانە و بەشێوەیەکی کاریگەر وێنەی دیمەنەکانی جوانی سروشت و جوانی ئافرەت و ناڕەحەتی و مەینەتییەکانی ژیانی خۆیی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستەکردووە.

### ٣_٣_٤ شێوازەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعریی لای کوردۆ:

وێنەی شیعریی بە چەندین شێواز پێکدەهێنرێت، لەوانەش ((لێکچواندن و خواستن و درکەیە، ئەگەرچی ئەم هونەرانە لە ڕەوانبێژی کلاسیکدا هەن، بەڵام تایبەت نین تەنها بەم ڕەوانبێژییەوە، چونکە ئەم هونەرانە لە ئەدەبییاتی کۆن و نوێی جیهانیدا بەرچاودەکەون، بەتایبەتی لە ئەدەبی نوێدا دەبنە ڕەگەزی سەرەکی وێنەی شیعریی.))(سلێوە،٢٠٢٠: ٣٠)، هەروەها سەبارەت بەوەی کە خوازە وەکو هونەرێک یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعریی، لەمبارەیەوە (کۆلێردج) دەڵێت: ((شیعری بێ خوازە، پارچەیەکی بێگیانە.))(سلێوە،٢٠٢٠: ٣٠)، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر شاعیر بیەوێت وێنەی شیعریی لە دەقەکەیدا بەرجەستەبکات، ئەوا بەبێ سوودوەرگرتن لە هونەری بەرزی(خوازە) ناتوانێت ئەم کارەی بکات، چونکە خوازە دەبێتە مایەی بەخشینی ڕۆح بە بەری جەستەی وێنەی دەقی شیعریدا .

هەر سەبارەت بەم سێ ڕەگەزە گرنگەی ڕەوانبێژی لە بنیاتنانی وێنەی شیعرییدا (سی دی لویس) دەڵێت:((وەسف و خوازە و لێکچوون وێنە دروستدەکەن)، ئەم چەشنە گرنگیپێدان و لێکۆڵینەوەیەی لێکۆڵەر و ڕەخنەگران و ئاوڕدانەوەدانەوەیان لە هونەرە ڕەوانبێژییەکان، وادەکات، کە ((لەناو ئەو هونەرانەی ڕەوانبێژیدا (خوازە) لە هەموویان زیاتر بووەتە جێگای گرنگیپێدان و لە هەموو ڕەخنەی ئەوروپی و عەرەبیدا بەردەوام کراوەتە بنەمایەکی سەرەکی و لە پێناسەکردنی وێنەی شیعرییدا هێما و ئاماژەی بۆکراوە، تەنانەت لە ڕەخنەی عەرەبیدا و

لەلای هەندێک لە ڕەوانبێژییە عەرەبەکان، هونەری (خوازە) هێندە فراوانکراوە، کە هەموو هونەرەکانی ڕەوانبێژی (البیان)ی گرتووەتەوە.))(محەمەد، ۲۰۰۷: ۱۷۰).

### ٣ـ٣ـ٤ـ١ لێکچواندن و ئیستاتیکای وێنەی شیعریی لای کوردۆ:

لێکچواندن هونەرێکە لە پێکهێنانی وێنەی شیعرییدا بەشداریدەکات، کە لە بنەڕەتدا ((لێکچواندنی شتێکە بەشتێکی تر، کە لە سیفەتێکدا یان چەند سیفەتێکدا هاوبەش بن. ئەمەش بەمەبەستی بەخشینی بەهای ئیستاتیکی بەو شتە یاخود ڕوونکردنەوەی شتەکەیە بۆ کەسی بەرامبەر.))(مستەفا،۲۰۰۹: ١٤٢)، واتە لە لێکچواندا دەبێت شاعیر کەرەستەیەک بهێنێت بۆ مەبەستی بەراوردکردن بە کەرەستەیەکی دیکە، کە سیفەتە مەبەستەکەی تێدا زاڵ بێت. بەمەش لێکچواندن (٤)بنەمای دەبێت ئەوانیش (لێچوو، لەچوو، ئەوزار، لێکچوون)ە، کە مەرج نییە هەموویان لە ڕستەدا بێن، هەروەها لێکچواندن نابێت خاڵی بێت لە هەموویان یان لە هەندێکیان.))(مستەفا، ۲۰۰۹: ١٤٢)، کوردۆی شاعیر لە زۆربەی دەقە شیعرەکانیدا پەیڕەوی هونەری لێکچواندنی کردووە، وێنەی شیعریی جوان و ڕەوانی پڕ بەهای ئیستاتیکی بنیاتناوە، وەک لە دەقی (**تا ڕۆژی حەشر چاوەڕێی لێبوردنی تۆم**)دا دەڵێت:

**دڵی من چرایەک بوو**
**لەناو تەنیاییەکی کوشندەدا**
**خەریک بوو دەکوژایەوە..!** (١٤٥)

شاعیر دڵی خۆی بە چرایەک چواندووە، عەشق و ئەوینەکەشی چەشنی گڕی چراکەیە و لە دووری یاردا دەسووتێت و لەناو تاریکی ژیاندا هێندەی نەماوە بکوژێتەوە، ئەو تەنیاییەش تەنیایی شاعیرە و دوورییەتی لە یارەوە، کوردۆی شاعیر لەم کۆپلە شیعرەیدا وێنەیەکی شیعریی ڕازاوەمان پێشکەشدەکات، لە ڕێگەی لێکچواندنەوە، بەم جۆرە:

دڵی شاعیر: لێچوو

چرایە: لەوچوو

کوژاندنەوە: ڕووی لێکچوون

وەکو: (ئەوزار)ە، کە لە دێڕەکەدا نەهاتووە، بەڵام وێنەیەکی جوانی شیعری لەڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە بنیاتناوە.

لە دەقێکی تریدا شاعیر بەناوی (شەو و هۆنراوە و دڵی عاشقێک)دا دەڵێت:

**دڵ نانوێ، گەر بنوێ دەمرێ**

**بۆیە شەوان**

**وەکو منداڵێکی برسی**

**بۆ هۆنراوە وڕک دەگرێ** (٣٤١)

دڵی شاعیر چەشنی منداڵێکی برسییە، داوای شیعر و جوڵاندنی سۆز و ئەوین دەکات، بە نووسینی هونراوە لە شەودا کوڵی تینوویەتی و برسێتییەکەی دەڕەوێتەوە، زۆرجار شاعیران شەو هەڵدەبژێرن بۆ نووسینی دەقە شیعرییەکانیان، بەوپێیەی کە شەو ئیلهامی شاعیر دەجوڵێت، ئەمەش وادەکات وشەی شیاو و گونجاو و چێژبەخش بەرهەم بهێنن، بەمەش شاعیر لە ڕێگەی لێکچواندنەوە، وێنەیەکی شیعریی جوانی دروستکردووە، کە بەم شێوەیە:

دڵی شاعیر: لێکچووە

منداڵێکی برسی: لەچووە

وەکو: ئەوزارە

ورک گرتن: ڕووی لێکچوونە

بەم شێوەیە شاعیر توانیویەتی جوانی و ڕازاوەیی و ڕەهەندی ئیستاتیکا لە دەقەکەیدا بەرجەستەبکات.

هەروەها شاعیر لە کۆپلەیەکی دیکەیدا بەناوی (**مەرگ**) دەڵێت:

**خەونەکانمان**

**وەک پۆلە مێروولەی نێو لافاو**

**بەکۆ مردن** (٢٦٧)

شاعیر خەون و ئاواتەکانی دەشوبهێنێت بە هێرشی پۆلە مێروولە، کاتێک مێروولە ئالودەی گەڕانە بە شوێن خواردندا، هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات، لە پێناوی گەیشتن بەو خۆراکەی بەدەستیدەهێنێت، خەون و ئاواتەکانی مرۆڤیش مێروولە ئاسا لەناودەچن، کاتێک هەمیشە هەوڵی بێوچان دەدەیت بەڵام ناگەیتە خولیاکانت. بەمەش کوردۆی شاعیر لەم شیعرەدا وێنەیەکی جوانی لەڕێی لێکچواندنەوە دروستکردووە، کە بەم شێوەیە:

خەونەکانمان: لێچووە

مێروولەی نێو لافاو: لەوچووە

وەک: ئەوزارە

بەکۆ مردن: ڕووی لێکچوونە

ئەم چواندنەی خەونەکانی مرۆڤ بە مێروولەی نێو لافاو، بووەتە هۆی دروستکردنی وێنەیەکی هونەری جوان.

### ٣_٣_٤_٢ خواستن و ئیستاتیکای وێنەی شیعریی:

خواستن هونەرێکی ڕەوانبێژییە، بەشداری لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا دەکات و لقێکە لە خوازەی زمانی. خواستن ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، (کۆلێردج) لە بارەی وێنەی خوازەیی

له شیعردا دەڵێت: ((شیعر بەبێ خوازە کە خواستن بەشێکە لێی، وەکو پارچەیەکی بێگیان وایە، وێنەی خوازەیی بەشێکی ئەو وزەیەن کە ژیان بە شیعری دەبەخشێت.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٤٤)، واتە لێرەدا بەهۆی بوونی نیشانەیەک ، شاعیر ئەوە دەردەخات، کە مەبەست لە واتای ڕاستەقینەی وشەکە نییە، بەڵکو مەبەست لە واتا خوازراوەکەیە.

خواستن لەسەر چوار بنەمای سەرەکی دامەزراوە، ئەوانیش ((بۆخواستراو: ئەوشتەی کە واتاکەی بۆ دەخوازرێ، لێخواستراو: ئەوشتەی کە واتاکەی لێدەخوازرێ، خواستراو: واتاکەیە کە لە لێخواستراوەوە دەخوازرێ بۆ خواستراو، نیشانەی خواستن: ئەمەش ئەو نیشانەیەیە کە ئەوە دەردەخات وشەکە بۆ واتای خواستراو بەکارهێنراوە، نەک بۆ واتا ڕاستەقینەکەی.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٤٥).

کوردۆی شاعیر لە شیعری (**لە چاوەڕوانی هەڵوەرین**)دا، لە ڕێگەی خواستنەوە، وێنەیەکی شیعریی سەرنجڕاکێش و جوانی پێکهێناوە، باس لە مەرگی برازا خۆشەویستەکەی دەکات بە ناوی(هەرێز)، وەک دەڵێت:

**یەکێـک**
**لە گوڵە جوانەکانی**
**نێو باخە بچووکەکەمان**
**خەریکە**
**دەستی لە ژیان دەترازێ**
**ئەوەتا چاوی لەسەر ئێمە و**
**لەسەر هەموو شتەکان**
**لابردووە و**
**چرکە لە دوای چرکە**
**چاوەڕوانی هەڵوەرینە..!** (٢١٢)

برازای شاعیر (هەرێز): بۆخواستراوە
لەگوڵەجوانەکانی نێو باخەبچووکەکەمان: لێخواستراوە
چاوەڕوانی هەڵوەرینە: خواستراوە
دەستی لە ژیان دەترازێ: نیشانەی خواستنەکەیە

شاعیر لەڕێگەی خواستنەوە، وێنەیەکی شیعریی دروستکردووە، کە باس لە مردنی برازای شیرین و خۆشەویستی دەکات و بەم هۆیەوە گوڵەجوانەکانی ناو باخچەکەیان بەهۆی ئەو تاقە گوڵە جوانکیلە و نازدارەوە، کە لەنێویاندایە غەمبار و ناشادن و چاویان لەسەر خۆشییەکانی ژیان لابردووە و چاوەڕێی ساتەکانی هەڵوەرینی ئەم گوڵەنازدارە لە ژیان دەکەن، ئەمەش وێنەیەکی زۆر پیرۆز و جوانی دروستکردووە، لە ڕێگەی خواستنەوە.

هەروەها شاعیر لە دەقێکی تری بەناوی (**عیشقێک پێچرایەوە**)، وێنەیەکی تری شیعریی بەسوود وەرگرتن لە هونەری خواستن درووستکردووە، کە دەڵێت:

**گوڵێک لە دڵێکی پرسی:**

- **ـ بۆ وامات بووی..؟**

**ـ ئەوەی بینیت ڕۆحێکی پڕ زریان بوو**

**لە ئاسمان داگیرسا** (٢٨٧ـ٢٨٨)

کچێکی نەوجەوان: بۆخواستراوە

گوڵێک: لێخواستراوە

پرسـی: خواستراوە

ڕۆحێکی پڕ زریان: نیشانەی خواستنە

جوانی دەقەکە لەوەدایە، خەمباری شاعیر بەهۆی کشانی ئەستێرەیەکە بۆ ڕۆحی پیرۆزی کچۆڵەیەکی نازدار و بەرزبوونەوەی دڵە میهرەبانەکەیەتی بەرەو ئاسمان، تاوەکو لەگەڵ ئەستێرەکاندا بدرەوشێتەوە و نەمری خۆی لە ئاسماندا بە درەوشاوەیی پەخش بکات. بەم شێوەیە کوردۆی شاعیر بەسوود وەرگرتن لە هونەری خواستن، توانیویەتی وێنەیەکی جوانی پڕبەهای ئیستاتیکی لەم کۆپلەشیعرەیدا دروستبکات.

### ٣ـ٣ـ٤ـ٣ درکـە و ئیستاتیکای وێنەی شیعریی:

درکە هونەرێکی ڕەوانبێژییە، بەشداری لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا دەکات، (د.عەزیز گەردی) دەڵێت: ((درکە ئەوەیە کە ڕاستەوڕاست ناوی شتێک نەبەی، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بە مانای یەکەمەوە هەبێت، بۆ ئەوەی پیاو لەو مانا باسکراوە بۆ مانا مەبەستەکە بچیَ.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٤٧)، واتە شاعیر لە دێڕێکی شیعرەکەیدا لە ڕێگای بەکارهێنانی وشەیەکی واتادارەوە، بۆ مەبەستێکی تر لە دەقەکەدا بەکاری دەهێنێت. هەروەک (عەلائەدین سەجادی) سەبارەت بەم هونەرەی درکە دەڵێت: ((وترا ئەگەر شتێک لە ئارادا نەبوو، وشەکە ببرێت بەسەر گوزارە ڕەسەنی و نەژادییەکەدا ئەوە درکەیە.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٤٧)، واتە لە ڕێگەی دەربڕینی وشەیەکەوە بۆ واتای مەبەستە سەرەکییەکە دەچێت، هەر لەبارەی درکەوە (د.کامیل بەسیر) دەڵێت: ((درکە جۆرێکە لە پاشگەزبوونەوە لە بەکارهێنانی واژەی بنەڕەتی بۆ واتایەک و بەکارهێنانی واژەی تر بۆ ئەو واتایە بە هەندێ شیکردنەوە، کە دەبێ پەیوەندی لەنێوان ئەو دوو واژەیەدا هەبێت.))(بصیر،١٩٨٧: ٣٢٨)، واتە مەرجە پەیوەندی واتایی و لۆژیکی لەنێوان ئەو دوو وشەیەدا هەبێت، کە مەبەستی سەرەکی دەربڕینەکەیە.

کوردۆ لە شیعری (ئازادی)دا لە بارەی ئەم جۆرە وێنە شیعرییەوە گوزارشتێکی هەیە، کە دەڵێت :

**گۆرانییەکی خۆش و پڕ جۆشە**

**ڕۆژێک دێ بە دەم**

**شەپۆلەکانی:**

**ورمێ وسیروان و**

**زەڵم و وانەوە**

**دەڕژێتە دڵی هەموومانەوە** (٣٨)

شاعیر مەبەستێتی کە یەکگرتنەوەی چوارپارچەکەی کوردستان بخاتەڕوو، کە بە پیلانی ناحەزانی کورد کوردستانی گەورەی پێ بەشکراوە، شەپۆلی توڕەیی میللەت هاوچەشنی شەپۆلی دەریاچەی ورمێ و ڕووباری سیروان و تاڤگەی زەڵم و دەریاچەی وان، کە شەپۆلی ئاوەکانیان یەکدەگرن و نەخشی کوردستانی گەورە پێکدێنن، کوردۆ لەم شیعرەیدا، لە ڕێگەی بەکارهێنانی درکەوە وێنەیەکی شیعریی پێکهێناوە، کە هەموو ئەم سیفەتانەی لە دەقەکەدا بەکارهێناوە، مەبەستی(ئازادی وسەربەخۆییە)، کە هەموو ئەم سیفەتانەی باسیکردوون، گوزارشتن لە (ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان).

هەروەها لە شیعری (**پایز**)دا، لە ڕێگەی درکەوە وێنەیەکی شیعریی جوانی کێشاوە، کە دەڵێت:

**ژنێـکە**

**سک سووتاو**

**هەر کە دێ**

**بەسینەی چاکەوە..**

**دارەکان**

**زەرد دەبن،**

**گەڵاکان**

**دەڕژێنە**

**باوەشی خاکەوە..!** (٩٤)

کوردۆی شاعیر وەرزی پایز وەکو ژنێکی جگەرسووتاو دەردەخات، کە یەخەی خۆی دادەڕنێت بۆ لە دەستدانی کەسی ئازیزی، هەڵاوی گەرمی هەناسەی هەموو جوانییەکانی لەناودەبات، بە هەمان چەشنی پایز کە گەڵای دارەکان دەڕژێنێتە ناودڵی خاکەوە، هاوچەشنی ئەو ژنە بە شیوەنی وەرزەکەی دەستپێدەکات و بە وەرینی گەڵای دارەکان، کۆتایی بە خۆی دەهێنێت. شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا لەڕێگەی درکەوە، وێنەیەکی شیعریی پێکهێناوە، کە

هەموو ئەم سیفاتانەی لەم دێڕە شیعرەدا هێناویەتی، سیفەتی (وەرزی پایز)ن، چونکە لە وەرزی پایزدا گەڵای دار و درەخت زەرد دەبن و گەڵای دارەکان دەڕژێنە سەرخاک.

### ٣_٣_٥ بە شیعرییەتکردنی وێنەکان لە چوارچێوەی ئیستاتیکای زمانیدا

#### ٣_٣_٥_١ ئیستاتیکای وێنەی شیعریی لە ڕووی پێکهاتنەوە:

**ئیستاتیکای وێنەی سادە:** وێنەی سادە ((سادەترین وێنەی سەربەخۆیە و لە یەک تاکە وێنەیەک پێکدێت. بەڵام لە وێنەکانی تری ناو شیعرەکە دانەبڕاوە و پێکەوە یەکێتییەکی ئۆرگانی پێکدەهێنن.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٤٨،) بەم شێوەیە وێنەی سادە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و بەشداریدەکات لە پێکهێنانی شێوگی گشتی شیعرەکە و ئەمەش وادەکات، کە وێنەی سادە (بەشداری پێکهاتنی گشتی قەسیدەکە دەکات، هەتا دەگاتە چڵەپۆپەی گەشەکردنی.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٤٨)، کوردۆی شاعیر لە دەقەکانیدا وێنەی سادەی بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە، چونکە ئەم جۆرە وێنانە ئاسانە و ئامادە و لەبەردەستدایە، وەک لە شیعری (**ژنێک، (با) پرچی تاتا دەکاتەوە**)دا دەڵێت:

**لەناو ئاپۆڕەیەکی گەورەدا**
**کە پڕە لە ژاوەژاو**
**ژنێکی دڵنشین**
**هێدی هێدی دەڕواو**
**کزەبایەکی خەمگین**
**پرچی تاتا دەکاتەوە..** (١٤٧)

شاعیر لەم دەقەیدا، بە زمانێکی سادە و ساکار وێنەی ژنێکی نەشمیلانە دەکێشێت، کە بە ڕێگادا لەسەرخۆ ڕێدەکات و کزەبای پایزیش کە بە خەمگین لە شیعرەکەدا ناویهێناوە یاری بە پرچی دەکات و پەخشانی دەکات، لە ڕێگای وێنەیەکی سادەوە تابلۆیەکی ئیستاتیکی بەرجەستەکردووە.

**ئیستاتیکای وێنەی لێکدراو:** وێنەی لێکدراو لە دوو وێنە یاخود زیاتر پێکدێت، کە ((کاتێک شاعیر پەنای بۆ دەبات، کە بە وێنەی سادە نەتوانێت گوزارشت لە مەبەستی خۆی بکات.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٥٠)، ئەم بایەخدانەی شاعیران بە وێنەی لێکدراو زیاتر وەک لە وێنەی سادە بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە، کە ((سیمای هونەری وێنەی شیعریی زیاتر لە وێنەی لێکدراودا دەردەکەوێت، چونکە لە وێنەی تاک ئاڵۆزترە.))(مستەفا، ٢٠٠: ١٥٠)، بەمەش ئەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی کەوا زمانی ئەندێشە زمانی بنیاتنانی شیعرە و بنەمای سەرەکی پێکهێنانی وێنەی شیعرییە، چونکە لە بنەڕەتدا ((زمانی شیعریی زمانی ئەندێشەیە و

هەموو ئەو دیاردە هەستپێکراو و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستە کراوانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی زمانەوە بۆ گوێگر و خوێنەر ئەنجام دەدرێن.))(محەمەد،١٩٩٨: ٤٨).

کوردۆی شاعیر لە هەندێک لە دەقە شیعرییەکانیدا، لە ڕێی پەنابردنە بەر وێنەی لێکدراو مەبەستی خۆی بە پەیامورگر(خوێنەر) دەگەیەنێت، چونکە زۆرجار ناتوانێ لە ڕێگەی وێنەی سادەوە ئەم مەبەستەی بگەیەنێت، وەکو لە دەقی (تـلانەوە)دا دەڵێت:

**ئەم زەمانە، بێ ئەمانە، ڕۆژ و شەو دەخولێتەوە**
**هێند بەڵای لێ بارە،ماڵی گشت کەسێک دەگرێتەوە**
**دوێ دەمــەو ئێوارە جەستەم سۆزی لێ باری لەپڕ**
**ئـەو پـەری یـارە تومـەز دیارە و لـە کانـی دێتـەوە** (٣٥٢)

شاعیر لەم دەقەیدا دوو وێنەی تێکەڵ بە یەکتری کردووە، کە لە دێڕی یەکەمدا باس لە وێنەی چەرخ و زەمان دەکات، کە ڕۆژ و شەو دروستدەکات، بەهۆی سوڕانەوەی زەوییەوە بەدەوری خۆیدا، پاشان بەڵاو موسیبەتەکانی دونیا باسدەکات لە چەرخی ڕۆژگاردا، لە دێڕی دووەمدا باس لە بینینی یاردەکات کاتێک لە کانی دەگەڕێتەوە، دەرکەوتنی یار هاوچەشنی دەرکەوتنی ڕۆژە کە تاریکی لادەبات، موسیبەتەکانی یاریش کە دەکەویتە داوی ئەوینییەوە، هاوچەشنی تاریکی شەوە کاتێک شاعیر غەرقی ئەوینی دەبێت، دەرکەوتنی یار لە ڕێگای کانی مایەی مووچڕکە بەخشینە بە جەستەی شاعیر، بەمەش وێنەیەکی لێکدراوی بە تێکەڵکردنی دوو وێنەی سادە پێکهێناوە، کە وێنەیەکی لێکدراوی ئیستاتیکی دروستکردووە.

**٣_٣_٥_٢ ئیستاتیکای وێنە شیعرییەکانی کوردۆ لە باری چەسپاوی و جوڵاویدا:**

**ئیستاتیکای وێنەی چەسپاو:** ئەو وێنەیەیە کە لە بارێکی چەسپاودایە و تەنها یەک دیمەن دەردەخات، بەمەش وێنەکە لە باری چەسپاویدا دەبێت و گۆڕان و جووڵەی دیمەنی تێدا نییە و ئاسۆیەکی دیاریکراوی بەخۆوە گرتووە، کە تەنها لایەنێک دەردەبڕێت، لەم بارەیدا وەکو وێنەی فۆتۆگرافەر وایە، هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە ((وێنەی چەسپاو لە یەک شوێن و لە یەک بارداییەو جوڵە و گۆڕانی دیمەنی تێدانییە، کاتێکیش سەرنج دەدەینە وشەکانی، دەبینین بەزۆری فرمانی ڕستە شیعرییەکانی ڕابردوون یان فرمانی بێهێزن، ڕووپەری وێنەکەشی تەسکترە لە وێنەی جوڵاو.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٢)، نموونەی ئەم وێنە چەسپاوە لە دەقی (**ژنێک کە دەمزانی ئێوارانێک دێت**)دا دەردەکەوێت، کاتێک شاعیر دەڵێت:

**شەو سەری هەموو دەنگەکانی**
**لە خەنەی خامۆشیی گرتووە** (١٥٠)

شاعیر لەم دەقەدا وێنەیەکی جوانی چەسپاوی پێکهێناوە، کە وێنەی ئەو ساتەوەختە پیشاندەدات، کە درەنگانی شەوە و دنیا کپ و خامۆشە و هێمنی باڵی بەسەر دنیادا کێشاوە، چونکە خامۆشی و بێدەنگی شەو ئارامی بەخشی دڵ و دەروونی مرۆڤەکانە، ئەمەش بوار بۆ شاعیران دەڕەخسێنی، تاوەکو پەرە بە بەهرەکانی ناخیان بدەن و هەستەکانیان بڕژێننە سەر کاغەز، سەرەڕای کپی و خامۆشی شەو.

**ئیستاتیکای وێنەی جوڵاو:** ئەم جۆرە وێنەیە بە پێچەوانەی وێنەی چەسپاوەوە، ئاسۆیەکی فراوانتری هەیە، چەند دیمەنێک دەردەبڕێت و هەست بە گۆڕان و گەشەکردنێک دەکرێت، چونکە((وێنەیەکی داینامیکییە، زیندووییەتی و بەردەوامی تێدایە و ڕەنگدانەوەی واتایی قەت تێداناوەستێت.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٥٣)، واتە وێنەی جوڵاو جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ وێنەی چەسپاودا هەیە و ((مەودای کشانی فروانترەو جوڵانەوە و دیمەن و گۆڕان و گواستنەوە لە بارێکەوە بۆ بارێکی دیکەی تێدایە و ئەگەر هونەرمەندی وریا بیەوێت لە هەموو بارێکدا وێنە بگرێت، ئەوا دەبێت کامێرای تەلەفیزیۆنی یان سینەمایی بۆ بەکاربێنێ و زنجیرە وێنەیەک بگرێ، هەروەها فرمانی وێنەیجوڵاو بەزۆری ڕانەبردوون یان داخوازین و شوێنی ڕووداویش دەگۆڕێ.))(شارەزا،١٩٩٥: ١٣).

کوردۆی شاعیر زۆر گرنگی بەم جۆرە وێنەی لە دەقە شیعرییەکانیدا داوە ، چونکە شاعیر بەم جۆرە وێنەیە زیاتر دەتوانێت گوزارشت لە ناخ و خودی خۆی بکات، وێنەی چێژبەخش و بەهادار دروستبکات.

شاعیر لە شیعری (**جێژوان و کچی شیعر**)دا دەڵێت:

**کە ڕێژنەی بارانی نیگام**

**دەگرمە چاوی کاتژمێر**

**بە دەم چرپەی شیعر ئاساوە**

**دەڵێ بنوو**

**بەیداخی شەو**

**بۆ نیوە و بگرە زیاتریش هەڵکشاوە** (٣٤٢)

شاعیر وێنەیەکی جوڵاوی زۆرجوانی لە تێکەڵکردنی وشەکانی ناوشیعرەکەیدا بنیاتناوە، کە لە دێڕی یەکەمدا بە شێوەی لێزمەی باران، بەخێرایی دەڕوانێتە کاتژمێرەکەی، لە دێڕی دواتردا کاتژمێرەکەی دێتەگۆ و پێی دەڵێت بنوو کات درەنگە و لە نیوەشەو لایداوە، کاتژمێر هەرگیز نانوێت و شاعیریش دەیەوێت لەگەڵ جوڵانی میلی کاتژمێرەکەیدا چرپەی شیعرەکانی هاوسەنگی چرکەی کاتژمێرەکەی بکات،  ئەمەش وێنەیەکی جوڵاوی پڕ بەهای ئیستاتیکی و جوانییە لەم دەقەدا.

## ٣_٣_٥_٣ ئیستاتیکای وێنە جیاوازەکانی (زەینی و هەستی) لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا:

**ئیستاتیکای وێنەی زەینی:** ئەو وێنەیەیە کە بەرهەستەکان ناکەوێت، بەڵکو لە ڕێگەی هۆشیارییەوە وەردەگیرێت، چونکە وێنەی زەینی ((وێنەیەکی واتاییە و لەناوەوە هەڵدەقوڵێ و بەهۆی هۆشیارییەوە دەزانرێت.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٥)، هەر سەبارەت بە وێنەی زەینی (بندیتۆکرۆتچە١٨٦٦-١٩٥٢) وێنەی زەینی بە بناغەی هونەری دادەنێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: (بناغەی هونەر توانای پێکێهنانی وێنەی زەینییە، بەڵام دەرخستنی وێنەی هەستی کردارێکی دروستکاری بەهرەییە.))(دیورانت، ١٩٧٩: ٥٨١).

کوردۆی شاعیر لە شیعری (**لە شەرمستانەوە بۆ مەرگستان**)، ئەم وێنە زەینییە زۆرجوان وێنادەکات و دەڵێت:

**کات ڕۆیشت و**
**شوێن پێکانی لە شوێن پێی بێهودەیی دەچوون**
**کات ڕۆیشت و دنیا بوو بە گوندێکی گەورە** (٢٤٨)

کات هەرگیز لەسەر کەس ناوەستێت و ئاوڕ لە دواوە ناداتەوە، بۆیە کە هەنگاو دەنێت و دەڕوات شوێن پێکانی کە بەجێیدەهێڵێت چەرخی ڕۆژگار پێکدەهێنێت کە دەبێتە مێژوو، گوزەرکردنی کات بە چەشنێکە مرۆڤەکان بێئاگان لەوەی کە دنیا بووە بە گوندێکی گەورە، واتە دنیا هەرچەند گەورەبێت لای شاعیر تەنیا گوندێکە و سنوری فراوان بووە، ڕەنگە مەبەستی ئەو پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیاییە بێت کە هەیە، بۆیە شاعیر لەڕێگەی زەینەوە هەستی وێنە شیعرییەکەی هەنگاوی بەرەوپێش پێناوە، بەمەش وێنەیەکی زەینی جوانی دروستکردووە.

**ئیستاتیکای وێنەی هەستی:** ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەریەکێک لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ دەکەون، شاعیر لە دەوروبەرەکەیدا هەستیان پێدەکات و بەشێوەیەکی هونەری دەریان دەبڕێت، وەرگرتنی وێنەی شیعریی لای شاعیر لە ڕێگەی هەستەکانەوە، وەکو وەرگرتنی هەوای ژیانە لەلایەن مرۆڤ و گیانەوەرانەوە، لەبەر ئەوەی ((شاعیر ئەو پەنجەرەیەی کە لەڕێگەیەوە هەوای ژیان و تاقیکردنەوەکانی هەڵدەمژێت هەستەکانە، لەم ڕووەوە هەستەکان دەبنە پێنج گرنگترین ئامرازەکانی زەین بۆ وەرگرتن و بڵاوکردنەوە.))(شێخ بزێنی، ٢٠١١: ٢٤،) کاریگەری ڕاستەوخۆی ئەم هەستانە لەسەر وێنە شیعرییەکان وایکردووە، کە ((زۆربەی وێنە شیعرییەکان بەهۆی هەستەکانەوە دروستدەکرێن، چونکە هۆکاری سەرەکی پەیوەندی مرۆڤن بە دەوروبەرەوە.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٦).

### ٣_٣_٥_٤ ئیستاتیکای هەست و وێنە شیعرییەکانی کوردۆی شاعیر بەپێی هەستەکان:

**ئیستاتیکای وێنەی هەستی بینین:** وێنەی هەستی بینین مەبەست لەو وێنانەیە کە شاعیر لە ڕێگەی چاوەوە لە سروشت و دەوروبەر وەریدەگرێت و دەیانگوێزێتەوە بەرەوناخی خۆی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە((هەستی بینین لە ژیانی مرۆڤایەتی زانیاری بێشومار بەمێشک دەگەیەنێ، بە بێ ئەوەی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەنێوان مرۆڤ و شتەکاندا ڕوودات، تەنها لەڕێگەی تیشکی ڕوناکی بۆ دەماری بینین دێ و لەدوا وێستگەدا ڕاڤە دەکرێ و مانایان بۆ دادەنرێ و پەیبردن ڕوودەدات.))(مستەفا، ١٩٩٦: ٢٦).

کوردۆی شاعیر لە شیعری (**ئاهەنگی گریان**)دا وێنەیەکی بینراوی جوان دەکێشێت، کە تیایدا دەڵێت:

**شەوێکی هاوین بوو**
**مانگ وەکو کیژێکی**
**لە کۆشی جێژوانا چاوەڕێ**
**ڕەنگی زەرد**
**هەر دەتوت توێکڵی لیمۆیە** (٣١١)

کوردۆ لەم کۆپلەیەدا بە وێنەیەکی بینراو دیمەنێکی ڕازاوە دەهێنێتە پێش چاو، کە دیمەنی مانگ دەچوێنێت بە کیژێک کە لە شوێنی جێژواندا چاوەڕێی مەعشوقەکەی بکات، بەجۆرێک کە هەردووکیان ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕاوە.

**ئیستاتیکای وێنەی هەستی بیستن:** بیستن یەکێکی ترە لەو هەستانەی کە ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە، لە دروستکردنی وێنەی شیعرییدا، بەجۆرێک هەموو ئەو دەنگانەی کە لە سروشت و دەوروبەردا هەن و بەر گوێچکە دەکەون، کەرەستەی خاون بۆ دروستکردنی وێنەی هەستی بیستن، چونکە ((سەرجەم ئەو دەنگ و ئاوازە خۆشانەی وەکو (دەنگی مۆسیقا و دەنگی یار وترپەی دڵی خۆشەویست و....) یان بیستنی دەنگە ناخۆشەکان، وەکو بیستنی هەواڵی (ناخۆش و کۆچی ئازیزان و چەوسانەوەی مرۆڤەکان و ئازاردانیان و....) دەگرێتەوە، کە لەڕێگەی گوێچکەوە دەبیسترێت و شاعیریش وێنەی شیعرییان لێدروست دەکات.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٥٨).

کوردۆی شاعیر لە دەقە شیعری (**حەزدەکەم لەسەر سینگم پێبکەنی**)دا، وێنەیەکی جوانی شیعریی بە هەستی بیستن بنیاتناوە، وەک دەڵێت:

**روحی من شمشاڵێکی بێنازە**
**تــەنها تــۆ**
**دەزانی جوان بیژەنی!..**
**لەبەر ئەوە پێمناخۆشە بڵێی!**

**دێم لەسەر شانت دەگریم،**

**حەزدەکەم بێی**

**لەسەر سینگم پێبکەنی..!** (١١٩)

کوردۆی شاعیر لەم دەقەیدا، وێنەیەکی هەستی بیستنی جوانی دروستکردووە، بەوەی کە ڕۆحی شاعیر کون کونە لەتاو عەشق و ئەوینی یار، یاریش لە دەرچوونی ڕۆحی شاعیردا ئاوازی خۆشی بۆ دەژەنێت، چونکە یار دەزانێت کە چۆن ڕۆحی شاعیر وەکو ئاوازی شمشاڵ بژەنێت و بیلاوێنێتەوە، بۆیە شاعیر داوای لێدەکات، کە هەرگیز نەگری و گوێی لە دەنگی گریانی یارەکەی نەبێت، بەڵکو گوێبیستی پێکەنینی بێت، بەمەش وێنەیەکی بیستنی ئیستاتیکی ئەفراندووە، چونکە دەنگی گریان و پێکنین هەردووکیان بەر هەستی بیستن دەکەون و ئاوازی شمشاڵیش بەر هەستی بیستن دەکەوێت.

**ئیستاتیکای وێنەی هەستی بەرکەوتن:** زۆرجار شاعیر لەڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە وێنەی شیعریی دروستدەکات، بەو پێیەی کە ((شاعیر هەندێک جار دەستی یان هەر ئەندامێکی لاشەی بەرشتێک دەکەوێت و هەستێکی ناوازە لەلای دروستدەبێت و وێنەی شیعریی چێ دەکات.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٦١).

کوردۆ لە شیعری (**ماچ**)دا ئەم وێنەیە پیشان دەدات و دەڵێت:

**وتت بۆ بێ ماچم دەکەی..؟**

**وتم کوا بێ ماچم کردووی..؟**

**کە پێکەوەین**

**لە جیاتی یەک یەک ماچتکەم**

**دوو دوو سێ سێ ماچم کردووی** (٤٦)

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بەرکەوتنەوە، وێنەی پڕبەهای ئیستاتیکی بەرجەستەکردووە، کە چەند جارێک ئەم هەستی بەرکەوتنە دووپاتدەکاتەوە، چونکە دووبارەکردنەوەی هەستی بەرکەوتنەکان خۆشی و چێژی زیاتر بە شاعیر دەبەخشن.

**ئیستاتیکای وێنەی هەستی چەشتن:** ئەم وێنەیە بەرهەستی چەشتن دەکەوێت و شاعیر بەهۆی چەشتنی شتێکی دیاریکراوەوە وەک (شیرینی و تاڵی و ترشی و سوێری و...)، وێنەی هونەریی دروستدەکات.

کوردۆ لە شیعری (**زمان**)دا لەڕێگەی هەستی چەشتنەوە ئەم وێنەی هونەری شیعرییە دروستدەکات و دەڵێت:

**لەوەتەی من دەژیم**

**لە ماڵی دەممدا**

**ئەو دەژی..**

**کەچی هەر**
**ئەو کاتە هەست دەکەم**
**هی منە،**
**بەو لێوە نەرمانەت دەیمژی..!** (٦٦)

شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی بەهێزترین ماسولکەی ئەندامی جەستەی مرۆڤەوە، ئەم هەستی چەشتنە بەرجەستەدەکات، کە لەگەڵ ژیاندا چێژی خۆشی لێدەبینرێت، بەڵام شاعیر بە لایەوە تەنها ئەوکاتانە چێژ لە زمانی دەبینێت و بە هی خۆی دەزانێت کاتێک یار لە ڕێگەیەوە چێژی پێدەبەخشێت، ئەمەش ئەو وێنە شیعرییە جوانەیە، کەوا شاعیر لە ڕێگەی هەستی چەشتنەوە وێنە هونەرییەکەی پێ دروستکردووە.

**ئیستاتیکای وێنەی هەستی بۆنکردن:** ئەم جۆرە وێنەیە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت و هەموو بۆن و بەرامە خۆشەکانی وەکو (("گوڵ و عەتر و میسک و عەنبەر و بۆنی یار و پەرچەم و مێخەک و نێرگز و.....هتد" دەگرێتەوە، کە بە لووت بۆندەکرێت و شاعیری لێهاتوو وێنەی بەرزیان لێ دروست دەکات.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٦٠).

شاعیر لە ڕێگەی هەستی بۆنکردنەوە وێنەی جوان و ڕازاوەی دروستکردووە، وەک لە شیعری (**مێخەکی تەڕ**)دا دەڵێت:

**پرچت خۆرێکی**
**کپ و ڕەشپۆشە،**
**لەبەر خاتری دڵ دەردەداران**
**بەس دایبپۆشە..**
**وەرە وا هەوری پایز بەجۆشە**
**خۆت بخەرە بەر**
**پرووشەی باران**
**تا بۆنی مێخەک دنیا دابگرێ**
**ئای بۆنی مێخەک تەڕبێ چەند خۆشە..!** (٢١)

کوردۆ لەم شیعرەیدا وێنەیەکی هەستی بۆنکردنی جوانی دروستکردووە، کە دیمەنێک پیشاندەدات، بەشێوەیەک کە پرچی یارەکەی خۆی بە مێخەک چواندووە، تاڵە ئاوریشمەکانی پرچی بە تیشکی خۆر چوواندووە، کە لەچکەکەی وەکو هەوری پایز بەری ڕووناکی پرچیان گرتووە و ناهێڵن دەربکەوێت، بۆیە لە یار داوادەکات، سەرپۆشەکەی لابدات و ڕێگەبدات فرمێسکە باراناوییەکانی شاعیر وەکو بارانی پایز کە بۆنی خاک لە زەوییەوە بڵاودەکەنەوە، بە هەمان چەشنی ئەو بارانە دابارێنە سەر پەرچەمی یار و بۆنی پەرچەمی یار بڵاوببێتەوە، بە هەمان چەشنی تەڕبوونی مێخەک و بڵاوبوونەوەی بۆنەکەی کە ئەوکاتە بۆنی

خۆشتردەبێت، ئەمەش وێنەیەکی جوانی دیمەنی هەستی بۆنکردنە لە بنیاتنانی شیعردا لەلایەن شاعیرەوە.

**٣_٤ ئیستاتیکای وێنە ڕەمزییەکان لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا:**

وێنە یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی کە دەقی شیعری هەرگیز دەستبەرداری نابێت، چونکە ((ناتوانرێت بەبێ وێنە پارێزگاری لە سیما هونەرییەکەی بکات، بۆیە بەردەوام شاعیر لە خەمی داهێنانی وێنەی شیعریدایە، بەو ئامانجەی شیعرییەتی دەقەکانی بپارێزێت و گیانی نەمرییان بە بەردابکات.))(کەریم،٢٠١٢: ٢٥) واتە شاعیر بە ئامانجی پاراستنی دەقەکانی لە لەناوچوون پەنا بۆ وێنەکێشان لەدەقەکانیدا دەبات، هەروەها وەکو ڕەگەزی سەرەکی پێکهێنەری دەقەکانی پەنای بۆ دەبات، بە مەبەستی بناغە داڕشتنی کاری بنیاتە شیعرییەکەی، هەربۆیە ((وێنەی هونەری ئەو ڕەگەزە هونەرییە دەگرێتەوە، کە لە باوەشی گشت شیعرێک ئامادەیە و زادەی گشت سەردەمێکە.))(عیسی، ٢٠٠٩: ١٣)، کەواتە ئەم بوون بە زادەی گشت سەردەمە، هۆکاری سەرەکی پاڵنانی شاعیرە بۆ جوڵاندنی هەستەکانی بە داڕشتنێکی پتەو و بەهێز، تاوەکو لەڕێی بناغەی بنیاتنانی دەقەکانییەوە بە ڕێگەی (وێنەی هونەری شیعری)یەوە، مەبەست و ئامانجەکانی بەدیبێنێت.

ڕەمز بەهایەکی تری ئیستاتیکی شیعرە و ڕۆڵێکی گرنگی لە بنیادنانی شیعردا هەیە، زاراوەی ڕەمز لە زۆربەی زمانە جیهانییەکاندا بەکاردێت، کە((لە زمانی ئینگیزیدا(symbol)و لە زمانی فەڕەنسی(symbole)و لە زمانی ئیسپانی(simbolo)و لە عەرەبیدا(الرمز)و لە کوردیشدا(ڕەمز، هێما، جەڤەنگ) بەکاردێت.)) (زاراوەی ئەدەبی "کوردی_عەرەبی_ئینگلیزی"، ٢٠٠٦: ٩).

باسکردن لە ڕەمز گرنگی و بایەخی لە دەقە ئەدەبییەکانی پێشیناندا، جێگای گرنگی و بایەخی زۆرێک لە ڕۆشنبیر و لێکۆڵەران بووە، وەک مامۆستا سەجادی لە کتێبی (نرخ شناسی)دا کاتێک دێتە سەر باسکردنی ڕەمز بە (گۆشە) ناوی دەبات، کە دەڵێت: ((لێکۆڵینەوە گەلێ جار بەلای ((گۆشە_ ڕەمز))دا ئەڕواو بەجۆرێکی لارێگە لە فرەشوێنا ئەکەوێتە ناویەوە. کێشی گۆشەش تا ئەندازەیەک جێگای لە ئەدەبا بۆخۆی تەرخانکردووە.))(سەجادی،١٣٩٦: ٢١٤)، کەواتە ئەمە بەڵگەی گرنگی پێدانی لێکۆڵەرانی پێشینەکانی ئەدەبە بە بابەتی ڕەمز، وەکو بابەتێکی گرنگی کارەکانیان، هەروەها ڕەمز لە شیعری کوردیدا ڕەگ و ڕیشە و مێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام لە شیعری نوێی کوردیدا پانتاییەکی فراوانتری داگیرکردووە، بەجۆرێکە کە((کاتێ وشەکان بە مانای فەرهەنگی خۆیان بەکارناهێنرێن ڕەمز و دەلالەتی نوێیان پێدەدرێت، بەجۆرێک کە پێشتر هەڵگری ئەو دەلالەتە نەبوون، ئەمەش سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و دەکەوێتە بیرکردنەوە.))(قادر،٢٠١٤: ١١٤)، کەواتە مەبەستی سەرەکی

بەکارهێنانی ڕەمز لەلایەن نووسەران و شاعیرانەوە، زیاتر بۆ مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە بەلای بەرهەمەکانیدا.

لەبارەی ڕەمزەوە فەرهەنگی وێبستر(Webster) چەمکی ڕەمز بەشێوەیەک دیاریدەکات، کە ((ڕەمز ئەوەیە کە ئاماژە بەشتێکی تر دەکات لە ڕێگای بوونی پەیوەندییەک لەنێوانیاندا و ڕەمز دیاردەیەکی جێگیرە لە شیعر و چیرۆک و بەرهەمە هونەرییەکاندا.)) (مەعروف،٢٠٠٤: ١٣٦). بەکارهێنانی ڕەمز لەلایەن شاعیرانەوە جگە لە مەبەستی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و دەروونی، لەهەمان کاتدا مەبەستی ئیستاتیکییە، هەر لەبەر ئەم هۆکارانەشە کە ((لە پەیوەندی نێوان ڕەمز و دەورووبەر لە ڕێگای خەیاڵ و ئەبستراکتەوە دەرکی پێ ئەکەین، کە شاعیر بەهۆی ڕەمزەوە بەدوای نهێنییە شاراوەکاندا دەگەڕێ.))(حەوێز،٢٠١٨: ٣٢٩).

### ٣_٤_١ هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لە لایەن شاعیرانەوە:

چەند هۆکارێک لە پشتەوەی بەکارهێنانی ڕەمزەوەن لەلایەن هونەرمەندانی بواری ئەدەب بە گشتی و شاعیران بەتایبەتی، کە بەزۆری((بۆ مەبەستی ئیستاتیکی شاعیر دەیەوێت ئەزموونەکەی بەرز و داهێنەرانەبێت، بۆیە پەنا بۆ ڕەمز دەبات، لەبەرئەوەی ئیستاتیکا بەشێوەیەکی هونەری گوزارشت لە شتەکان دەکات، بۆیە زۆربەی جار وەک پێوانەیەک لە هەڵسەنگاندنی ئاستی لێهاتوویی شاعیر پشتی پێ دەبەسترێت.))(عزیز،٢٠٢٠: ٥١٥).

بەکارهێنانی ڕەمز وەکو بناغەیەکی گرنگی بنیاتنانی وێنەی شیعریی لای زۆرێک لە شاعیران بەرجەستەکراوە، لێکۆڵەر (جەبار ئەحمەد حسێن) لە کتێبەکەیدا بەکارهێنانی ڕەمزی لە شیعردا بە (وێنەی ڕەمزی) ناوبردووە، وەک دەڵێت: ((ئەو وێنەیەی دەکێشرێت، واتایەکی تر لە پشتەوەیەتی، کە مەبەستە ڕاستەقینەکەیە.))(حسێن، ٢٠٠٨: ٣٧٧)، کوردۆی شاعیری بەرز لە زۆربەی بوارەکاندا ڕەمزی بۆ گەلێک مەبەستی هونەری بەکارهێناوە، لە گرنگترین ئەو مەبەستە هونەری و ئەدەبییانەش ئەمانەن:

**٣_٤_١_١ ڕەمز و تەمومژ:** ڕەمز و تەمومژ پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، کە ((هەموو ڕەمزێک هەندێک تەمومژی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەمەش زیاتر بەهای ئیستاتیکی بە ڕەمزەکە دەبەخشێت، لەبەرئەوەی کە ڕەمزییەت کاریگەرە بە تەمومژ لە دەربڕیندا.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٦٩)، کەواتە دەبێت ئەزموونی شیعری شاعیر تەمومژاوی بێت، بۆ ئەوەی کارێکی داهێنەرانەی هەبێت.

محەمەد کوردۆ لە شیعری (**ڕێگاکان**)دا، وێنەی ئەم تەمومژەی لە چوارچێوەی ڕەمزدا بەکارهێناوە، وەک دەڵێت:

**ئای چەند خۆش بوو گشت ڕێگاکان**

**لە جێی (بـانە)**
**بچوونایە بۆ ناودڵی ئەو چاوجوانـە** (٥٣)

شاعیر لەم کۆپلە شیعرەیدا جۆرێک لە تەمومژی بەکارهێناوە، کە ڕوونی نەکردووەتەوە، ئایا مەبەستی لە ڕێگاکان، ڕێگای عەشق و ئەوینە کە بچێت بۆ ناودڵی یار، یاخود مەبەستی لە ڕێگاکانی گوند و شارۆچکەکانە، کە بچێتەوە سەر ڕێگای ماڵی یار، بەڵام توانیویەتی بەم لێڵی و تەمومژە ئیستاتیکایەکی ڕەمزی بەرز بە شیعرەکە ببەخشێت.

**٣_٤_١_٢ ڕەمز و خوازە:** پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕەمز و خوازەدا هەیە ، چونکە بەهۆی خوازەوە ڕەمز دروستدەبێت، ئەم پەیوەندییە بەهێزە وای لە (ماریۆ پرانس) کردووە، کە بڵێت: ((ڕەمز و خوازە بەری دارێکن.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٧٠)، واتە خوازە کەرەستەی خاوە بۆ دروستکردنی ڕەمز.

خوازە((بەکارهێنانی وشەیەکە بەجۆرێک بۆ مانای دروستی خۆی بەکارنەبرێت، بەڵکو بۆ مانایەکی تر بخوازرێت و مەبەستێکی تر بگەیەنێت.))(گەردی، ١٩٧٩: ٦٧)، واتە هەرکاتێک شاعیر لە دۆخێکدا وشەیەکی بەکارهێنا کە مەبەستی واتای بنجی خۆی نەبوو، ئەوا بۆ مەبەستێکی دیکە ئەم وشەیە بەکاردێنێ وخوازەی لێدروست دەبێت.

کوردۆ زۆر لەم وێنە شیعرییانە لە دەقەکانیدا هەن، کە بۆ مەبەستی بەخشینی بەهای ئیستاتیکی زۆربەی جار بەکاریهێناون، وەک لە شیعری (**گلـەیـی**)دا دەڵێت:

**دڵە شەیداکەم وڵاتێک بوو خۆش**
**دیکتاتۆرێکی نەشمیل و تەڕپۆش**
**هات و لەناکاو**
**بە بەرچاوی گشت خەڵکی دنیاوە**
**داگیری کرد.. و**
**ئاڵای خۆی تێدا بەرزکردەوە** (١١)

لەم کۆپلەیەدا شاعیر وشەی (دیکتاتۆرێک)ی بۆ مەبەستی بنجی خۆی بەکارنەهێناوە، بەڵکو بۆ مەبەستی خوازەیی (یاری دڵڕەق)ی بەکارهێناوە، کە بەمەش ڕەمزی خوازەیی پەیڕەوکردووە و ئیستاتیکایەکی جوانی بە دەقەکەی بەخشیوە.

**٣_٤_١_٣ ڕەمز و خواستن:** ڕەمز و خواستن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەشێوەیەک کە خواستن بەشێکە لە خوازە (خوازەی زمانی)، بەمەش خواستن بەشدارییەکی چالاکانە لە دروستکردن و پێکهێنانی ڕەمزدا دەکات، چونکە ((ئەوەی پێویستە لە شیعری نوێدا تێبینی بکرێ، ئەوەیە کە شیعری نوێ جیاوازی لەنێوان لێکچواندن و خواستندا دانانێ و هەر یەکێکیان وێنەیەکی ڕەمزی بارگاویکراو بە واتا دروستدەکەن.))(غەریب، ١٩٧١: ٢٢٦).

کوردۆ لە شیعری (**گڵۆپ**)دا ئەم چەشنە خواستنەی وەکو ڕەمز بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

**من گڵۆپێکم لێم ورد بەرەوە**

**دەردی دووری تۆ خامۆشی کردووم**

**دەستم دامانت شەوێک وەرەوە،**

**بە بەژن و باڵای پەمەیی پۆش،**

**بە دڵی خۆش و بەختەوەرەوە**

**هەڵمکەرەوە..!** (٢٣)

شاعیر لەم دەقەیدا وشەی (گڵۆپ)ی خواستووە، کە وەکو ڕەمزێک بۆ مەبەستی داگیرساندنی عەشق و ئەوینی ناخی خۆی بەکاریهێناوە، بەرانبەر بە یارەکەی کە مەبەستێتی بۆی ڕوون بکاتەوە، کەوا داگیرساوی عەشق و ئەوینی ئەوە.

**٣_٤_١_٤ ڕەمز و لێکچواندن:** لێکچواندن هونەرێکە لەو هونەرانەی ڕەوانبێژی کە بەشدارییەکی کارا لە پێکهێنانی ڕەمزدا دەکات، چونکە ((لێکچواندن تێکەڵ بە قوڵایی بوونی مرۆڤ دەبێت و هەوڵی ڕاوکردنی ڕاستییەکان، هەروەها لێچوو و لەوچوو دەدات و زۆر دووبارەبوونەوەی لێچوو لەوچوو پەیوەندی ڕەمزی دەگەیەنێت، دوور لە پەیوەندی نێوان دوو لایەن.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٧٣)، کوردۆ لە شیعری (**مەرگ و ئەوین**)دا نموونەی ئەم ڕەمزی لێکچواندنە دەردەبڕێت و دەڵێت:

**مرۆڤ شووشەیەکی بلورینە**

**هەر ئەوەندە مەرگ**

**تێپەڕبێت بەلایدا، دەشکێ!..**

**مرۆڤ چڵەدارێکی خەمگینە**

**ئەگەر مەرگ**

**بەگاڵتەیش بایدا، دەشکێ..!** (١٦٩)

شاعیر لێرەدا مرۆڤی بە شووشەیەکی بلورینی لە ناسکی و باریکی و بێدەسەڵاتیدا چواندووە، لە بەرانبەر بە دەسەڵاتی پەردەوەردگار پاشان مرۆڤی چواندووە، بە چڵەدارێکی خەماوی و ژاکاو، کە ئەگەر بە گاڵتەشەوە مەرگ لێی نزیک بێتەوە دەشکێت.

| | |
|---|---|
| مرۆڤ: لێچوو | مرۆڤ: لێچوو |
| شووشە: لەوچوو | چڵەدارێکی خەمگین: لەوچوو |
| ناسکی و باریکی: ڕووی لێکچوونە | باریک و بێ هێز: ڕووی لێکچوونە |

ئەم چەشنە لێکچواندنەی شاعیر لە دەقەکەدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕەمز هاوکێشەیەک دروستبکات، لەسەر بنەمای لێکچواندن و بەهای ئیستاتیکی، دەقەکەی پێ ڕازاوەتر و جوانتر و بەهادارتربکات.

### ٣_٤_٢ ئیستاتیكای ڕەمز لە بنیاتنانی وێنەی شیعریی لای كوردۆی شاعیر:

### ٣_٤_٢_١ وێنەی شیعریی :

وێنەی شیعریی لە هەموو كات و سەردەمێكدا جەوهەری هونەریی شیعرە و واتای سەرەكی لەوێوە دروست دەبێت، شاعیر بە یاریدەی خەیاڵ و بەهۆی وشەوە وێنەی بیرۆكەكانی خۆی دەكێشێت. وێنە لە شیعری نوێی كوردیدا تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، ئەم تایبەتمەندێتییە بەجۆرێكە كە ((لە شیعری نوێدا فەلسەفەی ئیستاتیكای خۆی هەیە، دیارترین سیفەتی (چالاكی)یە، پێشووتر (وشە) كەرەستەی گوزارشت بوو، بەڵام لە شیعری نوێدا (وێنە) كەرەستەی گوزارشتە، كە دیمەنێكی زیندوو دەگوازێتەوە و ئەزمونێكی مرۆڤایەتی كورت دەكاتەوە.))(حسێن، ٢٠٠٨: ٩٤_٩٥).

شاعیر لە ڕێگەی وشەوە وێنەكانی دروستدەكات و هەر لەم ڕێگەیەشەوە (هەست و سۆز و خەیاڵی بە خوێنەر دەگەیەنێت و خوێنەریش لە ڕێگەی هەمان كەناڵەوە (وێنە)وە دەچێتە ناوكەشی شیعرەكەوە، بۆیە ((پێویستە (فەزا)ی وێنە شیعرییەكە لەگەڵ (فەزا)ی گشتی شیعرەكەدا بگونجێت، نەوەک دژایەتی بكات، بۆ نموونە ئەگەر بیری گشتی شیعرەكە خەماوی بێت، ناگونجێت وێنە شیعرییەكە گوزارشت لە خۆشی بكات.))(حسێن،٢٠٠٨: ٩٥)، كەواتە شاعیر لە ڕێگەی كەرەستەی خاوی بەردەستی كە (وشە)یە، بنیاتی دەقی شیعرییەكە پێكدێنێت، هەروەها لەڕێگەی ئەم كارەیەوە دەتوانێت هەست و سۆز و خرۆشی خۆی بۆ پەیاموەرگر(خوێنەر) بنێرێت، لەهەمان كەناڵەوە (پەیاموەرگر) وێنەی ئامادەكراوی پەیامبەر وەردەگرێت و چێژی لێدەبینێت.

زۆرجار شاعیر لە ڕێگای (ڕەمزە)وە دەیەوێت ئامانج و مەبەستی خۆی بە دروستكردنی وێنەیەكی شیعری لەڕێگای پەیامەكەیەوە بە خوێنەر (پەیاموەرگر) بگەیەنێت، بەمەش لێرەدا (ڕەمز) وەكو بنەمایەكی داڕشتنی دەقی شیعری دێتە ناو بوارەكەوە و بەشداریدەكات لە بنیاتنانی دەقەكەدا، لەم بارەیەوە (ئاوات محەمەد) دەڵێت: ((شیكردنەوەی شیعر هەرگیز لە نێو كایە مەعریفییەكاندا بواری لێدوانی بۆ نەڕەخساوە، واتە شیعرمان هەیە و پرسیار لە خودی شیعر ناكەین، بێگومان لەناو ڕۆشنبیرییەكی لەو شێوەدا دەرناچن، كە لە هزری هەر یەكێكماندا بوونیان هەیە.))(محەمەد،٢٠١١: ١٢٣-١٢٤).

زۆرێک لێكۆڵەر و نووسەر بەڵگەی زانستی دەهێننەوە، لەسەر ئەوەی كەوا نووسەری بواری ئەدەب بەگشتی و بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەتی پەنادەبەنە بەر زۆر هۆكار لە هۆیەكانی گوزارشتكردن لە مەبەستە خودییەكان، یەكێک لەو تایبەتمەندییانەی گوزارشتكردنەش ڕەمزە، وەكو چۆن(ڕێبواریمەلازادە) باوەڕی وایە، كە دەڵێت: ((شێواز و ڕێگاكانی دەربڕین و گوزارشتكردنی تاک لە مەبەست و پەیام و خود جۆراوجۆرن، كە خۆی لە بەكارهێنانی

زمان و ڕەفتار و چالاکی و جوڵەی جەستە و بێدەنگیش دەبینێتەوە.))(مەلازادە،٢٠٢٠: ٣٠٤)، دیارە مەبەستی سەرەکی نووسەر لە جوڵەی جەستە بەکارهێنانی ئاماژەکانی جەستەیە وەکو (ڕەمزە)، کە بنەمایەکی چالاکی و ڕەفتارنواندنە لە نووسینەکاندا لەلایەن ئەدیبەوە یاخود شاعیرەوە.

ڕەمز پێش ئەوەی ڕەگەزێک بێت بۆ خستنەڕووی ئەندێشە، شیکردنەوەی واقیعە، زۆر جار ڕەمزەکان لایەنی دەروونیی شاعیر و نووسەر دەردەخەن و خەونەکانیان دەخاتەڕوو. زۆر جار ژینگە و سەردەم ڕێگە بە نووسەر و شاعیران نادات، کە حەزەکانی بکاتە دیوی واقیع، بۆیە لە ڕێگای ڕەمزەوە دەست بۆ تەواوی حەزەکانی دەبات، شیعرەکانی (کوردۆ) پڕن لە وێنەی شیعریی و وێنەی ڕەمزی، بە شێوەیەک کە پڕاوپڕن لە بەهای ئیستاتیکی و جوانی و چێژبەخشین، بە چەشنێک کە ئەگەر خوێنەری ڕاستەقینە بەرهەمە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە بخوێنێتەوە، ئەوا بەڕوونی ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت ،کەوا بنەمای کاری شاعیر لە چنینی دەقەکانیدا کارکردنە لەسەر بناغەی جوانی و چێژگەیاندن بە پەیاموەرگر (خوێنەر)، لەسەر ڕێبازی ئیستاتیکا و گەیاندنی خۆشی و چێژ بە خوێنەری دەقەکانی. ئەو جۆرە ڕەمزە گرنگ و دیارانەی کە لە دەقە شیعرییەکانی (کۆبەرهەمی بۆنی بەختەوەری)دا هەن و بەهای ئیستاتیکی دەبەخشن، چەند جۆرێکی جیاوازن و محەمەد کوردۆی شاعیر لە دەقە شیعریەکانیدا چەند جۆرێکی ڕەمزی جیاوازی بەکارهێناوە، کە بەهای ئیستاتیکی و جوانی دەبەخشنە دەقەکان و گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ئیستاتیکای ڕەمزی ئەفسانەیی.
٢. ئیستاتیکای ڕەمزی کەلەپووری.
٣. ئیستاتیکای ڕەمزی مێژوویی.
٤. ئیستاتیکای ڕەمزی ئایینی.
٥. ئیستاتیکای ڕەمزی گشتی.
٦. ئیستاتیکای ڕەمزی جیهانی.
٧. ئیستاتیکای ڕەمزی کەسی (خودی).
٨. ئیستاتیکای ڕەنگ و وێنەڕەنگییەکان.

### ٣_٤_٢_١_١ ئیستاتیکای ڕەمزی ئەفسانەیی :

ڕەمز و ئەفسانە پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکترییەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش لەناو شیعردا هەستی پێ دەکرێت، چونکە ((ئەگەر ئەفسانە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ بێت، ئەوا لە شیعردا خەیاڵ ڕەگەزێکی سەرەکییە و شاعیر بەهۆی خەیاڵەوە داهێنان و دەستڕەنگینی و لێهاتوویی خۆی دەردەخات.))(قادر، ٢٠١٠: ٤٨)، زۆربەی لێکۆڵەران لەگەڵ ئەوەدان کە ڕەمز

و ئەفسانە پەیوەندییەکی بنچینەییان بەیەکەوە هەیە، ئەم پەیوەندییەش مێژوویەکی دێرینی هەیە، کە لە سەرەتای پەیدابوونی ئەفسانەوە درووستبووە، چونکە ((زۆربەی ئەفسانەکان سروشتێکی ڕەمزییان هەیە.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٧)، بۆیە لە شیعری نوێی کوردیدا ئەفسانە کەرەستەیەک بووە کە شاعیران بەهۆیەوە ئەزموونەکانی خۆیان پێ چڕکردووەتەوە، هەر ئەم بایەخدانەش وایکردووە کە ((شاعیرانی هاوچەرخ هونەرمەندانە، ئەفسانە و کەرەستە فۆلکلۆرییەکانی ڕابردوو زیندووبکەنەوەو گیانێکی زیندوویان بە بەردابکەن و هەموو هەست و هەڵچوونەکانیشی پێدەربڕن.))(حەوێز،٢٠١٨: ٣٦٠)، محەمەد کوردۆ لە شیعری "**مرۆڤ**"دا ئەم چەشنە ڕەمزی ئەفسانەییەی بەکارهێناوە، کە دەڵێت:

**"مرۆڤ پەیکەرێکی داپۆشراوە**
**ڕۆژانێکی زۆر و**
**ساڵانێکی زۆر و**
**تەمەنێکی تەواو**
**چاوەڕوانی هاتنی گۆدۆیەک دەکات**
**پەردەی لەسەر لادا..!"** (١٧٢)

"گۆدۆ" ڕەمزی ئەفسانەیی چاوەڕوانیی بێئاکامی مرۆڤە بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتییەکانی ژیان، کە لە بنەڕەتدا گۆدۆ کەسایەتییەکی نادیاری چاوەڕوانکراوە بۆ گەیشتن بە ژوانی دوو کەس بە ناوەکانی (ئیستراگۆن) و (واڵدیمر)، کە لە شانۆنامەی نووسەری بەناوبانگی فەڕەنسی، سامویل بێکیتدا هاتووە، لە کاتێکدا ئەم دوو پیاوە چاوەڕوانی کەسی نادیاری فریادڕەسیان دەکەن بە ناوی گۆدۆ، تاوەکوو لەو نەهامەتی و تەنگانەیەی ژیانیان ڕزگاریانبکات کە تییدان و بۆ خۆشییەکانی ژیانیان بیبانگێڕێتەوە. کوردۆی شاعیر مەبەستێتی سەرەتای ژیانی مرۆڤ بە چەشنی لادانی پەردەی سەرەتای سەر شانۆی گۆدۆ بخاتەڕوو، هەموو چاوەڕوانییەکانی مرۆڤیش بۆ مەبەستی گەیشتن بە خۆشییەکانی ژیان و ڕزگاربوون لە تەنگانە و نەهامەتییەکان، هاوچەشنی چاوەڕوانیی بێئاکامی ئەو دوو کەسە بۆ فریادڕەسی نادیاری ژیانیان کە گۆدۆیە، پیشانبدات.

لە دەقە شیعرییەکی دیکەی شاعیردا بە ناوی (**تلانەوە**)، لە دێڕێکدا ڕەمزی ئەفسانەیی (ئاوی حەیات) بەکاردەهێنێت، وەک دەڵێت:

**"من هەموو جەستەم لە عیشقی پڕ لە کڵپەت قوڵپەدات**
**هۆ زنە*ی ئاوی حەیات، بێم دەم بنێمە کوێتەوە..؟"** (٣٥٢)

بەکارهێنانی (ئاوی حەیات) لەم دێڕەدا ڕەمزی ئەفسانەیە بۆ مانەوە لە ژیان، وەکو لە

*زنە: بە چیمەنی ئاودەڵێن، زندو(ف)، چمن أبزا، زندە. (موکریانی، ١٣٨١: ٣٨٢).

چەندین دەقی شیعریی شاعیرانی کلاسیکدا هاتووە کەوا پیاوچاکێک بە ناوی (خدری زیندە) ئاوی بەقا یاخود ئاوی حەیات و ئاوی مانەوەی لە ژیان پێیە و هەر کەسێک لەو ئاوەی دەستی ئەم پیاوچاکە بخواتەوە، ئەوا نەمری لە ژیاندا بەدەستدەهێنێت، شاعیر مەبەستێتی ئەوە دەربخات کە یار هەڵگری ئاوی حەیاتە و بە گەیشتن پێی ئاوی حەیات بەدەستدەهێنێت، بەمەش هەم گڕوکڵپەی عەشقەکەی ناخی دەکوژێنێتەوە، هەمیش بەقا و مانەوەی هەمیشەیی لە ژیاندا بەدەستدەهێنێت.

### ٣_٤_٢_١_٢ ئیستاتیکای ڕەمزی کەلەپووری:

شاعیرانی هاوچەرخ بەپێی ئەو زەمینەیەی بۆیان دەرەخسێت و بەپێی ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییەی کە هەیانە، بۆ ڕابردوو و کەلەپووری میللەتەکەیان دەگەڕێنەوە و سەرلەنوێ کاری لەسەر دەکەنەوە و لە بونیادنانی دەقی شیعریدا بەکاریدەهێننەوە، بەجۆرێک کە شاعیرانی کورد بەگشتی و شاعیرانی نوێخوازی کورد بەتایبەتی، زۆر بەتوندی باوەشیان بە کەلەپووردا کردووە و وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی شیعریی سەیریانکردووە، چونکە ((پەیوەندییەکی دیالێکتی لە نێوان کەلەپوور و بابەتی ئێستادا گرێ دەدات.))(حەمەد، ٢٠٠٢: ٢٣٨)، کوردۆ لە زۆر شوێنی ناو دێرەشیعرەکانیدا ڕەمزی کەلەپووریی بەکارهێناوە، وەک لە شیعری (نەمری)دا نموونەیەکی ڕەمزی کەلەپووری کوردی پیشاندەدات و دەڵێت:

**"مرۆڤ ئاوی ناو گۆزەیەکە**

**بەسەر شانی خەیاڵەوە**

**بەرەو نەمری دەڕوات**

**وەلێ ناگاتە جێ، دەڕژێ..!"** (١٦٥)

لێرەدا شاعیر مرۆڤی بە ئاو چواندووە و (ژیان)ی مرۆڤیش بە (گۆزە)، ئێمە دەزانین کە گۆزە ئەو دەفرەیە کە کوردنشینان لە زەمانی زوودا بەکاریانهێناوە بۆ هێنان و گواستنەوەی ئاو لە کانی، گۆزە لە قوڕ دروستکراوە و ئاوی تێکراوە، لە هەمان کاتدا مرۆڤیش لە قوڕ دروستکراوە، وەک پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەربێت)دەفەرموێت: ((الناس كلهم بنو آدم وآدم خلق من تراب))(البنوري، ١٩٨٨: ٣٩٥٥). زۆر پەندی کوردیش دەربارەی ئەم کەرەستە فۆلکۆرییە کوردییە وتراوە. شاعیر بە بەکارهێنانی ئەم وشە فۆلکلۆرییە، جارێکی تر سەری مرۆڤ بە کاسەیەکی پڕ لە ئاو و دۆشدامانی خەیاڵێکەوە بۆ هەڵهاتن لە مەرگێک بەیاندەکات کە بەرۆکی هەمووان دەگرێت و مەرگیش بە ڕێگر لەبەردەم بەدینەهاتنی ئەو خەیاڵەی کە شانیداوەتەبەر سەری مرۆڤەکان، لە شێوەی گۆزەیەکی ڕێی کانیی کوردەواریی ژیانە سادەکەی ئافرەتی کورددا دەنوێنێت.

لە دێڕێکی تری شیعریی (**من بەزەییم بە حاڵی ژانا دێتەوە**)، ڕەمزێکی تری کەلەپووریی بەکارهێناوە، کە ئەویش وشەی "دەسرازە"یە، وەک دەڵێت:

**وەک کۆرپــەی ناو بێشکــەی ئـــازار**

**بە دەسرازەی مەینەتی شەتەک* دراوە..** (٣٢٨)

وشەی دەسرازە ڕەمزێکی کەلەپوورییە، بۆ ئەو پارچە قوماشەی کە لەناو لانکی منداڵدا لە سەردەمی کۆندا بەکاردەهێنرا، تاوەکوو منداڵەکە لەناو لانکەکەدا نەکەوێتە خوارەوە و (بێشکە) کەرەستەیەکی کەلەپوورییە بۆ شوێنی حەوانەوەی منداڵ لە کۆندا. شاعیر ژیانی ئادەمیزاد بە چەشنی منداڵێکی ناو بێشکە وەسفدەکات و تەنگەژییەکانی دونیاش بە چەشنی ئەو دەسرازەیەی کە منداڵەکەیان بەستووەتەوە، بە جۆرێک بەرۆکی مرۆڤیان گرتووە و دەستبەرداری نابن، تا ئەوەی کە لە پەلەقاژە و هەوڵە بێئاکامەکانی وەڕسدەبێت، بەمەبەستی ڕزگاربوونی لەو جێگە تەنگ و ناهەموارەی قۆناغی تەمەنیدا، ئاوەهاش مەینەتییەکان دەستبەرداری مرۆڤ نابن تاوەکوو بێئاکام سەردەنێتەوە.

### ٣_٤_٢_١_٣ ئیستاتیکای ڕەمزی مێژوویی:

مێژوو یەکێکی دیکەیە لەو رەمزانەی کە شاعیران بۆ بونیادی دەقی شیعریی پەنای بۆ دەبەن، بەو پێیەی کە ((مێژوو سەرچاوەیەکی گرنگە و پڕیەتی لەڕووداو و کارەساتی هەمەجۆر، شاعیر پەنا دەباتە بەر رەمزی مێژوویی، لەلایەک ئەزموونی خۆی پێدەوڵەمەند دەکات، لە لایەکی تر کەسایەتییە مێژووییەکان وەکو دەمامکێک وەردەگرێت، بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیرەکە بکات، یاخود کەم وکورتییەکانی چەرخی نوێی پێدەرخا.)) (عەبدوڵا، ٢٠٢٠: ١٠٨)، بەم شێوەیە شاعیر بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکانی وەک ((مێژوو ،کەسایەتییە ناودارەکان ،ڕووداوەکان ، شوێنەوارە دێرینەکان کە هەموو سەرچاوەی دەوڵەمەندن بۆ شاعیران، هەتا وەکو ڕەمز دەقە شیعرییەکانیان پێدەوڵەمەند بکەن.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٧٩)، کوردۆ لە شیعری "**زەکییە ئالکان**"دا نموونەی ئەم ڕەمزە مێژووییە بەرجەستەدەکات و دەڵێت:

**"مرۆڤێکە زۆر بەجەرگ**

**دەبێ کێ بێ..؟!**

**مامە یارەی ئاگر گرتوو..؟!**

**نەخێر قوربان**

**قازی محەمەدی ئازاو**

**ترس لەنێودڵا نەبوو..؟!**

---

*شەتەک: بەستنی توند، (ف) سفت بستن. (موکریانی، ١٣٨١: ٤٨١).

**_ نەخێر نەخێر**

**خاتوو خانزاد، یان قەدەم خێر..؟!**

**دیسان نەخێر..**

**نەتانزانی**

**کچێک بوو جوان**

**جوان هەروەکو شیعری بزێو**

**جەستەی سپی چەشنی پەموو."** (٣١٩_٣٢٠)

شاعیر لەم کۆپلەیەدا بە ناوهێنانی کەسایەتییە ناودارەکانی مێژووی کورد وەکو (مامەیارە و قازی محەمەد و خاتوو خانزاد و قەدەم خێر)، توانیویەتی لە یەک کاتدا چەند کەسایەتییەکی دیاری شۆڕشگێڕی و سیمبولی خۆڕاگری و بەرهەڵستیی دژی ستەم و زۆرداریی دوژمنانی کورد لە دەقێکدا کۆبکاتەوە، وەکوو (مامەیارە) کە ڕەمزی (نەورۆز) و بەهاری ئازادی و (قازی محەمەد) کە ڕەمزی گیانفیدایی کوردە لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا لەسێدارەدرا و خاتوو (خانزادی خوشکی میری سۆلاڤ) کە ڕەمزی قارەمانێتی و هەڵوێستی مەردانەی ئافرەتی کوردە بەرانبەر زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەکەی و خاتوو (قەدەم خێر) کە ڕەمزی ژنە شۆڕشگێڕی کوردە، هاوشانی باوک و براکانی دژی ڕەزاشای ئێران جەنگاوەر بووە و لە ناونیشانی دەقە شیعرییەکەدا ناوهێنانی خاتوو (زەکییە ئالکان)ی کچە بێپەروای باکووری کوردستان کە بە جەستەی خۆی نەورۆزی پیرۆزکرد، بەڵگەی ئەوەن کە کوردۆ سەرەتا سیفاتی بەجەرگی دەداتە پاڵ هەریەکە لەو سەرکردە و جەنگاوەرانەی کورد کە لە ڕابردوودا لەم نەتەوەیە بەرگرییانکردووە و بوونەتە کەسایەتییە مێژووییەکانی ناو پەڕەی مێژووی خەباتی کوردەواری، لە کۆتاییشدا هەموو ئەمانە بەلاوەدەنێت و بەجەرگی و ئازایەتی بۆ جوانیی ئافرەتێکی کورد دەگەڕێنێتەوە، شاعیر لەم دەقەدا زۆر بەجوانی سیفاتی ئازایەتی و بەجەرگی دەداتە پاڵ جوانی، کە لە بنەڕەتدا جوانی و ئازایەتی دوو سیفاتی جیاوازن و لە یەک کاتدا لە یەک مرۆڤدا کۆنابنەوە، بەم شێوازەی کە شاعیر کردوویەتی، توانیویەتی شیعری بەرگری و دڵداری ئاوێزانی یەکتری بکات.

### ٣_٤_٢_١_٤ ئیستاتیکای ڕەمزی ئایینی:

شاعیرانی هاوچەرخی کورد بەزۆری بایەخیان بە ڕەمزی ئایینی داوە و لە دەقە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیانکردووە، بەجۆرێک کە((ئاینە ئاسمانی و زەمینیەکان و کتێبە پیرۆزەکان، هەمیشە سەرچاوەیەکی گرنگی دروستکردنی ڕەمزن، چونکە لەڕێگەی ڕەمزی ئاینییەوە حەقیقەتەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەبێت.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٩)، لەگەڵ ئەم چەشنە بایەخدانەیشدا شاعیرانی هاوچەرخ بە جۆرێکی جیاوازتر وەک لە شاعیرانی کلاسیک مامەڵە

لەگەڵ ئاییندا دەکەن، چونکە ((شاعیرانی هاوچەرخ لە بەکارهێنانی ڕەمزدا بە عەقڵییەتی ئایین بیرناکەنەوە، لەمەدا دەردەکەوێت کە لەنێوان ئەزموونی سۆفێتی و تاقیکردنەوەی شیعریدا جیاوازی هەیە.))(عەبدوڵا، ٢٠٢٠: ١١٥)، کوردۆی شاعیر لە شیعری (**تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای**)دا نموونەیەکی بەرزی ڕەمزی ئایینی بەکارهێناوە، کە ناوی چەند ڕەمزێکی پیرۆزی ئایینی دەبات، وەک دەڵێت:

**یان تۆ حەوای یان حەوا تۆ بووە**

**ئەگینا چۆن، ئادەم**

**دەستی لە بەهەشتی خوا هەڵدەگرت.. و**

**خۆی لە دۆزەخی زەویدا، ون دەکرد..؟** (١٣٨)

شاعیر لەم دەقەدا ناوی (حەوا)ی هێناوە، مەبەستی دایکە حەوایە، کە ڕەمزی یەکەم مرۆڤی فریودراوە لەلایەن شەیتانەوە. (ئادەم) کە ڕەمزی یەکەم پیاوی قوربانیی دەستی ئافرەتە، کە خۆی بێبەشدەکات لە خۆشییەکانی بەهەشت لەپێناوی گوێڕایەڵی بۆ ئافرەت. (بەهەشت) کە ڕەمزی ئاینییە بۆ (خۆشترین شوێنی بێوێنە)، ئەو شوێنەی کە خوای گەورە وەکو پاداشت دەیبەخشێتە بەندە گوێڕایەڵەکانی. (دۆزەخ) کە ڕەمزی ئایینییە بۆ (ناخۆشترین شوێنی بێوێنە)، کە خوای گەورە بەندە گوناهبار و لەفەرمان دەرچووەکانی پێ سزادەدات. کوردۆی شاعیر قوربانیدانی بۆ ژن، هاوچەشنی قوربانیدانی باوکە ئادەم بۆ دایکە حەوا بەیاندەکات، بە جۆرێک کە خۆی لە خۆشییەکانی دونیا کردووە لەپێناوی ڕازیکردنی دڵی دڵبەرەکەیدا، بەمەش نەهامەتییەکانی دۆزەخی دواڕۆژ بەراورددەکات بە نەهامەتییەکانی باوکە ئادەم لە تەنگەژییەکانی دونیادا، سەرباری ئەمانەش شاعیر گەشبینە بەوەی کە گەیشتنی بە دڵبەرەکەی، دۆزەخی دونیای دەبێتە خۆشیی بەهەشت، هاوچەشنی گەیشتنی ئادەم بە حەوا.

شاعیر لە چەندین شوێنی دێرەکانی ناو دەقە شیعرییەکانیدا، ڕەمزی جوانی ئایینیی بەکارهێناوە، وەک لە شیعری (**تلانـەوە**)دا دەڵێت:

**بە قـەسـتی دەستی برد و دوگمـەی یەخـەی ترازان**

**سەری کردم بە (جودی) و سینەم بە (توور)ی سینا** (٣٥٣)

شاعیر لەم دێرەدا دوو ڕەمزی جوانی ئایینی بەکارهێناوە، ئەوانیش (جودی) مەبەستی شاخی جودییە، ئەو شاخەی کە پێغەمبەر نوح (درودی خوای لەسەربێت) کەشتییەکەی لەسەری لەنگەریگرتووە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ((واستوت على الجودي.))(سورة هود، الأية ٤٤)، (تووری سینا) مەبەستی (طورسنین)ی ئەو شاخەیە، کە پێغەمبەر موسا داوای بینینی پەروەردگاری کرد و خوای گەورە خۆی بە شاخەکە پیشاندا و لەتاوی تیشکی پەروەردگاردا شاخەکە سووتا، وەک دەفەرموێت: ((وطور سينين.)) (سورة التين، الأية ٢)،

لێرەدا شاعیر سەری خۆی بە شاخی جودی چواندووە، لە لەنگەرگرتنی کەشتیی سۆز و ئەوینی یارەکەی و سینەشی بە شاخی توری سینا چواندووە، شاعیر مەبەستێتی کە بۆ یاری دەربخات، کە ئەگەرچی سووتاویی تیشکی ئەوین و گڕی عەشقی یارە، بەڵام خۆڕاگریی سەری بەرزی چەشنی جودی جێی ئارامی و خۆڕاگری و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی ژیانە، بۆ دابەزینی کەشتیی عەشق و ئەوین و جوانی.

### ٣_٤_٢_١_٥ ئیستاتیکای ڕەمزی گشتی:

ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە لەناو زۆربەی میللەتانی دونیادا بۆ یەک واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێن و شاعیریش وەریاندەگرێت و لە شیعرەکانیدا بەکاریاندەهێنێت، نموونەی ئەم جۆرە ڕەمزەش وەکو(("کۆتری سپی کە ڕەمزی ئاشتییە لەبەرئەوەی بە هێنانی چڵەزەیتونێک هەواڵی کۆتایی هاتنی لافاوەکەی پێغەمبەر (نوح)ی ڕاگەیاند، سیندباد  بووەتە ڕەمزی گەشت و گوزاری، کە پاش بڵاوبوونەوەی چیرۆکە سەرکێشییەکانی لە کتێبی (هەزار و یەک شەو)دا"،....هتد.))(غریب، ١٩٧١: ٢٢٧)، کوردۆی شاعیر لە شیعرەکانیدا نموونەی زۆری ئەم ڕەمزە گشتییانەی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، وەکو لە شیعری "**بەخت**"دا نموونەی ئەم ڕەمزە گشتییانە دەردەخات و دەڵێت:

**ئەو باز لەسەر شانی هەڵنیشت**
**تۆ کۆتر.. و**
**من پەپووی شووم..**
**ئەو بە پیری و**
**تۆ بە گەنجی و**
**من بە منالی پیر بووم ..!!** (١٣٣)

لەم دەقەدا شاعیر سێ جار ڕەمزی گشتیی بەکارهێناوە، لەوانەش (باز) کە ڕەمزی بەختە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، (کۆتر) کە ڕەمزی ئاشتی و کۆتایی نەهامەتییە، (پەپوو) کە ڕەمزی شووم و نەگبەتییە. ئەم ڕەمزانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا وایە، نەک تەنها لە جیهانەکەی کوردۆدا وابێت، شاعیر مەبەستێتی بەدبەختیی خۆی بەیانبکات لە بەرانبەر ئەو نەهامەتییانەی بەهۆی ڕۆژگارەوە تێیکەوتووە و یاریش بووەتە پایتەختی وڵاتی ئۆقرە و ئارامیی، کە کەسێکی تر بووە بە فەرمانڕەوای دەسەڵاتداریێتیی ئەم پایتەختە میهرەبانە، دڵی شاعیریش لە حەسرەتدا بووەتە وێرانە، بە چەشنێک کە پەپووی تێدا ژیابێت.

**٣_٤_٢_١_٦ ئیستاتیکای ڕەمزی جیهانی :**

ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە لە هەموو جیهاندا بۆ یەک واتا و مەبەست بەکاردەهێنرێن و ((ئەو ڕەمزانە دەگرێتەوە کە پاشخانێکی جیهانییان هەیە و لە هەموو دونیادا ناسراون و لە ئەدەبییاتی گەلاندا بەشێوە و تێڕوانینی جودا ڕەنگیان داوەتەوە، وەکو: خاچ، عیسا، پیکاسۆ، ماندێلا، فیدڵ کاسترۆ، جیڤارا،....هتد.))(دەشتی، بەرزنجی، مەحمود، ١٣٩٧: ١٣٩)، کوردۆ لەم جۆرە ڕەمزە جیهانییانەی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، وەکو لە شیعری (**نیوتن**)دا دەڵێت:

**سێوێک،**
**تەنیایی**
**دڵی سوور کردبوو**
**لە تاوا**
**خۆی بەردایەوە..**
**نیوتن بێئاگا لە عیشق**
**بە (هێزی کێشکردنی زەوی)**
**لێکیدایەوە..!** (١٣٢)

ناوهێنانی (نیوتن) ڕەمزێکی جیهانییە بۆ زانای بەناوبانگی جیهانیی بواری زانستی فیزیا، ئیسحاق نیوتن، کاتێک تاقیکردنەوەیەکی زانستیی لەسەر سێو ئەنجامدا، کە لەم شیعرەدا (میوەی سێو) وەک ڕەمزێکی هەڵخەتێنەری مرۆڤ دەردەکەوێت، چونکە لەلای شاعیر سێو میوەی فریودەری مرۆڤە، نیوتنی زانای هەڵخەڵەتاند، بەوەی کە خۆی خستە سەر زەوی تاوەکو ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو ناوبانگە جیهانییەی کە لە بیردۆزەکەی نیوتنی زانای ناوداری جیهانییەوە بۆی ماوەتەوە. شاعیر مەبەستێتی ئەوە بخاتەڕوو، کەوا چۆن سێو نیوتنی ئاڵوودەی عەشقی یاسای هێزی کێشکردنی زەوی کرد، ئاوەهاش سێو کوردۆی شاعیری ئاڵوودەی هێزی کێشکردنی خۆشەویستی کردووە.

**٣_٤_٢_١_٧ ئیستاتیکای ڕەمزی کەسی (خودی):**

هەموو شاعیرێک بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوە تایبەتەکانی ژیانی خۆی و ئاستی ڕۆشنبیری و ژینگەکەی، کۆمەڵێک ڕەمزی تایبەت دروستدەکات، کە پەیوەستن بە خودی شاعیر خۆیەوە، چونکە ((ئەم جۆرە ڕەمزە بۆ باری دەروونی شاعیر دەگەڕێتەوە، بە کارتێکردنی کەرەستەکانی دەوروبەر بەسەر هەست و دەروونی شاعیردا، ئەمەش هاندانی شاعیرە بۆ درووستکردنی ڕەمزی تایبەتی خۆی.))(العلاق، ٢٠٠٧: ٤٧)، کەواتە کارلێکی شاعیر لەگەڵ ژینگەکەیدا خوڵقێنەری ئەم جۆرە ڕەمزەیە و ((ئەم ڕەمزانە ناوازەن و ئاستێکی

بالآیان هەیە، ڕەمزەکەسییەکان ڕەمزی بەرزن کە بیری شاعیری داهێنەر دەیانخولقێنێ، بەبێ ئەوەی پێشتر نموونەی هەبووبێ، ئەم ڕەمزانە ڕەمزی زیندوون، چونکە شاعیر خۆی درووستیان دەکات و گیانیان بە بەردا دەکات.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٤). کەواتە هەموو شاعیرێک بەپێی ئەزموون و تاقیکردنەوە شیعرییەکانی خۆی لە ژیانیدا، دەتوانێت هەموو بابەتێک یان ڕووداوێک وەکو ڕەمز بەکاربهێنێت، ئەگەرچی پێشتر وەکو ئەو بەکارنەهێنرابێت.

کوردۆ لە چەندین دێرە شیعری دەقەکانیدا چەند وشەیەکی بەکارهێناوە، ئەم وشانە بە چەشنێک جەختی لەسەرکردوونەتەوە، کە بوونەتە ڕەمزێکی خودیی تایبەت بە شاعیر، وەک بەکارهێنان و چەند جار بەکارهێنانەوەی وشەی (دڵنشین)، کە لە نۆ دێڕی جودای دەقە شیعرییەکانیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، وەکو دەڵێت:

**"هەست دەکەم ئەو دەنگە دڵنشینەی**
**لە لەرینەوەی داران دێ،** (١٤٣)

..............................................

**ژنێکی دڵنشین**
**هێدی هێدی دەڕوا و** (١٤٧)

..............................................

**دڵی ئەو دەبێتە ژنێکی دڵنشین**
**دڵی منیش پیاوێکی داگیرساو** (١٤٩)

..............................................

**چپە چپی دڵنشینی**
**قۆخ و**
**بەهێ و**
**بەی دێ!** (١٥٠)

..................................

**ئەو بیرەوەرییە دڵنشینانەت**
**بیر دەخەمەوە..!** (١٦٠)
**لە ئێوارەیەکی دڵنشیندا،**
**ژنێکی دەم بەپێکەنین** (١٦٢)

.........................................

**ئەم هەموو ڕوناکییە دڵنشینەی**
**چۆن چۆنی کۆکردۆتەوە و** (١٨٤)

**لەم ئێوارە دڵنشینەدا**

**کە سروشت، دەڵێی ژنێکی نازەنینە.**" (٢١١)

(دڵ) کانگای سروش و شوێنی هەست و خۆشەویستییە، هۆکاری حەوانەوەی مێشک و ئاسوودەبوونی جەستەی مرۆڤە، (نشین) شوێنی نشتەجێبوون و ئارامگەی حەوانەوەیە، بۆیە شاعیر مەبەستێتی ئەوە دەربخات، کە وشەی لێکدراوی (دڵنشین) ڕەمزی تایبەتی خۆیەتی بۆ ئارامی دڵ و ئاسوودەیی بیر و هزر و خەیاڵی، بەمەبەستی بەخشینی چێژی ئاسوودەیی و ئارامی بە دەروونی خۆی، بۆیە زۆر مەبەستی بووە و چەند جارێک دووپاتیکردووەتەوە.

**٣_٤_٢_١_٨ ئیستاتیکای ڕەنگ و وێنە ڕەنگییەکان :**

ئاشکرایە سایکۆلۆژییەتی هونەری و ئەدەبی، بە شێوەیەکی گشتی و چ سایکۆلۆژییەتی ڕەنگ بە شێوەیەکی تایبەتی، زیاتر شوێنکەوتەی تێڕوانین و بۆچوون و کاریگەریی یەکێک لە کەرەستە و داتا هونەرییەکانە، ئەمەش بە جۆرێکە کە ((بەشێوەی بارێکی نەبینراو یان نەستییانە لەسەر کەسێک، جا کەسەکە (گوێگر، خوێنەر، بینەر)بێت، بەجۆرێک وایلێدەکات، وەک ئەوەی حاڵەتەکە لە خودی کەسەکەوە وەرگیرابێت نەک بەسەریدا هاتبێت، یان تیایدا دروستبووبێت بەهۆی کردارێکەوە.))(عەلی، عەزیز، ٢٠١١: ٢٥) واتە ڕەنگدانەوەی نەستییانەی کارە هونەری و ئەدەبییەکان لەسەر مرۆڤەکان بە مەبەستی بەدیهێنانی توانایەکی مرۆییانەیە، بۆئەوەی مرۆڤێک بتوانێت بەشداریی هەست و نەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانی تر بکات. هەر لەم بارەیەوە (بۆدلێر) بڕوای وایە کە((ئەو هەڵچوونانەی کە هەستەکان پێچەوانەی دەکەنەوە، لەڕووی کاریگەری دەروونییەوە لەیەک دەچن، دەنگ کاریگەرییەک جێ دەهێڵێ بەو کاریگەرییە دەچێ کە ڕەنگ جێی دەهێڵێ یاخود بۆن بەجێی دەهێڵێ.))(گەردی، ٢٠٠٢: ٢٦٢). ئەزموونی کوردۆی شاعیر لەبارەی ئەم وێنە ڕەمزییەی ڕەنگەوە هێندە ڕووکەش و سادە نییە کە دەقەکانی تەنها بە وشە ڕەنگینەکانی وەک (سوور، ڕەش، شین... هتد) ڕەنگڕێژکرابێت، بەڵکو ئەزموونەکە لەمە قووڵتر و فراوانترە، چونکە بونیادی سەرجەم پارچە شیعرەکانی تەنراوە بەو وشە ڕەنگاڵەییانەی کە وەک ئاماژەیەک وان بۆ وێنەی ڕەنگە جۆراوجۆرەکان، بۆ نموونە لە شیعری (گوڵی سپی)دا دەڵێت:

"**وەک بەژنی کازیوەی سەربڕاو**

**شەلاڵ*ی خوێن کرا**

**لەسەر چی..؟**

**شەوێکیان ڕێی کێشا بۆ هەور**

**بارانێ دابکا**

---

*شەلاڵ: تێوەدراو، ئاوی، (لەخوێندا شەلاڵ بو)، أغشە(ف). (موکریانی، ١٣٨١: ٤٨٨).

**گوڵــی ڕەش بگــۆڕێ بـۆ ســپی..!!**" (٦٣)

وشەکانی (کازیوە، سەربڕاو، خوێن، شەو، گوڵ، ڕەش، سپی)، هەریەکەیان ئاماژێک نیشان دەدەن بۆ ڕەمزێک، بۆ نموونە (کازیوە) ڕەمزی سەرەتایە و ڕەمزی ڕووناکی و بەرەبەیان و هەڵهاتنی خۆری نوێیە لە ڕۆژێکی نوێدا. (سەربڕاو) ڕەمزی لەناوبردنی زیندەوەرە و گیاندارەکانە. (خوێن) ڕەمزی ئازاردان و ستەم و چەوسانەوە و تۆڵەکردنەوە و لەناوبردنە. (شەو) ڕەمزی بێدەنگی و حەوانەوەی سروشتە. (گوڵ) ڕەمزی وەفا و پەیمان و خۆشەویستی و سۆزە. (ڕەش) ڕەمزی خەم و پەژارە و تاریکی و نەخوێندەوارییە. (سپی) ڕەمزی ئاشتی و گەڕانەوەی ئاسوودەییە بۆ دڵ و دەروون و بێپەروایی شوێن و دەروونە. شاعیر دەیەوێت هەستی ناخی لە ڕێی فرمێسکەکانیەوە هەوری تەم و غەمی ڕابماڵێت، ڕەوینەوەی خەمەکانی هاتنی موژدەی سپێدەیەکی نوێ بن، بۆ گۆڕینی ڕۆژگاری نەهامەتی و بەدبەختی بە ڕۆژگاری هیوا و ئاسوودەیی و کامەرانیی.

## ٣_٥ ئیستاتیکای زمان لە بنیادنانیی وێنەی ئەفسانەیی لە دەقە شیعرییەکانی محەمەد کوردۆدا

### ٣_٥_١ چەمک و زاراوەی ئەفسانە:

ئەفسانە جۆرێکی دیکەیە لەو بەها ئیستاتیکییانەی کە لە شیعری نوێدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت، بەشێوەیەک کە ((زاراوەی ئەفسانە(myth) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (mythos)ی یۆنانی کە بە واتای (وشەی وتراو) دێت، پاشان ئەم وشەیە وەرگیراو وایلێهات کە واتای (چیرۆکی خواوەندەکان) بگەیەنێت.))(ابراهیم، ١٩٨٦: ١١).

چەمکی ئەفسانە بەگشتی چوار واتای هەیە، ئەوانیش: ((ڕووداوێکی ئەفسانەیی دەربارەی بوونەوەرێک لە سەرووی ئاستی مرۆڤەوەیە، هەروەها چیرۆکێک دەربارەی ڕووداوێکە کە توانای ئاراستە کردنێکی تایبەت و لۆژیکییانەی نییە، هەروەها بە واتای ئەو باوەڕەی کە ناسەپێت بەڵکو تەنها لەبەر لایەنە هێما ئامێز و میتافیزیکیەکانەوە قبوڵکراوە، کۆتا واتایشی بۆ هەموو جۆرە چیرۆکێک یان بیرێکی ناڕاستەقینە دەربارەی کەسایەتییەکان یان ڕووداوە میتافیزیکییەکان دێت.))(کرمانی، ٢٠٠٠: ٢٤).

**پێناسەی ئەفسانە:** (فۆنگ) لە فەرهەنگەکەیدا ئەفسانە بەو بیروبڕوایانە پێناسەدەکات، کە دەربارەی گەردوون و دیاردە گەردوونییەکان گوتراون و دەڵێت: ((ئەفسانە ئەو ڕووداوانە باس دەکات، کە لە سەردەمێکی زۆرکۆندا ڕوویانداوە و ئەو دیاردە کەونییە لە توانا بەدەرانە شیدەکاتەوە و بەهۆی پەیدابوونیان ڕوونیاندەکاتەوە.))(ئیبراهیم، ١٩٨٦: ١١).

مارکس بڕوای وایە، کە ((ئەفسانە پێشکەشکردنێکی هونەریی نەستییە بۆ سروشت. هەر ئەمەش هۆکاری بەکارهێنانی وێنە ئەفسانەییەکانە، لە زۆربەی هونەرەکاندا بە لێکدانەوەی جیاواز.))(مستەفا،٢٠٠٩: ١٩٠).

عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ئەفسانە بەجۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دادەنێت و دەڵێت: ((گەر لە کونجی فەلسەفەوە بڕوانینە ئەفسانە، ئەتوانین بە جۆرێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی دابنێین، هەروەک بە هەوڵدانێکی سەرەتایی مرۆڤ ئەزانرێت بۆ ئەوەی لە جیهان بگات و جیهان بناسێت.))(ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ١٢).

کەواتە لەم پێناسانەدا ئەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کەسایەتی ناو ئەفسانە لە سەرووی سروشتەوە بێت، هەروەها بەشداریکردنی ئەندێشە و خەیاڵ و خورافیات لە پێکهاتنی ئەفسانەدا بێت.

**٣_٥_١_١ ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا:**

گومانی تێدا نییە، کە هەموو میللەتانی دنیا ئەفسانەیان هەیە، بە شێوەیەک کە زۆر ڕەگەزی هاوبەشیان لەنێواندا هەیە، ئەفسانەی کوردیش لەم بوارەدا خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە لە ئەفسانەی میللەتانی دیکەی جیهانی جیابکاتەوە، چونکە ئەفسانەی کوردی ((ئەو چیرۆکەیە کە دانەرەکەی دیار نییە و لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕێتەوە و کەسییەتی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەستەی ئەفسانەیی لە کات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەی تێدا دەکەن.))(حەسەن،٢٠٠٠: ١٥).

کاکەی فەلاح لە بەرگی یەکەمی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا کاتێ دێتە سەر باسی بەشەکانی ئەدەبی کوردی، لەبارەی ئەفسانەوە دەڵێت: ((ئەدەبی کوردی ئەم بەشانەی گرتووەتەوە ئەفسانە و چیرۆک و داستان، پەند و ئامۆژگارییە کۆنەکان، ئەدەبی گۆرانی، شیعری نوسراو))(کاکەی فەلاح،١٩٨٧: ٢٥٦)، کەواتە دیارە لە پۆلێنکردنەکەیدا کاکەی فەلاح (ئەفسانە)ی لە پێشەنگی هەموو بەشەکانی تری ئەدەبی کوردییەوە داناوە، لەڕووی گرنگی و دەرکەوتنییەوە لە ئەدەبەکەدا لە خانەی یەکەمدایە لەڕووی گرنگی و کاریگەریەوە. ئەمانەش بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە، کەوا نووسەرانی دێرین و ئەدەبیاتناسانی کورد لە پۆلێنکردنی ڕیزبەندی یەکەمی ئەدەبیی کوردیدا (ئەفسانە)یان وەک یەکەم بابەتی گرنگی سەرچاوەی پڕ بەهای ئەدەبی ناساندووە.

ئەفسانە لە ئەدەبی کوردیدا خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە، کە وادەکات لە ئەفسانەی میللەتانی دیکەی جیهانی جیابکاتەوە، ئەویش ئەوەیە((تایبەتمەندیی زمانەکەی کە بە کوردیی دەگێڕدرێتەوە، هەروەها تایبەتمەندیی مێژوویی، کە باس لە مێژوویی کورد و پاڵەوانەکانی

دەکات بە شێوەیەکی ئەفسانەیی، تایبەتمەندییە ئایینییەکەشی باس لە سەرهەڵدانی ئایینە کوردییەکان دەکات.))(حەسەن، ٢٠٠٠: ١٨).

**شیعر و ئەفسانە:** پەیوەندییەکی پتەو و گرنگ لەنێوان شیعر و ئەفسانەدا هەیە، ئەم پەیوەندییەش مێژووییەکی دێرینی هەیە، بەجۆرێک کە ((ئەفسانە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی پتەوی بە ئەدەبەوە هەیە، تا ئەو پلەیەی کە چارەنووسی هەر یەکێکیان پەیوەستە بەوی ترەوە، (فردریک شلێگڵ)ی ئەڵمانی وای دەبینێت کە ئەفسانە و شیعر یەک شتن و ناکرێ جیاوازی لەنێوانیاندا بکرێت.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٩٣).

"د. عیزەدین ئیسماعیل" بڕوای وایە کە شیعر و ئەفسانە هەر لە کۆنەوە پەیوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە و ئەمەش وایکردووە، کە لە شیعری نوێدا گرنگییەکی زۆری پێبدرێت، لەم بارەیەوە دەڵێت: ((لە دیاردە هونەرییە بەرچاوەکان کە سەرنج ڕادەکێشێ لە ئەزموونی شیعری نوێدا، زۆر بەکارهێنانی ڕەمز و ئەفسانەیە وەک هۆکاری دەربڕین. ئەمەش شتێکی نامۆیە کە شاعیر ڕەمز و ئەفسانەکان لە شیعری خۆیدا بەکاربهێنێت، چونکە پەیوەندی کۆن لە نێوان ڕەمز و ئەفسانە و شیعر ئەم بەکارهێنانەی سازاندووە.))(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٩٣).

(بەختیار عەلی) ئەفسانە بە پێویستییەکی گرنگ لە شیعردا دادەنێت و دەڵێت: ((ئەفسانە بۆ شیعر گرنگە، چونکە ئەفسانە هەمان شێوەی ئەو سەرچاوەیە، کە لە سەرەتاوە مرۆڤ جیهانی پێ بینیوە.))(عەلی،٢٠٠٢: ١٠)، واتە ئەفسانە لە سەرەکیترین پێویستییەکانی بنیاتنان و بەرجەستەکردنی دەقی شیعرییە، هەر لە زووەوە جێگای گرنگی و بایەخ پێدانی شاعیران بووە، لە فەراهەمکردن و بناغە داڕشتنی دەقە شیعرییەکانیاندا.

### ٣_٥_١_٢ ئەفسانە و ئیستاتیکای ئەفسانە لە شیعرەکانی محەمەد کوردۆ :

ئەفسانە لای شاعیرانی کورد هەر لە کۆنەوە بەکارهاتووە و شاعیرانی کلاسیک لە سنورێکی تەسکدا و لەناو هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا لە شیعرەکانیاندا بەکاریان هێناوە، وەکو چواندنی زوڵفی یار بە مار و ئەژدیها، یاخود یار و خۆشەویست بە پەری و چواندنی دوژمن بە دێو و درنج و....هتد، بەڵام ئەفسانە وەکو دیاردەیەک لە شیعری نوێی کوردیدا، بەشێوازێکی نوێ دەرکەوت و شاعیرانی نوێی کورد گرنگییەکی زۆریان بە ئەفسانەدا. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ((ئەفسانە لە ئەنجامی کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپییەوە سەریهەڵداوە، بەتایبەتی شاعیرانی ئینگلیز و هەردوو گەورە شاعیری وەکو (ئەزرا پاوەند) و (تۆماس ئەلیوت) کە شوێن پەنجەیان لەم بوارەدا دیارە.)) (مەعروف، ٢٠٠٤: ١٤٥).

کوردۆی شاعیر بایەخێکی تەواوی لە شیعرەکانیدا بە ئەفسانە داوە ، بەو پێیەی کە ئەفسانە زیندوویی و بەردەوامی بە شیعرەکە دەبەخشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەقە

شیعرییەکەی بەزیندوویی و نەمری بمێنێتەوە، شاعیر بە زۆری لە شیعرەکانیدا ئەو ئەفسانانەی بەکارهێناوە، کە لەناو کلتوری کوردەواریدا بڵاون و باسیان لێوە دەکرێت، وەک لە شیعری (**زەکیە ئالکان**)دا لە کۆپلەیەکی شیعرەکەدا دەڵێت:

**کچێکی جوان**

**چاوی لە ئاسۆ بڕیوە و**

**وەکو ڤینۆسی نازەنین**

**بە دەم دواڕۆژی کوردەوە**

**هەردوو لێوی،**

**پڕن لە گوڵی پێکەنین..!** (٣٢٢)

ئەستێرەی ڤینۆس دەسووتێت تاوەکو تیشکی جوانی ئاراستەی دەرەوەی خۆی بکات، بەم سووتانە ڤینۆس ناوبانگی شاجوانی ئەستێرەکانی پێبەخشراوە، کچەکوردی شۆڕشگێڕی باکور(زەکییە ئالکان) سووتا، تاوەکو تیشکی ئومێدی سەربەخۆیی لە پێناوی جوانی ئازادی نەتەوەکەیدا بچەسپێنێ، ئەم دوو جوانە لە پێناوی ئەوینێکدا دەسووتێن، ئەو بۆ سەلماندنی جوانی و ئەم بۆ سەلماندنی بەجەرگی و چاونەترسی بەرانبەر بە دوژمنانی نەوتەوەی کورد، کوردۆ لەم کۆپلەشیعرەیدا، وشەی (ڤینۆس)ی بەکارهێناوە، کە (ڤینۆس) ئەفسانەی خواوەندی جوانییە لای ڕۆمانییەکان، چوواندنی سووتانی ئەستێرەی ڤینۆس بۆ بەخشینی تیشک و جوانی بەرامبەر بە سووتانی جەستەی کچە کوردی باکور (زەکیە ئالکان) لە پێناوی بەخشینی ئومێدی جوانی بە مێژوویی نەتەوەکەی ئیستاتیکایەکی بەهادار و زۆر بە جۆشی لە شیعرەکەدا بنیاتناوە.

هەروەها لە شیعری (**شەوێکی ئەفسوناوی**)دا دەڵێت:

**بە دوای ڕوناکیدا دەگەڕێم**

**ڕێم کەوتۆتە دێی پەرییان**

**هەموویان ڕەشپۆشن**

**دەنگی سەگوەڕ نایە**

**چرای ماڵەکان خامۆشن** (٢٨١)

شاعیر وێڵی بە دەستهێنانی ڕووناکییە، وەک چۆن پەروانە بەرەو شەم دەفڕێت و دواتر لێی نزیک دەبێتەوە و دەسووتێت، لەم کۆپلە شیعرەدا بەکارهێنانی ئەفسانەی (دێی پەرییان) لەلایەن شاعیرەوە بە جۆرێکە، کە خودی خۆیی بە میوانی نێو(پەری)یەکان باسکردووە، کە هاوچەشنی (عەلی بەردەشانی) شاعیری سەردەمی دێرین و گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی کردووە، کە بە هەمان شێوە لە گێڕانەوەی هەندێک لە سەرچاوە فۆلکلۆرییەکاندا باس لە شەوڕەوی ئەم شاعیرە میللییە دێرینە دەکرێت بۆ ناو دێی پەرییان. بەم کارەی توانیویەتی

وێنەیەکی جوانی ئەفسانەیی لە دەقەکەدا بخوڵقێنێت، بەمەش کوردۆی شاعیر توانیویەتی بە وەرگرتنی بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی، لە ئەدەبی دەوڵەمەندیی فۆلکلۆریی نەتەوەکەیەوە، ئیستاتیکایەکی بەنرخ لە بواری ئەفسانەدا لە دەقەکەیدا بنەخشێنێت.

کوردۆ لە کۆپلەیەکی دیکەی دەقی شیعری (**تۆ هەموو ژنە جوانەکانی دنیای**)دا دەڵێت:

**یان تۆ شیرین ـی، یان شیرین تۆ بووە**

**ئەگینا چۆن، فەرهاد**

**بە قوڵنگێکی شکاوەوە**

**بێستوون ـی کون دەکرد..؟** (١٣٨)

لێرەدا شاعیر باسی لە ئەفسانەی داستانی شیرین و فەرهاد کردووە، کە داستانێکی ئەفسانەیی دڵداری کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، لەناو حیکایەت خوانانی کورددا بە شێوەی ئەفسانە باس لە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان دوو مرۆڤ بە ناوەکانی (شیرین و فەرهاد) دەکرێت، گوایە لە شاخێکی ئەم ناوچەیەدا بە ناوی شاخی (بێستوون) ژیاون و خۆشەویستی فەرهاد بۆ شیرین بە ئەندازەیەک کاریگەربووە، کە وەکو وەفایەک شوێنەواری هەڵکۆڵینی نەخشێکی لە چیاکەدا بۆ شیرینی خۆشەویستی نەخشاندووە، کە بەم شێوەیە کوردۆی شاعیر لە سوود وەرگرتنی ئەم داستانە فۆلکلۆرییە، سوودی لە ئەفسانەی خۆماڵی وەرگرتووە و ئیستاتیکایەکی پڕ چێژ و جوانی لە دەقەکەیدا ڕەنگ پێداوەتەوە.

لە دەقێکی تری شیعرکەیدا بەناوی (**بەخت**)، کوردۆی شاعیر دەڵێت:

**ئەو**

**باز لەسەر شانی هەڵنیشت**

**تۆ کۆتر و**

**من پەپووی شووم..** (١٣٣)

لێرەدا شاعیر باس لە ناخۆشی و نەهامەتییەکانی ژیانی دەکات، بەراوردی دەکات بە جۆرە باڵندەیەک بە ناوی (پەپووی شووم) کە لە ئەفسانەی جیهانی و کوردیدا نیشانەی شوومی و وێرانەییە و لە هەر شوێنێک ئەو باڵندەیە بخوێنێت، ئەو شوێنە ناڕەحەتی و ناخۆشی ڕووی تێدەکات و وێران دەبێت، ئەم سوود وەرگرتنەی شاعیر لە ئەفسانەی نێوکەلەپووری جیهانی و کوردییە وایکردووە، کە توانیویەتی وێنەیەکی ئەفسانەیی بەهاداری ئیستاتیکی لە دەقەکەیدا بنەخشێنێت.

هەروەها لە دەقێکی دیکەی شیعریدا بەناوی (**دڵداری**)، باسی باڵی هومای کردووە، وەکو ڕەمزێکی ئەفسانەیی کە دەڵێت:

**زێیەکە، فراوان**

**بە چەمی هەر دڵ و**

**گیانێکا ڕژاوە**
**سۆزێکی داوەتێ بێسنوور**
**وەک ئەوەی**
**چووبێتە**
**ژێر باڵی هوماوە..!** (٨٨)

لەم کۆپلە شیعرەیدا شاعیر بە ناوهێنانی (باڵی هوما)، کە مەبەستی لە باڵی گیاندارێکی باڵندەیە و تەیرێکە لە ئەفسانەی کەلەپووری کوردیدا، بەتایبەتی لای شاعیرانی سەردەمی کلاسیک زۆرجار ناوی هاتووە، بەوەی کە هەرکەسێ سێبەری باڵی تەیری هومای بەسەردا بکەوێت، ئەوا خێرو خۆشی و ئاسوودەیی و بەختەوەری ژیان ڕووی تێدەکات. بەم کارەشی شاعیر توانیویەتی بە سوود وەرگرتن لە ئەفسانەی کەلەپوری نەتەوەکەی، وێنەیەکی شیعری پڕ بەهای ئیستاتیکی لە بواری ئەفسانەی شیعرییدا بنیات بنێت.

# ئەنجـــام

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە چەند ئەنجامێکی دیاریکراو، کە لێرەدا گرنگترینیان بە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو:

**١. لە ڕووی پەیوەندی نێوان زمان و ئیستاتیکاوە:** زمان و ئیستاتیکا پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکەترییەوە هەیە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە نووسینی دەقی ئەدەبیی بە گشتی و دەقی شیعریی بە تایبەتی، بە تەکنیکی بەکارهێنانی زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە لە چنینی دەقی شیعریی لەلایەن شاعیرەوە، بە بەرداکردنی بەرگ و ڕۆحییەتێکی ئیستاتیکییە لە دەقەکەدا.

**٢. لە ڕووی زمانەوە:** محەمەد کوردۆی شاعیر زمانی وەکو بەهایەکی ئیستاتیکی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە، بەشێوەیەک کە توانیوییەتی سەرکەوتووانە لە ئاکامی ئەزموونی تایبەتی خۆی و تاقیکردنەوە خودییەکانی ژیانی و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا پەروەردە بووە و بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شاعیران و ئەدیبانی پێشتر و شاعیرانی کلاسیک، زمانی شیعریی خۆی بکاتە خەسڵەتێکی بەچێژ و ڕازاوە لە ڕەنگدانەوەی بەهای ئیستاتیکا و جوانی زمان لە بنیاتنانی دەقە شیعرییەکانیدا.

**٣. لە ڕووی مۆسیقای شیعرییەوە:** ئیستاتیکای زمانی زاڵە بەسەر زۆربەی دەقەکانیدا، بە چەشنێک کە کوردۆی شاعیر مۆسیقایەکی شیعریی ڕازاوەی لە دەقە شیعرەکانیدا بەرجەستەکردووە، بەتایبەتی لە ڕووی مۆسیقای ناوەوە و گونجاندنی لەگەڵ مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانیدا، توانیوییەتی زۆر بە کارامەیی و لێهاتوویی و بەشێوازێکی تەکنیکی و هونەری جوان و بە بەکارهێنانی زمانە کوردییە خۆماڵییەکەی، بنەمای ئیستاتیکا و ڕەهەندی جوانی لە دەقەکانیدا ڕەنگ ڕێژبکات.

**٤. لە ڕووی وێنەی شیعرییەوە :** کاریگەری ئیستاتیکای زمانی زۆر بە ئاشکرا بەسەر دەقە شیعرییەکانی شاعیرەوە دەبینرێت، بە چەشنێک کە ئەم شاعیرە گرنگییەکی زۆری بە وێنەی شیعریی داوە و توانیویەتی بەهۆی وێنەوە، ئیستاتیکایەکی ناوازە بە شیعرەکانی ببەخشێت و زۆربەی جۆرە جیاوازەکانی وێنەی شیعریی لە دەقەکانیدا بەرجەستەبکات، ئەگەرچی کوردۆ زۆر وێنەی جوان و ڕازاوەی لە دەقەکانیدا نواندووە، بەڵام گرنگیدانی شاعیر بە وێنەی شیعریی بە ئەندازەیەکە، کە بەهایەکی ئیستاتیکی ئەوتۆی تێدابێت، کە دەقەکانی بەجوانی و قەشەنگی و زیندوویی بهێڵێتەوە.

**٥. لە ڕووی ڕەمزەوە:** ئیستاتیکای زمان زاڵە بەسەر وێنە ڕەمزییەکانی شیعری شاعیردا، بەجۆرێک کە ئەم شاعیرە لە بەکارهێنانی ڕەمزدا دەستێکی باڵای هەیە و سەرکەوتووانە

شێوازەکانی دروستکردن و جۆرەکانی ڕەمزی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەرجەستەکردووە، بەشێوەیەک کە شاعیر لە ڕێگەی ڕەمزەکانی کەسی و خودی و گشتی و ئایینی و ئەفسانەیی و کەلەپووری و ڕەنگ و مێژووییەکانەوە، بەهایەکی ئیستاتیکی بەنرخی ئەفراندووە، هەروەها ئەو واتا و مەبەستە سەرەکییانەی کە ڕەمزەکان هەڵگریبوونە بە پەیاموەرگری گەیاندووە، ئەگەرچی وەکو تێبینیش کوردۆ زیاتر پەنایبردووەتە بەر بەکارهێنانی ئەو ڕەمزانەی کە لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵات بەگشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی هەبوون، بەڵام شاعیر جگە لەم ڕەمزانە ڕەمزی جیهانیشی بەکارهێناوە.

**٦. لە ڕووی ئەفسانەوە:** ئیستاتیکای زمان لە دەقە شیعرییەکانیدا بە ڕوونی و ئاشکرایی بەسەر دەقە شیعرییەکانییەوە دەبینرێت، بەجۆرێک کوردۆی شاعیر ئەفسانەی لە دەقە شیعرییەکانیدا بەکارهێناوە، کە مەبەستی بەخشینی بەهایەکی ئیستاتیکی و بەرجەستەکردنی قوڵییەکی سایکۆلۆژییە بە شیعرەکانی، بە شێوەیەک کە شاعیر لەگەڵ ئەوەی ئەفسانەی میللی بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا ئەفسانە جیهانییەکانی بەکارهێناوە و وێنەی شیعریی جوانیشی پێ ئەفراندووە.

# لیستی سەرچاوەکان

## ❖ بە زمانی کوردی

### ▪ کتێب


١. ئەحمەدی، بابـەک (٢٠٠٨)، *هەقیقەت و جوانی*، وەرگێڕانی: مەسعود بابانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢. ئەحمەد، سافیە محەمەد (د.) (٢٠١٣)، *لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣. ئەرستۆتلس (٢٠٠٥)، *هونەری شیعر*، وەرگێڕانی: حەمید عەزیز(د.)، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی.

٤. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٠١)، *شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە*، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥. ئیبراهیم، شەرمین (٢٠٠٦)، *پەشێو و تازەکردنەوەی لە شیعری کوردیدا*، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٦. ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم (٢٠١٢)، *پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە*، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

٧. ئیبراهیم، نەبیلە (د.) (١٩٨٦)، *ئەفسـانە*، و: محەمەد بەدری، چاپخانەی (علاء)، بەغداد.

٨. بەسیر، کامیل حەسەن (د.) (١٩٨٣)، *ڕەخنەسازێک و بیردۆزی هۆنراوە*، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

٩. پیربال، فەرهاد (٢٠٠٥)، *شیعری نوێی کوردی (ڕەگ و ڕیشەکان ١٨٩٨_١٩٥٨)*، دەزگای بڵاوکردنەوەی کوردستان، هەولێر.

١٠. پیربالّ، فەرهاد (٢٠٠٥)، پێنج کتێب و نیو، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ڕۆژهەڵات، سلێمانی.

١١. پیربالّ، فەرهاد (٢٠٠٦)، *ڕێبازە ئەدەبییەکان*، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

١٢. تەیب، جەبار (٢٠١٥)، *گەڕان بە دوای ئیقاعی وشەدا*، چاپی دووەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

١٣. حسێن، جەبار ئەحمەد (٢٠٠٨)، *ئیستاتکای دەقی شیعریی کوردی کوردستانی عێراق (١٩٥٠_١٩٧٠)*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤. حلمی، ڕەفیق (١٩٤١)، *شیعروئەدەبیاتی کوردی*، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا.

١٥. حمە ساڵح، مقداد (٢٠١٣)، *سەرنجێک لەسەر ئیستاتیکا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٦. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٢)، *گەڕان بەدوای نەمریدا لە ئەفسانەی کوردی و فارسی دا*، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٧. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٠)، *قەدەغە شکێنی*، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٨. حەوێز، سروشت جەوهەر، (٢٠١٨)، *ئازاد و تازەکردنەوەی لە شیعری کوردیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٩. حوسێن، هیمداد (د.) (٢٠٠٧)، *ڕێبازە ئەدەبییەکان*، چاپی یەکەم، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٢٠. حوسێن، هیمداد (د.) (٢٠٢٠)، *ئەدەبی نوێی کوردی*، بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

٢١. ڕەسول، عیزەدین مستەفا (د.) (١٩٨٩)، *ئەدەبیاتی نوێی کوردی*، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەکانی فێرکردنی باڵای زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢٢. ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا (د.) (١٩٧٠)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی (دارالجاحظ)، بەغداد.
٢٣. ڕەفعەت، نەوزاد (٢٠٠٤)، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە (بەفری گەرم)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٤. سدیق، ئارام (٢٠١٧)، *زمان و شیعرییەت*، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
٢٥. سەجادی، عەلائەددین (١٩٥٢)، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا.
٢٦. سەجادی، عەلائەددین (١٣٩٦)، *نرخ شناسی (لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی)*، انتشارات کردستان، سنە.
٢٧. سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٠)، *بنیاتی هونەری لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا*، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٢٨. سەعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٣)، *لادان لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا*، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٢٩. حسێن، کازم شێخ (٢٠١٨)، *جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، دەزگای چاپی ڕێنما، سلێمانی.
٣٠. صفوی، کۆرش (٢٠١٨)، *لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبییات*، و: عوسمان دەشتی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٣١. صفوی، کۆرش (٢٠١٨)، *لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبییات*، و: عوسمان دەشتی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣٢. عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٢١)، دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێر.
٣٣. عەبدولا، عەباس ساڵەح (٢٠٢٠)، *ڕاڤەی دەق*، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٣٤. عەبدوڵلا، عەبدولموتەلیب (٢٠١٠)، *زمان و بوون و شیعرییەت*، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٣٥. عەبدوڵلا، عەبدولسەلام نەجمەدین (٢٠٠٨)، *شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە*، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٣٦. عەلی، عەزیز، تاهیر محەمەد، قومری سەعید (٢٠١١)، *ڕوانین لە دەق*، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٣٧. عیسی، هاوژین سلیوە (٢٠٢٠)، ڕەخنەی *پراکتیکی*، چاپی سێیەم، چاپخانەی سایە، سلێمانی.
٣٨. فەتاح، محەمەد مەعروف (د.) (١٩٩٠)، *زمانەوانی*، چاپخانەی (دار الحکمة)، هەولێر.
٣٩. کاکی، حەمەنوری عومەر (٢٠٠٨)، *شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٤٠. کاک ئەمین، حوسێ غازی (٢٠١٠)، *ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعریی کوردی لە باشوری کوردستان*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤١. کاکەی فەلاح، حەمە حەمەئەمین قادر (١٩٨٧)، *کاروانی شیعری نوێی کوردی*، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٤٢. کانەبی، دلێر سادق (٢٠٠٩)، *هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە)*، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی_ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
٤٣. کرمانی، فەرهاد نازر زادەی (د.) (٢٠٠٠)، *هێماگەریەتی لە ئەدەبیاتی شانۆییدا*، و: پێشڕەو حسێن ساڵح، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٤٤. کەسنەزانی، بوشری قادر (٢٠٠٧)، *پۆستەرە شیعری کوردی و هایکۆی ژاپۆنی (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)*، چاپخانەی سەیوان، سلێمانی.
٤٥. کوردۆ، محەمەد (٢٠٠٦)، *گەڕان بەدوای شیعرو جیاوازیدا*، وەزارەتی ڕۆشنبیری_ بەڕێوەبەرایەتی چاپی سلێمانی، سلێمانی.

٤٦. کوردۆ، محەمەد (٢٠١٠)، *بۆنی بەختەوەریی*، بەڕێوەبەریێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی_ چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی.

٤٧. کۆهین، جان (٢٠٠٨)، *بنیاتی زمانی شیعر*، و: ئازاد عبدالواحد کریم و علی بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک.

٤٨. گەردی، عەزیز (١٩٧٩)، *ڕەوانبێژی لە ئەدەبی عەرەبیدا*، چاپخانەی نیشتیمانی، بەغدا.

٤٩. گەردی، عەزیز (د.) (٢٠٠٤)، *ئەرستۆ هونەری شیعر (شیعرناسی)*، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٥٠. گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن (٢٠٠٢)، *بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی (١٩٧٠_١٩٩١)*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥١. محەمەد، ئاوات (٢٠١١)، *لێکدانەوەی شیعر و ئاماژەکانی پشتەوەی تێکست*، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

٥٢. محەمەد، پەرێز سابیر (٢٠٠٦)، *ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر*، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری_ دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥٣. محەمەد، دڵشاد عەلی (د.) (١٩٩٨)، *بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا*، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥٤. محەمەد، دڵشاد عەلی (د.) (٢٠٠٧)، *دیلان و تاقیکردنەوەی شیعریی*، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

٥٥. مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٠٩)، *بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخساڵح و گۆران*، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٥٦. مستەفا، سابیر بەکر (١٩٩٦)، *تیراژێک لە سایکۆلۆژیای ڕەنگەکان*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥٧. مەلازادە، ڕێبوار محەمەد (د.) (٢٠٢٠)، *تیۆری ئەدەبی (دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا)*، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

٥٨. مەولود، عەبدوڵڵا خدر (٢٠٠٤)، *لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی*، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٥٩. میراودەلی، عومەر (٢٠٠٨)، *زمانی دەق*، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٦٠. میراودەلی، کەمال (د.) (٢٠٠٥)، *فەلسەفەی جوانی و هونەری ئیستاتیکا*، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی.

٦١. هاوار، محەمەد ڕەسوڵ (٢٠٠٨)، *سەرجەمی بەرهەم_ وتارەکوردییەکان*، ئا: ڕەفیق سالّح، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦٢. هۆراس (٢٠٠٥)، *هونەری شیعر*، و :حەمید عەزیز (د.)، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٦٣. یوسف، سەعدفاروق (٢٠١١)، *بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار جافدا*، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- **دیـوان**

٦٤. ئاگرین، عەبدوڵلا (٢٠١٣)، *دیوانی شیعر محەمەد سالّح دیلان*، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٦٥. هۆشیار، فائق (١٩٩٠)، *دیوانی پیرەمێرد*، بەرگی یەکەم، چاپخانەی زەمان، بەغداد.

٦٦. خانی، ئەحمەدی (١٣٩٦)، *مەم و زین خانی*، وەرگێڕانی: هەژار موکری، ناوەندی چاپی سنندج، سنە.

٦٧. عەبدوڵلا، نەجات (٢٠٠٨)، *دیوانی مەم و زینی خانی*، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٦٨. گۆران، عبدالله (١٣٩٩)، *دیوانی شێعر گۆران*، چاپی یەکەم، چاپخانەی مانگ، کرج.

٦٩. مودەرریس، مەلا عەبدولکەریمی & عەبدولکەریم، فاتیح (١٣٦٤)، *دیوانی نالی (لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی)*، چاپی دووەم، انتشارات صلاح الدین أیوبی، چاپخانەی سپهر، تهران.

- **فەرهەنگ**

٧٠. ئەحمەد، ڕۆشنا (٢٠٠٣)، *فەرهەنگی فەلسەفە*، دەزگای سەردەم، سلێمانی

٧١. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی*، چاپخانەی بینایی، سلێمانی

٧٢. أقدم، فتاح عزیزی (١٣٥٨)، *فرهنگ اصیل کردی_ فارسی*، محل پخش آذربایجان، پیرانشهر.

٧٣. لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری کوردستان (٢٠٠٦)، *زاراوەی ئەدەبی (کوردی_ عەرەبی_ ئینگلیزی)*، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧٤. موکریانی، هەژار (١٣٨١)، *هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی _ فارسی*، انتشارات سروش، تهران.

٧٥. ناوخۆش، سەلام (٢٠١٠)، *فەرهەنگی دوانەی ئۆکسفۆرد*، چاپی چوارەم، چاپخانەی زانیار، سلێمانی.

- **نامەی ئەکادێمی**

٧٦. ئەحمەد، دیلمان قادر (٢٠١٧)، چەمکی *داهێنان لە تێڕوانینی شاعیرانی کورددا کرمانجی خواروو (١٩٢٠_١٩٧٠)*، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٧. تۆفیق، ئاڤان علی میرزا (٢٠٠١)، *فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا*، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧٨. حسێنی، ڕەزا سەید (٢٠٠٦)، *قوتابخانە ئەدەبییەکان*، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧٩. حەسەن، مەولود ئیبراهیم (٢٠٠٠)، *گەڕان بەدوای نەمری لە شیعری فارسی و کوردیدا*، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨٠. سەعید، ناز ئەحمەد (٢٠١٠)، *لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا*، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨١. فەرحان، مەریوان حسێن (٢٠١٥)، *جوانکاری لە شیعری (وەفایی)دا*، نامەی ماستەر، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٨٢. قادر، خانزاد عەلی (٢٠٠٤)، *زمانی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا*، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٨٣. مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠١٩)، *ڕێچکەکانی ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا (کرمانجی خواروو ١٩٢٠_١٩٧٠)*، تێزی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

- **گۆڤــار**

٨٤. مەسیفی، ئەنوەر (٢٠٠٥)، جارێکی تر خۆر باران، *گۆڤاری کۆواری شین*، ژمارە (١٢٤).

٨٥. دەشتی، بەرزنجی، مەحمود، عوسمان دەشتی، عەلی تاهیر بەرزنجی، شنۆ محەمەد مەحمود (١٣٩٧)، ئەدگارەکانی تەکنیکی هونەری لە شیعرە کوردییەکانی جەلالی مەلەک شا، پژوهشنامه ادبیات کردی.

٨٦. حمە، هەمزە حسێن (٢٠١٤)، لادانی واتایی لە زمانی شیعر، *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*، ژمارە(١).

٨٧. حەسەن، چنور نامق (٢٠٠٧)، شیعری جوان _ شیعری کاڵ، *گۆڤاری ڕامان*، ژمارە (٢٣)، هەولێر.

٨٨. حەمەد، ئامانج عوسمان (١٩٩٩)، لێکدانەوەی سایکۆلۆژی بۆ ئیستاتیکا، *گۆڤاری ڕامان*، ژمارە (٣٩).

٨٩. ڕۆژبەیانی، جەمیل بەندی (١٩٤٤)، محمد امین بەگی جاف و تەرازوی شعر، *گۆڤاری گەلاوێژ*، ژمارە (٣)،ساڵی پێنجەم، سلێمانی.

٩٠. سەعدون، سامان عیزەدین (٢٠١٥)، شیعری سەربەست لە ئەدەبی کوردیدا، *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*، ژمارە (٣)، ڤۆلیۆمی (٢).

٩١. شارەزا، کەریم (١٩٩٥)، وێنەی شیعری کوردی لە هەردوو باری چەسپاو و جوڵاویدا، *گۆڤاری ڕامان*، ژمارە (١٥).

٩٢. شێخ بزێنی، سەعد فاروق (٢٠١١)، بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف، *گۆڤاری زانکۆی دهۆک*، ژمارە (١٨٥).

٩٣. عزیز، ژوان عبدالسلام (٢٠٢٠)، ڕەمز لە (شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی)دا، *گۆڤاری زانکۆی کەرکوک*، ژمارە (٢).

٩٤. عبدالکریم، ئازاد عبالواحد & عمر، مهدی فاتح (٢٠٠٨)، زمانی شیعریی لەنێوان ئەزموونی شاعیر و ئیستاتیکای دەقدا (نالی وەکو نموونە)، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی*، ژمارە (٢٤).

٩٥. عەلی، بەختیار (٢٠٠٢)، گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر، *گۆڤاری ڕامان*، ژمارە (٧٢).

٩٦. محەمەد، ئاوات خورشید (٢٠١٩)، ئیستاتیکای زمان لە کۆشیعری (نامبینیت چۆن پایز ئەبمەوە)ی جەمال غەمبار، *گۆڤاری ڕامان*، ژمارە (٢٧٠)، هەولێر.

٩٧. مستەفا، ئاسۆ عومەر (٢٠٢١)، ئیستاتیکای لادانی زمانی لە کۆشیعری (ژەنەراڵی خۆشەویستی)ی محەمەد کوردۆدا، *گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین*، ژمارە (٨٠).

٩٨. مەعروف، کەمال مستەفا (د.) (٢٠٠٤)، ڕەمز لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسی شاعیردا، *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی*، بەشیB، ژمارە (١٤).

٩٩. موکریانی، حسێن حوزنی (١٩٤٦)، نیانی و ئاشکرایی هەڵبەست، *گۆڤاری دەنگی گێتی تازە*، ژمارە (٣)، ساڵی سێیەم، هەولێر.

١٠٠. مەزهەر، کەمال(د.) (٢٠٠٤)، *ڕێنیسانس*، و:فوئاد مەجید میسری، چاپیدووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

- **ڕۆژنامە**

١٠١. شێخ ساڵح، شێخ نوری (١٩٢٦)، ئەدەبیات، *ڕۆژنامەی ژیان*، ژمارە (٢٣). سلێمانی.

١٠٢. هەڵەبجەیی، ڕۆژ (٢٠٠١)، کوردۆ لەپاڵ ئەو هەموو بێدەنگی و کپییەدا ئەشێ شتێکی حەشاردابێ، *ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ _ پاشکۆی ئەدەب و هونەر*، (٣/١)، ژمارە (٢٢٢).

١٠٣. هاوار، محەمەد ڕەسوڵ (١٩٨٦)، شیعر و شاعیرەکانمان، *ڕۆژنامەی برایی*، ژمارە (٣٢١).

❖ **بە زمانی عەرەبی**

▪ **کتێب**

**القرآن الكريم**

١٠٤. اسماعيل، عزالدين (١٩٩٢)، *الأسس الجمالية في النقد العربي*، المطبعة دارالفكرالعربي، القاهرة.

١٠٥. أندوراس، نجيب فائق (١٩٧٤)، *المدخل في النقد الأدبي*، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

١٠٦. أفلاطون (١٩٧٤)، جمهورية *أفلاطون*، ترجمة: دكتور فؤاد زكريا، مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.

١٠٧. البنوري، محمد يوسف (١٩٨٨)، *شرح سنن الترمذي (شرح لجامع الترمذي)*، مطبعة بيت العلم، جامع ميتشيغان للبحوث العلمية، ايست لانسنغ.

١٠٨. الجرجاني، عبدالقاهر (١٩٨٤)، *دلائل الأعجاز*، ترجمة: محمود محمد شاكر، مطبعة القاهرة، مصر.

١٠٩. الجمحي، محمد بن سلام (٢٠٠١)، *طبقات الشعراء*، مطبعة دار الكتب العلمية، بيروت.

١١٠. الخوالدة، محمود عبدالله & الترتوري، محمد عوض (٢٠٠٦)، *التربية الجمالية _ علم نفس الجمال*، الأصدار الأول، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان_ الأردن.

١١١. الصراف، أمال حليم (٢٠٠٦)، موجز *في علم الجمال*، الطبعة الأولى، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان.

١١٢. العلاق، علي جعفر (د.) (٢٠٠٧)، فى حداثة النص الشعري، الطبعة الأولى، دار الشروق للنشر والتوزيع، لبنان_بيروت.

١١٣. الشنطي، عصام محمد (١٩٧٩)، *الجمالية والواقعية في نقدنا الأدبي الحديث*، طبعة الأولى، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

١١٤. المرعي، فؤاد (د.) (١٩٧٨)، *اسس علم الجمال الماركسي اللينيني*، جزء الأول، طبعة الثانية، مطبعة دارالفارابي، بيروت.

١١٥. أوفيانيسكوف & ز. سمير نوفا (١٩٧٩)، موجز *التاريخ النظريات الجمالية*، دارالفارابي للطباعة، بيروت.

١١٦. بصير، كامل حسن (د.) (١٩٨٧)، *بناء الصورة الفنية في البيان العربي*، مطبعة المجمع العلمي العراقي، عراق.

١١٧. بطرس، أنطونيوس (د.) (٢٠٠٥)، *الأدب تعريفه أنواعه مذاهبه*، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس.
١١٨. جرجانى، الأمام عبدالقادر (٢٠٠١)، *دلائل الأعجاز في علم المعاني*، مطبعة دارالمعرفة، بيروت_ لبنان.
١١٩. حسان، محمد سعد & غيث، خلود بدر & الكرابيليه، معتصم عزمي (٢٠٠٥)، *مقدمة في العلم الجمال*، مكتبة المجتمع العربية للطباعة والنشر، عمان.
١٢٠. حمدان، أمية (١٩٨١)، *الرمزية والرومانتيكية الشعر اللبناني*، دارالرشيد للنشر، بغداد.
١٢١. خليل، ابراهيم (د.) (٢٠٠٢)، *في النقد والنقد الألسني*، المطبعة أمانة عمان الكبرى، عمان.
١٢٢. ديورانت، ويل (١٩٧٩)، *قصة الفلسفة*، ترجمة: دكتور فتح الله محمد المشعشع، الطبعة الرابعة، مطبعة المعارف، بيروت.
١٢٣. زكارنة، هديل بسام (٢٠٠٣)، علم لجمال، طبعة الأولى، مركز الكتاب الأكاديمي للنشر، عمان_ الأردن.
١٢٤. زيادي، صدام (١٩٨٩)، *المدخل الى الفلسفة*، جزء الأول، دارالحرية للطباعة والنشر، بغداد.
١٢٥. سانتيانا، جورج (٢٠٠١)، *الاحساس بالجمال*، ترجمة: محمد مصطفى بدوي، مكتبة الاسرة للطباعة، القاهرة.
١٢٦. سليبا، جميل (د.) (١٩٧٨)، *المعجم الأدبي*، مطبعة دارالعلم للملايين، بيروت.
١٢٧. صالح، محمد عزيز نظيمي (١٩٩١)، *المدخل الى علم الجمال*، مؤسسة الشباب الجامعة للطباعة، الأسكندرية، مصر.
١٢٨. عبيد، محمد صابر (٢٠٠٥)، *جماليات القصيدة العربية الحديثة*، مطبعة الثقافة السورية، دمشق.
١٢٩. غريب، روز (١٩٧١)، *تمهيد في النقد الحديث*، الطبعة الأولى، دار المكشوف، بيروت.
١٣٠. فضل، صلاح (١٩٨٧)، *نظرية البنائية في النقد الأدبي*، الطبعة الثانية، مطبعة دارالشؤون، بغداد.
١٣١. قطب، محمد على (١٩٩٥)، *ما يقوله الناس*، دار الصحابة للنشر والتوزيع، مصر.
١٣٢. مجاهد، مجاهد عبدالمنعم (١٩٨٦)، *دراسات في علم الجمال*، الطبعة الثانية، عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع.
١٣٣. مطر، أميرة حلمي (د.) (١٩٦٢)، *فلسفة الجمال*، دارالقلم للنشر والطباعة، القاهرة.
١٣٤. مطر، أميرة حلمي (د.) (٢٠٠٣)، *فلسفة الجمال_ مذاهبها وأعلامها*، مكتبة الأسرة للطباعة، القاهرة.

١٣٥. معلوف، لويس & تورتل، فردينان (١٩٧٣)، *المنجد في اللغة والأعلام*، الطبعة الثانية، مطبعة دارالشرق، بيروت.
١٣٦. هلال، محمد غنيمي (د.) (١٩٨٢)، *النقد الأدبي الحديث*، المطبعة دارالعودة والثقافة، بيروت.
١٣٧. هلال، محمد غنيمي (د.) (١٩٨٦)، *الأدب المقارن*، الطبعة الخامسة، دارالعودة والثقافة، بيروت.

- **گۆڤـار**

١٣٨. العقاد، عباس محمود (١٩٤٨)، *قيـم الجمـال*، مجلة الكتاب، المجلد الخامس، جزء الأول.
١٣٩. قطش، مختار (٢٠٠٢)، *مفهوم الجمال عند الجاحظ*، مجلة العلوم الأنسانية، العدد١٨، جامعة منتوري قسنطينة، الجزائر.
١٤٠. مراد، يوسف (د.) (١٩٤٦)، *تـذوق الجـمـال*، مجلة الكتاب، المجلد الثالث، جزء الأول.

❖ **سەرچاوەی فارسی**

- **گۆڤـار**

١٤١. زحلی، فرزانه (١٣٦٦)، *زیبایی معقول آراء فلسفی افلاطون و افلوطین درباب زیبائی و هنر*، فصنامه هنر، شماره (١٣).

## ABSTRACT

### Language Aesthetics in the Poetic Texts of “Mohammad Kurdo”

Aesthetics is one of the basic principles of composing a literary text in general and poetry in particular, in a way that nowadays, the purpose of poetic texts is presenting beauty and delivering pleasure and joy to its readers. Therefore, aesthetic is a key tool and important basis for conveying the pleasure of the message. Long ago, the classical writers and poets have sought refuge to aesthetics in the composition of their texts in order to convey their goals and demands to the reader in a beautiful and enjoyable way.

The language of poetry is a free language that does not limit itself to the restrictions of the normal language, caring about the language of people, and determining the nature and characteristics of the language, it has been talked about and investigated by philosophers and scholars from ancient times. The poetic language is the language of conscience, feelings, emotions, and human beings’ subjectivity are reflected in it, which is an imaginary and wishful language above the daily language. Although most of the words and expressions used by the poet are normal terms and statements, but the poet expresses and refers to the words in a precise and interesting way. From this point of view, our research under the title of (Language Aesthetics in the Poetic Texts of “Mohammad Kurdo”) is working on the beautiful principles and dimensions that are the characteristics of language and the technique of using language in Mohammad Kurdo’s collection of poetry entitled (The Smell of Happiness). The aim of this study is to demonstrate the beauty and literature’s sublimity from the poet to the his readers.


Keywords: Muhammad Kurdo, The Smell of Happiness, Aesthetics, Poetry’s aesthetic language, Deviation, Symbol.

# Language Aesthetics in the Poetic Texts of "Mohammad Kurdo"

A thisis
Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

BY
**Ameer Taha Ahmed**
BSc Degree in Language and Literature University of Sulaymani year (2007)

Supervised by
**Dr. Marewan Hussein Farhan**

Xezelwer 2722 October 2022